منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

شکۆی خێزان

پڕۆژەیەک تایبەت بە پاراستنی شکۆی خێزان

نووسینی دەستەیەک لە
مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەددین

ئامادەکردنی
زەکیە فەقێ موحەمەد موحەمەد
عەبدولوەهاب رەمەزان عەبدولوەهاب

شکۆی خێزان 2020

شکـۆی خێـزان

پڕۆژەیەکە تایبەت بە پاراستنی شکۆی خێزان

نووسینی دەستەیەک لە مامۆستایانی
زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

ئامادەکردنی
زکـیە فقـي محمـد محمد
عبدالوهاب رمضان عبدالوهاب

چاپی یەکەم
2020

ناوی کتێب: شکۆی خێزان. پرۆژەیەکە تایبەت بە پاراستنی شکۆی خێزان
نووسینی: دەستەیەك لە مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.
ئامادەکردنی: (زکیة فقی محمد) و (عبدالوهاب رمضان).
هەڵەبڕی زمانەوانی: د. ڕێبوار مەلا محمد.
نەخشەسازی بەرگ: عبدالوهاب رمضان.
چاپی یەکەم 2020.
چاپخانە: چاپخانەی هەڤاڵی هونەری.
تیراژ: 2000 دانە

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (321) ی ساڵی (2020) پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي
رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ
حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ
يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ
الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ
كَثِيرًا

ئەم پەرتووکە پێشکەشە بە

- ئەو دایك و باوکەی کە پێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگان.
- هاوسەرە بەڕێزەکان بۆ کەم کردنەوەی کێشە خێزانیەکان.
- مامۆستایانی ئاینی پیرۆز.
- دام و دەزگای ئەکادیمی ومعریفی کە پاڵپشتی ئەم پڕۆژە ناوازەن.
- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی.
- رێکخراوەکانی تایبەت بە بواری خیزانی.

دەستەی پڕۆژەکە

سوپاس و پێزانین

سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکەین، کە یارمەتی ئێمەی دا لەسەر تەواو کردنی ئەم پرۆژە ناوازەیە.

وە بەئەرکی سەرشانمان دەزانین، کە سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەش بکەین بە گشت نووسەرانی ئەم پەرتووکە بە نرخە.

هەروەها سوپاسی خۆمان ئاراستەی بەڕێز جەنابی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین دەکەین، کە بە تەواوی پاڵپشتمان بووە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژە بە سوودە.

وە سوپاسی ڕاگرایەتی کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان و سەنتەری سەلاحەدینی ئەیوبی بۆ توێژینەوە و لێکۆلینەوە ئیسلامیەکان دەکەین، کە زۆر بە چالاکی و بە ووردی چاودێری ئەم پڕۆژەیە بوون.

دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین، کە سوپاسی بەڕێز (حاجی فقی محمد) بکەین، کە ئەرکی بە چاپ گەیاندنی ئەم پەرتووکە خنجیلانەیەی لە ئەستۆی خۆی گرت.

لە هەمان کاتدا ستایشی بەڕێز (د. ڕێبوار مەلا محمد) دەکەین، کە پێداچوونەی زمانەوانی بۆ ئەم پەرتووکەی کردووە.

لە کۆتاییدا سوپاسی هەردوو قوتابی خۆشەویست (زەکیە فقی محمد) و (عبدالوهاب رمضان عبدالوهاب) دەکەین، کە خاوەنی بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە بوون.

دەستەی پڕۆژەکە

ناونیشانی بابەتەکان

وتەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین

.....پ. د. جوهر فتاح سعید 1

وتەی بەڕێز ڕاگری کۆلێژ

..... پ. ی.د. ادریس قادر حمد أمین 2

وتەی بەڕێز بەڕێوەبەری سەنتەری سەلاحەدینی ئەیوبی

..... پ. ی.د. جمیل علی رسول 5

وتەی بەڕێز پ. د. شیخ أحمد بالیسانی

.....شکۆی خێزان 7

وتەی بەڕێز پ. د. عثمان محمد غریب

.....دەروازەیەک بۆ شکۆی خێزان 14

دیدگای پڕۆژەکە

.....زکیه فقی محمد 25

ئاسایشی خێزان

..... پ. ی.د. ادریس قادر حمدأمین 35

ناکۆکی نێوان منداڵانی یەك خێزان هۆکار و چارەسەر

..... پ. ی.د. جمیل علی رسول 49

جۆرەکانی توند وتیژی خێزانی

..... پ. د. حسن خالد موفتی 67

کاریگەری دەستوەردانی نزیکان لە دروستبوونی کێشە خێزانیەکان

..... پ. ی.د. إبراهیم سەنگەسەری 77

هۆشیاری گەنجان بەر لە پڕۆسەی هاوسەرگیری

..... د. أحمد محمود سیده 95

ڕێگاکانی پێشگرتن لە دەرکەوتنی هۆکارە یاساییەکانی جیابوونەوە

..... پ. ی.د. شیرزاد عزیز سلیمان 135

سروشتی هاوسەرگیری

..... د. لقمان بهاء الدین 155

دیاردەی چاولێکەری وکاریگەریەکانی لە سەر ئاسودەیی خێزان

..... پ. ی.د. کمال صادق یاسین 165

چۆن پەیوەندی خێزان ڕێکبخەینەوە

..... د. جعفر گوانی 181

کاریگەری میدیای نوێ لە سەر شیرازەی خێزان

.....پ. ی. د. أردوان مزوری 201

ڕەهەندە ئابووریەکانی توند و تیژی ئابووری دژ بە خانمان

.....م.ی. هۆشمند رفیق 213

جۆرەکانی کەسایەتی وکاریگەریان لەسەر ڕێکخستنەوی خێزان

.....م. ئومید عبدالقادر 223

..... ڕاسپاردەکان 241

وتەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ لەسەر ئەنجامدانی سیمپۆزیۆم بەناوی خودای گەورەو میهرەبان

خۆشحاڵین کە کۆڵێژی زانستەئیسلامییەکان لە زانکۆمان، لە چوارچێوەی چالاکییە هەمەجۆرە زانستییەکانی خۆیاندا، سیمپۆزیۆمێک بە ناونیشانی (پاراستنی شکۆی خێزان) ساز دەکات، ئەمە جێگەی دەستخۆشییە، کە لە کاتێکی گونجاودا ئەو چالاکییە بەڕێوەدەبن، هەرچەندە لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەی فەرمیدا ساڵانە چالاکی لەمجۆرە بەڕێوەدەچن و لە ساڵێکدا تەنها ڕۆژێک تەرخان کراوە بۆ چالاکی تایبەت بە ڕۆژی ئافرەتان یان بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، بەڵام ئەو چالاکییە زانستییە جیاوازی هەیە و جێگەی بایەخە، کە لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستییەوە کار لەسەر پاراستنی شکۆی خێزان و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی توند و تیژی دەکات و ڕێگە چارەسەرییەکان لە ڕووی زانستییەوە دەدۆزێتەوە و پاشان ئەو سیمپۆزیۆمە دەکەنە مینبەری گەیاندنی نوێترین زانیاری بە کۆمەڵگە.

بە هیوای ئەوەی ئەو چالاکییە زانستییە کاریگەری هەبێت لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە و ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبێت لە پاراستنی شکۆی خێزانی کۆمەڵگەی کوردستانی و ڕاسپاردەکانیش بدرێنە لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی بە کرداری کاری لەسەر بکەن، جارێکی دیکە دەستخۆشیتان لێدەکەم و ئومێدی سەرکەوتن بۆ سیمپۆزیۆمەکەتان دەخوازم.

هەر شادبن

پ. د. جوهر فتاح سعید

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر بە وەکالەت

وتەی بەڕێز ڕاگری کۆڵێژ

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و دروود و سڵاو بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەر و یار و یاوەرانی.

خوای گەروە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ۝١ ﴾ سورەی نیسا: ١

لە کۆنەوە تاکو ئێستا پرس و دیاردەی خێزان جێگەی بایەخ و گرنگی زۆربەی زانایان و لێکۆڵەران بووە، پێغەمبەران (د خ) چاکسازان، فەیلسوفان، زانایان، بیرمەندان، سیاسیەکان، بە میتود و شێواز و دید و فەلسەفەی جیاجیا و لە گۆشەنیگای تایبەتیانەوە تێز و تێڕوانینیان لەبارەی ئەم دیاردە مرۆییە سروشتیەوە هەبووە، بەو پێیەی پرسەکە پەیوەستە بە کۆی مرۆڤایەتی، بۆیە هەمیشە خێزان یەکێك بووە لە بابەتە زیندووەکانی ناو مێژوی مرۆڤایەتی و پرسێکی گەرمی ناو باوەشی فەلسەفە جیاوازەکان، هەر ئەمەشە هۆکاری سەرەکی پشت ئەم بایەخ پێدانەیە، لێرەوە دەتوانین بڵێن سۆسۆلۆژیای خێزان وەك پێویستیەکی ئەکادیمی و پرسێکی کۆمەڵایەتی دێتە ناو مەعریفەی گشتی و جێگەی خوی دەکاتەوە، بە کۆمەڵێك تایبەتمەندیەوە گرنگی تایبەت بە خێزان دەدات وەك دیاردە ودامەزراوەیەکی مرۆیی کۆمەڵایەتی بە میتود و بنەما و خوێندنەوەی زانستی و بابەتی وورد، بەمەبەستی زانینی سروشت و پەرەسەندن و گرفت و چارەسەر و گۆڕانکاریەکانی بواری خێزان، لێرەوە خێزان دەبێتە بواڕێك بۆ توێژینەوە و لێکولینەوەی زانستی، کە لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە تیشکی بخرێتە سەر، وەك ڕەهەندی ئاینی، ڕوشنبیری، کۆمەڵایەتی، مەعریفی، دەرونی، پەروەردەیی...هتد، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئێستادا، کە دەبینین گوڕانکاریەکان و تەکنەلوژیا کاریگەری زۆر خێرا و چاوەڕوان نەکراوی هێناوەتە ناو کۆمەڵگەی مرۆیی بە گشتی و کایەی خێزان بەتایبەتی، لەم سایەیدا خێزان کەوتوتە بەر گەڤی لاوازا بوون تا لێکترازانی تەواو، لەم سونگەیەوە سەنتەری سەڵاحەددینی ئەیوبی بۆ توێژینەوە ولێکۆلینەوەی ئیسلامی سەر بە کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان/ زانکۆی

سەلاحەددین، هەروەها وەك خزمەتێك بە خوێنەر و خێزانی کوردی پڕوژەی (پاراستنی شکۆی خێزان)ی ئەنجامدا، کە لە دوو توێی ئەم پەرتوکەی بەردەستمان خراوەتە ڕوو، هەر وەك لە ناو و ناوەڕۆکیە دەردەکەوێت هەوڵدراوە لە چەند بابەت و توێژینەوەیەکی زانستی (ئەکادیمی) کۆمەڵێك پرسی جیاجیای پەیوەندیدار بە خێزانەوە پێشکەش بە خوێنەران بکرێت، کە بەرهەمی دڵسوزی و خەمخوری پۆلێك مامۆستای شارەزا و بە ئەزمونی کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکانە، بە بەشداری هەر دوو قوتابی ئازیز (زەکیە فەقێ محمد و عبد الوهاب ڕەمەزان عبد الوهاب) شارەزایانە و بابەتیانە دایانڕشتوە، ئەم کارە مەزنە جگە لەوەی، کە خزمەتێکی گەورەیە بە تایبەتی بۆ توێژی گەنجان، دەکرێت وەك بەرکوڵێك (تمهید) بێت بۆ پرەودان بە پروژەی گەورەتر و هەنگاوی مەزنتر لە بواری بەهێزکردنی مەعریفە و وشیاری و ڕۆشنبیری خێزانی، بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە قەوارە و چەتری خێزان و پاراستنی شکۆمەندی خێزانی موسڵمان.

کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان پاڵپشت بەو توانا زانستیە و مرۆییەی کە هەیەتی وەك ناوەندێکی مەعریفی و ئەکادیمی تایبەت بە زانست و مەعریفەی ئیسلامی بە ئەرکی خۆی دەزانێت پاڵپشتی هەر هەوڵێکی زانستی و ڕوشنبیری بکات بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە بەتایبەتی ئەو پرس و بابەتانەی، کە ڕەهەندی شەرعیان هەیە.

لە دوای خوێندنەوەم بۆ سەرلەبەری بابەتەکانی ناو ئەم پڕوژە نایابە دەتوانم وەك موژدەیەك بۆ خوێنەرانی ئازیز و خۆشەویستی زمانی کوردی ئەوە دووپات بکەمەوە کەوا بەڕادەیەکی بەرچاو ئەم پڕۆژەیە شارەزایانە دەستیان بردووە بۆ ئەو پرس و بابەتانەی، کە لە هەڵکەوتی (واقع)ی ئێستادا پرسی گەورەن و پێویستیان بە وشیاری و ڕۆشنبیری تەواو هەیە، وەك پرسەکانی: (ئاسایشی خێزان، وشیاری خێزان)، کاریگەریەکانی میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، تووندوتیژی خێزانی، بابەتی جیابونەوەی هاوسەران... هتد، بەتایبەتی لە ئێستادا و لە سایەی دونیایی مودێرنەدا خێزان و بەها خێزانیەکان کەوتونەتە ژێر فشارێکی زۆرەوە تەوژمە نەیارەکانی خێزان بەردەوام خەریکی بنکۆڵکردنی بناغەی

خێزانن، ئەمەش دۆخی خێزان و پەروەردەی خێزانی قورسستر کردووە هەر وەك لە لایەکەی تریشەوە ئەرکی خەمخوران و دڵسۆزانی خێزانی گرانتر کردووە.

لە کۆتاییدا ئومێدەوارین ئەم پڕۆژەیە توانیبێت بۆشایێك پڕبکاتەوە لە بواری خێزاندا و خوێنەران شادبکات بە، لەگەڵ نزای خێر بۆ سەرجەم بەشداربوانی ناو ئەم پڕۆژەیە، خوای میهرەبان بەرەکەتی زیاتر بخاتە خامە زیندوەکانیان.

پ.ی.د. ادریس قادر حمدأمین
ڕاگری کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان/ هەولێر

به ناوی خوای گەوره و میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردیگار، دروود و سڵاو بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەر و یار و یاوەرانی تا رۆژی دوایی، له پاشان:

خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ۖ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَقَلْبِهِۦ وَأَنَّهُۥٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾ الأنفال: ٢٤

خێزان له ڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوه پێگه و گرنگیەکی زۆر گەورەی هەیه، له بەر ئەوەی شوێنی پەروەردەو پێگەیاندنی تاکەکانه و پێکهێنەری کۆمەڵگایه، ئاشکرایه، که ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر گرنگی به خێزان دەدات هەر له گرنگیدان به پەروەردەکردنی تاکەکانی و پاراستنی پەیوەندی نێوانیان، که ئەمەش هەمووی خۆی دەبینێتەوه له دیاریکردنی مافی تاکەکانی خێزان له سەر یەکتر بۆ پرەو دان به پەیوەندیەکان هەر له مافی منداڵ له سەر دایك و باب ومافی دایك و باب له سەر منداڵەکانیان و مافی خێزان له سەر مێردەکەی و مافی مێرد له سەر خێزانەکەی و مافی خزمانیتر به شێوەیەکی گشتی له سەر یەکتر، که ئەمه هەمووی پاراستنی خێزانه له داڕمان و دروستکردنی هێز و یارمەتییه بۆ بنیاتنانی خێزانێکی تۆکمه و پڕ له خۆشەویستی و سۆز، بۆ ئەوەی به بەختەوەری بژین له دونیا و بەختەوەری دوا رۆژیش به دەست بێنن.

ڕەوشت و ئەخلاق ڕەگەزێکی سەرەکییه بۆ پاراستنی شکۆی خێزان هەر له بوونی سۆزو دادپەروەری له دەرونەوه تا هەڵسوکەوتکردن له گەڵ ئەوانیتر به شێوازێکی مرۆڤدۆستانه بۆ ئەوەی تاکی خێزان تەندروستانه هەڵسوکەوت بکات له گەڵ تاکەکانیتری ناو خێزانەکەی، لێرەدا هەستەکەین که ئەرکی هەموومانه هەر له زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندن و مزگەوتەکان و مامۆستایانی ئاینی، که هەڵسین به وشیارکردنەوەی کۆمەڵگاکەمان بۆ پاراستنی له هەموو ئەو نەخۆشیانەی که شکۆی خێزان لەکەدار دەکەن له کۆتایشدا به زەرەرو زیانی هەموو کۆمەڵگا تەواو دەبێت، هەر وەك ئامارەکانی جیابوونەوەی نێو خێزانەکان پێمان دەڵێن، که شکۆی خێزان له هەرێمی کوردستان له بارێکی ترسناکدایه و پێویستی به هەڵوەستەکردنه له سەری له لایەنی پەیوەندیدار بۆ پاراستن و نوێکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێو تاکەکانی به دیاریکردنی هۆکار و دانانی چارەسەری گونجاو و سەرکەوتوو.

لێرەوە ئەم پرۆژەیە (پاراستنی شکۆی خێزان) لە سەر دەستی هەردوو قوتابی خۆشەویست وچالاکی کۆلێژەکەمان: (زکیە فقی محمد، عبدالوهاب رەمەزان عبدالوهاب) سەری هەڵدا وەك بیرۆکە و دوای تاوتوێکردنیشی لە لایەن سەنتەری سەلاحەدینی ئەیوبی بۆ توێژینەوەو لێکۆلینەوە ئیسلامییەکان ئەم سمپۆزۆیۆمەی لێکەوتەوە بە هاوکاری بەڕێز سەرۆکی زانکۆ وجەنابی راگر ومامۆستایانی بەڕیزی کۆلێژەکەمان، کە دوازدە توێژینەوە لەخۆ دەگرێت لە بوارە جیاجیاکانی پەیوەندیدار بە ناونیشانی پرۆژەکەوە، کە لە دوو توێی پەرتوکێك چاپکراون لە سەر ئەرکی زۆر بەڕێز (حاجی فقی محمد) کە ئێمە زۆر سوپاسی دەکەین بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە خێرخوازی و مرۆڤدۆستییە.

لە کۆتاییدا هیوادارم کە ئەم توێژینەوانە کەلێنێکی گەورە پڕ بکەنەوە لە چارەسەرکردنی زۆر لەو کێشانەی کە پەیوەندی نێو خێزان لاواز دەکەن یان بەرەو نەمانی دەبەن.

پ.ی.د.جمیل علی رسول سورچی
بەڕێوەبەری سەنتەری سەلاحەددینی ئەیوبی
بۆ توێژینەوەو لێکۆلینەوە ئیسلامییەکان
2020/2/27

بسم الله الرحمن الرحيم

خێزان بریتیە لە ڕیك كەوتنی دوو مرۆڤ، ڕەگەزی نێرێكی پیاو لە گەڵ ڕەگەزی مێیەكی ژن لە سەر پێكهێنانی خانەیێكی كۆمەڵایەتی بۆ جێبەجێ بوونی پێویستەكانی پێكەوە ژیانی ڕەگەزی و كۆمەلایەتی، بەڕێی گرێبەستی شەرعی خودا یا یاساكانی مرۆڤەكانی جیهان...

لێرەدا جیاوازی بۆچونی خەڵكان دروست بوو لەسەر پاراستنی شكۆ و پتەوی ڕیكخراوی خانەی خێزان بۆ دیاركردنی یاسا و چۆنیەتی ڕێگەكانی پەروەردە و بەردەوام بوون و پتەو كردنی پەیوەندیەكانی ئەندامانی خێزان و بەهاكانی كۆمەڵایەتی یا لاواز كردن و نەهێشتنی ئەم مەبدەئانە و گۆڕینی سەنتەرایەتی خێزان بۆ كۆمەڵگا بە سەنتەرایەتی تاك یا كۆمەڵ بە گشتی یا حكومەت...

عەلمانیەكانی سەرمایەداری ڕوانگەیان بۆ هەموشتێك سوودی مادی و ئارەزوویی مرۆڤییە؛ بۆیە پێشیلی سەنتەرایەتی خێزان دەكەن بۆ سەنتەرایەتی تاك، لە سەر بنەمای ئەوەی تاكەكان ئازادن بۆ دەسكەوت كردنی سوودی كەسایەتی و دارایی ئەگەر چی بشبێتە سەرمایەداریكی زۆل كەچی كەسانێكی تریش لە برسانا دەمرن، هەروەها ئازادە لە سوودی ئارەزووی و ویستی خودی غەریزەكانی ئەگەر چی بشبێتە نێكچونی شیرازەی خێزان لە سەر بنەمای تاكڕەوی پیاو و ژن بۆ جێبەجێكردنی ئازادی كەسایەتی خۆیان، چونكە ئازادی كەسایەتی پێگەكە لە پێگەكانی بیرۆكەو هزری لیبڕالی.... بە پێچەوانەی سیستەمی ئیشتراكی (سۆشیالیستی)، كە لە سەر بنەمای دیالیكتیكی حكومەتیان كردە سەنتەری كۆمەلگا گشت ماڵ و سامان و ئامێرەكانی وەبەرهێنان، هەروەها بەهایەكانی ڕەوشتی و واتەیی تاك و كۆمەڵیان وەك ماڵ و سامان گشتیان خستە دەست حكومەتی سۆشیالست، واتە حكومەت بوە سەنتەر و دەستبەسەر داكەری بەهایەكانی ماددی و واتەیی؛ جا لە سەر ئەم بیر و هزرە قەدەغەی ئایینەكان و بەهایەكانی كۆمەڵایەتی پیشویان كرد، بەم جۆرە سەنتەرایەتی خێزانیشیان پێشیل كرد و شكۆی خێزانیان شكاند و خێزان پەرتەوازە بوو تاكڕەوی لێ پەیدا بوو.... واتە ئەوانیش هەر بابەتی ڕەوشتی خێزانیان خستە سەر بنەمای تاكڕەوی و

ئارەزوبازی بە پێشیل کردنی ئایین و بەهاکانی کۆمەڵایەتی چونکە باوەڕیان بە بەهایەکانی واتەیی و ئایینی نەبوو ئەو ڕەوشتانەی لە سەر بنەمای ئایین و داب و نەریت دامەزرابوو پێشیل کرا لایان نەما، جگە لەوەی، کە حکومەتی یەکگرتووی سۆڤیاتی ڕوخا و گۆڕا بۆ سەرمایەداری، ئەویش هەر گەڕایەوە سەر سەرمایەداری و بنەماکانی تاکڕەوی ماددی و ئارەزوویی بێ سنوور... بەڵام سیستەمی شەریعەتی ئیسلام هەمیشە هەوڵی داوە بۆ پتەو کردنی پەیوەندیەکانی نێوان تاکەکان وەکو ئەندامەکانی خێزان کە باوک و دایک بەڕێوەی دەبەن، نەک وەکو تاکڕەوی، هەروەها وەک ئەندامەکانی کۆمەڵگا و کۆمەڵایەتی گشتی، کە حکومەت بەڕێوەی دەبا بە شێوەیەکی وا کۆمەڵگای تایبەتی، کە خێزانە دەبێتە سەنتەری کۆمەڵ و کۆمەڵیش دەبێتە پاساو و پارێزەری خێزان لێک جیا ناکرێنەوە، خێزانیش دەبێتە پاساو و پارێزەری تاکەکانی لەسەر ڕێنمایەکانی قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەر. - صلى الله عليه وسلم- لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە سورەی نیسادا دەفەرمێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء: ١.

چونکە پاش گرێبەست بەستن، پیاو و ژنەکە دەبنە هاوسەر و پێیان دەڵێن مێرد و ژن، ئەو جا ئەگەر منااڵیان بوو دەبنە دایک و باوک ، منااڵکانیش ئەگەر هەردو ڕەگەز بوون دەبنە کوڕ و کچی دایک و باوکەکە لە نێوان خۆشیاندا دەبنە خوشک و برا ... ئەم پێک هاتەیە پێی دەڵێن خێزان.

جا برای باوکەکە بۆ منالەکان دەبێتە مام و خوشکیشی دەبێتە پلک، برای دایکیشیان دەبێتە خاڵیان و خوشکیشی دەبێتە پوریان ئەوانیش دەبنە برازای مام و پلکیان، خوارزای یا خوشکزای خاڵ و پووریان، منااڵکانی مام پێیان دەڵێن ئامۆزا و منااڵکانی خاڵیش پێیان دەڵێن کوڕەخاڵ و کچە خاڵ؛ وەک خوا ئاماژەی بەم جۆرە خزمایەتیانە کردووە لە باسی دروستی خواردن لە ماڵیان، کە خزمایەتی پتەو دەکا وەک سورەی نوڕ : ﴿ لَّيۡسَ عَلَى ٱلۡأَعۡمَىٰ حَرَجٞ وَلَا عَلَى ٱلۡأَعۡرَجِ حَرَجٞ وَلَا عَلَى ٱلۡمَرِيضِ حَرَجٞ وَلَا عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ أَن

تَأْكُلُوا۟ مِنۢ بُيُوتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ ءَابَآئِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ إِخْوَٰنِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخَوَٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَعْمَٰمِكُمْ أَوْ بُيُوتِ عَمَّٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخْوَٰلِكُمْ أَوْ بُيُوتِ خَٰلَٰتِكُمْ أَوْ مَا مَلَكْتُم مَّفَاتِحَهُۥٓ أَوْ صَدِيقِكُمْ ۚ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَأْكُلُوا۟ جَمِيعًا أَوْ أَشْتَاتًا ۚ فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُبَٰرَكَةً طَيِّبَةً ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٦١﴾ النور: ٦١

ئیتر بەم جۆرە پەرت دەبن بنەماڵە و هۆز و عەشیرت و میلەت و کۆمەڵگای لێ دروست دەبێ بە شێوەیەکی وا مەحرەمیان لێ پەیدا دەبێ، پێویستە موسولمان بزانی کێ بەکێ دەشی بۆ هاوسەرگیری و کێ بەکێ ناشێ بە پێی قورئان، کە لە سورەی نیسادا دەفەرموێ : ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَٰتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَٰتُكُمْ وَعَمَّٰتُكُمْ وَخَٰلَٰتُكُمْ وَبَنَاتُ ٱلْأَخِ وَبَنَاتُ ٱلْأُخْتِ وَأُمَّهَٰتُكُمُ ٱلَّٰتِىٓ أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَٰعَةِ وَأُمَّهَٰتُ نِسَآئِكُمْ وَرَبَٰٓئِبُكُمُ ٱلَّٰتِى فِى حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ ٱلَّٰتِى دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُوا۟ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَٰٓئِلُ أَبْنَآئِكُمُ ٱلَّذِينَ مِنْ أَصْلَٰبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُوا۟ بَيْنَ ٱلْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٢٣﴾ ﴾ النساء: ٢٣

بۆ ڕێك خستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی، کە پێویستە حکومەتێکی داد پەروەر و ڕەوشت پەروەر بەڕێوەی ببات لەسەر ڕێنمای فەرمودەکانی خوا و پێغەمبەر...

واتە خێزان سەنتەری کۆمەڵە و کاریگەری زۆری لە سەر کۆمەڵ هەیە بە جۆرێکی وا ئەگەر خێزان باش و پتەو و تەندروست و بە هێز بێت کۆمەڵگاش وا دەبێت، ئەگەر نا کۆمەڵگا خراپ و ناتەندروست و لاواز و شلەزاو دەبێت...

واتە واقیعی کۆمەڵگای خەڵکانی جیهان پێکهاتوە لە خێزانەکان نەك تاکەکان، چونکە خوا، کە ئادەمی دروست کرد بە تەنیای نەهێشتەوە خێرا حەوا شی بۆ دروست کرد هەتا هاوسەرگیری لەگەڵ بکا و یەکەم خێزانی لێ پەیدا ببێ وەك خوا لە سورەی نەحلدا فەرمویەتی : ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُم مِّنَ

﴿ٱلطَّيِّبَٰتِ أَفَبِٱلۡبَٰطِلِ يُؤۡمِنُونَ وَبِنِعۡمَتِ ٱللَّهِ هُمۡ يَكۡفُرُونَ ٧٢﴾ النحل: ٧٢ چونکه به هۆی خێزانەتی شەرعی تاکەکان زاوو زێ پەیدا دەبێ و پەیوندی پتەوی خێزان و خۆشەویستی دروست دەبێ و لەناو کۆمەڵگا، وەکو ئاماژەمان پێ کرد دەبنە هۆز و نەتەوە و گەڵ و ئومەت، کە ئەمە دەبێتە هۆکاری پەیدابوونی خۆشەویستی نێوان گشت تاکەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگا وەك خوا لە سورەی ڕووومدا دەفەرموێ: ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَيۡهَا وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ٢١﴾ الروم: ٢١ هەروەك دیارە تاکەکان بە ژن و پیاوەوە هەتا نەبنە خێزاندار، زێدە ناکەن و پەیوەندی خۆشەویستی و یەك ڕیزییان لەنێواندا پەیدا نابێ، چونکە باوکایەتی دایکایەتی و براو خوشکایەتی کوڕایەتی و کچایەتی دایك و باوك گشتی لەسەر بنەمای ڕەحم و خۆشەویستی دادەمەزرێ جا بڵاو دبێتەوە بۆ خۆشەویستی هۆز و گەل و کۆمەڵگای گشتی لێ پەیدا دەبێ و پێویستە ئەم ڕەحم و بەزەیی و یەکویستیە لەناوماندا بپارێزدرێ و ببێتە بنەمای پەیوەندی بە هێز و سوود بەیەکتر گەیاندن وەك لە سورەی ئەنفالدا دەفەرموێ : ﴿وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ٧٥﴾ الأنفال: ٧٥

بۆیە بە بتەوی پەروەردەی ناو خێزان کردەوەی باش و ڕەفتاری جوان و کرداری مرۆڤایەتی و تەندروستی تەواو بڵاو دەبێتەوە و دەبێتە گشتی، هەر لەبەر ئەمەشە ئیسلام زۆر بایەخی داوە بە دامەزراندنی خێزان لە سەر بناغەی باوەڕ و شەریعەتی ئیسلام بە پێی ڕێساکانی حەلال و حەڕام و دروست و نادروست بۆ دابین کردنی بەختەوەری و بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵ لە دونیاو قیامەتدا ... بە پێی ئەمە شکۆی خێزانی پاراستوە و گەورەیی و بچوکی لەناو خێزان و کۆمەڵگادا چەسپاندوە، هەر کەسە ڕێز و مافی خۆی بە پێی پێگە و پلەی خێزانی یا کۆمەڵایەتی یا پلەی بەهاکانی واتەیی و مرۆڤایەتی پێدراوە و پاراستراوە ....چونکە پاراستنی شکۆی خێزان شکۆی کۆمەڵ دەپارێزی، شکۆی کۆمەڵیش شکۆی حکومەتی دڵسۆز و دادپەروەر بەهێز دەکات و دیانپارێزی دژ بە دوژمنانی ماددی و مەعنەوی... بۆیە لە سەردەمی ئیسلامەتیدا ڕێزی دایك و باوك دەگیرا بە پێی دەقەکانی قورئان، کە دەفەرمێ ﴿* وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنًاۚ إِمَّا يَبۡلُغَنَّ عِندَكَ ٱلۡكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوۡ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفّٖ وَلَا تَنۡهَرۡهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوۡلٗا كَرِيمٗا ٢٣﴾ الإسراء: ٢٣ هەتا گشت

خزم و کەس و دەوروبەر و جیرانیش دەگرێتەوە وەك لە سورەی نیسادا فەرمویەتی: ﴿ ۞ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا وَبِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡجَارِ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡجَارِ ٱلۡجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلۡجَنۢبِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخۡتَالٗا فَخُورًا ﴿٣٦﴾ ﴾ النساء: ٣٦

هەروەهاش ڕێزی براگەورە و خوشکی گەورە و دەگێرا و قسەکانیان جێگیر دەبوون بە پێی دەقی حەدیسی پێغەمبەر، کە فەرمویەتی: (حق كبير الإخوة على صغيرهم حق الوالد على ولده).

لە بەر بتەوی و بەهێزی ئەم پەیوەندییە خزمایەتیانە ئیسلام دیاری کردووە میرات لە سەر بنەمای پلە نزیکتری خزمایەتی دابەشکراوە وەك لە قورئانی پیرۆزادا لەسورەی نیسادا فەرمویەتی: ﴿ يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِيٓ أَوۡلَٰدِكُمۡۖ لِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۚ فَإِن كُنَّ نِسَآءٗ فَوۡقَ ٱثۡنَتَيۡنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَۖ وَإِن كَانَتۡ وَٰحِدَةٗ فَلَهَا ٱلنِّصۡفُۚ وَلِأَبَوَيۡهِ لِكُلِّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا ٱلسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُۥ وَلَدٞۚ فَإِن لَّمۡ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٞ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُۚ فَإِن كَانَ لَهُۥٓ إِخۡوَةٞ فَلِأُمِّهِ ٱلسُّدُسُۚ مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصِي بِهَآ أَوۡ دَيۡنٍۗ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ لَا تَدۡرُونَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ لَكُمۡ نَفۡعٗاۚ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا ﴿١١﴾ ۞ وَلَكُمۡ نِصۡفُ مَا تَرَكَ أَزۡوَٰجُكُمۡ إِن لَّمۡ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٞۚ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٞ فَلَكُمُ ٱلرُّبُعُ مِمَّا تَرَكۡنَ مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصِينَ بِهَآ أَوۡ دَيۡنٖۚ وَلَهُنَّ ٱلرُّبُعُ مِمَّا تَرَكۡتُمۡ إِن لَّمۡ يَكُن لَّكُمۡ وَلَدٞۚ فَإِن كَانَ لَكُمۡ وَلَدٞ فَلَهُنَّ ٱلثُّمُنُ مِمَّا تَرَكۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ تُوصُونَ بِهَآ أَوۡ دَيۡنٖۗ وَإِن كَانَ رَجُلٞ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمۡرَأَةٞ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوۡ أُخۡتٞ فَلِكُلِّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا ٱلسُّدُسُۚ فَإِن كَانُوٓاْ أَكۡثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمۡ شُرَكَآءُ فِي ٱلثُّلُثِۚ مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصَىٰ بِهَآ أَوۡ دَيۡنٍ غَيۡرَ مُضَآرّٖۚ وَصِيَّةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٞ ﴿١٢﴾ تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۚ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿١٣﴾ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدۡخِلۡهُ نَارًا خَٰلِدٗا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴿١٤﴾ ﴾ النساء: ١١ - ١٤ لەگەڵ ئەوەشا ڕێزی بەر پرس و خاوەن پلە و پێگە دەگیرا و گشت کۆمەڵگا پابەند بوو بە فەرمانەکانی خەلیفە و بەرپرسەکانی، کە بە پێی شەریعەت و یاسای ئیسلام حوکمڕانیان دەکرد بۆ نەهێشتنی ئاژاوە و فیتنە و ناڕێکی و ناتەبایی، بۆ

ئەوەی هەمیشە یارمەتی دەری یەکتر و پشتگیری یەکتر و بەهێز بن وەك لە سورەی نیسادا فەرمویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩﴾ النساء: ٥٩

سەدەها ئایەت و حەدیسی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم بارەدا هەن لە بەر مەترسی درێژە پێدان تۆمارم نەکردووە و هەتا نەشبێتە دوبارەی قسەکانی نووسەرە بەرێزەکانی ئەم پەرتوکە کە ئاماژەیان پێداوە.

ئێستا، کە دەبینین شێوازە پەیوەندیەکانی خێزان لە کۆمەڵگاکانی وڵاتانی موسولمانان، کە وڵاتی ئێمەش بەشێکە لەوان لاواز بوەو شکۆی خێزان وەختە نەمێنێ و تاکڕەوی و بەڕەڵایی زۆر دەبێ وەکو وڵاتانی ڕۆژ ئاوا، هۆکاری ئەوەیە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەما وڵاتەکانی ئیمپیرلایالیزمی وەك بریتانیا و هاوپەیمانەکانی هاتن و وڵاتەکانی ئیسلامیان داگیر کردو گشت کۆمەڵگا و گەلەکانیان خستە ژێر دەستی خۆیان، جا گشتیان گۆڕی و سەراوبنیان کردو بەردەوامن لە گۆرین و تێکدانی شیرازەی خێزان بەڕێی خوێندن و ڕاگەیاندن و گۆڤار و ڕۆژنامە و فشاری حکومەتە نۆکەرەکانیان خستە سەر بیرۆکە و بنەماکانی عەلمانی و سەرمایەداری... بۆیە دەبینین سەنتەرایەتی خێزان لەم سەردەمەدا تێك چووە و کەس دەسەڵاتی لە سەر کەسا نەماوە بە تایبەتی دایك و باوك و پیاوانی بەڕێز و زانایان و خاوەن پێگەکانی کۆمەڵایەتیش هەتا حکومەتەکانیشی گرتوتەوە بۆیە لە هەموو دونیای جیهانی سێیەم گێلەواژەیە و بە ئاژاوە و خۆپیشاندانەکان حکومەتان دەڕوخێنن.

ئەمانەی باسکرا لە گەڵ بەڕەڵایی ڕەگەزی و ڕێك کەوتنی هەردوو ڕەگەز بەبێ سنوری شەرعی و ڕەچاو نەکردنی حەلال و حەڕام گشتی بوەتە هۆکاری نەهێشتنی شکۆی خێزان و لاواز کردنی خانەکەی و تێکدانی پتەوی پەیوەندیەکانی خێزان و کۆمەڵگاو نەمانی بەهاکانیان ... چونکە هەتا ئێستا ئێمەی میلەتی ئیسلام و وڵاتەکانیان هەر لە ژێر فشاری چەکی ئاگر و ئاسنی داگیرکەرانی بێگانە ماوینەتەوە و ڕزگار نەبوین.

بۆ پێڕاگەییشتن بە چاکردنەوەی ئەم بارە و گەڕاندنەوەی شکۆ و شێوازە و ڕێز و بەهای خێزان دەبێ زۆر هەشیار بینەوە و بە خۆمان ڕابگەین بۆ چاکسازی کردن لە سەر بناغەی باوەڕ و بنەماکانی شەرعی ئیسلام و ڕەوشتەکانی پێغەمبەر و سەحابەکان و پیاو

چاکان، وەك بەڕێزان مامۆستاو پسپۆری زانا لەم پەرتوکەدا باسیان کردوەو بە بەڵگەی قورئان و سونەتی پیرۆزیان چەسپاندویانە، کە پێویستە گشت موسولمانان لە سەری بڕۆن و لە خۆیان تێك نەدەن .

خوا هیدایتمان بدا بۆ باوەڕی تەواو و نۆژەن کردنەوەی وێرانکراوەکان و چاك سازی کردەوە بو ڕەوشتەکان، ... هەروەها پاداشتی خوشکی بەڕێزمان تەنکەخان بدات و ڕوی سپی بکات لە دونیا و قیامەتەوە، کە ئەم پرۆژەی بۆ چاکسازی ئامادە کردوە و خوا بەختی باشی پێ ببەخشی .

پ . د . شێخ ئەحمەدو شێخ موحەممەد بالیسانی

سێشەمە: 25/2/2002م

دەروازەیەك بۆ شكۆی خێزان

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله, والصلاة والسلام على سيدنا محمد رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين:

أما بعد:

پەروەردگار لە سوورەتی نەحلدا دەفەرموێت:

﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ ٱللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ ﴿٧٢﴾ ﴾ النحل: ٧٢

واتە: وە خودای گەورە (الله) لە جنسی خۆتان هاوسەرانی بۆ داناون، وە لە هاوسەرانتان ڕۆڵە و نەوەی پێ بەخشیون، وە لە شتانی پاک و خاوێن ڕۆزیی پێداون، چۆن بڕوایان بەو هیچ و پووچانە هەیە و، لە بەهرەی خودا حاشا دەکەن؟!.

نیعمەتێک لەو نیعمەتانەی ئەم ئایەتە باسیان لێوە دەکات نیعمەتی خێزان و هاوسەریە.

(من أَنفُسِكُمْ) واتە: لە نەفس و جنسی خۆتان هاوسەرمان پێ بەخشیون، واتە: ژن ومێرد هەردوو مرۆڤن، هاوسەرت مرۆڤە و تۆش مرۆڤیت، ئەمەش نیعمەتێکی گەورەیە.

(أَزْوَاجا) وشەی (أَزْوَاج) لە زمانی عەرەبیدا کۆی (زَوج)ە، بە مێرد دەگوترێت: (زَوج)، هەروەها بە ژنیش دەگوترێت، پێویست بە پیتی تێی تەئنیث ناکات، پێویست ناکات بڵێیت: (هذه زوجتي)، بڵێ: (هذه زوجي)، بۆیە خودای گەورە بە ئادەم دەفەرموێ: (اسكن أنت وزوجك الجنة)(سورة البقرة:35)، (زَوج) بۆ هەردووکیانە، ئەم جووتی ئەوە و، ئەویش جووتی ئەمە. ابن منظور لە (لسان العرب)دا دەڵێت: (أما زوجة فلغة شاذة) واتە وشەی (زوجة) ڕیزبەڕە و شازە لە زماندا نابێت بگوترێ، هەر دەبێ بگوترێ: (زوج)، ژنێك بە مێردەکەی دەڵێت: (هذا زوجي) پیاوێکیش بە ژنەکەی دەڵێت: (هذه زوجي) نەک (هذه زوجتي)،بەڵام ئێستە لە ئاخاوتندا دەگوترێ (هذه زوجتي).

جیاوازیی (زوج) و (إمرأة)دا سێ جۆر کێشە هەیە:

سێ جۆر جیاوازیی لە نێوان هەردوو وشەی (زوج) و (امرأة)دا هەیە:

جیاوازیی یەکەم: پەیوەندیی بە منداڵبوونەوە هەیە، کە حیکمەتی هاوسەرگیرییە، هەر کاتێك کێشەی منداڵبوونیان هەبوو ئەوە دەبێتە (امرأة)، بەڵام هەر کاتێك کێشەی منداڵبوونیان نەبوو ئەوە دەبێتە (زوج)، زەکەریا پێغەمبەر کە لە خودا دەپارێتەوە منداڵی پێ ببەخشێ دەفەرموێت: (وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا) لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: (وَامْرَأَتِي عَاقِرٌ) (سورة ال عمران:40) باس لە (امرأة) دەکات لەبەرئەوەی منداڵی نابێت، بەڵام دوای ئەوەی خوای گەورە ئەو کێشەی بۆ چارەسەر کردووە و باری منداڵنەبوونی هاوژینەکەی بۆ چاک کرد ئیتر لە (امرأة) وە دەبێتە (زوج)، دەفەرموێت: (فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَىٰ وَأَصْلَحْنَا لَهُ زَوْجَهُ) (سورة الأنبياء:90) کاتێك کێشەکەی نامینێت دەبێتە (زوج).

جیاوازیی دووەم: لەکاتی جیاوازیی عەقیدە و بیر و باوەڕی ژن و مێرد، ئەو کاتە بە هاوژینەکەت ناگوترێ (زوج)، بەڵکو پێی دەگوترێ (امرأة)، بۆیە دەفەرموێت: (امْرَأَتَ نُوحٍ وَامْرَأَتَ لُوطٍ) (اية (10) سورة التحريم:10) نافەرموێت: (زوجة نوح) چونکە (نوح) بڕواداڕە بەڵام خێزانەکەی بێبڕوایە، بە هەمانشێوە بۆ پێغەمبەر (لوط)، هەروەها دەفەرموێت: (امْرَأَتَ فِرْعَوْنَ) (سورة التحريم:11) فیرعەون کافرە، بەڵام خێزانەکەی (ئاسیای کچی موزاحیم) ئافرەتێکی خواپەرست و عاریفەیە و نزیکە لە خواوە بۆیە (امرأة) ی فیرعەونە نەک(زوج) .

جیاوازیی سێیەم: خیانەتی زەوجیە، هەر کاتێك خێزان خیانەتی زەوجی کرد ئەو کاتە نابێتە (زوج)ە، بەڵکو دەبێتە (امرأة)، کاتێك خێزانی عەزیزی مصر حەزی لە یوسف کردووە، ژنەکان دەڵێن: (وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَنْ نَفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا) (سورة يوسف:30) ناوی (امرأة)ی لێ دەنێن نەک (زوج).

کەواتە ئێمە سێ کێشەمان هەیە: کێشەی منداڵ بوون، کێشەی عەقیدە، لەگەڵ کێشەی خیانەتی زەوجیی. هەروەها هەر کاتێك لە نێوان ژن و مێرددا تەبایی نەبوو، ئەو ژنە ژن نیە بە مانای (زوج)، بەڵکو (امرأة) یە، وەك خودا دەفەرموێت: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ۝٢ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ۝٣ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ۝٤ فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ﴾ سورة المسد: ١ ـ ٥

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەبولەهەب لەگەڵ ئوم لەهەبدا تەبا نەبوون، هەر چەندە هەردووکیان بێباوەڕ بوون.

وشەی: (بنین): واتە: ڕۆڵە، چ کوڕ، چ کچ، هەردووکیان دەگرێتەوە.

وشەی (وحفدة) واتە: کوڕەزا و کچەزا.

کەواتە: ڕووی ئەم ئایەتە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێیە، ئەی نێر هاوسەرت هەر لە خۆتە و، ئەی مێ تۆش هاوسەرت هەر لە خۆتە.

چی دەبوو ئەگەر خێزانت مرۆڤ نەبوایە، بۆ نموونە فریشتە بوایە پێویستی بە خەو و خواردن و خوارەنەوە و سەرجێی و هاوسەرگیریی نەبوایە!ك یا جنۆکە بوایە! یا ئاژەڵ و وڵاخ بووایە؟!یاخود خێزانت مرۆڤێك بووایە بەڵام شێوازی وەکو تۆ نەبووایە، شاخی هەبووایە! پێنج چاوی هەبووایە! شێوازێکی نەگونجاوی لەگەڵ بەرێزتا بوایە.!!

هاوجنسیی نێر و مێ ئەوەمان پێ دەڵێت کە نە نێر لە مێ باشترە و، نە مێ لە نێر پیرۆزترە، پیاو، خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ١٣ ﴾ سورة الحجرات: ١٣

ئەی خەڵکینە، ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێ دروستکردوە، وە ئێوەمان تیرە تیرە و، هۆز هۆز کردوە بۆ ئەوەی یەکتر بناسن، بێ گومان بەڕێزترینی ئێوە لای خودا پارێزگارترینی ئێوەیە لە گوناە و تاوان.

لەم ئایەتەدا دەبینین نێریەتیی و مێیەتیی نەبوونەتە پێوەری پیرۆزیی، بەڵکو ئەوە تەقوا و کرداری چاک و لەخواترسانە پێوەری پیرۆزییە.

ژن وپیاو بە یەکەوە جوانن، نە ژنسالاریی و، نە پیاوسالاریی.

چۆن پیاو بۆ ژن نیعمەتە، ژنیش بۆ پیاو نیعمەتە، هەزار ڕەحمەت لە مەلای گەورە کە باسی نیعمەتی ژن دەکات و، دەڵێت:

ژن زینەتی دونیایە ئەمانەتی خودایە

حەبیبی موصطەفایە قەڵاتن لە بۆ مێردان

جەنابی مەلا لەم دوو دێرە کورتەدا چەندەها دەقی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی نازداری کۆکردووەتەوە!

(ژن زینەتی دونیایە) واتە جوانیی دونیا بە ژنەوەیە، ئاماژەیە بۆ ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلۡبَنِينَ وَٱلۡقَنَٰطِيرِ ٱلۡمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلۡفِضَّةِ وَٱلۡخَيۡلِ ٱلۡمُسَوَّمَةِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ وَٱلۡحَرۡثِۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ ﴾ سورة آل عمران: ١٤

خۆشەویستیی ئارەزووی ژنان و منداڵان و دەسکەوتنی کۆمای زێڕو زیو و، ئەسپانی ڕەسەن و دروشمدار و، مەڕ ومااڵت و گا و گوڵ و، کشتوکاڵ و زەویکێڵان بۆ مرۆڤ ڕازێنراوەتەوە.

کەواتە خودای گەورە ئەم دونیای بۆمان ڕازاندوەتەوە، ژن یەکەم ڕازاوەی دونیایە کە مرۆڤ ئارەزووی لێ بکات.

(ئەمانەتی خودایە) ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو فەرمایشتەی نازدار ﷺ کە دەفەرموێ: (فاتقوا الله في النساء، فإنّكم أخذتموهن بأمان الله، واستحللتم فروجهن بكلمة الله)[1] لە مافی ئافرەتدا لە خودا بترسن، چونکە ئەوان ئەمانەتی خودان لاتان، بە وشە و فەرمانی خودا مارەتان کردوون و، بوونەتە حەڵاڵتان.

(حەبیبی موصطەفایە) ئاماژەیە بەو فەرموودەی (حُبِّبَ إِلَيَّ النِّساءُ والطِّيبُ، وَجُعِلَتْ قرةُ عيني في الصَّلاة) ئافرەت و بۆنی خۆشم لا خۆشەویست کراوە، گلێنەی چاویشم لە نوێژدایە، واتە چاوم بە نوێژ دەگەشێتەوە.

ئافرەت دایکە، دایە گەوردیە، خوشکە، هاوژینە، کچە، خوشکە، پوورە، ئەمانە هەموویان خۆشەویستن.

(قەڵاتن لە بۆ مێردان) واتە: ئافرەت بۆ مێرد قەڵایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ئایاتانەی بە پیاوی ژنداریان فەرموە (محصَن) واتە: چووەتە ناو قەڵاو سەنگەرەوە، (حِصن)، واتە پارێزراوە، بەڵام پیاوی بێژن لە سەنگەر و قەڵادا نیە.

ژنانیش بە هەمان شێوە.

(1) صحيح مسلم - كتاب الحج- باب حجة النبي ﷺ - حديث:2212.

شاعیرێکی فارس سەبارەت بە ئافرەت دەڵێ:

هـــمدم ادم در این عالم زن است

بر اساس زندگی، محـــرم زن است

زن بـــــرای تو مرارت می کشد

این شفقت را زشفقت می کشـــد

واتە:

لە دنیادا ژن هاودەمی ئادەمـە

بۆ بناغەی ژیان ژن مەحرەمـە

ژن لـــــەبەر تۆ تاڵی دەچێژێ

ئەم تاڵی ژیان و ماندووبوونەش لە سۆز و ئەوین و مەهرەبانییەوەیە

دواتر دەڵێ:

گر نیایی بی قراری میکند

گر بمیری آه و زاری میکند

واتە:

گەر نەگەڕێیتەوە بۆ ماڵ، بێ قەرار دەبێت و، ئارامیی لێ دەبڕێت و، دڵی تەنگ دەبێت، وە ئەگەر بمریت ئاە و گریان و فوغان دەکات، بۆت دەگرێی و فرمێسکت بۆ دەڕژێت.

زن نمیگیری ؟ مـــگر دیوانه ای !

گر نگیری زن، ز دیـــن بیگانه ای

زن بلا باشد به هـــر کاشانه ای

بی بلا هرگز نباشـــــد خانه ای

این سخن را خوب یاد از من بگیر

زن بگیر و زن بـــــگیر و زن بگیر

واتە:

ژن نایەنیت، مەگەر شێت ودێوانەی

گەر ژن نەهێنی، لە دیـــن بێگانەی.

ئەگەر ژن بەڵا بێت لـە مـــــاڵا

خودایا، هیچ ماڵێ نەبێ بـــێ بـەڵا

ئەم پەندە لە من جوان وەرگرە

ژن بهێنە و، ژن بهێنە و، ژن بهێنە.

ژنی باش غەمرەوێنی غەمەکانی ژیانە، دڵخۆشکەری ئینسانە، هەر کاتێك تووشی غەم و پەژارە و دڵتەنگیی دەبیت، دونیات لەبەرچاو تاریك دەبێ! لە دەرەوە، لە فەرمانگە، لە بازاڕ، لە کۆمپانیا، لە ناو خەڵکدا، تووشی کێشە دەبیت، بە ماندوویی و شەکەتیی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ، ئەگەر ژنی چاك و عاقڵ و بە ئەمەکت هەبێت، بە زەردەخەنەیەك هەموو ماندوویی و غەم و پەژارەی دونیات لەبیر دەباتەوە، بە بەخێرهاتنێکی گەرم دەتحەوێنێتەوە.

پیاوی باشیش بۆ ژنی ماندوو شنەبای ڕەحمەتە و، بۆ دڵی غەمبار دەوا و شیفا و غەمرەوێن وبەرەکەتە.

لە یەکەم دیداری جوبرەئیل -علیه السلام- و پێغەمبەری نازدارماندا ﷺ ، جوبرەئیل باوەش دەکات بە نازدارماندا و، دەیگوشێت بە خۆیدا، سرووش و وەحی بۆ دێنێتە خوارەوە، کاتێ دەگەڕێتەوە ماڵەوە، لەرز دەیگرێت و، دەفەرموێ: (زملوني زملوني.. دثروني دثروني!) دامپۆشن دامپۆشن! دایکی بڕوادارانی خەدیجەی کچی خوەیلد (علیها السلام) چونکە هاوژێنێکی عاقڵ و دانا و بە سۆز و مەهرەبانە، بە چەند وتەیەك مەعنەویاتی پێغەمبەری نازدارمان بەرزتر دەکاتەوە! دەڵێت: (كلا والله ما يخزيك الله أبدا، إنك لتصل الرحم، وتحمل الكل، وتكسب المعدوم، وتقري الضيف، وتعين على نوائب الحق) [1]

دەفەرموێ: نە بەخودا، خودا قەت سەرشۆڕت ناکات، تۆ کەسێکی بە ڕەحمی، سەردانی خزمانت دەکەی، یاری قورسی خەڵك دەخەیتە سەر شانت، یارمەتیی نەدار دەدەیت، میواندڕیی میوان دەکەیت، لە تەنگانە و کێشە و قات و قڕیدا یارمەتی خەڵك دەدەیت.!! ئیتر خودا چۆن کەسی وەك تۆ ڕوو زەرد و سەرشۆڕ دەکات! هەڵسە! خۆت دامەپۆشە، هەڵسە با بڕۆین بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەل، پێکەوە دەڕۆنە لای وەرەقە و، و باسەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەویش موژدەی پێدەدات و دەڵێت: مەترسە، ئەوە هەمان ئەو فریشتەی خودایە کە بۆ موسا پێغەمبەری (علیه السلام) ناردوە.

(1) صحيح البخاري - باب بدء الوحي/ بسم الله الرحمن الرحيم قال الشيخ حديث:3، صحيح مسلم - كتاب الإيمان، باب بدء الوحي إلى رسول الله ﷺ - حديث:257 .

خۆشەویستان: گەورەترین هۆکار -دوای یارمەتیدانی خودای گەورە- بۆ سەرکەوتنی دەعوە و بانگەشەی پێغەمبەری نازدارمان ﷺ هاوژینی باش بوە، خەدیجەی خێزانی و تێکڕا خێزانەکانی تری بوون، بۆیە بانگەشە و دەعوەکەی زوو بەرهەمی هێنا، لە ماوەیەکی کەمی بیست و سێ ساڵیدا، ئەم دینە موبارەکە چۆن بە جیهاندا بڵاوبوویەوە! بە پێچەوانەی پێغەمبەری خودا (لوط- علیه السلام) کە خێزانەکەی کێشەی بۆ دروست دەکرد، هەروەها پێغەمبەری خودا (نوح- علیه السلام) کە نۆ سەد و پەنجا ساڵ خەریکی بانگەشە کردن بووە بۆ ڕێگەی هەق، دەڵێن: تەنها دوانزە کەس باوەڕیان پێ هێناوە! (وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلاَّ قَلِيلٌ) (سورة هود:40)

یەکێك لە هۆکارە گەورەکانی ئەو جیاوازیيە هاوسەری خراپ بوە، هاوسەری ئەم دوو پێغەمبەرە باش نەبوون و، باوەڕیان نەهێناوە و، بە کافری مردوون.

پێغەمبەری نازدارمان ﷺ دەفەرمووێ: (إذا صلَّت المرأة خمسها، وصامت شهرها، وحصنت فرجها، وأطاعت بعلها دخلت من أي أبواب الجنة شاءت)[1] گەر ئافرەتی بڕوادار و موسوڵمان پێنج فەرزە نوێژی خۆی بکات و، مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت و، داوێنی بە پاکی ڕاگرێت و، گوێڕایەڵی میردەکەی بێت، هەر هەشت دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە، لە چ دەرگایەکیان ئارەزوو دەکات دەچێتە بەهەشتەوە.!

لە دیدی قورئاندا لە یەکچوون و هاوشێوەییەکی ئەرێنیی لە نێوان شەو و ئافرەتدا هەیە: یەکەم: خودای گەورە شەو و ئافرەتی بە بەڵگە و نیشانەی دەسەڵاتی خودا داناوە، سەبارەت بە شەو دەفەرمووێ: ﴿وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيۡلُ نَسۡلَخُ مِنۡهُ ٱلنَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظۡلِمُونَ ٣٧﴾سورة يس: ٣٧ وە سەبارەت بە ئافرەتیش دەفەرموێ ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَيۡهَا وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ٢١﴾ سورة الروم: ٢١.

دووەم: خودای گەورە شەو و ئافرەتی بە بەرگ و پۆشاك داناوە، بۆ شەو دەفەرمووێ: (وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا)(سورة النبأ:10) ئێمە شەومان بۆ ئێوە بە پۆشاك گێڕاوە، داتان دەپۆشێت، ڕاز و نهێنیتان دەپارێزێت، بە هەمانشێوە بۆ ئافرەتیش دەفەرمووێ: (هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ

(1) صحيح ابن حبان- كتاب الحج- باب الهدي- ذكر إيجاب الجنة للمرأة إذا أطاعت زوجها مع إقامة الفرائض لله- حديث:4224، و سنن الدارمي - كتاب الطهارة- باب المرأة تطهر عند الصلاة أو تحيض - حديث:913.

وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ) (سورة البقرة:187) هاژنەکانتان بۆ ئێوە بەرگ و پۆشاکن، ئێوەش بۆ ئەوان بەرگ و پۆشاکن.

سێیەم: شەو ئافرەت هەردووکیان ئارامیین، سەبارەت بە شەو دەفەرموێ: (وَجَعَلَ اللَّيْلَ سَكَنًا) (سورة الأنعام:96) یا دەفەرموێ: (هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِتَسْكُنُواْ فِيهِ) (سورة يونس:67) خودای گەورە شەوی کردوەتە ئارامی و بۆ ئارامی مرۆڤی دروستکردوە، ڕۆژ قەرەباڵغیە، سەرئێشەیە، هاتوهوریایە، دەنگە دەنگ و ژاوە ژاوە، بەڵام شەو ئارامی و سکوونەتە، سەبارەت بە ئافرەتیش دەفەرموێ: (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) (سورة الروم:21) یەکێك لە نیشانە و بەڵگەکانی خودا ئەوەیە لە خۆتان هاوسەرانی بۆ خوڵقاندوون، لە کەنار ئەواندا ئارام بگرن.

مەولانای ڕۆمی سەبارەت بە هاوسەرێی ژن ومێرد و تەبایی و لە یەکچوونیان، دوو نموونەی جوانمان بۆ دەهێنێتەوە، ئەگەر بە یەکەوە تەبا نەبن چۆن ژیان تێکدەچێت و، شیرازەی خێزان دەپچڕێت! دەڵێت: نموونەی ژن ومێرد وەك دوو تای باری وڵاخێکە، دەبێ هەردوو تا وەك یەك وابن، ناکرێ بارێکیان قورس بێت و بارێکیان سووك، هەر جیاوازییەك لە قوسپی و سووکیی ئەو دوو تادا ڕوو بدات، هەردوو تای بارەکە دەکەونە خوارەوە!

یان دەڵێت: وەك دوو تاکی پێڵاو وان، دەبێ لە گەورەیی و بچووکییدا وەك یەك وابن، ئەگەر یەکێکیان گەورە بێت یا بچووك بێت، هەردووکیان فرێ دەدەیت.

دەگێڕنەوە و دەڵێن: ژن و مێردێك لەگەڵیەکدا نەگونجاون، هەمیشە شەڕ و ئاژاوەیان بوە، مێردەکە دەمرێت، ژنەکەی دوای مردنی مێردەکەی دەڕۆیشتە سەر گۆڕی مێردەکەی و، دەگریا، سەیرە، تا لە ژیاندا بوو هەمیشە شەڕیان بوو، بەڵام کە مرد، لەسەر گۆڕەکەی شین و واوەیلا دەکات و، بۆی دەگریی!، بۆ کردنەوەی ئەم گرێ کوێرە پرسیاریان لە ژنەکە کرد و، ئەویش گوتی: بۆیە بۆی دەگریم، چونکە بیستوومە مردوو بە گریانی زیندوو سزا دەدرێت، منیش لەسەر گۆڕەکەی شیوەنبۆ دەکەم و، بۆی دەگریم، تا لە گۆڕیشدا پشوو نەدات و، هەمیشە سزا بدرێت!

موفتی پێنجوێنی لە دوو کۆپلە شیعردا دوو جۆر ژنمان بۆ باس دەکات، ژنی باش وژنی خراپ:

یەکەم: ژنی باش:

ئەگەر خودا بیدا بە چاکیی دەوڵەتی شاهانە ژن
نیعمەتێکە وەك بەهەشت و هاودەمی پیاوانە ژن
بۆ دڵێکی بێ خەم و شەخسێکی بێ دەرد و ئەلەم
گەوهەرێکی شەوچراغی ژوور و بەرهەیوانە ژن
گەر کەموکوڕیت لە مااڵیشا هەبێ باکت نەبێ
بۆ کەموکوڕی تەرازووی کۆمەڵی خێزانە ژن
ژن لە لای پیاوی نەزان و، سەرسەریی نرخی نیە
بۆ ژیانی کۆمەڵێ، باشتر لە میر و خانە ژن
بۆ سوپاسی باسی چاکیی، چی بەیان کەم هەر کەمە
جووت و ئاش و نان و بەرگ و باخچە و بێستانە ژن
باعیسی ئارامی قەلب و، مەرهەمی دەرد و بڕین
بۆ هەموو دەردێ دەوا بەخشێکە وەك لوقمانە ژن
دەوڵەتێکی پڕ لە شەوق و زەوقە دایم بۆ بەشەر
نیعمەتێکی خۆشەویستیی و، بێ سەر و سامانە ژن
کەی چۆڵ و گوڵزاری باخاتی ئیرەم وەك ئەو ئتەبێ
باخی ساحێب زینەت و پڕ لە لوئلوئی مەرجانە ژن
بۆ کەسێ نووری سولەیمانی لە قەلبا بێ یەقین
پایە مەحکەم کردنی هەم دین و هەم ئیمانە ژن
زۆرتری عەیشی بەهەشتی (حۆری العینی) کچن
لەززەت و خۆشیی بەیاناتی لە ناو قورئانە ژن
بێت و گەر موڵکی کەماڵ و گەنجی حوسنی یەك کەوێ
گەر دووسەد گەنجی لەسەر دانێ ئەڵێم هەرزانە ژن
بەڵام بە پێچەوانەی ئەوانەشەوە هەر موفتی پێنجوێنی دەڵێت:
گەر خودا نەیدا بە چاکیی، دوژمنی ئینسانە ژن

مار و دووپشك و پڵنگی شاخی هەورامـــــانە ژن
گەر گڵۆپی دووسەدیش هەڵکەی لەماڵ و مەتبەقـا
دووکەڵی حەوش و حەسار و ژوور و بەر هەیوانە ژن
تۆ دە پەیداکەی لە ڕۆژا ئەو بە سی داناکـــــەوێ
هەر خەریکی قاوچ و قووچ بردن و تاڵانـــــــە ژن
گەر نەخۆشینت نەبێ سیل داری و دڵ پڕ لە خـەم
چۆتە ناو جەرگت بە دایم ئێش و دەرد و ژانـــە ژن
گەر لەگەڵ ئەودا بەهەشتت پێ بدەن لێی ڕا ئەکەی
تاوەکو مردن عەزیزم، دەردی بێ دەرمانـــــــە ژن
گەرچی شێوەی شۆخ و شەنگ و دوور کوژ و پڕ عیشوە بێ
تۆ لەبەر چاو و دڵت شێوەی وەکو شەیتـــــــانە ژن
بۆ خراپی ئەو قەڵەم ئەشکێ و زمانیش کۆڵ ئـــــەبێ
قابیزیش ڕازی نەبێ هەر ئیشی گیـــــان کێشانە ژن[1]
هەر بڕی موفتی کەوا دایم لە ڕێی ڕاستیی ئـــــەڕۆی
هەر بڵێ تا مردنت دەرد و بـــەڵای ئینســـــــانە ژن.

ئافرەتە خوداناس و خوداپەرستەکانی کۆن بەر لەوەی مێردەکانیان بۆ کەسابەت و نان و ڕۆزیی پەیداکردن بچنە دەرەوە، بە مێردەکانیان دەگوت: لە سەر برسییەتیی و هەژاریی ئارام دەگرین، بەڵام لە ئاگری دۆزەخ ئارام ناگرین، سوێندتان دەدەین بە خودا پارەی حەرام و قووتی حەراممان بۆ مەهێنەوە، بەڵام ئێستا چۆن پیاو خراپ بوە، ژنیش خراپ بوە، ئەگەر پیاو حەرامخۆریش بێت چەند بەختەوەرە کە ئافرەتێکی خۆپارێزی لە خودا ترسی هەبێت، هەمیشە لە حەرام بیترسێنێت و، خودای بە بیر بێنێتەوە.!

لێرەدا دەسخۆشی لە هەردوو قوتابی چالاک و بەڕێز: زكية فقي محمد و عبد الوهاب رمضان عبد الوهاب دەکەم کە بە دڵسۆزییەوە هەستان بە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە جوان

(1) مەبەستی گیانکێشانی مەجازییە، چونکە گیناکێشانی حەقیقی بە فەرمانی خودا و جێبەجێکردنی قابیزە (ملک الموت)

و ڕێکە وەک هەنگاوێک بۆ پڕۆژەی گەورەتر لە پێناو سەقامگیریی خێزانیی و گێڕانەوەی شکۆی خێزان بۆ ئەو خێزانانەی شکۆیان لە دەست داوە، خوای گەورە دەست بە باڵیانەوە بگرێت و یاربدەربان بێت بۆ هەنگاوی چاکتر و کاراتر.

سبحان ربك رب العزة عما يصفون، وسلام على المرسلين، وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

پ.د.عوسمان محەممەد غەریب

هەولێر-زانکۆی سەڵاحەدین

4-3-2020

پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

خێزان بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی لە پەروەردە کردنی تاك و کۆمەڵگادا هەیە. بۆ دروستکردنی تاکێکی کاریگەر خێزان وەك فاکتەری سەرەکی دێتە پێشەوە، بە یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی بەهرەداربوون و پێگەیاندنی تاك دادەنرێت، بەهەمان شێوە بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروستیش بوونی خێزانی سەرکەوتوو بە مەرج و پێوانە گیراوە.

بێگومان خێزان ڕەهەند و پێومر و شکۆی خۆی هەیە، بوون و مانەوەی ژیانی ئادەمیزادی پێوە بەندە، هەر ئەمەشە وای کردووە، کە لە ڕوانگەی جیاجیاوە گرنگی پێ بدرێت و پێومر و ڕەهەندەکانی لە ڕووی ئایینی و یاسایی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە خراوەتەڕوو. بە مەبەستی دروستکردن و بنیاتنانی خێزانێکی سەرکەوتوو بەجۆرێك، کە لە ئاست و چوارچێوەی شایانی خۆیدا بێت. بتوانێت بە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی خۆی هەستێت لە پێگەیاندنی تاك و پەرەپێدانی شارستانییەتی مرۆڤ و دروستکردنی کیانێکی ئارام و سەقامگیر بۆ کۆی مرۆڤایەتی لە بازنەی کۆمەڵگای جیاواز لە یەکتردا.

لەبەر ئەوە بوونی خێزان و دروستکردنی خێزان پڕۆسەیەکی پیرۆزە لە هەمانکاتدا ئاڵۆزو هەستیارێشە، پێویستی بە ئامادەکارییکی عەقڵی و دەروونی و ئاینی و کۆمەڵاتی و ڕۆشنبیری گشتی هەیە، هەر تاکێك پێویستە شارەزایی و هۆشیاریەکی تەواو گونجاوی هەبێت لەسەر ئەو پرۆسەیە، بۆ ئەوەی پرۆسەی خێزان لەسەر بناغەیەکی بەهێز بینا بکرێت و خێزانێکی بەختەوەر پێشکە بە کۆمەڵگا بکرێت، چونکە خۆشبەختی خێزان یەکێکە لە نعمەت و شتە هەر جوانەکانی ژیان، بەختەوەری خێزان وەك کارگەیەك توانای بەرهەمهێنانی تاکی داهێنەر و تاکی بەهرەداری هەیە.

بەم شێوەیە لە ژێر ڕۆشنایی فەرموودەی پێغەمبەری نازدار (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە دەفەرموویت: ((ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە، بۆ کەسانی تریشت پێت خۆش بیت.)) و لە لایەکی تر بەگەورە زانینی نیعمەتی بەختەوەری خێزان،

هەست و بیرکردنەوەکانم هانیاندام، کە کار لەسەر بەرنامەیەک بکەم لە پێناو نیعمەتی خۆشبەختی خێزان، کە ئەویش بریتییە لە گەڕاندنەوەی شکۆی خێزان. لێرەدا بە شێوەیەکی زانستی و شێوازێکی بەرنامە بۆ دارێژراو کارێک ئەنجام دراوە و هەوڵێک بەرجەستەکراوە، بۆ ئەم مەبەستە تاوەکو زۆرینەی کۆمەڵگا و تاکەکانی سوودمەندبن لێی.

ناو نیشانی پرۆژەکە:

ئەم پرۆژەیە بە ناونیشانی (پاراستنی شکۆی خێزان)ە، کە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە ڕەهەندەکانی خێزان و بەهای خێزان و ئاریشە و ڕەهەندەکانی پەیوەست بەو پرۆسەیە، کە چەندین تەوەرە لەو ڕووەوە خراوەنەڕوو.

سنوری پرۆژەکە:

ئەم پرۆژەیە وەک لێکۆڵینەوەیەک لە چوارچێوە بابەتی (خێزان) دەسوڕیتەوە، کە بەسەر چەند تەوەردیەک دابەشکراوە، هەر تەوەردیەک لە لایەن پسپۆڕێکی دیاریکراو نووسراوە، لە بورای جیاجیادا، کە بە پێی ئەزموون و شارەزایی پسپۆڕەتییەکانیانەوە خوێندنەوەی ئایینی و دەروونی و کۆمەڵناسی و ڕۆشنبیری گشتی، بۆ بابەتی خێزان و ڕەهەندەکانی پەیوەست بەو بابەتە کراوە.

ڕێبازی پەیڕەو کراو لەم پرۆژەیەدا:

ئەم پرۆژەیە پشتی بە چاوپێکەوتن و کۆکردنەوەی بۆچوونی ئەکادیمیست و شارەزایانی جیاجیا بەستووە، کە بۆچوونەکانیان لە چەند تەوەردیەک خستووتەڕوو، کە لەم نووسین و تەوەرانەدا ڕێبازی جیاواز پەیڕەو کراو، کە خۆی لە ئەزموونی و وەسفی شیکاری دەبینێتەوە.

گرنگی ئەم پڕۆژەیە:

لە چوارچێوەی هەستکردنمان بە زیاد بوونی گرفت و کێشە خێزانییەکان لە کۆمەڵگەدا، لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی ژیانی ماددی و پاشەکشە کردنی ژیانی مەعنەوی، گرنگی ئەم پڕۆژەیە دەردەکەوێت، ئەم پڕۆژەیە گرنگی خۆی هەیە بۆ دامەزراندنی خێزانێکی بەهێز و پتەوکردنی خۆشەویستی نێوان تاکەکانی یەک خێزان و خۆشەویستی نێوان خێزانەکان و خۆشەویستی خێزان بەرامبەر کۆمەڵگا. لە لایەکی تر گرنگی ئەم پڕۆژەیە لە ڕێگەی بەخشینی زانیاری و هۆشیاری پێویستە بۆ ئەم پڕۆسەیە، چونکە بەشێک لە ئاریشە و کێشە خێزانیەکان بۆ نەبوونی هۆشیاری و شارەزایی پێویست دەگەڕێتەوە لەسەر ئەو پڕۆسەیە. لەبەر ئەوە ئەم پڕژەیە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگادا سوودی خۆی هەیە:

یەکەم لەسەر ئاستی تاکدا:.

- بۆ فێربوونی بەرپرسیاریەتی هەر تاک بۆ خۆیی و دەوروبەرەکەی.
- بۆ گرنگیدانی زیاتر بە خۆشەویستی نێوانیان و هەست کردن بە بوونی گرنگی یەکتر.
- بۆ دووبارە بوونەوەی باشترینەکان و پێشکەشکردنی نموونە بەرزەکان بە بەردەوامی.
- بۆ ڕێزگرتنی هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازیەکانی و پێکەوە ژیان بەرە و ئامانجی چاک.
- بۆ گۆڕینەوەی شوێنی وتەی نەشیاو و پڕکردنەوەی بە وتە ی جوانتر.

دووەم لەسەر ئاستی کۆمەڵگا:.

- بێگومان کاتێک تاکێکی شارەزا و هۆشیار و خێزانێکی بەختەوەرمان بەرهەمهێنا، ئەوا کۆمەڵگایەکی تەندروست و سەرکەوتووش دروست دەبێت، چونکە تاک و خێزان ڕەهەندە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگان.

- بێگومان کاتێك هەر کۆمەڵگایەکیش ئاشتی خوازو و دوور لە کێشە بێت، ئەوا بە دڵنیایەوە کاری وڵات بەرەو ئاراستەیەکی بەرز هەڵدەکشێت و پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت.

ئامانجی ئەم پڕۆژەیە:

ئامانجی ئەم پڕۆژەیە بریتیە لە کۆکردنەوەی چەند ئەزموون و توێژینەوەیەکی زانستی لە چوارچێوەی بابەتەکانی پەیوەندار بە هۆشیاری خێزان و بەها و شکۆی خێزانەوە، پاشان پێشکەشکردنی وەك بەرهەمێکی نووسراوو، کە لە پەرتوکێکدا دێتە چاپکردن. بە ئامانجی ئەوەی بەختەوەری و سەرکەوتووی بە خێزانی کورد ببەخشین. لەو ڕێگایانەوە ئامانجی پڕۆژەکە جێبەجێبکەین:.

دوای تەواوکردنی نوسین و بە چاپکردنی بە چاکترین دەرەنجام لە کۆلیژەکاندا سیمیناری پێویست لەسەر بەها و گرنگی خێزان بکرێت.

- داوا بکرێت لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین بۆ ئەوەی بۆ ناو پڕۆگرامی خوێندن شۆڕبکرێتەوە بە تایبەتی لە وانەی گفتوگۆی زانستی لە قۆناغی یەکەمی خوێندن.
- داوا لە وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان بکرێت بۆ ئەوەی وتارەکانی هەینی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەم بابە چەند مانگە زۆر بە گرنگ دلە چوارچێوەی ئەم بابەتە بسوڕێنەوە.
- داوا لە وەزارەتی ڕۆشەنبیری بکرێت، بۆ ئەوەی ڕێکلام و ئەنیمەیشنی پێویست دروست بکرێت و گرنگی بە فلیم و دۆبلاژی فلیمی خێزانی بەسوود بدرێت و هانی کەناڵەکان بردێت بۆ ئەم مەبەستە.
- داوا لە وەزارەتی شارەوانی بکرێت بۆ هەڵواسینی ڕێکلام لە دەرەوە و ناوەوەی شار و لە دەروازەو شوێنە گشتیەکان.
- داوا لە هونەرمەند و کۆلێژی هونەرە جوانەکان بکرێت بەشێك لە کارەکانی خۆیان بۆ بەهاو شکۆی خێزان تەرخان بکەن.

ناوەرۆکی پرۆژەکە:

ئەم پرۆژەیە لە چەند تەوەرەیەک پێک دێت، کە هەر تەوەرەیەک لە لایەن مامۆستایەکەوە نووسراوەتەوە، ئەو تەوەرانە لە چوارچێوەی بەهای خێزان و گرنگی و ڕەهەند و کێشەکانی خێزاندان، بەم شێوەیەی خوارەوە:.

- ئاسایشی خێزان.
- ناکۆکی نێوان منداڵانی یەک خێزان هۆکار وچارەسەر.
- جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی و کاریگەریان لەسەر پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگە بە گشتی.
- کاریگەری دەستوەردانی نزیکان لە دروستبوونی کێشە خێزانیەکان
- هۆشیاری گەنجان بەر لە پرۆسەی هاوسەرگیری.
- ڕێگاکانی پێشگرتن لە دەرکەوتنی هۆکارە یاساییەکانی جیابوونەوە
- سروشتی هاوسەرگیری.
- دیاردەی چاولێکەری و کاریگەریەکانی لەسەر ئاسودەی خێزان (هۆکار و چارەسەر).
- چۆن پەیوەندی خیزان ڕێکبخەینەوە.
- کاریگەری میدیای نوێ لە سەر شیرازەی خێزان.
- ڕەهەندە ئابووریەکانی توند و تیژی ئابووری دژ بە خانمان
- جۆرەکانی کەسایەتی وکاریگەریان لەسەر ڕێکخستنەوی خێزان

بەم شێوەیە ئەم پرۆژەیە، تایبەتە بە بابەتەکانی پەیوەست بە خێزان و ڕەهەندەکانی پەیوەست بەو پرۆسەیە و لە پێناو ئەو ئامانجە بیرو بۆچوون و ئەزموونە جۆراوجۆرەکان گەڵاڵە کراون و لە کتێبێکی لەم شێوەیەدا بەرجەستە کراون.

خێزان

خێزان هەروا وشەیەکی ساده نییه، بەڵکو چەمکێکه کۆمەڵێك مانا و دەلالەتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و دەروونی و ڕەهەندی تری لەخۆگرتووه، دەتوانین بڵێین لە ڕووی مێژووییەوە خێزان و پرۆسەی خێزان لە قۆناغی سەرەتایی ژیانی ئادەمیزاد دەست پێ دەکات دوای هەنگاوی خەلقی ئادەم و حەوا ئەو پرۆسەیە دێتە پێشەوە، لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیە ئەو ژمارەیە و مرۆڤایەتی و شارستانییەتی ئەمڕۆ هاتووەتە بەرهەم.

خێزان بریتییە لە ژینگەیەکی ئاوێتەی دروستکراو، کە ئاوێتەبوونێکی دەروونی و بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و عەقڵی نێوان دووکەس یان زیاتر دەگرێتەوە، هەنگاوی یەکەمە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگاو شارستانییەت و جیهانی پێکەوبوونی مرۆڤەکان، هەر زوو خوای گەورە گرنگی و بایەخی ئەم پرۆسەیەی بۆ مرۆڤ خستووەتەڕوو، ویستوویەتی ئادەمیزاد لە پرۆسەیەکی پاك و بێگەرد ئەم پرۆسەیە جێبەجێ بکەن و چەندین ئەرك و ڕەهەندی گرنگی ژیانی دنیا و ئاخیرەتی بە بوونی ئەم پرۆسەیە بەستووەتەوە.

بۆیە بوونی خێزان بە شێوەیەکی گشتی لا مرۆڤەکان و بە تایبەتی لەلای زانا و فەیلەسوفەکان هەر زوو بووەتە جێگەی تێڕامان و لێکۆڵینەوە و قسە لەسەر کردن، لە هەموو ئاینە جیاجیاکداندا بایەخ و بەهای خۆی هەیە و بوونی ژیان و مانەوەی شارستانییەت و وەچەنانەوەی پێوە پەیوەستە، ئێستا خێزان و پرۆسەی خێزانداری بووە بە بابەتێکی فرە ڕەهەند، بەجۆرێکە، کە ڕەهەندی ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە و ڕەهەندی یاسایی و فەلسەفی هەیە، لە هەر یەکە لەو بوارانەش خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لەسەر پێشکەش کراوە، زانا و توێژەران لە بوار و تێڕوانینی جیاواز بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە چوون و هەر یەکەیان لە بواری پسپۆری و پیشەیی خۆیەوە پێناسەی خێزان و پێوانە و مەرج و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە خێزانیان خستووەتەڕوو، لەو چوارچێوەیەوە چەندین تەوەری پەیوەست بە خیزانیان خستووەتە ژێر تێڕامانی خۆیان باسییان لە (بەختەوەری خێزان، شکۆی خێزان، جۆرەکانی خێزان، کێشەو گرفتەکانی خێزان، چارەسەری کێشە خێزانییەکان، .....تاد) کردووە،

زۆر نموونە و ئەزموون و بابەتی تری پەیوەست بە پرۆسەی خێزان و گرنگی خێزان لە ناو کۆمەڵگادا بوون بە چەقی باسکردن، هەموو ئەو توێژینەوە و باسکردن و سەرچاوە جیاجیانە، لە پێناو بەختەوەری و خێزان و پاراستنی بەهاو شکۆی خێزانە، چونکە بۆچوون و ئەنجامێکی کۆدەنگی لەسەر ئەوە هەیە، کە خێزان حەلقەی بەیەکەوە بەستانی تاکە بە کۆمەڵگاوە، سەرکەوتنی خێزان و ئاسوودەیی خێزان لەسەر دەروونی تاکو ئاسوودەیی تاک ڕەنگ دەداتەوە، بەمە خێزان تاکێکی تەندروست و بەرهەمهێنەر پێشکەشی کۆمەڵگا دەکات، کە کۆمەڵگایەکی پێشکەووتووی لەسەر بینا دەکرێت، بۆیە گەشەی کۆمەڵگا بە سروشتی بوونی خێزان بەستراوەتەوە، چونکە (تاک، خێزان، کۆمەڵگا) سێ ڕەهەندی پەیوەست بە یەکەوەن و هەر یەکەیان ئەویتر تەواو دەکات نەمانی هەر یەکەیان نەمانی ئەوانی تر لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر وەک تاک پێکهێنەری خێزانە، خێزانیش بەرهەمهێنەری تاکە، دواجار بوونی ئەو تاک و خێزانانە لە ڕووی چەندییەتی و چۆنییەتییەوە کۆمەڵگا پێک دەهێنێت.

خوای گەورە خێزان و ئەو پرۆسەیەی وەک بەخششێك بە مرۆڤایەتی بەخشیووە و شکۆی خێزان بابەتێکی گرنگ و جەوهەرییە لە ئایینداا، ئەم ڕاستییەش لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)، بە ئاشکرا هەست پێ دەکرێت، بوونی ئەو هەمووە کۆمەڵگایە جیاواز و نەتەوە جیاجیایانە گوزارشت لە بوونی خێزانی جیاجیا دەکەن، کە هەر کۆمەڵگایەك بەپێی سروشتی تایبەتمەندییە ئایینی و کۆمەڵایەتی و مێژووی خێزانەکان بینا کراوە، سروشتی جیاجیا و زمان و دابو نەریت و ڕەنگ و خووی جیاواز لە کۆمەڵگاکاندا بەدی دەکرێت، کە دواجار هەمووی لەیەك خێزانەوە سەرچاوەی گرتووە بۆ ئەو هەمووە کۆمەڵگایە جیاوازە، کە بێگومان ئەوەش لای خوای گەورە بێ ئامانج و حیکمەت نییە.

لە ئایینی ئیسلامدا خێزان پیرۆزییەکی گەورەی هەیە و زۆر جەخت لە پاراستنی شکۆی خێزان و کۆمەڵگایەکی جوان دەکرێتەوە، کۆمەڵگایەك، کە بەهۆی خێزانەکانەوە دروستکرابێت، بێگومان ئەو خێزانانەش پێومر و پێوانەی خۆیان

هەیە بۆ دروستبوون و سەرکەوتن و بەختەوەر بوون. خوای گەورە چوارچێوەیەکی یاسایی و شەرعی بۆ مرۆڤەکان دیاریکردووە و لە سنورێکی جەوهەریدا بواری دروستکردنی خێزان و پرۆسەی هاوسەرگیری بە ئادەمیزاد بەخشیووە.

سەبارەت بە کۆمەڵگایەی کوردیش یاخود بڵێن پرۆسەی خێزان لە ناو میللەتی کورد، ئەوا لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد بەشێوەیەکی گشتی موسوڵمانە، ئەوا پێوەر و پێوانە و مەرجی خێزان و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە بەختەوەری و بەسەرکەوتنی خێزان لە ئایینی ئیسلام و شەریعەتی ئیسلام وەرگیراون و بوون بە یاسا و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، بێگومان خێزانێکیش لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئایینە بیناکرابێت و لەو مەرج و پێوەر و سنوورە شەریعەیانەش دەر نەچێت، ئەوا شکۆی خۆی دەپارێزێت و سەرکەوتن بە دەست دێنێت و دەبێتە نموونەیەکی جوان و باڵا بۆ کۆمەڵگایەکەی خۆی. خێزانی کورد لەو ڕووەوە لە چوارچێوەی ئەو پێوەر و مەرجە شەرعیانەدایە بۆیە لە ڕووی بەها مەعنەوی و ڕوحییەکان شکۆداری خێزانەکان هەست پێ دەکەین، کە بەسەر کۆمەڵگایەکەش ڕەنگی داوەتەوە، بێگومان پێشکەوتنی دنیای مادی و ئاڵۆزی ژیانی ژیاری لەو بەهایە ڕووحییانەی کەمکردووەتەوە لە دنیادا، بەهۆی بوونی تەکنەلۆژیای سەردەم و لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنەدا بۆشاییەکی ڕوحی لە دڵی تاکەکان و لایەنی مەعنەوی خێزان و کۆمەڵگا دروستبووە، بەختەوەری و ئاسودەی خێزان لە مەترسی دایە و شکۆی خێزانەکان لە لێواری ڕوخاندایە. ئەم بەرهەمە کارێکی جدی بۆ ئەوە دەکات، کە نەهێڵێت ئەو شکۆیە بڕوخێت، کار بۆ ئەوە دەکات بۆشایی ڕووحی خێزانەکان پڕ بکرێتەوە، چونکە لەو ڕێگەیەوە ئاسودەیی و شکۆ بۆ تاک و خێزان و کۆمەڵگا دەگێردرێتەوە، ئەم پرۆژەیە هەروەک لە پێشەکییەکەدا هاتووە، کە لەسەر بابەتی خێزان و شکۆی خێزان و ڕەهەندکانی پەیوەست بەو بابەتەوەیە، خۆی لە چەند تەوەرەیەک دەبینێتەوە، کە هەر تەوەرەیەکە ئاماژە بە لایەنێکی دیاریکراو دەکات لە پرۆسەی خێزاندا، ئەو تەوەرانە لە لایەن چەند کەسێکی پسپۆر و شارەزا لە بوارە جیاجیاکان نووسراون، کۆمەڵێك ئەزموون و شارەزایی و

تێڕامانی لە خۆگرتووە، بە مەبەستی ئەوەی بتوانین پەرە بە شارەزایی و هۆشیاری خێزان بدەین و تاکێکی بەرپرس و هۆشیار بەرامبەر بەخێزان دروست بکەین و خێزانێکی بەختەوەر و سەرکەوتوو بۆ کۆمەڵگا بینا بکەین و کۆمەڵگایەکی باش و تەندروستیش دروست بکەین. لەو ڕێگەیەش دەتوانین شکۆی تاك و خێزان و کۆمەڵگا بپارێزین.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم، کە سوپاسی دایك و باوکی خۆشەویستم بکەم لە سەر پاڵپشتیان بۆ پرۆژەکە و بۆ من خوای گەورە پاداشتی خیریان بداتەوە وتەمەنیان پڕ نور وبەرەکەت بکات إن شاء الله. .

هەروها خۆم بە بەختەوەر دەزانم، کە بتوانم سوپاسی هەموو توێژەرە بە ئەزموون و پایەدارەکانم بکەم، کە پرۆژەکەیان بە توێژینەوەکانیان دەوڵەمەند کردووە، و بە بیرۆکە و ڕەخنەکانیان شکۆی خێزانیان گەیاندە لووتکە، کە بوون بە بەشێکی گرنگ و ئومێدی پرۆژەکە.

کە ئەم مامۆستایە بەڕێزانەی خوارەوەن:

1. پ. ی. د. ادریس قادر حمدأمین.
2. پ. د. عثمان هەڵەبجەیی.
3. پ. د. حسن خالد مصطفی موفتي
4. پ. ی. د. کمال صادق یاسین.
5. پ. ی. د. ابراهیم سەنگەسەری.
6. پ. ی .د. جمیل علی سورچی.
7. پ. ی. د. شێرزاد عزیز سلێمان.
8. پ. ی. د. أردوان مصطفی اسماعیل.
9. د.لقمان بەهائەدین.
10. د. جعفر گوانی.
11. د.احمد محمود سەیدۆك.
12. م. هۆشمەند رفیق حلمی.

سوپاس وستایشی خۆم پێشکەش دەکەمە بەڕێزان: د.محمد شاکر، د. یاسین محمود، د.ادروان مزوری، د. ڕێبوار، و مامم أحمد چۆمانی، برام کاك زەکەریا، د.میران، د.هاوژین، سنوور فقێ، کاك عبدالوهاب رمضان، هەموو هاوپۆلانم لە بەشی خوێندنی ئیسلامی. خوای گەورە پاداشتی بەخێرتان بداتەوە.

هەروەها سوپاسی تایبەتیم هەیە بۆ بەڕێز (م. ئومێد عبدالقادر بحرکی)، کە لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی، لە یەکەم گەشتی شکۆی خێزان ماندو و نەناسانە هەوڵ و کۆششیان کردووە، مەبەستمە ئەوە بڵێم، کە ئەو پڕۆژەیە بێ بوونی ئێوە هەرگیز بەو ئاست و سەرکەوتنەی ئێستا نەدەگەیشت.

خوای گەورە لە هەموو نەخۆشیەك بمان پارێزیت إن شاء الله

زکیە فقی

2020/3/8

ئاسایشی خێزان

پ. ی. د. إدریس قادر حمدامین
ڕاگری کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان-
زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر

idrees.hamadameen@su.edu.krd

ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە: **(12)**

کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردن: **(15) خولەك**

کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە: **(10) خولەك**

وتە

هیچ کاتێك مرۆڤ ناتوانێت
دەستبەرداری خێزانی بێت

ئاسایشی خێزان

ئاسایش و ئارامی مەبەست و داخوازی باڵای خودایین و پێویستییە هەرە گەورەکانی ژیانن بۆ مرۆڤ لە هەموو کات و ساتێکدا، ئەگەر بەوردی لەمەبەستە(مقاصد) باڵاکانی شەریعەت وردببینەوە بە ڕونی ئەم ڕاستیە گەورەیە بەدی دەکرێت و دەبینرێت، بە ڕاددەیەك سەرنج وگرنگی خراوەتە سەر تا ئەو ئاستەی کراوەتە بەرپرسیاریەتی تاك بە تاك و خێزان بە خێزانی سەر ڕووی زەوی، هەروەها پانتاییەکی فراوان و ڕووبەرێکی فراوانی شەریعەتی داپۆشیووە، بەو پێیەی دەق گەلێکی ئایینی بەردەستن کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەبارەیەوە دەدوێن، بەهەردوو شێوەی فرمان و داخوازی، یاخود یاساغ وقەدەغەکردن، هەندێ جاریش لە ڕێگەی ئامۆژگاری وڕێنوێنی.

ئەگەر لە دید و ڕوانگەی مەبەستگەراییەوە بچینە ناو بابەتی ئاسایش و ئاشتی بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هەوڵدان لە پێناو دەستەبەر کردن و بەدیهێنانی ئاسایش و ئاشتی پەرستشێکی گەورەیە بەو پێیەی ئەرکی سەرشانی تاك و خێزان و کومەڵگەی موسلمانە، لە لایەکی تریشەوە ئەم چەمکە پیرۆزە بەها (قیم) یەکی بەرزو پیرۆز وباڵای مرۆییە کە پێویستیێکی سەر زەوییە دەکرێت، لە سەر دوو ئاستی جیاوازدا پەیڕەو بکرێت وهەوڵی بەرجەستەکردنی بدرێت:

یەکەمیان: بە شێوەیەکی گشتی و لە هەموو بوارو و بارودۆخێکدا وەک هەوێن سەیری بەهای ئارامی و ئاسایش بەگشتی و ئاسایشی خێزان بەتایبەتی بکرێت و تێکەڵ بە دۆخی گشتی ژیان بکرێت، وەک یاسایەکی گشتی و بالادەست و سەروەر بەسەر هەموو بارودۆخێکدا سەروەربکرێت ـ القیم الحاکمە

ئاستی دووەم: پاراستنی ئاسایش لە سەر ئاست وبواره جیاوازەکانی ژیان وهەڵسوکەوتە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکان وەک پاراستنی ئاسایشی تاک و خێزان و کۆمەڵگا...هتد.

شیاوی ئاماژە پێدانە کە هەردوو ئاستەکە ڕۆڵی تەواوکارییان هەیە وبە لێک جیاکردنەوەیان پرۆسەی ئاسایش و سەلامەتی مروڤ دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی لێکترازان، لە نێو ئەم بازنە و کایە جیاوازانەشدا ئاسایشی خێزان وەک چەقی بابەتی ئاسایشی مرۆیی دەخوێندرێتەوە و هەژمار

دەکرێت. بەو پێیەی خێزان سێنتەرە و ناوەندی پێگەیاندنی تاکی هۆشیار و تەندروست و پێگەیشتوە، لە لایەکی تریشەوە خێزان یەکەمین بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە بەو پێیەی خێزان بە بچوکترین یەکە و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هەژماردەکرێت، بۆیە گرنگی دان بەم یەکە مرۆییە (خێزان) لە یەک کاتدا گرنکی دانە بەتاک و هەمیش گرنگی دانە بە کۆمەڵگە، بە شێوەیەک دابینکردن و دەستەبەرکردنی ئاسایشی خێزان، ئاسایش و ئارامی ئەوانی تریش بەرجەستە دەکات.

ئەم لۆژیکەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا و ادەکات خێزان بە چەقی کۆمەڵگە هەژمار بکرێت. لێرەدا و لەم سۆنگەیەوە دەمانەوێت سەرنج بخەینە

سەر بابەتی ئاسایشی خێزان وەك یەكەمین هەنگاو بۆ پاراستنی شكۆی خێزان كەوا دەخوازێت لە ئێستادا و لەبەر ئەو گەف و مەترسیانەی كە لەم ڕۆژگارەدا و لە سایەی سیستەمی تازەی جیهان و كاریگەریەكانی تەكنولوژیا و دونیای مودێرنەوە هەرەشە لە كۆمەڵگە بەگشتی و تاك و خێزان بە تایبەتی دەكەن نەوەی ئێستا و داهاتوومان پێویستی بە هۆشیاركردنەوەی زیاترە لە هەمبەر ئەم مەترسیانە، هەر پەیوەست بەئاسایشی خێزانەوە گرنگە لێرەدا تیشكێك بخەینە سەر ئەم چەمكە بۆیە، سەرەتا ئاماژە بە پێناسەی چەمكی - ئاسایشی خێزان - دەدەین، دواتر باس لە ناوەرۆكەكەی دەكەین.

مەبەست لە ئاسایشی خێزان: بریتییە لە دەستەبەركردنی دۆخێك تێیدا ئاسایش و ئارامیەكی گشتگیر سەرجەم بوارەكانی ناو دامەزراوەی خێزان بگرێتەوە وەك بوارەكانی: (خێزانی، ئابووری، دەروونی، كومەڵایەتی) تا ئەو ئاستەی تەواوی خێزان بەتەواوی لە مەترسیەكانی لێكترازان و شڵەژانی خێزانی پارێزراوبن، وەك ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا بە ئۆقرە و ئارامی (سكینەت) ناونراوە لە ئایەتی ﴿لِتَسْكُنُوٓاْ إِلَيْهَا﴾ الروم: ٢١، كە ئەمەش كرۆكی فەلسەفەی خێزانە لە دیدی قورئانی پیرۆزدا، دواتریش بە هۆی ئەم خێزاندارییەوە سۆز و ئەوین و خۆشەویستی دروست دەبێت.

لە پێناو بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیە و گەشە و نەشونما کردنی و بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستە بالاکانی شەریعەت، پێویستە ستراتیژێکی قوڵ و بەهێز دابڕێژرێت و پیادە بکرێت، لە هەردوو ڕووی تیۆری و پڕاکتیکی.

ئەمەش دەبێتە دەروازەیەکی سەرەکی بۆ تێشك خستنە سەر خێزان لە دیدی شەریعەتەوە بۆ تگەیشتن لە گرنگی ئاسایشی خێزان، هەروەها بەدەمەوە هاتنی شەریعەتی ئیسلام بۆ ئەم پرسە لە ڕێگەی دانانی یاسا و ڕێسایی ناوازە.

لە ڕاستیدا ئیسلام لە چەند گۆشەیەکی جیاوازەوە سەیری پرۆسەی خێزانداری دەکات، کە دەکرێت گرنگترینیان لەخوارەوە بخەینەڕوو:

یەکەم: دیدی مەبەستگەرایی:- خێزان پرۆسەیێکی ئامانجدارە، مەبەستی سەرەکی تێیدا خستنەوە و پاراستن و درێژەدانە بە وەچەی ئادەمیزاد، ئەمەش یەکێکە لە پێنج پێویستیە گەورەکانی شەریعەتی ئیسلام کە بریتین لە: (پاراستنی ئایین، پاراستنی ژیری (عقل)، پاراستنی ماڵ و سامان، پاراستنی وەچەو نەژاد، پاراستنی شەرەف و ناموس) جگە لە خێزان هیچ پرۆسەیەکی تری کۆمەڵایەتی ناتوانێت ئەم ئامانجە گەورەیە بپێکێت.

بۆیە دەکرێت بوترێت، لە هەر کۆمەڵگایەك خێزان لەسەر ئەم بنەمایە و بەم دیدیگایەوە سەیرنەکرێت بە دڵنیاییەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون، باشترین نموونەی زیندوو کە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت، بریتییە لە دۆخی خێزان لە ڕۆژئاوادا ئاشکرایە بەشێك لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان، کە تاك جێگەی خێزانی گرتوتەوە و خێزان کراوەتە قوربانی تاك، مەترسی گەورە لە بەردەوامی کۆمەڵکەگە دروست بووە.

لە لایەکی تریش جگە لە پاراستنی

وەچەو نەوەی ئادەمیزاد کە یەکێکە لە پێنج پێویستییە سەرەکییەکەی شەریعەت، چوار پێویستیەکەی تریش کە بریتین لە: (پاراستنی ئایین، پاراستنی ژیری (عقل)، پاراستنی مالّ و سامان، پاراستنی شەرف وناموس) لە سایەی خێزانێکی پەروەردەکراو پارێزراو نەبێت پاراستنیان زۆر زەحمەتە ونزیکە لە مەحالّ، چونکە لە غیابی ئەم جۆرە خێزانە مرۆڤایەتی دەکەوێتە قەیران، وەك ئەم سیستەمە جیهانییەی ئەمڕۆ لەلایەن خۆرئاواوە پاڵپشتی راستەوخۆ دەکرێت، بۆتە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر پێگەی مرۆڤ وبەهاکانی مرۆڤایەتی.

لەلایەکی ترەوە جۆریەتی و کواڵێتی تاك و کۆمەڵگە، کە پەیوەستە بە ئامانجە بالاکانی شەریعەتی ئیسلام، بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە جۆریەتی و کواڵێتی خێزان، چونکە خێزان کارگەی سەرەکی بەرهەمهێنەری تاك و کۆمەڵگەیە و هەردووکیان (تاك و کۆمەڵگە) لە هەناوی خێزان لەدایك دەبن.

کەواتە جەخت کردنەوە لەسەر هۆشیارکردنەوەی نەوەی ئێستا لەسەر ئەم فەلسەفە خێزانییە پێویستیەکی هەرە گرنگی ئەم ڕۆژگارە قەیراناوییەیە. کەتیایدا خێزانیش وەك سەرجەم لایەنەکانی تری ژیان گرفتاری قەیرانی جۆراوجۆر بووە.

بەدڵنیایەوە دەرەنجامی ئەم فەلسەفەیە بریتی دەبێت لە پێگەیاندنی مروۆڤێکی دروست و تەندروستی کارا کە بتوانێت پەیامی پیرۆزی خودا هەڵبگرێت و پیادەی بکات، هەروەها بەجوانترین شێواز ئەرکی جێنشین و ئاوەدانی سەرزەوی (رجل الاستخلاف) لە ئەستۆ بگرێت.

دووەم: دیدی بەهایی: پرۆسەی خێزانداری سەرەڕای ئەوەی پێویستیەکی سروشتی و فیتری و مرۆییە پێویستییەکی ئەخلاقیە بۆ ژیان، بەو پێیەی ئەم پرۆسەیە ڕێ لە چەندین هەڵسوکەوت وئاکاری نەویستراو دەگرێت و چەندین بەهای تریش، کە پێویست بەرهەمدێنێت لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگە. لێرەوە خێزان دەبێتە سەرچاوەی بەهاگەلێکی پێویست بۆ ژیان کە مرۆڤایەتی بەبێ ئەو

بەهایانە مانا و مەبەستێکی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە، بۆ نموونە (بەهای باوکایەتی و دایکایەتی، بەهای خێزانداری، بەهای پێکەوەژیان، بەهای یەکتر ناسین بەهای بەرپرسیاریەتی...هتد).

لەڕوانگەی ئایینی ئیسلامدا ڕەگ و ڕیشەی ئەخلاقی بە ڕادەیەك لەم پرۆسەیدا قۆڵای هەیە تەنانەت لە دۆخێکدا ئەگەر خێزان توانای بەیەکەوە ژیانیشیان نەما و گەیشتنە خاڵی کۆتایی و لێك جیابونەوە بۆ بە کارێکی پێویست دەبێت بەجوانترین شێواز لەیەکتر جیا ببنەوە وەك لە قورئاندا خودا فەرموویەتی ﴿ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾ سورة البقرة: ٢٣١ لەوەشدا قورئان جوانترین ڕێچکە و ڕێبازمان فێردەکات، بۆ ئەوەی بەهاو ڕەوشتە جوانەکان نەبنە قوربانی، پێویستە ئەم ڕێچکە جوانەیە پارێزگاری لێ بکرێت، ئینجا لەناو دامەزراوەی خێزانەوە ڕەوشت و بەهای جوان و ئاکارو ڕەفتاری چاك هەناردەی ناو کۆمەڵگە دەکرێت، لێرشەوە ئاسایشی خێزان دەبێتە بەشێك لە ئاسایشی گشتی.

سێیەم: دیدی فیتری و سروشتی: بەو پێیەی خوداوەند دورستکراوەکانی خۆی بەسەر دوو بەشی نێر ومێدا دابەشکردووە ویستی لێك نزیکبونەوە و ئاشنا بونی هەردوو ڕەگەزەکە دەبێتە غەریزەێکی سروشتی و فیتری نێوانیان، بەردەوامی ژیانی مرۆڤایەتیش بەپاڵنەری سیکسی (جنس) یەوە بەندە کە ئەویشی غەریزەێکی سروشتی و فیتری و پێویستیەکی ژیانە و فەرامۆشکردنی مەحالە، بەڵکوو پێویستە مومارەسە بکرێت و ڕێکخستنی بۆ بکرێت لەو پێناوەشدا شەریعەتی ئیسلام خاوەنی نایابترین سیستەمە و بەهێزترین پەیڕەوی لە بواری چۆنیەتی هەڵسوکەت کردن لەگەڵ ئەم پرسەدا هەیە، ئەمەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێت (ڕۆشنبیری سکسی) ئەمە تایبەت بەم غەریزە مرۆییە.

لەلایەکی تریشەوە هەر پەیوەست بەم ڕەهەندی فیتری لە خێزانەدا دەبینین شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی وەك ئیبن خەلدون مرۆڤیان وا پێناسەکردوە بەوەی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە کە ناتوانێت لە دابڕاندا بژیت، لێرەدا خێزان بۆ مرۆڤ دەبێتە پێویستیەکی سروشتی و فیتری و تێیدا پەیوەندییە جنسییەکان بە شێوازێکی باش ڕێکدەخرێن، بەم پێیە پاراستنی خێزان دەبێتە پێویستیەکی هەرە گرنگ بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایش و شیرازەی کۆمەلایەتی.

بۆیە پاراستنی ئاسایشی خێزان ئەوەندە گرنگە تاوەکو شکۆی خۆی لەدەست نەدات بەتایبەت لە ئێستادا، کە لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکاندا پایەکانی خێزان لەق بونە و بەتایبەتی ئەو کومەڵگەیانەی، کە خێزان بە سەنتەر نازانن و تاك کراوەتە جێگرەوەی خێزان، کە ئەمە لەروانگەی شەریعەتی ئیسلام فەلسەفە وستراتیجێکی زۆر هەڵەیە، گرنگە گەنجان دووبارە ئاشنا بکرێنەوە بەو دید و مەبەست و ئامانجە جوانانەی خێزان، هەروەها ئەو بنەما و کۆڵەگانە چین، کە دەبنە مایەی بەهێزکردنی پایەکانی خێزان وئاسایشی خێزان دەستەبەر دەکەن. لێرەدا دەچینە سەر بەشێك لە بنەما سەرەکیەکانی **پاراستنی ئارامی و ئاسایشی خێزان:**

یەکەم: سەرکردایەتیکردنی خێزان (القیادە): بەو پێیەی خێزان یەکەیێکی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیەکی مرۆیی وکۆمەڵگەیێکی بچوکە ناکرێت ئەم دامەزراوەیە ڕابەر وسەرکێش وسەرپەشتیاری نەبێت، ئەمەش بە پێی کومەڵگە جیاوازە، لە دیدی قورئانی پیرۆزدا ڕون و ئاشکرایە، کە ئەم بەرپرسیاریەتە بە پیاو سپێردراوە ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ ﴾ النساء: ٣٤

ئەمە بنەما و لۆژیکێکی قورئانییە لە دابەشکردن و دیاریکردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی ناو خێزان ئەمەی بە پیاوان ڕاسپاردووە وەك بەرپرسیاریەتیە نەك

شتێکی تر، جگە لە بەرپرسیارێتی - قوامە - هیچ شتێکی تر هەڵناگرێت، حیکمەت لێیەوە پاراستنی خێزانە وڕاپەڕاندنی ئەرکە سەخت وقورسەکانی ژیانە کە ژنان ئەستەمە لە توانایاندا بێت بتوانن ڕایانپەڕێنن.

جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەم قیوامەیە کە دراوەتە دەستی پیاو هیچ شتێك لە گەوردیی و شکۆی ئافرەت دانابەزێنێت بەڵکو ئافرەتانیش تەواوی ئازادی و دەسەڵاتیان لە ناو کایەی خێزان هەیە و شەریکی ڕاستەقینەی خێزانن لە هەموو شتێکدا لە چوارچێوەی سنورە شەرعیەکاندا، لە بەرامبەر ئەم لۆژیك و بنەما قورئانیەدا ڕەوت و تەوژمی نەیار زۆر گومانی خراپ دەخەنە سەر ئەم بابەتەو هەوڵی ڕتکردنەوەی ئەم بنەمایە دەدەن و لەوڵاشەوە لە توانیاندا نیە چارەسەرێکی تر بخەنە ڕوو، بەم هەنگاوەیان خێزان دەخەنە بەردەم گەورەترین مەترسی، بۆشایی سەرکردە وسەرپەرشتیاری لەناو خێزان دروست دەبێت، ئەم هەنگاوەشیان بە پاساوی ڕەتکردنەوەی کلتوری نێر سالارییە لەناو کومەڵگاو خودی خێزاندا، لەبەرامبەردا هەوڵی هێنانەدی کلتورێکی پێچەوانە دەدەن و دەکەونە هەڵەیەکی کوشندەوە، بێ ئاگان لەوەی بابەتی نێر سالاری هیچ ڕەگ و ڕیشەیکی ئاینی نیە تەنانەت بنەمای قوامە کە دراوەتە دەستی نێرەوە پەیوەندی بە لۆژیکی پیاو سالاریەوە نیە تا لەبەرامبەردا هەوڵی دەسەڵاتدارکردنی ژنان بدرێت، بەڵکو ئەمە سیستەم و ڕێساو ڕێکخستنێکی پەروەردگارە بۆ مرۆڤایەتی نێردراوە و پەیڕەوکردنی ئاشتی و ئارامی تاك و کۆمەڵگەی لێ بەرهەم دێت، ڕەتکردنەوەی ئەم بنەما قورئانیە و شکاندنی بەها و شکۆی قوامە سەرچاوەی زۆربەی گرفتەکانە، لە سەروی هەموانەوە ئاسایش و ئارامی خێزان لەناودەچێت و لێکترازان وشپرزەیی جێگەی ئارامی و ئۆقرەیی وتەبایی دەگرێتەوە، سەرەنجام شکۆی خێزان دەشکێنرێت.

دووەم: پەروەردەی ئیمانی:- پەیوەندی نێوان خێزان تەنها لەسەر بابەتە مادییەکان بونیاد نەنراوە، بەڵکو لەبنەڕەتدا پەیوەندی ئیمانی قوڵترین ڕەگ وڕیشەی هەیە وبەهێزترین خاڵی پەیوەندی و کۆکەرەوەی خێزانەکانە، هەروەك پێویستە لە بنەڕەتدا ئیمان هۆکاری کۆکەرەوەی هەمووان بێت، بەمەش ئەم پرۆسەیە لەپاڵ ئامانجە دونیایەکان ئامانجی دواڕۆژیشی دەبێت.

بیناکردنی پەروەردەی ئیمانی بۆ خێزان دەبێتە ئیلهام وسەرچاوەی ڕەوشتە جوانەکان و هێزو پاڵنەرێکی بێ وێنە بۆ بڕەودان بە ئاکار وڕەوشتە بەرزەکان وگەشەو نەش ونما کردنیان لە ناو کۆمەڵگەدا، چونکە دەتوانین ئیمان بە داینەمۆی هێزی چاکە لەقەڵەم بدەین، بەم جۆرە پەیوەندییە خێزانییە، کە شەریعەت داینناوە سروشتی خێزانی ئیسلامی جیادە دەکرێتەوە لە تەواوی بیرو بۆچون و فەلسەفەکانی تر، چونکە ئەم ڕەهەندی ئیمانە جگە لە ئایینی ئیسلام بەدی ناکرێت، بە بێ ئەم پەروەردەیە ناتوانرێت تاسەر پارێزگاری لە خێزان بکرێت ولە مەترسیەکانی لێکترازان و هەلوەشادنەوە پارێزراوبێت.

سێیەم: ئاسایشی دارایی:- یەکێکی تر لەو فاکتەرانەی کە بەردەوام دەکرێت مایەی هەرەشە بێت بو سەر تاك وخێزان و کۆمەڵگە فاکتەری دارایییە، چونکە ماڵ وسامان ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەر دەگێرن لەناو سەرجەم کایەکانی ژیان.

سەبارەت بە ڕۆڵی سەروەت و سامان و کاریگەریەکانی لە کایەی خێزاندا دەکرێت بوترێت، ئەگەر چی فاکتەری دارایی بەتەنیا ناتوانێت ببێتە سەرچاوەی ئاسودەیی و ئاسایش و ئارامی خێزان بەڵام لە چەندین ڕووەوە کاریگەی ڕاستەقینەی هەیە بەسەر پرۆسەکەوە لەوانە لە دۆخی هەژاری و دەست بەتاڵیدا گەنج ناتوانێت لەکاتی خۆیدا ئەم پرۆسەیە ئەنجامبدات، دیاردەی قەیرەیی لە

نێوان نێر و مێدا هەڵدەکشێت، بۆیە دەبینین لە بارەی مارەییەوە، کە ئەرکێکی دارایییە پێغەمبەر ـ درودی خوای لەسەر ـ داوای ئەوە لە موسلمانان دەکات، کە مارەیی کەم داوا بکەن، دەفەرموێت: ((چاکترین هاوسەرگیری ئەوەیە، کە مارەییەکەی کەمبێت))، ئەمە بەر لە پرۆسەی هاوسەرگیری، وە لەدوای پرۆسەی خێزاندارێشدا مالّ و سامان کاریگەریەکەی لەوە دایە ئەو خێزانانەی، کە هەژارن و دەسکەوتێکی ئەوتۆیان دەست ناکەوێت، کە ژیانێکی شایستەیان بۆ دابین بکات، تووشی دەیان گیرو گرفت و ئاریشەی گەورە دەبنەوە، کە دەبنە گەفی ڕاستەقینە بۆ سەر ئاسایشی ئەم خێزانە و دەرگای چەندین دیاردەی خراپ والاّ دەکات بە ڕوی ئەم خێزان و کۆمەڵگایەدا لەوانە: (بلاّو بونەوەی هەژاری ونەداری، زیاد بونی دیاردەی بێکاری، هەڵکشانی دیاردەی جیابونەوە بە هۆکاری هەژاری، دیاردەی سواڵکردن، کارکردنی منداڵان لە خوار تەمەنی شەرعی ویاسایی، سەرهەڵدانی دیاردەکانی دزیکردن و فڕو فێل، بلاّو بونەوەی دەیان نەخۆشی، دابەزینی ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری...هتد). ئەمانە و چەندین هەڕەشەی تریش دەبنە لەمپەرو ڕێگر لەبەردەم ئارامی وئاسایشی خیزانەکان.

چوارەم: بنەمای کۆمەڵایەتی:- لە ڕاستیدا تەنها گرێبەستێکی شەرعی ویاسایی بەس نیە بۆ بونیادنانی خێزانێکی بەختەوەرو دامەزراو، بەڵکو دەبێت ئەم گرێبەستە ئاوێتەی چەند بەهاو ڕەوشت و ئاکاری کۆمەلایەتی و ویژدانی بکرێت و ببنە هەوێنی پێکەوە ژیان و ئاوێتەبونی ڕاستەقینە، ئەو ئارامییەش ببەخشێتە خێزان، کە پەروەردگار بە ئارامی و ئوقرەیی (سکینە) ناوی ناوە. لە سایەی ئەم ئارامییەدا ئومێد و هیوا وخەندە باڵ بەسەر تەواوی خێزاندا دەکێشێت وەبەدەرەنجامەکەشی بریتی دەبێت لە دەریایەك سۆز وئەوینی وخۆشەویستی ڕاستەقینەی نێوانیان وەك پەروەردگارمان دەفەرموێت: ﴿ وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ الروم: ٢١ لە سایەی ئەم سۆز و ڕەحمەتەوە خێزانێك

پێدەگات پراوپڕ لە خۆشەویستی و نەرمووونیانی وپەکتر قبولکردن ولەخۆبردو هەڵسوکەوت و مامەڵەی جوان (وعاشروهن بالمعروف) ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەوە لە ناخی هاوسەراندا دەڕوێنێت، کە هەردووکیان بۆ یەکتری پێویستین ﴿ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ﴾ البقرة: ١٨٧ جگە لە قورئانی پیرۆز ئەم لۆژیکە لە هیچ پەرتوک و هزرو فەلسەفەیەکدا نیە، تەنانەت لە کاتی دەستبەرداری و لێک جیابونەوەش دەبێت بەوپەڕی ڕەوشت بەرزییەوە ئەنجام بدەن ﴿ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ﴾ البقرة: ٢٣١ چۆن سەرەتایەکەی بە باشە وجوانی بووە واجبە کۆتاییەکەشی بەهەمان شێوە بێت، ئەمانە و چەندین بنەماو بەهای کۆمەڵایەتی تریش هەن دەبنە هۆکار و بنەمای بەهێز بۆ پاراستنی ئاسایشی خێزان.

ئەمەی کە باسمان کرد تەنها چەند بنەمایەکی سەرەکی دابین کردنی ئاسایشی خێزانن نەک تەواوی بنەما شەرعیەکان، لەوانە: (پاراستنی تەواوی سنورە شەرعیەکانی خێزان، پاراستنی مافە شەرعیەکانی یەکتر، هاوبەشی لە بڕیارە خێزانیەکان، کارکردن بە بنەمای ڕاوێژی خێزانی... هتد).

لێرەدا لە دوای باسکردنی ئامرازەکانی دەستەبرکردنی ئاسایشی خێزان جێی خۆیەتی ئاماژە بە هۆکارەکانی نائارامی و نەمانی ئاسایشی خێزان بکەین، کە بەردەوام هەڕەشە لە ئاسایشی خێزان دەکەن لەوانە: (گرفتە خێزانییەکان، کەمی ڕۆشنبیری خێزانی لای تاکەکان، هەژاری بێکاری، ناسەقامگیری سیاسی، ناسەقامگیری کومەڵایەتی، جەنگ و ئاوارەیی و پەڕاگەندەی، لێک تێنەگەیشتن، کەم وکوڕی بەرامبەر بەیەکتر، پەیوەندی ناشەرعی، هوکارەکانی ڕاگەیاندن و توڕەکۆمەڵایەتیەکان...هتد).

لە کۆتاییدا ولەدوای دەستنیشانکردنی ئەم هۆکار و بنەما گشتییانەی ئاماژەمان پێیکرد وخستمانە بەر دیدەی خوێنەران لێرەدا جێگەی خۆیەتی لەبارەی دەستکەوت و بەروبومی ئاسایش و ئارامی خێزانەوە بدوێن، دەتوانین بلێین لە ئەگەری فەراهەمبونی ئاسایشی خێزان چەند دەستکەوتێك دێنە ئاراوە لەوانە: ژیانێکی خێزانی تەندروست وئاسودە و لێوان لێو لە خوشی وکامەرانی، ئەمەش بەڵێنێکی خوای پەروەردگارە چونکە خۆی فەرمویەتی ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾ النحل: ٩٧

لەلایەکی تریشەوە خێزان ونەوە و کۆمەڵگایەك دێتە ئاراوە لە ڕووی ئاکارو ڕەوشت و پێگەیشتوییەوە هەڵگری بەرزترین و جوانترین ڕەوشت و بەهای کۆمەلایەتی دەبێت، دەشبێتە هوکاری ئارامی کومەلایەتی و سیاسی، تا دواجار ئەم خێزانە دێتە ئاراوە، کە یەکانگیر بێت لەگەڵ ویست ومەبەستەکانی شەریعەتدا .

ناکۆکی نێوان منداڵانی یەک خێزان هۆکارو چارەسەرلە ڕوانگەیەکی ئیسلامییەوە-

د.جەمیل عەلی ڕەسوڵ سورچی
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
لە کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
jamil.rasul@su.edu.krd

ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە: (16) لاپەڕە
کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردن: (18) خولەک
کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە: (14) خولەک

وتە

ئێمەی سەنگینترین دروستکراوی
خواین با بەردەوام ژیری خۆمان بە
گەر بخەین تاکو تێگەیشتنەکانمان
سەنگینتر بکەین

ناکۆکی نێوان منداڵانی یەک خێزان هۆکارو چارەسەر
لە ڕوانگەیەکی ئیسلامییەوە-

پێشەکی

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ خوای باڵادەست، دروود و سڵاو بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەری ئاخیر زەمان و یارو یاوەرانی تا ڕۆژی دوایی، لە پاشان:

خێزان لە ڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە پەروەردە کردن و ئاڕاستە کردنی تاکەکانی بەرەو ڕێگای ڕاست و بەها بەرزەکان، چونکە یەکەم شوێنە، کە منداڵ تێیدا چاوی دەکاتەوە و کاریگەر دەبێت بە هەموو ئەو شتە چاك و خراپانەی، کە تێیدا بوونی هەیە و شوێنەوارەکانیان لە سەر دەمێنێتەوە بۆ دوا ڕۆژی دواتریش بۆ ئەو کەسانەی، کە لە ژێر دەستی ئەوەوە پێدەگەن و پەروەردە دەکرێن، لە بەر ئەوە لەم بوارەوە بەرپرسیاریەتێکی زۆر گەورە لە سەر خێزانە بە تایبەتیش لە سەر دایکان و باوکان، بۆیە جێگای خۆیەتی دایکان و باوکان ئاگادار بکرێنەوە و لە خەوی غەفلەت بە ئاگا بهێندرێن بۆ ئەوەی بە ئەرکی سەر شانی خۆیان رابین و گرنگترینی مافی منداڵەکانیان جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی پاشەڕۆژێکی پڕ لە بەختەوەری بۆ خۆیان و منداڵەکانیان و کۆمەڵگا دابین بکەن، چونکە منداڵانی ئیمڕۆ ڕۆڵەو کاربەدەستی داهاتوون، وە پەروەردەکردنیان بە ڕەوشت و ئاکاری جوان باشترین دیاریە، کە پێشکەشیان دەکرێت، لێرەوە پێویستی دایکان و باوکان بە زانست و ڕۆشنبیری گشتی بۆ پەروەردە کردن و سازکردنی مرۆڤی دواڕۆژ زۆر بەڕوونی بە دیار دەکەوێت.

خوای گەورە بە ئەرکی سەرشانی داناوین، کە هەڵسین بەم ئەرکە پیرۆزە کە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٦ ﴾ التحريم: ٦ ئیبن عەببباس –ڕەزای خوایان لێبێت- لە ڕاڤەیدا دەفەرموێت: ((علموهم وأدّبوهم))، واتە فێری زانست و ڕەوشتی بەرزیان بکەن.

بەڵام کاتێك هەڵدەستین بەم ئەرکە قورسە پێویستە بە شێوازێکی ئەکادیمی راست و دروست ئەم کارە بکەین بۆ ئەوەی بتوانین مرۆڤی ڕاست ودروست بەرهەم بهێنین، و یەکێك لەم خاڵانەی، کە پێویستە دایکان و باوکان لە بەر چاوی بگرن بۆ ئەم مەبەستە ڕەچاوکردنی دادپەروەرییە لە نێوان منداڵەکانیان بۆ ئەوەی دووریان بخەنەوە لە بوونی ڕق وکینەیان بەرامبەر بە یەکتر، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەردانی تێکستەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) بکەین بۆ وەرگرتنی سوودو پەندو عیبرەت لێیان، چونکە زۆرجار نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان منداڵان و چینەکانیتری کۆمەڵگا دەبێتە هۆکاری دروست بوونی ئیرەیی و ڕق لێبوونەوەو کردنی تاوان بەرامبەر بەیەکتر، وە کۆمەڵگای کوردیش دوور نییە لەم دیاردەیە، بۆیە بە پێویستی دەزانم لە (پرۆژەی پاراستنی شکۆی خێزان) باس لەم بابەتە بکەم و خاڵ لە سەر پیتەکان دابنێم و هۆکارو چارەسەرەکان بخەمەڕوو بەم شێوازەی خوارەوە:

بەشی یەکەم: گرنگی تەبایی و خۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی خێزاندا

پێویستە خێزان هەر لە سەرەتاوە لە سەر سۆزو خۆشەویستی دروست بکرێت بۆ ئەوەی تاکەکانی بتوانن بە بەختەوەری پێکەوە بژین، و لە کاتی بوونی هەر کێشەیەکیش -ئەگەر خۆشەویستی هەبێت- ئەوە دەتوانن پێکەوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، و بە دڵنیاییەوە ئەم خۆشەویستییەو دووریە لە کێشەکان کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە سەر منداڵەکان، کە لە ژینگەیەکی تەندروست وتەبا پەروەردە دەبن، بە پێچەوانەشەوە کاتێك خێزان ناتەبا بێت و دوور بێت لە سۆزو خۆشەویستی ئەوە هەمووی کاریگەری خراپ بە سەر منداڵەکانەوە دروست دەکات بۆ دواڕۆژیان، بۆیە لە سەر دایکان و باوکان پێویستە ئەم خۆشەویستی و سۆزە بهێننەدی و بە کردار بە منداڵەکانیان نیشان بدەن کە ئەمە حاڵەتێکی

تەندروستە وەك خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ الروم: ٢١

واتە: (لە نیشانەکانی گەورەیی خودایە)، کە لە ڕەگەزی ئێوە خێزانی بۆ دروستکردوون بۆ ئەوەی ببێت بە مایەی حەوانەوەی دەروونیتان و پەنای بۆ ببەن لە ناخۆشیەکانتان و لە ژێر سێبەری خۆشەویستی و میهرەبانی ئەودا بحەسێنەوە و خوای گەورە خۆی خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی خستە نێوانتان ئەمە هەمووی پرییەتی لە نیشانەی گەورە لە سەر بوون و هێزی خوای میهرەبان بۆ کەسانێك، کە بیر بکەنەوە لە دەسەلاتی گەورەی خوا.

و هەروەها پێغەمبەرمان (د.خ) بە کردارو گوتاری خۆی ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەم سۆزو خۆشەویستییە ببەخشینەوە لە نێوان منداڵەکانمان وەك لەم فەرموودەیە بۆمان دیار دەبێت: **عن أبي هريرة -رضي الله عنه- قال: قَبَّل رسول الله - ﷺ - الحسنَ بن عليّ وعنده الأقرع بن حابس التَّميمي جالساً، فقال الأقرع: إنَّ لي عشرةً من الولد ما قَبَّلت منهم أحداً، فنظر إليه رسول الله - ﷺ - ثم قال: ((مَنْ لا يَرْحَمُ لا يُرْحَمُ))** [1].

واتە: (جارێکیان پێغەمبەرمان) (د.خ) حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی ماچ کرد، و لەو کاتدا ئەقرەعی کوڕی حابیسی تەمیمی لەوێ دانیشتبوو، ئەقرەع بە سەرسوڕمانەوە گوتی: من دە منداڵم هەیە تا ئێستا یەکێکیانم ماچ نەکردووە، پێغەمبەر (د.خ) پێیناخۆشبوو تەماشای کردوو فەرمووی: ((کەسێك ڕەحم وسۆزی نەبێت لە دونیادا بە منداڵ و کەسانیتر، ڕەحمیشی پێناکرێت لە دوا ڕۆژدا)).

(1) متّفق عليه، رواه البخاريّ في صحيحه: 2235/5، كتاب الأدب، باب رحمة الولد وتقبيله ومعانقته، رقم الحديث: (5651)، ومسلم في صحيحه: 1808/4، كتاب الفضائل، باب رحمته -صلّى الله عليه وسلّم- الصّبيان والعيال وتواضعه وفضل ذلك، رقم الحديث: 2318.

و ئەنەسی کوڕی مالیك لە ڕەفتاری پێغەمبەرمان (د.خ) بۆ دەگێڕێتەوە، کەوا هیچ کەسێکی لە ئەو بە سۆزو ڕەحمتر نەدیتیە لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی، و ئەو هەموو جار سەردانی ئیبراهیمی کوڕی بچوکی خۆی دەکرد لەلایەن شیردەرەکەی لە گوندەکانی دەورو بەری مەدینە و لێیوەردەگرت و ماچی دەکرد، دواتر منداڵەکەی دەگەڕاندەوە لای شیر دەرەکەی و ئێمەش دەگەڕاینەوە، وە پیاوی ئافرەتە شیردەرەکە ئاسنگەر بوو لە بەر ئەوە ئەو ماڵە بۆن و دووکەڵی ئاسنگەری لێدەهات، وەك لە دەقەکەدا هاتووە: (مَا رَأَيتُ أَحَدًا كَانَ أَرْحَمَ بِالْعِيَالِ من رَسُولِ الله - ﷺ - قَال: ((كَانَ إِبْرَاهِيمُ مُسْتَرْضعاً لَهُ فِي عَوَالِي الْمَدِينَةِ، فَكَانَ يَنْطَلِقُ وَنَحْنُ مَعَهُ، فَيَدْخُلُ الْبَيتَ وإِنَّهُ لَيُدَّخَنُ، وَكَانَ ظِئرُهُ قَينًا، فَيَأخُذُه فَيُقَبِّلُهُ، ثُمَّ يَرْجِعُ...))[1].

وە پێویستە لەگەڵ ئیهمال نەکردنی منداڵەکان و زۆر ناز هەڵنەگرتنیان نەرم و نیان بین، لە ئاڕاستەکردنیان و پەروەردەکردنیان وەك پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: ((إِنَّ الرِّفْقَ لاَ يَكُونُ فِي شَيْءٍ إِلاَّ زَانَهُ، وَلاَ يُنْزَعُ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ شَانَهُ))[2].

واتە: (نەرم و نیانی لە هەر شتێك هەبێت جوانی پێدەبەخشێت، وە لە هەر شتێك دەربهێندرێت ناشرینی دەکات).

(1) رواه مسلم في صحيحه: 1808/4، ، كتاب الفضائل، باب رحمته -صلّى الله عليه وسلّم- الصّبيان والعيال وتواضعه وفضل ذلك، رقم الحديث: (2316).

(2) رواه مسلم في صحيحه: 2004/4، كتاب البرّ والصّلة والآداب، باب فضل الرّفق، رقم الحديث: (2594).

بەشی دووەم: هۆکارەکانی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان منداڵانی یەک خێزان وشوێنەوارە خراپەکانی

پێویستە دایکان و باوکان بە یەکسانی خۆشەویستی دابەش بکەن بە سەر منداڵەکانیان، و هەر کاتێک لە ناخەوە یەکێکیانی زیاتر خۆشویست لە یەکێکیتر ئەوە نابێت دەربیخات، چونکە زۆر جار ئەمە دەبێتە هۆکار بۆ ئەنجامدانی تاوانی گەورە وەک ئەوەی، کە براکانی یوسف پێغەمبەر (د.خ) لە بەرامبەرییاندا کرد کاتێک کە بینیان وهەستیانکرد، کە باوکیان زیاتر ئەوی خۆشدەوێت و گرنگی پێدەدات، هەر چەندە یوسف بچوک بوو ئەوانیش گەورەبوون، کە سروشتییە بچووک زیاتر گرنگی پێبدرێت، وەک خوای گەورە لە سەر زمانی هەندێک لە برایەکانی دەفەرموێت: ﴿ ٱقۡتُلُواْ يُوسُفَ أَوِ ٱطۡرَحُوهُ أَرۡضٗا يَخۡلُ لَكُمۡ وَجۡهُ أَبِيكُمۡ وَتَكُونُواْ مِنۢ بَعۡدِهِۦ قَوۡمٗا صَٰلِحِينَ ٩ قَالَ قَآئِلٞ مِّنۡهُمۡ لَا تَقۡتُلُواْ يُوسُفَ وَأَلۡقُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّ يَلۡتَقِطۡهُ بَعۡضُ ٱلسَّيَّارَةِ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ ١٠ ﴾ يوسف: ٩ - ١٠

واتە: کاتێک پێکەوە کۆبونەوەو گوتیان: بە بێ گومان یوسف و برایەکی (بونیامین)، کە لە یەک دایکن لە ئێمە زۆر خۆشەویسترن لە لایەن باوکیان لەگەڵ ئەوەش، کە ئێمە کۆمەڵێکی زۆرین بە ڕاستی باوکمان لەمەدا لە هەڵەیەکی ئاشکرایە وەرن با یوسف بکوژین و لە ناوییبەین یان فرێیبدەینە شوێنێک، کە وون بێت لە بەر چاوی باوکی بۆ ئەوەی ساحەکەو بەرچاوی بۆ ئێمە چۆل بێت و گرنگی بە ئێمە بدات، چونکە لە بەر



بوونی ئەو خۆشەویستی بۆ ئێمە نابێت بەڵام یەکێکیان گوتی با نەیکوژین بەڵکو بیخەینە نێو بیرێکەوە لەسەر رێگای کاروانچیەکان بۆ ئەوەی بۆخۆیان بیبەن نەمرێت و لە کۆڵ ئێمەش ببێتەوە.

کەواتە هەندێکیان ویستیان بیکوژن و لە ناوی ببەن بۆ ئەوەی ئەوان لە لای باوکیان بچنە پێشەوە، چونکە پێبان وابوو، کە خۆشەویستی باوکیان بۆ یوسف زۆرترەو ئەوان پشت گوێ خراون لە بەر هەبوونی ئەو، لەگەڵ ئەوەی حەزرەتی یەعقوب خۆشەویستی یوسف وایلێنەکردبوو، کە لە دادپەروەری رواڵەتی لابدات، تەنها خۆشەویستێکی دەروونیبوو، کە لە دەسەڵاتی ئەو نەبوو رەددی بکاتەوە، بەڵام کورە گەورەکانی هیچ پۆزشیان بۆ نەهێناوە و بە هەڵە لە قەڵەمیاندا

و یەکێکیتر لە هۆکارەکانی دروست بوونی رق لێبوونەوە لە نێو منداڵان نا دادپەروەرییە لە پێدان و بەخشینی دایکان وباوکان بۆ منداڵەکانیان وەك پێغەمبەرمان (د.خ) بە تەواوی ئەمەی بۆ ئێمە روونکردەوە لەو فەرموودەیەی کە نوعمانی کوڕی بەشیر بۆمان دەگێڕێتەوە کەوا باوکی (بەشیری کوڕی سەعدی ئەنساری) هەندێك لە ماڵەکەی کەوا عەبدێکی بوو یان باخێك و کۆیلەیەکی بوو دابووی بە ئەو کاتەی، کە ئەو بچووك بوو لە سەر داوای دایکی کاتێك، کە هات بۆ لای پێغەمبەر (د.خ) بۆ ئەوەی بیکاتە شاهید لە سەر ئەم بەخشینە بۆ ئەوەی دواتر براکانیتری بە تایبەت ئەوانەی دایکەکەیتری نکۆڵی نەکەن لەم بەخشینە، چونکە (عەمرەی کچی رەواحەی) دایکی نوعمان ئەو داوایەی لێکرد پێغەمبەرمان -دروودی خوای لە سەربێت- فەرمووی: ئەم ئەندازەیەت داوەتە هەموو منداڵەکانیترت؟ گوتی: نەخێر، پێغەمبەرمان (د.خ) فەرمووی: (کەواتە من شاهیدی لە سەر ستەملێکردن نادەم، وەك سەر زەنشتکردن و هەڕەشەکردن فەرمووی: بڕۆ یەکێکیتر بکە بە شاهید لە سەر ئەم بەخشینە)، و فەرمانی کرد کەوا دادپەروەری لە نێو منداڵەکانیان بکەن

زانایان کۆدەنگن کە پێویستە دایکان و باوکان دادپەروەری بکەن لە بەخشین بۆ منداڵەکانیان، بەو مانایەی، کە نابێت بە هەندێکیان ببەخشێت و هەندێکیان بێبەش بکات، بەڵام زانایان ناکۆکن لەوەی کە ئایا ئەم یەکسانیکردنە واجیبە یان سونەتە وە دواتریش ناکۆکن لە چۆنیەتی دادپەروەری کردن لە نێوان کوڕان و کچان لە بەخشینەکە.

زۆر لە زانایان (کە ئەمانە خودی یەکسانیکردنەکەیان لەلا سونەتە) لە نێویان (ئەبو حەنیفە و مالیك و شافیعی) –ڕەحمەتی خوایان لێبێت- دەفەرموون لە بەخشین سونەتە جیاوازی لە نێوان کوڕو کچ نەکات چونکە لە فەرموودەکەدا هاتووە: (أكل ولدك نحلته هذا) و ئەگەر جیاوازی کرد لە نێو کوڕەکانی یان کوڕو کچەکانی ئەوا ناپەسەندە، بەڵام هەندێکیان لە نێویان (ئیمامی ئەحمەدو ئیبن قودامەو ئیبن تەیمییەو ئین قەییم و هەندێك لە شافیعییەکان ومحمد کوڕی حەسەنی شەیبانی لە حەنەفییەکان) –ڕەحمەتی خوایان لێبێت- (کە ئەمانە خودی یەکسانیکردنەکەیان لە لا واجیبە) دەفەرموون: وەك چۆن خوای گەورە لە میرات داناوە بەم شێوازە پێیان ددەدات هەر نێرێك دوو هەندی مێیەکی پێدەدات، چونکە خوای گەورە ئەوها دابەشیکردووە، وە ئەو خاوەن دادپەروەرییە[1].

ئەوەی لەو فەرموودەیەی پێشوو بە دیار دەکەوێت و وەردەگیرێت یاساغبوون و حەڕامی جیاوازیکردنە لە نێو منداڵان –وەك ئەمە بۆچوونی ئیمامی ئەحمەد و ئەبو یوسف و چەند زانایەکیترە- لە بەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1 – پێغەمبەرمان (د.خ) وەك لە ریوایەتێکدا هاتووە فەرمووی: (لا تُشهدني على جور) واتە: (مەمکە بە شاهید لە سەر ستەم کردن، وە ناوینا ستەم و جەور).

2 – فەرمانی پێغەمبەر (د.خ) بە هەڵوەشاندنەوەی بەخشینەکە، وەك لە هەندێك لە ریوایەتەکاندا هاتووە فەرمووی: (فارْدُدْهُ)، ئەمریش لەبۆ واجیبوونە.

(1) ينظر: الفقه الميسّر: 271/6-272، والإعلام بفوائد عمدة الأحكام: 460/7، والموسوعة الفقهيّة الكويتيّة: 359/11-360.

3 – نەبوونی دادپەروەری لە نێو منداڵاندا دەبێتە هۆی پچراندنی خزمایەتی وئازاردانی کەس و کارە نزیکەکانی، وەك پێغەمبەرمان (د.خ) ئاماژەی بۆ ئەمە کرد، کە فەرمووی بە بەشیر: (أيسرّك أن يكونوا لك في البرّ سواءً، قال: نعم، قال: فلا إذًا) واتە تۆ پێت خۆش نییە، کەوا هەموو منداڵەکانت وەك یەك چاکەکار بن لە گەڵت، چونکە تۆ ئەگەر یەکسانیت لە نێوانیاندا نەکرد ئەوە ئەو کاتە ئەوانیش بەرامبەر بە تۆ وەك یەك نابن، گووتی: بەڵێ، فەرمووی: کەواتە فەرق و جیاوازییان لە نێواندا مەکە.

کەواتە دەبێت دایکان و باوکان یارمەتیدەری منداڵەکانیان بن بۆ ئەوەی چاکەیان لە گەڵ بکەن، ئەمەش بەوە دەبێت کەوا دادپەروەریان لە نێواندا بکەن، چونکە هەر جیاوازییەك لە نێوان منداڵەکان وادەکات کەوا ئەو منداڵەی کە هەست دەکات پەراوێز خراوە لە چاکەکردن لەگەڵ دایکی یان باوکی کەمتەرخەمبێت یان ئەمە ببێتە هۆکاری ئازاردانی دایکی یان باوکی (عقوق الوالدين) کە ئەمەش یەکێکە لە تاوانە گەورەکان.

وە پێویستە ئەمە ڕوون بکەینەوە کەوا بەخشین بە منداڵان و دادپەروەری کردن لە نێوانیان بە گوێرەی عورف و عادەت وپێویستیەکانیان دەبێت وەك ئەوەی ئەگەر کوڕێکیان لە بەر خوێندن یان ژن هێنان یان خانووکردن یان زۆری منداڵ یان کەمئەندامی پێویستی بە یارمەتی هەبێت باوکی یارمەتی بدات لە بەر ئەم هۆکارە بە مەرجێك یارمەتی ئەوانیتریش بدات لە کاتی بوونی ئەم پێداویستیانەیان دروستە هەر یەکەیان بە ئەندازەی پێویستییەکەی یارمەتی بدات و مەرج نییە بە یەك ئەندازەبێت بەڵکو بە ئەندازەی پێویست بێت، وەك هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) ئەمەیان کردووە[1].



(1) ينظر: الفقه الميسّر:145/11، وتوضيح الأحكام من بلوغ المرام: 113/5.

وە یەکێکیتر لە کردنی جیاوازی لە نێوان منداڵەکان پابەند نەبوونە بە ڕێنمایی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە دابەشکردنی میرات بە تایبەتی لە پێدانی مافی کچەکان لە لایەن خودی باوکەوە لە کاتێکدا، کە خۆی هەڵدەستێت بە دابەشکردنی سەروەت وسامانی لە کاتێکدا، کە لە ژیاندا ماوە یان لەلایەن منداڵەکانی لە دوای مردنی باوکیان، کە ئەمەش بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆکاری لە نێوبردنی خۆشەویستی لە نێو تاکەکانی خێزان، کە پێویستە لە سەر هەموومان بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە بە تەواوی پابەندبین بە ڕێنمایەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە لەم بابەتە گرنگە.

شوێنەوارە خراپەکانی جیاوازیکردن لە نێوان منداڵان:

بە دڵنیاییەوە فەرق و جیاوازی کردن لە نێو منداڵان دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئەم منداڵەی، کە سەر زەنشت دەکرێت وبە چاوی کەم تەماشای دەکرێت خوشك و براکانی لە سەری بەرزدەکرێنەوە بە گرنگی پێدانی زیاتریان کەوا لە ناخەوە تێك بشکێت و نەتوانێت بەرەو پێش بچێت و بڕوای بە خۆی هەبێت، کەواتە ئەمە دەبێتە هۆکاری تێکشکانی و باوەڕ بەخۆ نەبوونی و بەدواکەوتنیشی لە نێو کۆمەڵگا، یان لادانی لە ڕێگای راست و پەنابردنی بۆ تووندوتیژی لە گەڵ خەڵکێکیتر وەك تۆڵەکردنەوە لە بەرامبەر ئەم کەموکوڕیەی کە لە بەرامبەری کراوە کە ئەمەش هەمووی باوکان ودایکان بەرپرسیارن بەرامبەری.

بە هەمان شێوازی دایکان وباوکان پێویستە لە سەر داپیرو باپیرەکان دادپەروەری بنوێنن بەرامبەر بە نەوەکانیان، چونکە زۆر جار جیاوازیکردنیان لە نێوان نەوەکانیان دەبێتە مایەی لێکترازانی خێزانەکە کاتێك کە نەوەکان یان دایك و باوکیان هەست بەم نادادپەروەریە دەکەن بە دڵنیاییەوە شوێنەواری خراپ دروست دەکات لە پەیوەندی نێوان تاکەکانی ئەم خێزانە، لە بەر ئەوە پێویستە دایکان وباوکان وداپیرو باپیرەکان پابەندبن بە ڕێنمایەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە شێوازی پەروەردەکردنیان بۆ منداڵەکانیان.

هۆکارەکانی جیاوازیکردن لە نێو منداڵان:

1 – نەبوونی شارەزای بە ڕێنماییە ئاینییەکان و نەبوونی ڕۆشنبیری بۆ پەروەردەکردنی منداڵ.

2 - یەکێک لە هۆکارەکانی جیاوازی کردن جیاوازی کردن و دادپەروەری نەکردنی پیاوەکەیە لە نێو خێزانەکانی وە لە سەر بنەمای خۆشەویستی بۆ یەکێک لە خێزانەکانی زیاتر گرنگی وخۆشەویستی دەدات بە منداڵەکانی ئەم خێزانەی، کە ئەمەش زۆرجار برایەتی نێوان منداڵەکانی تێکدەدات، و سەر دەکێشێت بۆ ڕق لێبوونەوە لە نێویان و گوێڕایەڵی نەکردنی هەندێکیان بۆ باوکیان.

ئەم هۆکارە بوونی زۆرە لە نێو کۆمەڵگاکان بە گشتی وە لە نێو کۆمەڵگای کوردیش بە تایبەتی، وە شوێنەوارە خراپەکانیشی بە تەواوی هەست پێدەکرێت، وە زۆرجار لە سەر ئەم بنەمایە منداڵەکان دابەش دەبن بۆ دووبەرەی جیاواز، لە بەر ئەوەیە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا زۆر گرنگی بە بابەتی دادپەروەری نێو خێزانەکان دراوە و بە دوورو درێژی باسی لێوەکراوە.

3 – جیاوازی کردن لە سەر بناغەی جۆری ڕەگەزی، وەک ئەوەی کە لە بەر کچبوونی منداڵەکەی کوڕەکانی بە پێشبخات، لەبەر ئەوە دەبینین پێغەمبەرمان (د.خ) زۆر هانمان دەدات لەسەر چاکە کردن لەگەڵ کچەکانمان وگرنگی پێدانیان و پەروەردەکردنیان بە شێوازێکی باش، وە ئەمە بە مایەی دووركەوتنەوەمان دادەنێت لە ئاگری دۆزەخ، وەک دەفەرموێت: **(من عالَ جاريتين حتّى تبلغا جاء يوم القيامة أنا وهو، وضمّ أصابعه)**[1]، واتە: هەر کەسێک دوو کچ بە ڕێک وپێکی بەخێو بکات تا پێدەگەن لە ڕۆژی دوایی دێت لە گەڵمندا ئەوها نزیکە وەک ئەم دوو پەنجانەی دەستم (پەنجەی شەهادەو ناوەند).وە دەفەرموێت:

(1) رواه مسلم في صحيحه: 2027/4، باب فضل الإحسان إلى البنات، رقم الحديث: (2631).

(منْ ابتُليَ من هذه البناتِ بشيءٍ فأحسنَ إليهنَّ كنّ له ستراً من النّار)[1]، واتە: هەر کەسێك تاقیبکرێتەوە بە بوونی کچ، وە ئەویش چاکەیان لە گەڵ بکات ئەوە لە رۆژی دوایی دەبنە مایەی پاراستنی لە ئاگری دۆزەخ، چونکە کچ زیاتر پێویستان بە چاکە لە گەڵکردن هەیە. وە دەفەرموێت: (من كانتْ له أُنْثَى فلم يَئِدْهَا ولم يُهِنْهَا ولم يُؤْثِرْ وَلَدَهُ عليها أَدْخَلَهُ الله الْجَنَّةَ)[1].

واتە: هەر کەسێك کچێکی بوو زیندەبەچاڵی نەکرد و سوکایەتی پێنەکرد و جیاوازی نەکرد و لە نێوان ئەوو کوڕەکانی ئەوە خوای گەورە لە پاداشتی ئەم چاکەیە دەیباتە بەهەشت.

هەموو ئەم فەرموودانە هانمان دەدات، کە زۆر چاکە لەگەڵ کچەکانمان بکەین و بە شێوازێکی زۆر جوان سەرپەرشتییان بکەین و ئەوەی، کە بۆیان باشە بیکەین و بە هیچ شێوازێك ئازاریان نەدەین و فەرق و جیاوازی لە نێوان ئەوان و کوڕەکانمان نەکەین لە سەر بناغەی کچبوونیان وەك لە کاتی نەفامیدا ئەمە دەکرا.

4 – جیاوازی کردن لە سەر بناغەی بوونی جیاوازییەك کە لە دەسەڵاتی منداڵەکان نییە، بەڵکو بەخشین و فەزڵی خوایە، وەك جیاوازی کردن لە سەر ئەساسی جوانی یان زیرەکایەتی یان تێگەیشتن وخاوەن عەقڵی، کە ئەمە لە دەسەڵاتی منداڵەکە نییە، لە بەر ئەوە پێویستە دایکان و باوکان دەرك بەمە بکەن و خۆیان لەم جۆرە هۆکارە بپارێزن.

5 – جیاوازی کردن لە سەر بناغەی بوونی کەم و کوڕی لاشەیی لە هەندێکیان، کە ئەمە لە جیاتی پەراوێزخستنیان پێویستە زیاتر گرنگییان پێبدرێت بۆ ئەوەی دڵنەوایی بکرێن، نەك نەخۆشییەکانیان زیاد بکرێت.

(1) رواه أبو داود في سننه: 337/4، باب في فضل من عال يتيما، رقم الحديث: (5146).

(2) رواه البخاري في صحيحه: 514/2، كتاب الزّكاة، باب اتّقوا النّار ولو بشقّ تمرة..، رقم الحديث: (1352).

بەشی سێیەم: چارەسەری ناکۆکی نێوان منداڵانی یەک خێزان

پێویستە دایکان وباوکان لە کاتێکدا کە هەست بە بوونی ئیرەیی و ڕق و کینە دەکەن لە نێو ڕۆڵەکانیان هەڵبستن بە گەڕان بە دوای چارەسەر بۆ ئەوەی نەبێتە هۆکاری بە جێهێشتنی شوێنەواری خراپ لە سەر منداڵەکان، و دەبێت دایکان وباوکان ئەمە زۆر بە گرنگی وەربگرن وبە دوای چارەسەرێکی بنبڕدا بگەڕێن بۆی، بۆ ئەمەش دوو جۆرە چارەسەر هەیە:

1 – چارەسەری یەکەم

چارەسەرێکی خۆپارێزییە کە ئەمە دەبێتە هۆی ڕوونەدانی ئەم شوێنەوارە خراپانە، ئەمەش بریتییە لە دابەشکردنی بەخشینی خۆشەویستی و گرنگی پێدان و خوێندنەوە بۆ گشت کوڕ و کچەکان بە یەکسانی و دادپەروەری بە بێ جیاوازی لە سەر بنەمای ڕەگەزو شێوە و گەورەیی وبچوکی هتد بۆ ئەوەی هەموویان لە ناخەوە هەست بکەن کە خاوەنی شکۆ و ڕێزو تەقدیرن لە لایەن کەس وکاریان لەو کاتەدا بە دڵنیاییەوە خوشکان و برایان لە جیاتی ڕق لێبوونەوە یەکترییان خۆشدەوێت و یارمەتی یەکتر دەدەن، کە ئەمەش بە مایەی خۆشی و شادی بۆ خێزانەکان دەگەڕێتەوە.

2 – چارەسەری دووەم چارەسەرێکی بنبڕکەرە دوای ئەوەی، کە دایکان وباوکان کەوتنە هەڵەی جیاوازی کردن ئەویش بە لادانی جۆری جیاوازییەکەو دروستکردنی ژینگەیەکی شیاو و گونجاوە بۆ منداڵەکان بۆ گێڕانەوەی شکۆ و ڕێز بۆ ئەو منداڵەی کەوا خرابووە پەرگە و دواخرابوو لە ڕیزی پێشەوە بۆ

ئەوەی هەست بکات کە کەسێکی خۆشەویستە لە نێو کەس وکاری بۆ ئەوەی لە ناخەوە تێك نەشکێت وهەست بە بوونی ڕێزو حورمەتی خۆی بکات، و بۆ ئەوەی دایکان وباوکان یارمەتیدەری منداڵەکانیان بن بۆ چاکەکردن لە گەڵیان.

3 – خوێندنەوەی هەست و ناخی منداڵەکان و هەڵس و کەوت کردن لە گەڵ هەر یەکێکیان بەو شێوەیەی کەوا ناخ و دەروونی دەیخوازێت.

4 – دروست کردنی پڕۆژەی هاوبەش لە نێوانیان بۆ ئەوەی یارمەتی یەکتر بدەن و خۆشەویستی لە نێوانیان دروست ببێت.

5 – ئامۆژگاریکردنی ئەو منداڵەی، کە هەڵەیەك دەکات بە تەنها بۆ ئەوەی تووشی تێکشکان نەبێت لە نێو خوشك و براکانی.

6 – یەکسانی کردن لە نێوانیان لە پێدانی ڕێنمایی پاداشت و سزادانیان.

7 – ماف دان بە کچەکان لە گوزارشت کردن لە ڕاو بۆچونەکانیان وپشت گوێنەخستنیان لە سەر بنەمای ڕەگەزی.

8 – جیاوازی نەکردن لە نێوان منداڵەکان لە سەر بنەمای ڕەگەزو جوانی وزیرەکی و گەورەیی وبچوکی هتد.

کۆتایی و دەرەنجامەکان:

1 – رای پەسەندکراو وەك لە فەرموودەکان وەردەگیرێت واجیبە لە سەر دایکان و باوکان دادپەروەری و یەکسانی بکەن لە نێو منداڵەکانیان لە بەخشین و دیارخستنی خۆشەویستی بۆ ئەوەی ئیرەیی و ڕق و کینە لە نێویان دروست نەبێت، لەبەر ئەوە پێشینە چاکەکانمان لە ماچ کردنیش دادپەروەریان دەکرد لە نێو منداڵەکانیان، وەك لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە ئەنەس گێڕاویتیەوە: (أنَّ رجلاً كان عند النّبي -صلَّى الله عليه وسلَّم- فجاء ابن له فقبَّله وأجلسه على فخذه، ثمَّ جاءتْ ابنة له فأجلسها بين يديه فقال -صلَّى الله عليه وسلَّم- ألا سوَّيت بينهما) [1].

واتە: ((پیاوێك لە خزمەت پێغەمبەر بوو (د.خ) کوڕێکی هاتە لای ماچی کردو لە سەر ڕانی خۆی داینا، دوای ماوەیەکیتر کچێکی هات ئەوی لە لای خۆی لە سەر زەوی دانا بە بێ ئەوەی ماچی بکات، پێغەمبەرمان (د.خ) فەرمووی: خۆزگە یەکسانیت بکردبا لە نێوانیاندا؟)).

2 – پێغەمبەرمان (د.خ) خۆی بەم جۆرە بەخشینە رازی نەبووە، کە یەکسانی تێدا نەکراوە لە نێو منداڵەکان و فەرمانی کردووە بە ڕەدکردنەوەی.

3 – نادادپەروەری نێو منداڵەکان زەرەرو زیانی دەروونی زۆر لە خودی منداڵەکان دەدات، بە جۆرێك منداڵە نازهەڵگیراوەکە تووشی غروری دەکات و منداڵەکانیتریش تووشی بێهێزی و متمانە بەخۆنەبوون دەکات، وە زۆر جار دەبێتە هۆکاری لاری و لادانی منداڵەکە.

4 – دادپەروەری کردن لە نێو منداڵاندا پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ پەروەردەکردنیان بە شێوازێکی تەندروست و دوور لە تێکشکانی دەروونی ودروست بوونی ڕق و کینە لە ناخیان و تووشبونیان بە نەخۆشی دەروونی.

(1) ذكره في مجمع الزّوائد:156/8 ، كتاب البرّ والصّلة، باب ما جاء في الأولاد.

5 – یەکێك لە هۆکارەکانی دروست بوونی نادادپەروەری لە نێو منداڵەکان لەلایەن باوکیانەوە بوونی خۆشەویستی زیاتریەتی بۆ یەکێك لە خێزانەکانی ونەکردنی دادپەروەریە لە نێوان خێزانەکانی لە سەر ئەم بنەمایەو دواتر گرنگی دانی زیاترو بەخشینی زۆرتر بە منداڵەکانی ئەم خێزانەی، کە ئەمەش دیاردەیەکی باوە لە نێو کۆمەڵگاکان کە پێویستە تەرکیزی لە سەر بکرێت و هەوڵ بدرێت بۆ نەهێشتنی بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین لە شوێنەوارە خراپەکانی.

6 – پابەند نەبوونی هەندێك لە باوکان بە رێنمایەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە دابەشکردنی میرات لە نێو منداڵەکانیاندا لە کاتێکدا، کە خۆیان لە کاتی ژیانیاندا هەڵدەستن بە دابەشکردنی مااڵ و سامانیان و بێبەشکردنی کچەکان لێی، یان بێبەشکردنی کچەکان لەلایەن براو کەسوکاریان لە کاتی دابەشکردنی میرات بە شێوەیەکی گشتی، کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش هەمووی دەبێتە هۆکاری نەمانی خۆشەویستی لە نێواندا و دروست کردنی شوێنەواری خراپ لە سەر پەیوەندی نێوانیاندا.

لە کۆتاییدا هیواخوازم، کە ئەم نوسینە ببێتە مایەی پڕکردنەوەی کەلەنێك لەو کەلەنە خراپانەی، کە بوونیان هەیە لە پەروەردەکردنی منداڵ لە نێوان کۆمەڵگاکەماندا، وە کاریگەری خۆی هەبێت لە پاراستنی شکۆی خێزان و منداڵ.

وصلى الله على سيّدنا محمّد، وعلى آله وصحبه أجمعين.

جۆرەکانی تووندوتیژی خێزانی وکاریگەریان لەسەر پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگە بە گشتی

نووسینی

د.حسن خالد مصطفی موفتی

پرۆفیسۆر لە زانکۆی سەڵاحەدین/

کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان

hasan.mustafa@su.edu.krd

ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە: **(8) لاپەڕ**

کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردن: **(8) خولەك**

کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە: **(8) خولەك**

وتە

تورەیی هەموو شتێك دەڕوخێنێت،
لێبوردەی ڕێز و خۆشەویستی
دروست دەکەن

جۆرەکانی تۆندوتیژی خێزانی وکاریگەریان لەسەر پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگە بە گشتی

پێشەکی:

ڕەنگە لە یەکەم گوێبیستی دەستەواژەی تۆندوتیژی خێزانی، بەرامبەر وا تێبگات کە تەنها یەك جۆر تۆندو تیژی هەیە، ئەویش بریتیە لە لێدان وبەکارهێنانی هێز وتۆقاندن بەرامبەر ژن وخێزان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە یەك جۆر لە جۆرەکانی تۆندوتیژی خێزانیە، بۆیە لەم نوسینەدا هەوڵدەدین بە شێوازێکی فراوتر تیشك بخەینە سەر جۆرەکانی تۆندوتیژی خیزانی وکاریگەری نەرێنیان لەسەر پەروەردەی خێزانی بەم شێوەی خوارەوە:

جۆرەکانی تۆندوتیژی خێزانی

کاریگەری تۆندوتیژی خیزانی لەسەر پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگە،

پاشان بابەتەکە کۆتایی دێت بەباس کردنی چەند دەرئەنجام و پێشنیارێك

بەشی یەکەم : جۆرەکانی تۆندوتیژی خێزانی

جۆرەکانی تۆندو تیژی خیزانی دەبیت بەم بەشانەوە:

تۆندوتیژی پیاو بەرامبەر ژن

تۆندوتیژی ژن بەرامبەر پیاو

تۆندوتیژی ژن و پیاو بەرامبەر منداڵەکانی

تۆندوتیژی منداڵان بەرامبەر دایك و باوکیان

هەریەك لەمانەش دەبن بە دوو بەش (ڕاستەوخۆ ، ناڕاستەوخۆ)

لەڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە هەر تۆندوتیژیەك ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەلایەی هەریەکێکەوە سەرچاوەی گرتبێت مەحکوم کراوە ونادروستە، مەحکوم کردن و نادروستیشی لە ئایتەکانی قورئانی پیرۆز وفەرمودەکانی پیغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) سەرجاوەری کرتوە .

ئەگەر سەیری قورئان بکەین خوای گەورە لە چەندین ئایەتدا هانی موسڵمانان دەدات کە نەرمونیان وخۆڕاگر بن لە هەڵسوکەوت ومامەڵەکانیاندا بەگشتی لەو ئایەتانە : ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِى ٱلْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾ ﴾ آل عمران: ١٥٩ واتە: (ئەی خۆشەویست لە سۆز و میهری خواوەیە کە نەرمونیان لە گەل خەڵک بەگشتی و هاوەلانت بە تایبەتی، خۆ ئەگەر وانە بوایە قسەت زبر و دڵ ڕەق بوای بێ گومان ئەوان دوورەدەکەتنەوە لێت، هەر چۆن پێشتر لێبوردە بوی هەرواش لێبوردە بە داوای لێخۆشبونیشیان بۆ بکە لە خوای گەورە چونکە تۆ وەسیلەی لێخۆشبونی پەروەردگاریت، هەروەها موشاورەشیان پێ بکە لە بابەتەکانی دونیاییدا)

2-﴿ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا ﴾ الكهف: ١٩

واتە نەرم و نیان بە لەگەڵ خەڵک و خۆت دەرمەخە، هەرچەند ئەمە باسی هاوەڵانی ئەشکەوتە، بەڵام حیکمەتێکی مەزنی تێدایە، پێویستە مرۆڤەکان لەتەك یەکدا نەرم و نیان و میانرەو بن تووندوتیژی نە بە ئاشکرا نەشاراوە نە ڕاستەوخۆ نە ناڕاستەوخۆ لەگەل یەك بەکار نەهێنن

3-﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱدْخُلُوا۟ فِى ٱلسِّلْمِ كَآفَّةً ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٠٨﴾ ﴾ البقرة: ٢٠٨

واتە: ئەی گرۆی باوەردارن، تێکڕا بچنە دائیرەی ئاشتیەوە، دوای هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون چونکە بەرەوە هەلدێر و عاقیبەت شەڕێتان دەبات چونکە شەیتان دوژمنێکی ئاشکرا تانە،

کەواتە نەرمونیانی وەسیلە وئامرازە بۆ ئەوەی خوای گەورە لێمان خۆشببێت، کەواتە هەرکەسێك تووندو تیژ بوو لەهەلسوکەوتیدا دوور دەکەوێتەوە لە رحمەتی خوای گەورە و لەسەر رێی شەیتاندا دەروات و لەگەل ویدا حەشر دەکرێت، خوا بمانپارێزیت.

لە روانگەی سوننەتی پێغەمبەری نازداریش(صلى الله عليه وسلم) دەیان دەقی راست ودروست هەیە، کە ئامۆژگاری باوەڕداران دەکات کە نەرمونیان بن و توڕە نەبن وزەبر وزەنگ بەکار نەهێنن، بەتایبەت لەگەل تاکەکانی خێزاندا، چونکە ئەگەر تاکەکان لێبوردە بوون، ئەوا بێگومان خێزانیش لێبوردە دەبیت، هەر کاتی خێزان دورکەتنەوە لە تووندوتیژی وزەبر و زەنگ، ئەوا کۆمەلگەیەکی نەرم ونیان وپر سۆز ومیهرەبانی لێ دروست دەبیت، چونکە لەزانستی کۆمەلناسیدا دەلێت خیزان یەکەم خشتی دروستکردنی کۆمەڵگەیە ئەگەر خشتەکان چاك رێك بوون ئەوا کۆمەلگەکەش جاك وپاك دەبێت، ئەگەرنا بە پێچەوانەوە خراپ دەبێت.

هەندیك لە دەقەکانی فەرمودە:

عن ام المؤمنين سيدتنا عائشة رضي الله عنها (إن الله رفيق يُحب الرفق في الامر كله) صحيح البخاري برقم (6528)

واتە: لەدایکی ئیمانداران عائیشە رزای خوای لیبی لە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر دەگێرێتەوە، کە فەرمویەتی خوا بەرامبەر بەندەکانی بە سۆز و میهرەبانە پێی خۆشە بەندەکانیشی لە هەموو کار و کردەوەیەك لەگەل یەك بە سۆز و میهرەبان بن.

عن ابن مسعود رضي الله عنه (ليس المؤمن بالطعان ولا اللعان و لا الفاحش والبذئ.) رواه الترمذي في سننه 187/4 برقم /1977

واتە لە بڕوادارن نیە ئەو کەسەی تانە و تەشەر و جنێو فڕۆش بێت ، یان قسەکانی زبر و بریندارکەر بێت، یان قسەی سوك و نەشیاو بکات ، چونکە ئەو ڕەوشتە دوورە لە بڕواداری تەواو . (بێگومان جۆرێکی توندوتیژیش بریتیە لە توندوتیژی زمان و ئاخاوتن، کە لەم فەرموودە دا بەتەواوی قەدەغە کراوە)

خوێنەری بەڕێز بەم بەڵگانەی سەرەوە دەرکەوت کە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام پەیرەوێکی میانڕەو ونەرمونیانی هەیە لە هەڵسوکەوتدا وە ستراتیژیەتی سۆز ومیهرەبانی ودورکەوتنەوە لە توندوتیژی ئامانجیەتی لە نێوان مرۆڤەکان بە گشتی وخێزان بە تایبەتی لە پێناو بەرقەراربونی ئاشتی کۆمەلایەتیدا، چونکە وەك باسمان کرد ئاشتی کۆمەڵگە بەندە بە ئاشتی خێزانەکان، ئاشتی خێزانەکانیش بەندە بە ئاشتی و دورکەوتنەوەی تاکەکان لە توند وتیژی بەو دابەشکردنەی کە لە سەرەتادا باسمانکرد .

واتە نابێت و ناکرێت پیاو توندوتیژ بیت بەرامبەر ژنەکەی، وە بە پێچەوانەوەش نابی ژن توندوتیژ بێ بەرامبەر پیاوەکەی، چونکە ئامارەکان وا نیشان دەدەن چەند پیاو توندوتیژی بنوێنی ئافرەت زیاتر توندوتیژتر دەبێ بەرامبەر پیاوەکەی.

بۆیە پێویستە لەهەردوولا ئاشتی و سۆز هەبێت و هەردوو جەمسەر چاکسازی و تەبایی و یەکتر خوێندنەوە و ڕێز وحورمەت بۆ یەك بنوێنن، کورد وتەنی (چەپلە بە دەستێك لێنادرێت).

بەڵێ بەرپرسیارەتی پیاو زیاترە و قیوامە و نەفەقە و کۆنترۆڵکردنی خێزان راستەوخۆ دەکەوێتە سەرشانی ئەو، بەڵام ئەو راستیەش ناشاردرێتەوە کە ژن و منداڵیش کە گەورە دەبن بەرپرسیارەتی دەکەوێتە سەر شانیان ودەبێ ئەو بەرپرسیارەتیە هەڵگرن، خۆیان وخێزانەکانیان دوور بگرن لە هەر کار و کرداریك وهەڵسوکەوتیك کە دەبێتە هۆی تۆندو تیژی خێزانی .

هەر لەبەر ئەو هۆیەشە پێغەمبەر خۆشەویست (سلاوی خوای لەسەر) هانی موسڵمانان دەدا کە چاکەخواز بن لەگەڵ خۆیان و خانەوادەکانیان.وەك دەفەرموێت

(خيركم خيركم لاهله ،وانا خيركم لأهلي) وفي رواية (خيركم ،خيركم للنساء)وفي رواية (ما اكرم النساء الا كريم ولا اهانهين الا لئيم) الجامع الصغير للسيوطي 2/131-132 تحت ارقام (4100،411،412) واتە: باشترینتان، باشترینتانە بۆ ماڵ ومنال وخێزانی و منیش باشترینتانم بۆ خێزانەکەم. و لە ریوایەتیکی تردا هاتوە (باشترینتان، باشترینتانن بۆ خێزانەکانتان) و لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێت (هیچ کەسێك نیە، کە ڕێز لە ژن بگرێت مەگەر ئەو کەسە مرۆڤێکی کەریم و بەخشندەیە، و هیچ کەسێکیش نیە کە سوکایەتیان پێ بکات مەگەر ئەو کەسە بۆ خۆی لەئیم و ناکەس بە چەبێ).

بەشی دووەم: کاریگەری توندو تیژی لەسەر پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگە.

ئاشکرایە دەستەواژەی توند و تیژی ناوی بە خۆوەیە بەڵێ توند و تیژی لە نیوان ژن و پیاو یا خوشك و برا یا برا و برا یان باوك و منداڵ تیکڕای ئەم حاڵەتانە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ئێستا و داهاتوی خێزان بەرە و فەوتان دەبات و بەرەو ناجێگیری و لێکترازانی دەبات بۆیە پێویستە بەدەرەجەی یەکەم دواتر ژن دواتر کج و کور زۆر بە وردی و میهرەبانی و نەرم و نیانی مامەڵە لەگەڵ یەك بکەن بە مەبەستی دروستکردنی خێزانێکی بەختەوەر و دووربون لە لێکترازانی خێزانی .

بەکارهێنانی هێز وتوندوتیژی خێزان بەرەوە لێکترازاتن دەبا کە کۆتایەکەی پەشیمانی بەدوا دێت تەنانەت ئەگەر بە تەڵاق و جیابونەوەش بێت، چونکە ئەگەرچی تەڵاق بە ریگەی خۆی دروستە بەڵام کارێکی ناپەسەندیشە لای خودا وەك لەفەرمودەی ابن عمردا هاتوە رضي الله عنه

(ابغض الحلال الى الله الطلاق)رواه ابو داود وصححه الحاكم ورجح ابو حاتم والدارقطني والبيهقي إرسلةنبط سُبل السلام 38/5)

بە پێچەوانەوەشە هەرخێزانێك نەرم و نیان و تەبا بن لەگەڵ یەك ئەوا دەبنە هۆی پێشرەوی بۆ خێزانەکانی تریش، بەم جۆرە کۆمەڵگایەکی دور لە توندوتیژی و پڕ لە نەرم نیانی دروست دەبێت.

کۆتایی

لەمە بۆمان دەردەکەوێت کە:

جۆرەکانی توند وتیژی چەندین حاڵەت و شێواز لە خۆ دەگرێت، تەنیا پیاو بەرامبەر ژن توندوتیژ نیە ، ئیستا بەهۆی بونی ئەو ریکخراوانەی ئافرەتان وخراپ سود لێومرگرتنیان ئافرەتانیش توندو تیژ بوونە ، بەهۆی جڵەو شلکردنیش لە ماڵەوە وماموستا لە قوتابخانە دا منداڵەکانیش توندوتیژ بوونە ، ئاستی ڕەوشت وئەدەبی خێزانیش زۆر دابەزیوە ولە ئاستێکی ترسناك دایە کە پێویستە لایەنە پەیوەندی دارەکان بە ئەرکی خۆیان هەستن و هۆیەکانی توندوتیژی کەم بکەنەوە .

ئاینی ئیسلام بە هەندەوە سەیری خێزان دەکا وپێی سەنتەرە لە کۆمەڵگە، بۆیە هەموو توندوتیژیەکی خێزانی ڕەت دەکاتەوە .

چەندە خێزان تەبا و نەرم و نیان بێ لەگەڵ یەك، ئەوەندەش کۆمەڵگە زیاتر تەبا و ئاسودە دەبیت وئاستی پەروەردە بەرزتر دەبێتەوە، بۆیە لەسەر هەموولایەك پێویستە گرنگی بدەین بە نەهێشتنی هۆیەکانی توندوتیژی.

پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن لەهەموو ئاستەکاندا گرنگی بدات بەم باسە وکۆمەڵگە لە مەترسیەکانی توندوتیژی ئاگاداربکاتەوە کە هەمووان ئاسارەکانی خراپی توندوتیژی ڕۆژانە دەبیستین.

پ.د.حسن خالد موفتی

کاریگەری دەستوەردانی نزیکان لە دروستبوونی کێشە خێزانیەکان -هۆکار و چارەسەر -

نووسینی
پ.ی د. إبراهیم أحمد سەنگەسەری
لە زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان
ibrahim.sulayman@su.edu.krd

ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە: **(15) لاپەڕ**
کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردن: **(15) خولەك**
کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە: **(12) خولەك**

وتە

باوك با ڕۆڵی باوکایەتی خۆی ببینێت وکوڕیش با ڕۆڵی کوڕایەتی خۆی ببینێت

کاریگەری دەستوەردانی نزیکان لە دروستبوونی کێشە خێزانیەکان

- هۆکار و چارەسەر -

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وصلى الله وسلّم وبارك على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه والتابعين لهم بإحسان إلى يوم الدين، وبعد:

خێزان بێشکەی یەکەمی پەروەردە و پێگەیاندنی مرۆڤە، بەدرێژایی ژیان و ئاستە جۆراو جۆرەکانی، مرۆڤ پێنانێتە بێشکەیەتی تر لە سۆز و گەرموگوڕی و دڵسۆزی خۆی لەقەدی خێزان بدات، و تا دواساتەکانی ژیان گاریگەریەکانی ئەم بێشکە لەسەر تاك دەمێننەوە.

چەمکی خێزان:

زاناو پسپۆڕان پێناسی جۆراو جۆریان بۆ خێزان کردووە، مصطفى الخشاب جوان بۆی چووە، کە گوتویەتی: ((خێزان بریتیە لە کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی رێکخراو، ئەرکی سەقامگیری و پێشکەوتنی لەسەرە)) [1].

گوتراویشە: خێزان بریتیە لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، کە لەبەیەکگەیشتنی پیاو و ئافرەت بەگرێبەستێك سەرچاوە دەگرێت، بەمەبەستی دروستکردنی بەردێکی تری پێکهێنانی کۆمەڵگاوە گرنگترین کۆڵەکەکانی خێزان بریتین لە: (پیاو ئافرەت منداڵ).

(1)عاطف غيث، علم الاجتماع النظم، دار المعارف، بيروت – لبنان، ج2 ص: 6.

ئەرکی خێزان:

پـــــــــــــەروەردن خێزانـــــی کـــــردووە بـــــە بوخچەیـــــەکی لێـــــوان لێـــــو لـــــە ســـــۆزی بێســـــنووری، بـــــــەجۆرێك خێزانـــــــــی کردۆتـــــە هێلانەیـــــەك تێیـــــدا پیـــــاو ژن لەگـــــەڵ گەیشـــــتن بـــــەو هێلانـــــە زێڕینـــــە، بـــــەرگی دڵـــــەڕاوکێی قۆنـــــاغی زگـــــوردی دادەمـــــاڵن، کـــــاڵای ئاســـــوودەیی و ئـــــۆقرەیی دەپۆشـــــن، جـــــا لێـــــرەدا رۆڵـــــی پرســـــۆزی خێـــــزان تـــــەواو نابێـــــت، بـــــەڵکو دەبێتـــــە کارگەیـــــەك کـــــاڵای ســـــۆز و ئاســـــودەیی و ئـــــۆقرەیی بـــــە بـــــاڵای منداڵ و وەچە و نەوەکانی داهاتووشیان دەپۆشێت.

پەروەردن ئایاتی موقەددەسی لەمبارەوە فەرمووە لەوانە: ﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾﴾ الروم: ٢١

واتـــە: لـــەنیشـــانانی زاتـــی خودایـــە لـــەخۆتان جـــووتی بـــۆ دروســـت کـــــردوون، وئـــــەوین وبـــــەزەیی خستۆتە نێوانتان .

شەیتان و جەنگی نەبڕاوە دژ بە هێلانەی ئەوین

کاتێک پەروەردگار کاڵای ڕێزی بەخشیە مرۆڤ، و شەیتانیش خۆی دووچاری نەفرەتی نەبڕاوەی خودا کرد، ئەوکات شەیتان جەنگی نەبڕاوەی دژ بە مرۆڤ بڕیاردا، خودا لەمبارەوە دەفەرموێت ﴿قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾﴾ ص: ٨٢ - ٨٣ ، واتە: (سوێند بەعیززەتت هەموویان لەخشتە دەبەم، وگومڕایان دەکەم، تەنها بەندە موخلیسەکانت نەبێت).

باوکە ئادەم و دایکە حەوا تاڵاوی فێڵی شەیتانیان چێژتووە چەند ساتێك بەهۆی فێڵی ئەم دوژمنە پۆشاکیان لەدەستدا، هەر ئەوەندەشنا بەڵکو لەبەهەشتەوە بۆ دونیا شۆڕبونەوە، خودا لەمبارەوە دەفەرموێت: ﴿فَدَلَّاهُمَا بِغُرُورٍ ۚ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْءَاتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ ۚ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَا إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٢﴾﴾ الأعراف: ٢٢

واتە: (ئەوانی فریودا تا لەدارە قەدەغەکراوەکە بخۆن) جا کە، لەو دارەیان چێشت، عەیب وعاریان دەرکەوت، و هەر زوو کۆششیان کرد بەگەڵای بەهەشت خۆیان داپۆشن، پەروەردگار بانگیکردن: ئەدی لەوداره نەمترساندن، و پێم نەگوتن شەیتان دوژمنێکی سەرسەختی ئێوەیە.

ئەم دوژمنکاریەی شەیتان بۆ مرۆڤ گشتگیرە، بەڵام لوتکەی جەنگەکەی لەگەڵ خێزانە، تا ئارامی و ئۆقرەییان لێ بستێنێ ، پەیامبەر – درووەی خوای لەسەر – دەفەرموێ: (إِنَّ الشَّيْطَانَ لَيَضَعُ عَرْشَهُ عَلَى الْمَاءِ، ثُمَّ يَبْعَثُ سَرَايَاهُ فِي النَّاسِ، فَأَقْرَبُهُمْ عِنْدَهُ مَنْزِلَةً أَعْظَمُهُمْ عِنْدَهُ فِتْنَةً، يَجِيءُ أَحَدُهُمْ فَيَقُولُ: مَا زِلْتُ بِفُلَانٍ

حَتَّى تَرَكْتُهُ وَهُوَ يَقُولُ كَذَا وَكَذَا. فَيَقُولُ إِبْلِيسُ: لَا وَاللَّهِ مَا صَنَعْتَ شَيْئًا. وَيَجِيءُ أَحَدُهُمْ فَيَقُولُ: مَا تَرَكْتُهُ حَتَّى فَرَّقْتُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ أَهْلِهِ (2) قَالَ: فَيُقَرِّبُهُ وَيُدْنِيهِ وَيَلْتَزِمُهُ، وَيَقُولُ: نِعْمَ أَنْتَ) رواه مسلم في صحيحه".

واتە: شەیتان کۆشکی حوکمی لەسەرئاو دادەنێت، پاشان شانەکانی بۆ ناو خەڵکی بەڕێدەکا، جا لە هەموویان نزیکترلێی ئەوشانەیە، کە گەورەترین ئاشووب دەنێتەوە، یەکێکیان دێت و دەڵێت: بەردەوام بەدوای فلانەکەسەوە بووم تا وام لێکردن ئاواو ئاوا بڵێ – مەبەست لێی وتەی ناشەرعیە- شەیتان دەڵێ: بەخوا هیچت نەکردووە، تا یەکێکی تریان دێ و دەڵێ: وازم لێنەهێنا تا ناکۆکیم خستە نێوان ئەوو خێزانەکەی، ئەوجار شەیتان لەخۆی نزیکی دەکاتەوەو دەڵێ: تەنها کاری تۆم بەدڵە.

لەم فەرموودە دەردەکەوێت گەرمترین گۆڕەپانی جەنگی شەیتان لەگەڵ ئادەمیزاد بریتیە لە خێزان، کەواتە هەروەکو مسوڵمان قەناعەتی هەیە شەیتان وەسوەسە دەخاتە دڵی باوەڕدار تا باوەڕی لەق بکات، بەهەمان شێوە پێویستە قەناعەتیشی هەبێت کە شەیتان لەخێزانە ئارامەکان لەسەنگەردایە.

ئەم فەرموودە ئەوەش دەگەیەنێت کە ئەوانەی دەستیان لە شڵەژان و ترازان و پشێوی خێزانەکان هەیە، پلانی شەیتان جێبەجێ دەکەن، و هەست بەخۆیان ناکەن بوونە بەشێك لە سەربازانی شەیتان.

پیاو بەرپرسی یەکەمە لە خێزانەکەی

ئافرەت هەمیشە عەوداڵی ئەوەیە پیاوێك ببێتە هاوسەر و هاوژینی تاپێکەوە ژیان بەرنە سەر و راز و نیاز بۆیەکدی بکەنەوە، لە هەمان کات پیاوەکە ببێتە قەڵایکی بەهێز بۆ خێزانەکەی ومنداڵەکانی.

هەر لەسەر بنەمای ئەم فیترەتەیە پەروەردگار ئەرکی پاراستنی خێزانی خستۆتە سەرشانی پیاو، وەکو فەرموویەتی: ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ ﴾ النساء: ٣٤ واتە: پیاوان دەسەڵاتیان بەسەر ئافرەتانەوە هەیە.

بەڵام لەلایەکی تریش ئیسلام پێمان دەڵێت رەخساندنی کەشێکی پر سۆز و پاراستنی هێمنی لە ناو خێزان ئەرکێکی هاوبەشی پیاو و ئافرەتە، لەمبارە پەیامبەر -درووەدی خوای لەسەر-دەفەرموێت: (...وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ، وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى بَيْتِ بَعْلِهَا وَوَلَدِهِ، وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْهُمْ، أَلَا فَكُلُّكُمْ رَاعٍ، وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ » رواه مسلم في صحيحه " برقم: 1829.

واتە: (پیاو ئەمینداره لەبەرامبەر خێزانەکەی ولێپرسراوە لەئاستیان، و ئافرەت ئەمینداره لەبەرامبەر هاوسەرو مااڵ ومنداڵی وبەرپرسیشە لەبەرامبەر ئەم ئەرکە).

لەم فەرموودە دەردەکەوێت: خێزان پێویستی بە ئەرك و بەرپرسیارێتی هەیە، بەجۆرێك پیا وو ئافرەت لەبەردەمیان لێپرسراوون، هەر لەچوار چێوەی ئەم

بەرپرسیاریەدا پێویستە پیاوو ئافرەت بەوپەڕی بوێریەوە بتوانن ڕێ بەهیچ کەس نەدەن دەستبخاتە کاروباری ئەم هێلانە ناسکە تازە پێگەیشتووە، کە زیانبەخشبێت، جا ئەم کەسە هەرپلەو پایە و نزیکیەکی هەبێت لەپیاو و ژن.

خێزانداری قۆناغێکی تازەیە و ئەرکی کەسانی تری پێوە بەندە.

قۆناغی خێزانداری زۆر جیاوازە لەقۆناغی بەر لەهاوسەرگیری، چونکە لەم فەرموودەی سەرەوە دەردەکەوێت پیاو سەرباری ئەرکەکانی لەمەڕ باوک و دایک وخوشک و براو خزمانی تر، ئەرکی کەسێک کە تادوێنی پەیوەندیەک نەبووە، ئەمڕۆ -بەگرێبەستی ژن خوازستن- ئەرکێکی سەرەکی تریشی کەوتە ئەستۆ، کە بریتیە لە ئەرکی ئافرەت لەسەر پیاو و ئەرکی پیاو لەسەر ئافرەت، هەستکردن بەم بەرپرسیاریەتیە زۆر گرنگە بۆ هەردوو لا.

کێشە خێزانیەکان و دەستوەردانی نا حەکیمانەی خزمان

کێشە خێزانیەکان هیچ کەس لێی پارێزراو نیە، بەبەڵگەی بوونیان لەناو پاکترین و گەورەترین خانەوادەی سەر زەوی، کە بریتیە لە خانەوادە پێغەمبەر ﷺ هەروەکو لەچەند ئایەت وفەرموودە ئاماژەی پێدراومو هاتووە، هەورەك ئەم یایەتانە ئاماژەی پێدەکەن:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدۡنَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيۡنَ أُمَتِّعۡكُنَّ وَأُسَرِّحۡكُنَّ سَرَاحٗا جَمِيلٗا ٢٨ ﴾ الأحزاب: ٢٨

واتە: ئەی پەیامبەر بەخێزانەکانت بڵێ ئەگەر حەزتان بەژیانی دونیاو رازاندراوەکانیەتی، وەرن با هەقی خۆتان پێبدەم و بەجوانی بەرێتان کەم، خۆ ئەگەر خواو پەیامبەریشتان مەبەستە، ئەوا خوا بۆ چاکەکاران لەئێوە پاداشتی گەورەی داناوە.

هەرکەسێك بەچاوی ژیری سەیری مژووی دوورو نزیك بکات ئەمەی لەپێشچاو رووندە.

هەندێك خۆشەویستی بکوژە (ومن الحب ماقتل)

ئەم پەندە جوان ساغدەبێتەوە بەسەر ئەو دایك و باوك و خوشك و برا وخزمانەی ئەوەندە دەست دەخەنە ناو کاروباری هێلانەی تازەی کورِو کچانیان تا وێرانیان دەکەن و ئاوات بەمردن دەخوازن، و نمونەش لەدوورو نزیك زۆرن.

لەمشارە: پێش چەند ساڵ گەنجێك لەهەولێر قوتابي کۆلیژی پزیشکییە ژن دێنێت، وژیانیان بێ کێشەیە، بەڵام سۆزی بێسنوورو هەڵەی دایکی کچەکە ژیانی تێکدان، چونکە دایکەکە سوور بوو کەدەبێت کچ وزاواکەی لەگەڵیاندا بژین و قبوڵی نەکرد کچەکەی لێی دوور کەوێتەوە، بێگومان زاواکەی رازی نەبوو، بەداخەوە سۆزی هەڵەی ئەم دایکە بوو بە خەنجەرێکی ژەهراوی و هێلانە تازەکەی کچەکەی ئەنجن ئەنجن کرد!

سەرچاوەی کێشە

زۆربەی ئەوانەی کێشە بۆ ئەوانی تر دروست دەکەن، مەبەستیان خراپە و ئازاردانی خەڵکیە، بەڵام خزمانی کێشەچی بەپێچەوانەوە، مەبەستی خراپیان نیە، بەڵکو هەڵە بەکارهێنانی سۆزو خۆشەویستی بۆ کورِو کچ یان براو خوشك و دەبێتە سەرچاوەی کێشە، کەلەمانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

یەک: خۆشەویستی و سۆزی بێسنوور بۆ کوڕ و کچ، هەستێکی هەڵە دروستدەکات، کە هەروەک تا پێش هاوسەرگیری ئاگایان لە وردو درشتی کوڕەکەیان یان کچەکەیان بووە، پێویستە لەسەر هەمان هەست بەردەوام بن، بێئاگا لەوەی کەسەکەیان بە هاوسەرگیری پێی ناوەتە قۆناغێکی تازە، جیا لەژیانی جاران، مافی کەسێکی تری پێوە بەندە، قۆناغەکە دەخوازێت سۆزی جاران بەجۆرێکی تر دەربېرن.

دوو: متمانە نەبوونی خێزان بەکوڕ و کچ، کە تازە هاوسەرگیریان کردووە، بەجۆرێك دەبێتە پاساوێك بۆ دەستوەردان لە ورد و درشتی ئەو خێزانە تازە، تا وای لێدێت خێزانەکە سەنتەر لەدەستبدات و لەچەندلاوە ئاراستە بکرێت، لە ئەنجامدا گرفت دەکەوێتە نێوان پیاوو ئافرەت و ئاسوودەییان دەلەقێت.

سێ: غیرە کردن لەوکەسەی وا گومان دەبرێت کوڕ یان کچەکەیانی لێستاندوون، بۆیە ماڵی کوڕ غیرە لەبوکەکەیان دەکەن، بەگومانی ئەوەی کوڕەکەیانی لێسەندوون، هەمان هەستیش بەرامبەر بەزاوا لەمەڕ ماڵی کچە، ئنجا ئەم هەستە نادروست و گوماناوییە بەرینترین دەرگای ئێرەیی و گومان لەبەردەم کەس و کاریان دەکاتەوە و دەبێتە سەرچاوەی بەردەوامی کێشە لەو خێزانەو کەسانی دەوروبەر.

چوار: بەد گومانی بەرامبەر بوک یان زاوا گوایە دەیەوێت ستەم لە کوڕ یان کچیان بکات و لەوانی دوور بخاتەوەو لە کەسانی خۆی نزیکی بخاتەوە، یان بوکەکەیان سەرچاوەی بەهەدەردانی سامانی کوڕەکەیانە.

پێنج: داواکردنی مالّی سەربەخۆ لەلایەن ئافرەت، کە بەهەوڵێکی ناڕەوا لەلایەن زۆرێک لە مالّی باوکی کوڕەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، دەبێتە سەرچاوەو سەرەتای کێشە لەنێوان مالّی کوڕ و باوک و لێکەوتەی خراپی دەبێت لەسەر متمانەی نێوانیان.

گشت ئەوانەی سەرەوە سەرچاوەی کێشەن بۆ خێزانە تازەکان، کە بەداخەوە لەلایەن خۆشەویست و کەسانی نزیکەوەن.

پەیامبەر دروودی خوای لەسەر پێشەنگمانە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هێلانە تازەکان

بە ورد بوونەوەو بەدواداگەڕان لە سیرەتی نورینی سەروەرمان دروودی خوای لەسەر جیهانێک لەسۆزو متمانە بەرامبەر خێزانە تازەکان بەدی دەکەی.

بابەیەکەوە بچینە خزمەتی:

پەیامبەر صلی الله علیه وسلم لەمەککە و پاش بوونی بە پێغەمبەر خاتوو روقییەی کچی لە ئیمام عوسمانی کوڕی عەففان مارە دەکات، و دایکی مسوڵمانان خدیجە خوالێی رازیبێ کارەکان ڕێکدەخات و لەکاتی گواستنەوەیدا ئەم

بەیتەیان بەسەردا دەخوێندنەوە: (أحسن زوجين رآهما إنسان.... رقية وزوجها عثمان)، واتە: باشترین ژن و مێردن بیندرابن روقییە و پیاوەکی عوسمانن.

بەیەکەوە و بۆ یەکەمجار بۆ حەبەشە، و اشان بۆ مەدینەش کۆچ دەکەن، تاجەنگی بەدر خاتوو روقییە نەخۆش دەکەوێت و پێغەمبەر ﷺ روخسەت دەدات بە ئیمام عوسمان لای خاتوو روقییە بمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی مژدەی سەرکەوتن دەگاتە مەدینە، خاتوو روقییە وەفات دەکات و دەینێژن.

ئیمام عوسمان بەکۆچی خۆشەویستەکەی زۆر دەڵتەنگ دەبێت، هەروەك خۆی دەگێڕێتەوە: (بكيت بكاء شديدا فقال رسول الله ﷺ ما يبكيك، قلت: أبكى على انقطاع صهري منك. قال: فهذا جبريل يأمرني بأمر الله أن أزوّجك أختها ..)[1] ، واتە: لەپاش مردنی خاتوو روقییە زۆر گریام، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموم: بۆ دەگری، وتم: بۆ پچڕانی خزماتیەتی و زاوایەتی تۆ دەگریم! فەرمووی: ئەوە جبریلە بەفەرمانی خوا فەرمانم پێدەکات خوشکەکەی (أم كلثوم) ت لێ ماردبەکەم.

لەریوایەتێکی تردا هاتووە، کە ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە: (أن رسول الله ﷺ أتى عثمان عند باب المسجد فقال: " يا عثمان هذا جبريل يخبرني أن الله زوجك أم كلثوم بمثل صداق رقية، وعلى مثل صحبتها)[2]

واتە: پێغەمبەر ﷺ لە دەرگای مزگەوتەوە بۆ لای ئیمام عوسمان هات وفەرمووی: ئەی عوسمان ئەوە جبریلە، هەواڵم پێدەدات، کە خوا سبحانە

(1) رواه محب الدين الطبري في ذخائر العقبى في مناقب ذوى القربى ل: 166

(2)أخرجه ابن ماجه في سننه، برقم: 110.

وتعالىئوم كلثومى پێداى، بەهەمان مارەيى روقيه - خوا لێيان رازى بێت- و بەهەمان رەوشت و هەڵسوكەوتى ئەو.

لەكاتى شووكردنى خاتوو ئوم كلثوم - خوا لێى رازى بێت- دايكى مسوڵمانان خديجه نەمابوو، تا بووكى لێوان لەشەرم و شكۆ بەرێكا، بۆيە پێغەمبەر – دروودى خواى لەسەر – داوا لەم ايمن دەكات ئەم ئەركە بگرێتە ئەستۆ، هەروەك دايكى مسوڵمانان عائشه دەفەرموێت: (لما زوج النبي ﷺ بنته أم كلثوم، قال لأم أيمن: هيئي ابنتي أم كلثوم، وزفيها إلى عثمان، وخفقي بين يديها بالدف، ففعلت ذلك. فجاءها النبي ﷺ بعد الثالثة، فدخل عليها، فقال يا بنية: كيف وجدت بعلك قالت خير، بعل فقال النبي ﷺ: أما إنه أشبه الناس بجدك إبراهيم وأبيك محمد صلى الله عليهما) [1]

واته: ئيمام عوسمان و خاتوو ئوم كلثوم زۆر بەيەكەوە نەمان و خاتوو ئوم كلثوميش كۆچى دوايى كرد، ئەوكات پێغەمبەر ﷺ سەرباری دڵتەنگى بەوەفاتى كچەكەى، دڵى لاى ئيمام عوسمان بوو، تا رۆژێك فەرمووى: (.. ألا أبا أيم أو أخاها يزوج عثمان، فلو كانت عندنا ثالثة لزوجناه) [2] واته: (ئەرێ كەس نيە كچى يان خوشكى لە عوسمان مارەبكا، خۆ كە كچى سێيەميشم هەبوايە لێم ماره دەكرد، لە ريوايەتى تردا هاتووە: ئەگەر چل كچم هەبوايە يەك لەدواى يەك لە عوسمانم ماره دەبڕين)[3].

ئەم چەند فەرموودەو ريوايەتە بەجوانى و راشكاوى رەوشتى پێغەمبەر ﷺ بەرامبەر بە ژاواو كچێك تازە شوو دەكات دەردەخات، **كە گرنگترين خاڵ ئەمانەن:**

(1) رواه ابن عساكر في تأريخ دمشق ج: 39 ل: 28.

(2)رواه ابن عساكر في تأريخ دمشق، ج: 39، ص: 48،

(3)(الروضة النضرة في مناقب العشرة 11/3.

یەک: لەسەرەتای دروست بوونی خێزانێک پێویستە لەسەر باوک و دایک یان سەرهەرسەرپەرشتیارێک، چاودێری هەنگاوە سەرەتاییەکان بکەن، چونکە ناسکرتین و کاریگەرترین هەنگاوەکانن لەسەقامگیری هەر خێزانێکی تازە، ئەم چاودێری کردنەش بچێتە چوارچێوەی پتەوترکردنی ئەم خێزانە، هەروەک پێغەمبەر ﷺ پاش ئەوەی لە خاتوو ئوم کلثومی پرسی لەچۆنیەتی پەیوەندیان لەگەڵ ئیمام عوسمان، دواتر پێی فەرموو: (لەگەڵی باش بە، چونکە زۆر بەمن دەچێت).

دوو: پێویستیشە لەسەر زاوا ئەوەندە باش بێت لەگەڵ خێزان و کەس و کاری، بە ئەندازەی باشی ئیمام عوسمان، چونکە ئەگەر لە لوتکەی باشیدا نەبا، پێغەمبەر ﷺ کچی دووەمیشی پێنادات و پاش وەفاتی دووەمیش نافەرموێت: (کە سێیەم یان زیاتریشم هەبا لێم مارە دەکرد)

کامیان باشترە چاودێری کردن یان پشتگوێ خستن

(خير الأمور أوسطها) پشتگوێ خستنی بوک و زاوا پەسەند نیە، چونکە لەژیانی نوێدا تازە پێدەگرن، بۆیە ئامۆژگاری کردنیان سوودی زۆرە، بەڵام ئامۆژگاریەک ئاوێتەی متمانە بێ، بوک یان زاواش بەئەندامێکی ڕەسەنی خێزانەکەیان بزانی و بەترس و دڵە راوکێ لێی نەڕوانی.

هەڵوێست لەگاتی بوونی کێشە لە خێزانە نزیکەکانمان

لەپێشەوە باسمانکرد، کە کێشەخێزانیەکان کەس لێیان بەدەر نیە، بۆیە ئەگەری ڕووداتی کێشە لەنێوان خێزانە تازەکان زۆرە، بەڵام بێگومان نابێت دەستەوسان لەبەرامبەریان بوەستین،

بنەما زێڕینەکانی هەڵسوکەوت لەگەڵ هێلانە تازەکان، (بێگانەی دوێنێ و کوڕو کچی ئەمڕۆ)

بەتێگەیشتن لە مەبەستە خواییەکان لەپێکهێنانی خێزان و رامان لەسیڕەتی نێرگزینی سەرودر - درووی خوای لەسەر- ئەمانەی خوارەوە چەند بنەمایەکی زێڕینن بۆ باوك و دایك و براو خوشك و خزمان، بۆ پیادەکردنی هەڵسوکەوتی حەکیمانە لەگەڵ هێلانە تازەکان.

یەك: خێزان هێلانەی سۆز و پاکیە و کانگای وەچەی شەرعیە، بۆیە پاراستنی خێزان مەبەست (مقصد) یەکی گەورەی خواییە، پەروەردێن ﷻ دەفەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ مِنَ ٱلْمَآءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُۥ نَسَبًا وَصِهْرًا ۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا ﴿٥٤﴾ ﴾ الفرقان: ٥٤

واتە: ئەو زاتەی لەتنۆکێك ئاو مرۆڤی دروست کرد، بەهۆیەوە رەچەڵەك و خزمایەتی دروستبوو.

و دەفەرموێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الروم: ٢١ ، واتە: (لەنیشانانی زاتی خودایە لەخۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون، و ئەوین و بەزەیی خستۆتە نێوتان، لەوەشدا بۆ کەسانی وردفکر پڕبەڵگەیە) .

دوو: شەیتان لەخێزان لەسەنگەردایە تا ئارامیان لەق بکاو ژیانیان تاڵ بکا، رەنگە هەنگاوی زۆر بچوکی هەڵەی خزمان خزمەت بەپلانی شەیتان و نەوەو شوێنەکوتووانی بکا، بۆ ئەمەش بەڵگە لەسەودا هاتوون.

سێ: چاودێریکردنی خێزانە تازەکان، کەمەبەست لێی توندوتۆڵ کردنی پەیوەندی نێوان پیاوو ژن بێت پێویستە، بەڵام هەنگاوی حەکیمانەی دەوێت.

چوار: چاویلکەی بەدگومانی زیانبەخشە بەکوڕو کچ، پێوستە وەلای نێین، کوڕ یان کچێك بەزیاتر لە (18) ساڵ بەسەردەوە نەت توانیبێت ئامادی بکەی، دەستی لێبشۆ.

پێنج: بەهەمان هەستی کوڕ و کچ هەڵسوکەوت لەگەڵ بوك و زاوا بکەن، چونکە ئەوان بوون بەئەندامێکی خێزانەکەتان ودایك وباوکی نەوەکانتان.

شەش: ویست و حەزرکردنی مالّی سەربەخۆ لەلایەن ئافرەت یان پیاو لەدیدی فیقهی ئیسلامی بەکۆدەنگی زانایان رەوایە، چونکە خوا دەفەرموێت: ﴿ أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا۟ عَلَيْهِنَّ ۚ وَإِن كُنَّ أُو۟لَٰتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا۟ عَلَيْهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ۚ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ۖ وَأْتَمِرُوا۟ بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ ۖ وَإِن تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُۥٓ أُخْرَىٰ ﴿٦﴾ ﴾ الطلاق: ٦

واتە: ئافرەتی تەڵاقدراو تا عیددەی بەسەردەچێت، واجبە مالّی شیاویان بۆ دانێن، بەپێی توانا.

زانایان دەفەرموون: ئەگەر مافی مالّ بۆ تەڵاقدراو واجب بێت، ئەوا بۆ ئافرەتی ئاسایی و تەڵاقنەدراو واجبترە [1].

لەڕووی واقعیش ئەم هەنگاوە بێکێشەترە و وادەکات ئافرەت و پیاو زووتر پشت بەخۆیان ببەستن.

حەوت: لەگەڵ هەست کردن بەناکۆکی یان لێك تێنەگەیشتن، روی ئامۆژگاریەکانت بکە نزیکتریان لە خۆت، کوڕت یان کچت. **عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: أَنْكَحَنِي أَبِي امْرَأَةً ذَاتَ حَسَبٍ، فَكَانَ يَتَعَاهَدُ كَنَّتَهُ يَسْأَلُهَا عَنْ بَعْلِهَا، فَتَقُولُ: نِعْمَ الرَّجُلُ مِنْ رَجُلٍ لَمْ يَطَأْ لَنَا فِرَاشًا، وَلَمْ يُفَتِّشْ لَنَا كَنَفًا مُذْ أَتَيْنَاهُ، فَلَمَّا طَالَ ذَلِكَ عَلَيْهِ ذَكَرَ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ** وفي رواية: فأقبل عليّ فعذلني وعضني بلسانه، فقال: أنكحتك امرأة من قريش ذات حسب فعَضَلْتَها وفعلت وفعلت.

(1)(الموسوعه الفقهيه الكويتيه ب:25 ل: 108).

هەشت: ئەوەی بۆ کچ یان کوڕت لەماڵی خەزورانیان چاوەڕێ و داوای دەکەی، ئەوا بە بوك و زاواکەتی ببەخشە ، پێغەمبەر – دروودی خوای لەسەر – دەفەرموێت: ((لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ ... مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ)) [1]" واتە: ئیمانتان تەواو نیە تا ئەوەی بۆی خۆی پێی خۆشە بۆ بەرامبەریشی پێی خۆش نەبێ .

لەڕاستیدا ئەم فەرموودە پێوەرێکی گەورەو پڕ بەرەکەتە بۆ هەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ بەرامبەر وەبەجێبەجێکردنی زۆرێك لەکێشەکان چارەسەر دەبن.

والحمد لله رب العالمين.

(1)متفق عليه



هۆشیاری گەنجان بەر لە پرۆسەی هاوسەرگیری

د. أحمد محمود سەیدە
مامۆستا
لەکۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان
بەشی پەروەردەی ئاینی / هەولێر
ahmed.saydok@su.edu.krd

ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە: **(37)** لاپەڕ
کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردن: **(30)** خولەك
کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە: **(45)** خولەك

وتە

دڵ وڕۆحی تێر لە خۆشەویستی بە
ئارامگرتن دروست دەبن و
بەردەوام دەبن
با ئارامگربین

هۆشیاری گەنجان بەر لە پرۆسەی هاوسەرگیری

لەم بابەتدا دەمەوێت بە جیاوازتر باس لە هاوسەرگیری بکەم دور لە قسەی بریقەدار و دور لە نوسینی ناو کتێبەکان، دەمەوێت واقعیانە تر بچمە ناو بابەتەکە بە شێوەیەك گشت ووردەکاریەکانی پەیوەست بەم بابەت بخەینە ڕوو تاکو گەنجە خۆشەویستەکان (کچان وکوران) لێ ی سوود مەند ببن و لە ژیانی کرداریدا پیادەی بکەن وە ببێتە هۆکاری هێنان و بەدست خستنی بەختەوەری لە ژیانی هاوسەریدا، ئەوەی ئێستا بوونی هەیە لە واقیعی کۆمەڵگای کوردیدا بریتی نیە لە هاوسەرگیری بە هیچ پێودانگیك و بە هیچ شێوەیەك زۆربەی خاڵە بنەڕەتیەکانی هاوسەرگیری سەرکەوتوو بونی نیە، بۆیە لە ئەنجامدا ئەوەی دە ببینین نەك نەبوونی بەختەوەری و نەبونی دلخۆشی ونەبونی خیزانیکی سەرکەوتوو بەڵکو ئەوەی تیبینی دەکەین جگە لە خیزانێکی هەڵوەشاوە و خیزانێکی پڕاوپڕ لە کێشەی قەتیس ماو خیزانێکی لەبەر خاتری خاتران پیکەوە لکاو زیاتر هیچی تر بەدی ناکرێت ئەوەیان لەکاتێکدا، کە هاوسەرەکان بەیکەوە مابنەوە و بریاری جیابونەوەیان نەدابێت، کە لە ئێستادا وە بە پێی ئامارە فەرمیەکانی حکومەت ژمارەکەیان زۆر ترسناکە واتا ژمارەی ئەوانەی لەیەك جیابونەتەوە بۆیە دەڵیم ترسناکە چونکە لە کاتی جیابونەوەی 2 هاوسەر لەیەکتر هەر ئەوەندە نیە، کە لەیەك جیادەبنەوە بەڵکو لەم جیابونەوەدا، لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمە یەکسان دەبێت بە جیابونەوەی کۆمەڵگا لەیەکتر و دروست بوونی دویەرەکی لەنیوان خیزانەکان بگرە زۆر جاریش کوشتنی لیکەوتوتەوە هەروەك بینیومانە ئەم بابەتە وە هەروەها دوای جیابونەوە زۆربەی جار قوربانی یەکەم بۆ ئەم بابەتە

ئەومنالانەن، کە لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیریە سەرنەکەوتوە هاتونەتە دونیا کە بەهیچ شێومیەك نابێت ئەوان ببنە قوربانی چونکە نە هۆکاری هاوسەرگیریەکەن وە نەهۆکاری جیابونەوەن،وە من لێرەو لە پێشتریش وتومە هەرکاتێك منالّ هاتە نێوان ژن و مێردێك ئەوا دەبێت منالّەکە ببیتە بەشێك لە بریارەکان وە بە تایبەت کاتێك لەیەك جیا دەبنەوە لە ئەنجامی هەلەکانیان ئەوا دەبێت قەناعەتی تەواو بۆ منالّەکان دروست بکەن، کە جیابونەوە چارەسەرە وە مافی هەمووان پاریزراو دەبێت وە من دڵنیام، کە رێژەیەکی زۆر کەم کە ناگاتە 2٪ ی خەلکی پرس بە منالّەکان ناکەن، کاتێك جیابونەوە رووەدات یان نەگونجانی خیزانەکان دەبینین بە دڵنیاییەوە هۆکاری یەکەم و کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ یەك خاڵ هەرکاتێك توانیمان ئەم خاڵە لەبەر چاو بگرین ئەوکاتە دەتوانین زامنی خێزانێکی بەختەوەر بکەین وە هاوسەرگیریەکە ئامانج دار دەبێت وە دەبێتە هۆکاری هێنانی بەختەوەری بۆ هەمووان، کە ئەویش چۆنیەتی هەڵبژاردنی هاوسەرەکانە بۆ یەکتر واتا چۆن کەسی شیاو هەڵبژیرین بۆ هاوسەرگیری جا ج لە لایەنی کوران یان لایەنی کچان ئەمەش لە دیدی منەوە گرنگترین خاڵە، و هیچ کات ناتوانین کەسێکی شیاو هەلبژیرین تاکو هۆشیاریەکی تەواومان نەبێت لەسەر کۆی پرۆسەکە (هاوسەرگیری) هۆشیاری هاوسەرگیری پرۆسەیەکی زۆر تیکەڵاوە وە بە ئاسانی شارەزایی تەواوی نابین تەنها لە رێگای پلانێکی تۆکمە نەبێت، کە دەبێت گشت لایەك تیایدا بە شداربێت ج منالّەوە ج لایەنی حکومی بۆیە ئەم بابەتە دابەشی سەر

چەند تەوەرێك دەكەین بۆ ئەوەی
بەشێوەیەكی ڕوونتر باسی بكەین:
یەكەم/ هاوسەرگیری بە دیدی ئێمە:-
هاوسەرگیری پێناسەو واتای زۆری بۆ دانراوە چ لە ڕووی شەرعی بێت یان یاسایی و زمانەوانی بێت بەڵام من لێرە باس لە مانایەكی هاوسەرگیری دەكەم، كە بەپێی ئەزموون و یاسا بیركاریەكان و یاسا زمانەوانیەكان لیكدانەوەی بۆ بكرێت :

هاو: بەپێی یاسا بیركاریەكان بە مانای یەكسان یان وەك یەك بوون بۆیە هەمیشە لە بیركاری و كیمیا وشەی هاوكێشە بەكاردێت وە هەموو كات لە كیمیادا هاوكێشە هاوسەنگ دەكرێت بۆ ئەوەی(2) لای هاوكێشەكە وەك یەك بن ئەوكات ئەنجامەكە باش دەبێت و ئامانج دار دەبێت وە هەركات نا هاوسەنگ بێت ئەوا ئەنجامەكان نەڕێنی دەبن و ئەڕێنی نابن .

سەر بەرزترین شوێنی مرۆڤە و هەمیشە سەر نیشانەی سەربەرزی و سەردانەواندن و تەسلیم بوون بوە و دەبێت بزانین، كە ژیری لەناو سەردایە واتا مێشك ودواتر عقل و دەزانین مرۆڤ ئەوكاتە لە خوا نزیكە كاتێك سەری كرنوش دەبات بۆ خوا لەسەر زەوی واتا سوجدە بردن ئەوەی لێرە من مەبەستمە ئەوەیە كە دەبێت سەری ئەو 2 كەسەی كە بریار وایە ببن بە هاوسەری یەكتر یەكسان بێت واتا لە ڕووی عقل وبیركردنەوەی

وتیگەیشتن هەرکاتێك هاوسەرگیری لەسەر بنەما عقلیەکان بنیات نرا ئەوکاتە سەرکەوتوو دەبێت نەوەك ئەوەی ئیستا دەیبینین تەنها وێستی دل و حەزو ئارەزوەکان، کە شتی کاتین و ئەگەر عقل لەگەلی نەبیت ئەنجامی سەرکەوتن نیە

واتا دەبێت لە کاتی هەلبژاردنی هاوسەر چ کچان و چ کوران حیساب بۆ ئەم خاڵە بکەن.

گیری: لێرەدا دەزانین کە دەبێت عقلەکان پیکەوە گرێ بدرێن وەکو دەزانن کە گرێ بەست یان عقدی هاوسەرگیری لێرەوە بۆمان دەردەخات کە دەبێت سەرەتا عقلەکان گرێ بدرێن پیکەوە بۆ زامن کردنی هاوسەرگیریەکی سەرکەوتوو بەختەوەر نەوەك دڵەکان.

گرێ بەستی هاوسەرگیری (عەقلی کچان +عەقلی کوران) = هاوسەرگیری سەرکەوتوو خێزانێکی بەختەوەر.

دووەم: دەبێت لە چ رووبەك هۆشیار بین؟

کاتێك باس لە هۆشیاری دەکەین پێش پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێت سەرەتا بزانین مەبەست لە هۆشیاری چی یە ؟ و لە چ رووبەك هۆشیار بین ؟ بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ئەوە بزانین، کە بە سادەترین شێواز مەبەستمان لە هۆشیاری ئەوەیە، کە گەنجەکانمان هۆشیان لەسەر خۆیان بێت کاتێك بڕیارێك دەدەن و دەبێت هۆشیان، کە مانای ژیری و عەقل پیداویستیەکانی عەقلی دەگرێتەوە دەبێت

ڕوون بێت وە هەروەها لەکاتی هەر بڕیارێکدا جا چ بچووك بێت یان گەورە دەبێت هۆش یاری بێت واتا دەبێت هۆش لەگەلیدا بەشدار بێت بۆ ئەوەی بڕیارەکە دروست دەربچیت و لە دواییدا پەشیمانی ڕوی تێنەکات .

سەبارەت بەوەی ئایا لە چ ڕوبەك هۆشیاربێت گەنج پێش بڕیاردان لە هاوسەرگیری ئەوا دەڵێین دەبێت لە گشت ئەو لایەنانەی خوارەوە هۆشیاری پەیدا بکات تاکو بتوانێت بڕیارێکی دروست بدات:

- هۆشیاری ئایینی
- هۆشیاری یاسایی
- هۆشیاری دەروونی و پەروەردەیی
- هۆشیاری تەندروستی
- هۆشیاری کۆمەڵایەتی
- هۆشیاری ئابووری
- هۆشیاری ماڵداری

هەریەك لەم هۆشیاریانەی سەرەوە زۆر گرنگن، كە تاك بیزانیت پێش ئەوەی بڕیاری هاوسەرگیری بدات بۆیە وا پێویست دەكات، كە هەریەك بە جیاواز باسی لێوە بكرێت :-

یەكەم: هۆشیاری ئایینی :

لەبەرئەوەی كۆمەڵگەی ئێمە كۆمەڵگەیەكی پابەندە بە ئایین و یاساو رێساكانی ئاین لەناویدا بەركارن وە بە پێی یاسا ئاسمانیەكان ماڕە برین دەكرێت و هەر لەناو ئایینداا ئەرك و مافی هەریەك لە هاوسەرەكان دیاری كراوە، بۆیە پێویستە گەنج ئەو هۆشیاریەی هەبێت چ كچ چ كور نەوەك كەسی بەرامبەر بەهەڵە ماف و ئەركەكان جێ بەجێ بكات یان بەناوی یاساو رێسای ئایینی مافەكانی پێشێل بكات چونكە كاتێك هۆشیاری بوونی هەبێت مافەكان كەمتر پێشێل دەكرێن وە بەناوی ئایین زۆر جار هاوسەرەكان غەدر لەیەكتر دەكەن بۆیە دەبێت لە رووی ئایینی یەوە هۆشیار بین بەڵام پرسیارێكی جەوهەری هەیە ئەویش چۆن وە لە كوێ هۆشیاری ئایینی وەربگرین؟ وەڵامی ئەو پرسیارەش ئەوەیە دەبێت لە كەسانێكی خەمخۆر و زانا و بەرپرسیار لە دۆزی ئایینی وەربگیرێت چونكە هەموو كەسێك هی ئەوە نییە ئایین فێری خەڵك بكات وە لە بنەڕەتدا ئەو ئەركی مامۆستایانی ئایینیە، كە بیكەن بەڵام بە شێوەیەكی سیستەم مەبەستم لە سیستەم، ئەوەیە بە شێوەیەك وەزارەتی ئەوقاف رێكی بخات بە جۆرێك لەگشت مزگەوتەكان پرۆگرامی یەكسان و ئامانجدار و ئاراستەكراو بە شێوەیەكی پەروەردەیی، كە بگونجێنرێت لەگەڵ گەشەی تەمەنی تاكەكان و ڕەگەز و ژینگەی تاكەكان چونكە ئەوەی تێ بینی دەكرێت ئەم جۆرە هۆشیاریە ئایینیە بوونی نیە، دەبێت ئەوەش بزانین كە لەناو یاسا ئاینییەكان زۆر بە ووردی باس لە خێزانی

بەختەومر کراوە وە ئەو ریگایانەش باس کراوە کە هاوسەرگیری سەرکەوتوی لەسەر بنیات دەنرێت.

دووەم: هۆشیاری یاسایی: مەبەست لە هۆشیاری یاسایی ئەوەیە، کە تاکەکان دەبێت لایەنی کەم هۆشیاری یاسایی بەشی ئەوەندە پەیدا بکەن کە بتوانن پارێزگاری لە مافەکانی خۆیان بکەن وە بەپێ ی یاسا بەرکارەکانی وولاّت داوای مافە زەوت کراوەکانی بکات و تەنانەت لەکاتیکدا کە دەیوەێت هاوسەرگیری بکات دەبێت شارەزایی ئەوەی هەبێت، کە لە سادەترین پیناسەی گری بەست بە شێوەیکی گشتی ئەوە دەگەینیت، کە لەنێوان 2 لایەن کاتیک گرێ بەست واژۆ دەکرێت ئەوا ئەو گرێ بەستە دەبێتە مایەی پاراستنی مافەکان وە بوونی گرێ بەست زامنی ئەرك و مافەکانە واتا بە پێ ی یاسا ماف و ئەرکی هاوسەرەکان دیاری دەکرێت ، وە زۆرجار یەکێك لە هاوسەران لەکاتی جیابونەومدا مافە ماددی و معنویەکانی ئەوی تر پێشێل دەکات بەلاّم لەکاتی بوونی هۆشایری یاسایی دەتوانرێت بەشێومیەکی رێك وپێك مافەکان دەست بخەین و لەکاتی جیابونەومدا تەنانەت مافی منالّەکانیش لە رووی یاساوە دەستەبەر دەکرێت بە دڵنایيەوە لەم بابەتە دادگا بەریزەکان و دادومرە بەرپێزەکان بەتایبەت ئەو دادگایانەی تایبەتن بە (باری کەسێتی) رۆلیان دەبیت لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان ج لە رێگای بەرنامەی تەلەفزیونی و رادیۆیی بەرنامە بۆ داریژراو یان کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ خەلك و بەتایبەت ئەوانەی نیازی هاوسەرگیریان هەیە و بابەتێکی تر، کە پەیوەستە بە داومرە

بەریزەکانی باری کەسێتی بە هیچ شێوەیەك ماڕە بڕین نەکرێت تەنها لەکاتی بوونی بروانامەی باوەڕپێکراو بۆ هاوسەرەکان، کە بەشداربوون لە خولێکی هۆشیاری پێش هاوسەرگیری، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بلاوکردنەوەی هۆشیاریە وە شتێکی تر ئەو بەندە یاسییانەی، کە پەیوەستن بە هاوسەرگیری بەگشت قۆناغەکانی وە تەنانەت جیابونەومو منداڵ و هەموو ئەو بابەتانە بکرینە وانەی ئاراستەکراوی یاسایی بۆ کۆمەڵگا.

سێیەم: هۆشیاری دەروونی و پەروەردەیی:- لەم بڕگەدا لە هۆشیاری پەروەردەیی وە دەروونیدا کە بەلامەوە زۆر گرنگە چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هۆکاری سەرەکی بۆ بەختەومرنەبوونی خێزان وهەڵوەشانەوەی خێزان و تەبونی خێزانێکی نمونەیی یان تەنها بونی خێزانیك بە رواڵەت بەڵام لە ناوەرۆکدا هیچ بنەمایەکی کاریگەر و هۆکارێکی بنچینەیی تیدا نیە، بۆ بەردەوام بوون یان نەبونی متمانە و ڕێزو خۆشەویستی بە پێی پێویست و لەکات و شوێنی پێویست خاڵێك هەیە بەڵای من هۆکارێکی جەوهەریە بۆ سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی خێزان لە کۆمەڵگەدا ئەویش نەگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمەیە بە ئاستی ئاسایی بوون یان نۆرمال بوون بە واتایەکی تر چونکە هەرکات تاك جا ج کچان یان کوران بگەنە ئاستی نۆرمالی لە مرۆڤایەتیدا ئەوکات بریارەکانیان بڕیاری زۆر هاوسەنگ و سەرکەوتوانە دەبێت وە دوردەبێت لە بڕیاری کاتی و

سەرەڕۆیانە بەڵکو یاسای هەڵسوکەوت کردن لەناو خێزان دەبێتە بنەما مرۆڤیە ئاسایی یەکان کەواتە پیویستمان بەوە هەیە هۆشیاری پەروەردەیی و دەرونی پەیدا بکەین تاکو بزانین ئایا ئەو کەسەی هەڵی دەبژێرین وەکو هاوسەر کەسێکی (نۆرمال) ە یان نا بۆ ئەوەی ئەم هۆشیاریە پەیدا بکەین لێرەدا ئاماژە بە بیرۆکەی زانایەکی دەروناسی بواری کەسایەتی دەکەم، کە هیوادارم هۆشیاریەك بداتە گەنجەکان بۆ ووردبونەوە لەم بابەت ئەویش هەرەمی زانای دەروناس (ماسلوا)، کە تایبەتە بە کەسایەتی و بنیاتنانی خود بە شێوەیەکی نۆرمال و ئاسایی، کە بە دڵنیایی هەومان پیویستمان بەو هۆشیاریە هەیە تەنانەت ئەوانەشی، کە خیزاندارن چونکە بنەماکانی کەسێکی سەرکەوتوی تیدایە بۆیەش پێم وایە زۆریەی هاوسەرگیریەکانی کۆمەڵگەکەمان هۆکاری سەرنەکەوتنی نەبونی کەسانی ئاسایی یە پێی یاسا دەرونیەکان و پەروەردەیی یەکان لەناو گرێ بەستی هاوسەرگیریدا، کە بەدڵنایی کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر زامن کردنی مافەکان و ئەرکەکان لەناو گرێ بەستەکەدا بنەمەکانی مرۆڤێکی ئاسایی بەپێی هەرەمی ماسلوا پیکدێت لە هەرەمی پیداویستیەکانیشی پیدەڵێن بۆیە بە لامەوە گرنگە بە شێوەیەکی وورد و درێژ باس لەو قۆناغانەی کەسی نۆرمال بکەم چونکە بە دڵنیایی یەوە کەسانی نۆرمال لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر کەمن وە ناگاتە10٪ هەربۆیەش دەبینین کە مرۆڤەکان لە ناو کۆمەڵگە وەك مرۆڤی ئاسایی ڕەفتار ناکەن و هەمیشە لە کێشەیەك بۆ کێشەیەکی تر بۆیە لە خوارەو خویندنەوەیەکی خۆم بۆ قۆناغەکان دەخەمە روو تاکو ببێتە بنچینەیەکی دەرونی و پەروەردەیی بۆ بریاردان لەسەر هەڵبژاردنی کەسێك

کە بە مانای وشە پیگەیشتبێت واتا (ناجح) بوبێت چونکە پێم وایە پێگەیشتن خاڵێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە جا بۆ ئەوەی کەسێك پێگەیشتوو بێت بە تەواوی دەبێت ئەم قۆناغانە یەك بەیەك تیایدا بوونی هەبێت و جێ بەجێ ی بکات بە پێچەوانەوە کەم و کورتی تێدا دەبێت و بە پێی کەم و کورتیەکان لە ژیانیدا کەم و کورتی دەبێت :

1) پیداویستیە فسیۆلۆجیەکان کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت (هەناسەدان ، خواردن، خواردنەوە ، خەوتن ، بەرگ و پۆشاك ، وەچە نانەوە) لەم خاڵەدا جەخت لەوە دەکرێتەوە، کە هەرکەسێك ئەم پیداویستیانەی، کە ئاماژەی پێکراوە لە بنچینەی یەکەم لە بنچینەکانی کەسێکی ئاسایی و کەسێکی

پیگەیشتوو و گشت ئەو شتانەی دیاریکراون (خواردن و خواردنەوە و خەوتن و هەناسەدان و هتد) زامنی بنیاتنانی کەسێکی پیگەیشتوون و لە حالەتی ئەنجام نەدان و تێرنەکردنی تاك لەم شتانە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نیشانەکانی کەسی سەرنەکەوتوو و دواجار کاریگەری دروست دەکات چونکە لە کاتی ئاسایی دا دەبێت مرۆڤ هەموو پیداویستیەکانی خۆی بەدەست بێنی و جێبەجێی بکات بەپێی یاسا و ڕیساکانی ژیان بە جۆرێك کاریگەری نیگەتیف نەکاتە سەر ئەوانی تر و بە دڵنایيەوە ئەم شتانە یەکێکن لەو خاڵانەی، کە دەتوانین کەسانی بەرامبەری پێ هەڵبسەنگێنین و بزانین، کە کەسی ئاسایی و نۆرماڵن یان کەسانێکن بە هەرەمەکی دەژن و ناکرێت ئێمە لەگەل کەسانێك بژین



کە بەرنامەو پلانی رۆژانەی خۆیان دارێژراو نەبێت، وەک نمونە خواردن و خەوتن و خواردنەوە و هەناسەدانێکی تەندروست بە دڵنیایی ئەگەر ئەم پێومرانە بۆ کۆمەڵگەی خۆمان بەکاربێنین ئەوا ڕوبەروی شتی ترسناک دەبین بەجۆرێک دەگەینە خاڵێک کە زۆربەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە دواجار دوژمنی خودی خۆیانن بۆیە هەرکاتێک کەسێک دوژمنایەتی خۆی بکات هەرگیز بۆتو نابێتە دۆستێکی دڵسۆز سەبارەت بە سیستەمی خواردن دەبێت ئەوە بزانین کە خواردن یەکێکە لەو پیداویستیانەی، کە مرۆڤ ناتوانیت وازی لێبێنی بە هیچ شێومیەک و بە هەمان شێوە خواردنەوە تەنانەت بە پێی یاسای خوا هەرکاتێک ژیانی مرۆڤ کەوتە ترستاکی و ترس لەسەر لەدەست دانی هەبوو لەر خواردن و خواردنەوە لەم حالەدا خوا حوکمی شەرعی حەرامی بۆ کاتێکی تایبەت حەلاڵ کردووە تاکو پارێزگاری لە ژیان بکات بۆ نمونە کاتێک برسی بیت و هیچ شتیک نەبیت بیخۆی ئاوا تەنها بە رادەی پێویست بۆ ژیان دەتوانیت گۆشتی بەرازیش بێت بیخۆی یان مرداربوو بەڵام تەنها بەرادەیەک کە نەمریت کەواتە خواردن و خواردنەوە بنچینەی ژیانن وە پیویستە بەپێ ی سیستەم رێکی بخەین بە جۆرێک کاتێک برسی بوین بیخوێن و دەبێت لە خواردن و خواردنەوە تێینی چەند شتێک بکەین (کاتی خواردن و جۆری خواردن و شێوازی خواردن) بۆنمونە کاتەکانی دابەش بکرێت بە جۆرێک جیاواز بێت لە ئێستا هەم لە کات و هەم لە جۆری خواردن و شێوازەکەی بۆ نمونە ئێمە ئێستا کاتی نێوان ژەمەکان زۆر جیاوازە بەیانی ئەگەر 7 بیخوێن ئەوا نیومرۆ 1 بۆ 2 دەیخوێن و ئێوارە نزیکی 7 ئەوە

زۆربەی کۆمەڵگە واتا زۆرینەی ئەوهایە و لە 7 ی ئیوارە تا 7 ی بەیانی بێ ژەم بەسەری دەبەین مەبەستی من لێرەدا 2 لایەنەیە لایەنی یەکەم خودی خواردنەکە، کە دەبێت دابەش کاریەکە بەپێی کات ژمێر بێت نەوەك هەرمەکی دواجار خودی ئەم دابەش کردنە کاریگەری دەکاتە سەر سیستەمی تەندروستی بۆ نمونە کاتێك چارەسەر وەردەگرین لە نەخوشخانەکان و پێمان دەڵێن 3 ژەمە بیخۆن ئەوا لەم کاتەدا بەهەڵە دەخورێت چونکە کاتژمێرەکان یەکسان نین بۆیە زۆر بەکەمی چارەسەرەکان کاریگەریان دەبێت بە پیچەوانەوە کاتێك لە نەخۆشخانە دەخەوینرێت نەخۆش زووتر چاك دەبێتەوە چونکە بە کات ژمێر بۆی دادەنرێت وە هەروەها بابەتی خواردن و خواردنەوە کاریگەری لەسەر گەشەی تاك دروست دەکات بۆیە تاکێك سروشتی نیە کاتیك گرنگی بەخۆی نەدات و گرنگی بە پیداویستیەکانی گەشەی نەدات ئەوە جگە لەوەی دەبێت تاکی ئاسایی دەنگی خواردن نەهێنێت کاتیك دەیجوێت و دەبیت ئەوە بزانین، کە لە ئەنجامی نەخواردن بۆنی دەم ناخۆش دەبێت و کۆمەڵگە بێزار دەکەین و دەنگی زگمان ناخۆشە کاتێك خواردنی تێدانیە بە جۆرێکی تر ئێمە ئازاد نین نان نەخۆین و ئاو نەخۆینەوە بۆیە تاکو ببین بە کەسی ئاسایی دەبێت بە یاسایی و بە ئاسایی بژین و هەروەها سەبارەت بە هەناسەدان تەنها ئەوە دەڵێم کە بەڕاستی تاکی ئێمە بەهیچ جۆرێك گرنگی بە هەناسەیەکی تەندروست نادات وە تەنانەت زۆرینەی کۆمەڵگا رێژەی هەناسەدانی تەندروست نازانێت لەکاتێکدا گشت کردارەکانی ناو جەستەمان پێویستیان بە ئۆکسجینە ئەوە جگە لەوەی باشترین بەڵگە زۆرێك لە خەڵك هەناسەیان پیس دەکەن بە تایبەت بە جگەرە کێشان ئەوە خۆپەرستیە چونکە ئێمە ئازاد نین خۆمان بەدەستی خۆمان نەخۆش بکەین ئەی مالّ ومنالّ پیویستیان بە ئێمە هەیە بۆیە دەبێت لەم حالەتانەدا پرس و ڕا بە گشت

ئەندامانی خێزان بکرێت خوێنەری بەڕێز ئاسایی بوون زۆر زەحمەتە کەسێک بگاتە پلەی ئاسایی بوون بەڵام، کە هەوڵ بدەین ئەستەم نیە و دەبێتە هۆی هێنانی بەختەوەری بۆیە بەم درێژیە باسی دەکەم چونکە لەناو کۆمەڵگامان ئەم کێشانەی هەیە هەرچەندە پێمان سەیرە بەڵام زۆرێک لەهۆکارەکانی پەیوەندی ئاسایی بوون هەیە بۆیە دەبێت و دەبێت بە سروشتی و بە ئاسایی بنیاتی کەسایەتی خۆمان بنێین چونکە بنیاتی خودی هەرکەسێک کاریگەری دەکاتە سەر هەمووان، بابەتی خەوتن لەناو ئێمەدا خەریکە دەبێتە جیگای شانازی پێوەکردن کاتێک کەسێک ناخەویت بە شانازیەوە باسی دەکات نازانیت ئەگەر بە پێی کاتی پیویست بۆ جەستە و عەقل و ناخمان نەخەوین دەچینە ریزی کەسانی نەخۆش وە خەوتن تاکە رێگای ئیسراحەتی ئەندامانی جەستەمانە وە هەرکەسێک خەوێکی زانستی نەکات ناچیتە ژێر ناونیشانی کەسانی ئاساییەوە و کەسێک رەحم بەخۆی نەکات دڵنیام هەرگیز رەحم بە کەسانی تر ناکات و نابێت هیچ کەسێک لە 24 کاتژمێر لە 7 کاتژمێر کەمتر بخەوێت بۆ ئەوەی بە شێوازێکی ئاسایی هەڵسوکەوت بکات بە پێچەوانەوە دەچێتە خانەی نا ئاساییەکان و نا ئاساییەکان پێویستیان بە راهێنان و ئامادەکردنە بۆ نمونە ئێمە بە قسەی خۆمان وا دەخەوین بەڵام لە دوام دێینەوە بە جلی دەوام و لە ووری میوان و لە تلفزیون پێ یە و منااڵەکان یاری دەکەن بە قسەی خۆمان دەخەوین بەڵام دوای چەند خولەکێک لە ئەنجامی گوێ بیست بوونی تەنانەت دەنگێکی بچوکیش بە ئاگا دێین و دەیکەین بە شەر ودروست کردنی پشێوی لە ماڵ پرسیار ئەومیە ئایا هەڵەی منالەکانە یان ئێمە کات و شوێنی گونجاومان هەڵنەبژارد بۆ خەوێکی ئاسایی زۆرێک لەباوک و دایک تەنانەت زۆرێک لە ئەندامانی خێزان دڵی کەسانی تریان شکاندومو تەنانەت ئیهانەشیان کردون کە بۆیتە هۆی دڵ شکاندنیان لەسەر ئەم جۆرە هەلسەکەوتانە کەواتە ئاسایی

بوون لە هەموو شتێك بەرەو خۆشبەختی و بەختەوەری دەمانبات و بە پێچەوانە دەبێتە هۆی پشێوی خیزان و کۆمەڵگەش کەواتە ئاسایی نەبونی کەسێك نەهامەتی بۆ گشت کۆمەڵگە دێنیت و زۆر گرنگە، کە دەزگا پەیوەند دارەکان کار لەسەر بنیاتی خودێکی ئاسایی و سروشتی بکەن لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لەیەك نزیك بونەوەی کەسانێك بە مانای ووشە سروشتین و دوورن لە نەخۆشیە جەستەیی و دەرونی و پەروەردەیی یەکان .

2)پێداویستی ئارامی و ئاسایش کە ئەمانە لە خۆ دەگرێت (ئارامی و ئاسایشی خودی، ئارامی و ئاسایشی وەزیفە، ئارامی و ئاسایشی تەندروستی خودی، ئاسایشی کەلوپەل) مەبەست لە پیداویستی مرۆڤ بۆ ئارامی و ئاسایش دەکرێت بیکەین بە 2 بەشی جیاواز بە جۆرێك هەریەکەیان کاریگەری خۆی بە جیاواز دروست دەکات لەسەر کەسایەتی مرۆڤ و کاریگەری دەبێت لەسەر بڕیارەکان و لەسەر سروشتی بوون و هەڵسوکەوتی ئاسایی، کە دەبێت مرۆڤ ئەنجامی بدات جا چ بڕیارەکان پەیوەندی بە داهاتووی خۆیەوە هەبێت یاخود بڕیارەکە پەیوەندی بە خەڵکانی ترەوە هەبێت بابەتی ئارامی و ئاسایش وەك دوو تۆپی یەك دراو دەکرێت باس بکرێن چونکە تەواوکەری یەکترین و ئارامی زیاتر پەیوەندی بە ناخی مرۆڤەوە و ئاسایش بابەتیکە پەیوەندی بە دەرەوەی مرۆڤ هەیە بۆ نمونە لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا سوپاس بۆ خوا کە ئاسایش بە ڕێژەیەکی زۆر بەرقەرارە و هاوڵاتیان هەست بەو ئاسایشە دەکەن کەلەناو شارەکانی کوردستان بوونی هەیە و ئەمەش خاڵێکی بەهێزی بەسەربردنی ژیانێکی ئارامە و هەمیشە پێویستە ئاسایش بەرقەرار بێت بۆ بەرەوە پێش چوونی

کۆمەڵگە بە پێچەوانەوە ناتوانرێت هیچ کات مرۆڤەکان بە سروشتی بژین و دەبێت یەک شت بزانین مرۆڤ تەنها پیویستی بە ئاسایشی گشتی نیە بەڵکو پێویستە مرۆڤەکان گشت بوارەکانی ئاسایش لەناو ژیانی خۆیاندا بەرقەرار بکەن بۆ نمونە ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی خواردنەوە و ئاسایشی خەوتن و ئاسایشی جەستەو ئەندامانی جەستە و ئاسایشی خودی ج ئاسایشی بابەتە فیکریەکان بێت یان بابەتە هەڵچوونییەکان بێت یان ئاسایشی جەستە بێت کەواتە ئەوەی تاکو ئێستا زۆربەی خەڵکی بەهەڵە لێی تێگەیشتون ئەومیە، کە تەنها نەبونی تەقینەوە نەبونی شەر و نەبونی پشێوی واتای ئاسایشە لەکاتێکدا ئەومندەی رۆژانە خەڵک بەهۆی نەبونی ئاسایشی خۆراکەوە توشی جەلتەی دڵ و مێشک دەبن ئەومندە خەڵک لە کاتی شەرەکان نامرێت بەجۆرێک کەسانێک، کە دکتۆر پێ یان دەڵێت نابێت ئەم خواردنە بخۆی چونکە کاریگەری لەسەر جەستەت دەبیت لەوانەیە کیشەی تەندروستیت بۆ دروست بکات بەڵام کەسەکە گوێی پێنادات هەربۆیەش زۆرێک لە کۆمەڵگەی ئێمە بونەتە قوربانی ئەم هەڵەکردنەی کەسە بەتەمەنەکان دەیکەن زۆربەی کاتەکانی ژیان تەرخان بکەین بۆ خزمەت کردنیان لەبەر ئەوەی ئەو کەسە خۆپەرستانە گرنگی بە ئاسایشی خودی خۆی نەداوە ئەوە لەگەڵ ئەوەی من باومری تەواوم بەوە هەیە، کە دەبێت دایک و باوک لەهەموو حالەتێک هێڵی سوورن بۆ منالەکان بەڵام دەبێت دایک وباوکەکانیش حیساب بۆ ئاسایشی خودی بکەن و خەڵکانی تر نەبن بە قوربانی

هەڵەی ئەوان یان لەبەر خاتری حەزێک ئاسایشی خۆی بخاتە مەترسیەوە کەواتە

مرۆڤ پێویستی بە پاراستن و بەرقەراربونی ئاسایش هەیە بە گشت جۆرەکانی، بەشەکەی تری کە پێی دەڵێن ئارامی ئەومیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ناخی مرۆڤەکانەوە هەیە و پەیوەستە بە بابەتی ناخی مرۆڤەکە بۆیە زۆرجار وا ڕوودەدات ئاسایش بەرقەرارە بەڵام تاکەکانی ناو کۆمەڵگە ئارام نین و دەبینین، کە نا ئارامی دەبێتە هۆی ڕوودانی زۆرێك لە کێشە خودی و گشتیەکان و هەمیشە دەبینین گەنجەکانمان نا ئارامن و بەپێی ئەوەی کە ڕاپرسیمان لەسەری کردووە زیاتر لە 60٪ گەنجەکان هەست بە نائارمی دەکەن بۆیە دەبینین گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتن لە بواره جیاجیاکانی ژیان زۆر کەمە و ئەو نائارامیە زۆر جار دایك و باوك هەستی پێناکەن و دەبینین بە منالەکانمان دەڵێین وەرن نان بخۆن گەرچی وەڵامی ئەوان ئەومیە، دڵمان نابات بە دڵنیایی وەڵامێکی لۆژیکی نیە چونکە دڵ نان ناخوات گەدە بەرپرسە لە خواردن بەڵام چونکە نائارامە و نا ئارامیش بابەتێکە پەیوەندی بە دڵ هەیە بۆیە دەڵێن دڵمان نابات و هەرگیز ئاسایش بەرقەرار نابێت تاکو تاکەکان بە تەواوی ئارام نەبن و ئارامی خاڵی دەسپێکردنی ئاسایشە لەناو کۆمەڵگە بۆیە لێرەدا باسی ئارامی و ئاسایش دەکەین کە گرنگە بۆ هاوسەرەکان چونکە لە کاتێکدا کەسێك ئارامی و ئاسایشی خودی خۆی نەپارێزیت بە دڵنیایی ناتوانێت بەرپرسیاریەتی ئەوانی تریش هەڵگرێت .

3) پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان، کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت (هاوڕێتی، نزیکیەکی گەرم گور، ژیانی خێزانی ئینتیما و پەیوەست بوون، پەیوەندیەکان) مەبەست لە پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان گشت ئەو لایەنانەیە کە ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە وەلەکاتی نەبونیان مرۆڤ هەست بە بۆشایی دەکات و هەمیشە بە پێداویست دەمینێتەوە هیچ کات تێر نابێت لەم بەشەی

دروست بونی کەسایەتی و خود کە بە ڵنیایی لە داهاتووی هەر کەسێك دا کاریگەری نیگەتیف دروست دەکات و کاریگەریەکەش دەگوازرێتەوە و لێرەدا گرنگە، کە باس لەم چەمکانە بکەین کە پێداویستی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و هیچ کات ناتوانێت بە تەنیا ژیان بکات بۆیە هەمیشە بە چاوای هاوبەش دەگەڕێت جا هاوبەشەکە هەرچ ناونیشانێکی هەبێت (هاوڕێ، برادەر، هاوسەر، خێزان) و ئەمانە گشتیان پیویستیان بە 2 شتە ئەویش بوونی ئینتیما و بوونی پەیوەندیە لە نێوانیان دا جا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کەسێك بە سەلامەتی بمێنیتەوە لەم هەموو جۆرە پەیوەندیانە دەبێت زۆر بە ووریایی هەڵبژاردن بکات بۆیان و دەبێت هەمیشە لەباری هاوسەنگی دا بین بۆ ئەوەی توشی شڵەژان و دڵە راوکێ نەبین چونکە زۆرێك لەم پەیوەندیانە کار دەکەنە سەر جۆری ژیان و کەسایەتیمان و هەمیشە خوێندنەوەی دەورووبەر بۆ ئێمە و بۆ کەسانی تر زۆرجار لەسەر بنەمای جۆری ئەو کەسانەیە، کە لەگەڵیان هەڵسوکەوت دەکەین، هەر ئەومشە دەبێتە کاریگەرترین خاڵ، کە وامان لێدەکات بە ئاسانی لە خەڵك نزیك نەبین و کاتێك گوێ بیستی هاوڕی دەبین و گوێ بیستی برادەر دەبین زۆرباش دەزانین کە دوو شێوازی زۆر لەیەك جیاوازی لەگەڵ یەك بوونن بە جۆرێك هاوڕی برادەر نیە و هەموو برادەرێك هاوڕی یە، هاوڕێ ئەو کەسەی بە حوکمی کارێك یان هەر وەزیفەیەك کۆمان دەکاتەوە جا شوینی کارکردن بێت یان قوتابخانە و زانکۆ خەڵکی زۆربەی لەوە تێدەگەون کە تەنها بە چەند کات ژمێریکی کارکردن پێکەوە تەواوی متمانە بەیەکتر دەکەن و بەشێوازێك تەنانەت نهینیە کەسیەکانی خۆشمان بۆیان باس دەکەین، کە ئەمەش خاڵی دەستپێکی لەدەستدانی خودمانە و دواجار دەبین بە قوربانی و هەمیشە برادەر یان هاوڕێ دەستپێکی زۆرێك لە خۆشی و ناخۆشیەکانە بۆیە دەبێت زۆر دڵ ساف و سادە

نەبین لە بڕیاردان لەسەر وەرگرتنی برادەر و زیادکردنیان لە ناو ژیانی خۆمان من لێرەدا پێشنیازی ئەوەم هەیە هەمیشە چۆن بۆ وەرگرتنی کارمەندێك لەکارێك یان کۆمپانیایەك دەبێت چەندین کەسیی شارەزا و خاوەن ئەزموون لەکارەکە داواکاری پیشکەش بکەن دواجار کۆمپانیا لە ریگای چاوپێکەوتن لە نێوان ئەو هەموو پیشکەش کارە تەنها یەك کەس دیاری دەکات ئەویش دەبێت گشت مەرجەکانی ئەو تیایدا بەدی بکرێت و لەهەمان کاتدا ماوەیەکی زۆر لە ژێر چاودێری دەبێت ئەگەر سەرکەوتوو نەبێت ئەوا گری بەستەکە هەڵدەوەشێتەوە کامە گرنگترە گرێ بەستی کارکردن یان گرێ بەستی هاوڕێ یەتی و برادەرێتی؟ بۆیە دەبێت ئەم سیستەمەش پیادە بکەین لە هەڵبژاردنی برادەر تاکو توشی کەسانێك نەبین لێان پەشیمانبینەوە، بۆیە باسی ئەوە دەکەم چونکە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا بۆتە قوربانی برادەری خراپ و نا شایستە و لەم حالەتەدا مرۆڤ دەبێتە خاوەنی برادەرێکی دڵسوز و بە وەفا کە دەبێە هۆکاری بنیتنانی زیاتر نەوەك روخان و سەرگەردانی دوای ئەوە مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە، کە خێزان هەڵبژێرێت لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەیەك شت بکەم بۆ ئەوەی زۆر درێژ نەبێت ئەویش بەڕاستی دایکان و باوکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر خۆپەرستانە بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن کە بەشێکی گرنگی پێداویستی کۆمەڵایەتیەکانە، کە زۆربەیان لەکاتی هاوسەرگیری تەنها حیساب بۆ دڵی خۆیان و حەزو ئارەزووی خۆیان دەکەن لێرەدا مەبەستم حیساب بۆ ئەوە ناکەن ئایا ئەو پیاوە دەشێت ببێتە باوکێکی نموونەیی و باش بۆ منداڵەکان لە داهاتوودا یان دەشێت ئەو ژنە ببێتە دایکێکی نمونەیی و باش بۆ منداڵەکان، کە بە داخەوە بەشێکی زۆری منداڵەکان لەم بابەتدا قوربانین و ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و لەکاتی نەبوونی دایك وباوکی نمونەیی تاکە شتێك کە بەدی دەکرێت دروستبونی خێزانێکی بەخێوکەرە دوور لە

پەروەردەکاری و فیداکاری بۆ فەراهەم کردنی ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ هەمووان بۆیە دایکان و باوکان هەرگیز نابێت ئەوە لەبیر بکەن، کە دەبێت حیساب بۆ منالەکانیش بکەن لەکاتی هەڵبژاردنی خیزان و پێکهێنانی، کە خاڵێکی گرنگ و بنەڕەتیە بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان چونکە هەموو پەیوەندیەك لەوپەڕ دەست پێدەکات و هەر ئەو خێزانیە، کە وا لەمنالەکان و گەنجەکان دەکات ئینتیما هەم بۆخۆیان و هەم بۆ خێزان و بۆ نیشتیمانیش هەبێت ئێمە لە کۆمەڵگەی کوردی تاکو ئێستا بەم سیستەمە زانستیە کارمان نەکردوە، کە تاك ئینتیمای تەنانەت بۆ خۆشی هەبێت بۆیە هەرگیز کەسێك ئینتیمای بۆخۆی نەبیت چۆن بۆ وولات ونیشتیمان و خاك دەبیت یان کەسێك ئینتیمای بۆ خودی خۆی نەبێت چۆن بۆ خێزان و هاوسەرەکەی دەبێت هەموو ئەوانە بەشیکن لە پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان، کە خودێکی سروشتی و ئاسایی بەرهەم دێنن، کە ببێتە مایەی خۆشبەختی کۆمەڵگا.

4) پێداویستی دەرونیەکان یان پێداویستی بۆ تەقدیرو پێوانە کردن، کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت (ڕێز، تەقدیری خود، خۆشەویستی، پایە، هەست کردن بە هێز ،متمانە بوون، ئازادی) پێداویستیەکی تری گرنگی بنەڕەتی بۆ بنیاتنانی کەسێکی نۆرماڵ و ئاسایی پێداویستیە بۆ تەقدیرو پێوانە کردن، گرنگترین خاڵ لەم بەشەی بنیاتنان گرنگی دانە بە پێوانە کردنی ئەو شتانەی لە دەوروبەرمان هەیە بە جۆرێك هەرشتێك وەکو خۆی تێبگەین و قیاسی دروستی بۆ بکەین بەبێ زیادەڕەوی چونکە لەکاتی دیاریکردنی قیمەت و بەهای دروست بۆ هەر شتێك، کە لە دەوروبەرماندا هەیە ئەوکات دەتوانین بە پێی پێداویستی خۆمان ئامادە بکەین بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لەناو ژیاندا و ئێمە کاتێك توانای

ئەوەمان نەبێت شتەکانی دەوریەرمان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست پێوانە بکەین هەرگیز ناتوانین شتی گونجاو بۆ خۆمان هەڵبژێرین و هەمیشە شتانێك دیار دەکەین کە یان لە خۆمان بچوکتر بێت یان گەورەتر بێت لەم حالەتەشدا تا کۆتایی دەبێت لەگەڵ ئەو شتە ژیان بەسەر ببەین و لەگەلی بەردەوام بین هەرچەندە لە قیاسی خۆشمان نەبێت جا ئەوە هەڵەی ئێمەیە کە نازانین پیوانە بۆ خۆمان بکەین کاتێك دەڵێم بۆخومان واتا (عەقل، دڵ، جەستە) هەندیك جاریش ئابووری و پلەی کۆمەلایەتی کاتێك ئێمە توانای دیاریکردنی ئەو پێوانە دروستەمان نەبێت ئەوا دەبێت تەحەمولی ئەو هەڵانەش بکەین کە ڕوبەڕومان دەبێتەوە کاتێك پرسیاری کات دەکەین و لەکەسێکی بپرسین کە کات ژمیرەکەی هەڵە بێت ئەوا بە دڵنیایی توشی هەڵە دەبین لە دیاریکردنی کاتەکە و کاتیك دەچین بۆ کڕینی شتومەك بە تایبەت جل وبەرگ بە دڵنیایی زۆر گرنگی بە چەند شتێك دەدرێت لەوانە (ڕەنگ، مودیل، ستایل، لەگەل قیاس) کە زۆرجاری وا هەبووە ئێمە ڕەنگی جلەکەمان بە دڵ بووە و لەهەمان کاتدا ستایلەکەی بەڵام کاتێك پرسیارمان کردووە ئەو قیاسەی نەبوە کە ئێمە پێویستمانە بۆ نمونە (XXL,M,XL,L) ئەوە بۆ جلو بەرگێك، کە دەتوانین بە ئاسانی بیگۆرین لەکاتێك بۆمان نەگونجا ئەی چی بکەین کاتێك دەمانەوێت کەسێك بە قیاسی خۆمان بۆ ژیان دیاری بکەین بە دڵنیایی زۆرێك لە کۆمەڵگەی ئێمە قیاسیان فەرامۆش کردووە گرنگ ڕەنگ و ستایل و نرخی بەرز بوە ئەگەر قیاسی خۆشی نەبوبێت گرنگی پێنەداوە بۆیە هیچ کات خۆشبەختی و ئارامی نابێت و هەروەها بابەتێکی کە لە پێداویستیە دەرونیەکانە ئەویش بونی خۆشەویستی، کە ئەم ووشەیە

زولمێکـــی زۆری لێـــدەکرێت لەناو ئێمەدا بە جۆرێک مافی خۆی پێنادرێت و خوشەویستی لای ئێمە بۆتە (خۆشی ویستی) واتـــا تـــەنها تێرکردنـــی حـــــەزوئارەزو و دور لـــــە تێرکردنـی عەقـل و هەسـت و سـوزو هـەموو پێداویستیە تایبەتـەکان بـە وشـەی خۆشەویسـتی، خۆشەویسـتی لای ئێمـە بـۆتـە خـۆ پەرستی تـەنها ئـەوەی بیەوێـت بەدەسـتی دێنیـت و هـیچ نابەخشـیت بـە بەرامبەرەکـەی ئەگـەر بشیبەخشـی بـەنیوە چریـە بۆیـە دەبێـت ئـەم چەمکانـە بگەرینـەوە سـەر بنچینـەی خۆیـان بـە پێـی مانـای تایبـەتی خۆیـان جـێ بـەجێ بکـرێن و هـەر خۆشەویسـتیەک نـەبوو بـە هاوسـەرگیری ئـەوا نیشـانەی پرسـیاری لەسـەر دروسـت دەبێـت ؟؟؟؟ و شـتێکی تـر، کـە گرنگـە لـە پێداویتسـە دەرونیـەکان بـوونی متمانـە بـە خۆبـون و متمانـە کردنـە بـە کەسـانی تـر و

هـیچ کـات ناکرێـت متمانـە بـــە خـــەڵک بکـــەیت بـــە شـــێوەیەکی ســـاویلکەیی و دوور لـە پرنسـیبە زانسـتیەکان زۆر جـــار دەبیســـتین لـــەنێوان هـاوری کـان کـە نهێنـی بـە یـەکتر دەڵـین ئـەوە شـتێکی زۆر هەڵەیـە دەبێـت ئـەوە بـزانین کاتێـک خـودی خـۆت نـەتوانیت نهێنـی خـۆت بپارێزیـت چـۆن چـاوەری دەکـەی کەسـانی تـر نهێنـی تـۆ بپارێزن بۆیـە تاکـە

کەس کە جێگای متمانە پێکردن بێت بۆ گەنجان ج کچان ج کوڕان تەنها دایک و باوکە کە بەهیچ شێوەیەك نهێنیتان نادرکێنن بۆیە ببن بە جێگای متمانەیان و ئەوانیش بکەن بە نهێنی پارێزی خۆتان بە دڵنیایی سەرکەوتن و بەختەوەری لە دوادا دێت و بابەتی ڕێز گرتن لە خۆمان لە خەڵکی تر یەکێکی تر لە پیداویستیە دەرونیەکان بۆ نمونە ئێمە هەمیشە حەز دەکەین ڕێز لێگیراو بین بەڵام خۆمان ڕێز لە بەرامبەر ناگرین ئەمەش پێچەوانەی یاساکانە بۆیە هەرگیز نابێت چاوەری ڕێز بکەین تاکو خۆمان ڕێز لەخەڵك نەگرین بەهەمان شێوە خۆشەویستیش، دوبارە دەیلێم دەبێت پێوانەی خۆمان بکەین و بزانین قیاسمان چەندە لە ژیان تاکو بتوانین بە پێی قیاسی خۆمان هەڵبژاردن بۆ کەسانێك بکەین کە پێویستە لەگەڵمان بن نەوەك دوایی قیاسێك گەورەتر یان بچوکتر دیاری بکەین مرۆڤەکان قیاسی جۆراوجۆرن بۆیە دەبێت وورد بین لە دیاری کردن.

5) پێداویستیە خودیەکان کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت (حەزو خولیای جیاواز بون و باشترین بوون) ئەو پێداویستیە پێشی دەڵین گەیشتن بە خود یان گەیشتن بە لووتکە چونکە مرۆڤ لەم خاڵەدا دەگاتە لووتکەی ناسینی خۆی ووردبونەوە لە دەوروبەر و دیتنی شتەکان وەك پیویست بە تایبەت لەم خاڵەدا مرۆڤ بیر لە جیاوازیوون دەکاتەوە کە نابێت هیچ کات وەك کەس بین دەبێت هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەین کە لەناو کۆمەڵگەدا نمونەیی و بی وینە بین یان وەکو ئینگلیز ووتەنی بیست بین باشترین بین نابێت و ناکرێت ئێمە داوای باشترین لەخەلك بکەین بەڵام بەخۆمان جارێ لە پلەی باشەدا دا بین بۆ ئەوەی باشترین بۆمان بێت لە ژیان دەبێت خۆمان باشترین بین و هەرگیز مرۆڤ ناگاتە پلەی

ئاسایی بوون و نۆرماڵ بوون تاکو بەم شێوازە نەروانێتە دەوربەر ئەوەی ئێمە بەدی دەکەین لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەمیشە بەخۆمان خراپین بەڵام دەمانەوێت هەموو کەس لەگەڵ ئێمە باش بێت خراپ نەبێت ئەوڵە هیچ یاسا و ڕێساکان جێگای نابێتەوە بۆیە دەبێت بە دوای باشترینەکان لای خۆمان بگەڕێین ئێمە کاتێک دەچین بۆ بازار بەقەدەر ئەو پارەی لەناو گیرفانە دەتوانین شتی کوالیتی بەرز یان نزمی پێ بکرین لەناو کەسایەتیش بەهەمان شێوە بەڵکو ووردتریش ئەگەر ئێمە چیمان لابێت بە دڵنیایی ئەومان دەست دەکەوێت بۆیە با هەمیشە بنەماکانی باشترین بوون کە خۆی لە ناسینی خودمان دەبینیتەوە بە پیوانەکردنی خۆمان لەگەڵ یاساو ریساکان و لەگەڵ واقیعی هەلسوکەوتمان لەناو ژیانی ڕۆژانەدا ئەو کات دەزانین چەندە لە باشترین بوون دورین بۆیە هەرگیز ناتوانین کۆنترۆڵی شتەکان بکەین و ناتوانین کێشەکان چارە بکەین چونکە نەگەیشتوینەتە پلەیەکە بتوانین کۆنترۆڵی بکەین.

بەشێوەیەکی کورتی ئەم چەند خاڵەی لەسەرەوە باسمان کرد یەکسانە بە بنیاتنانی کەسێکی ئاسایی و سروشتی، کە دواجار لە ئەنجامی بەیەک گەیشتنی دوو کەسی سروشتی بە دڵنیایی چاوەڕێی هاوسەرگیریەکی سەرکەوتوو دەکرێت ودەبێتە زامنی بەختەوەری بەمەرجێک ئەوانەی باسم کردن پیادە بکرێن و لە هەردوو هاوسەرەکەدا بونیان هەبێت بە پێچەوانەوە دەبێت چاوەڕێی پێچەوانەکەی بکەین بۆیە لەسەرمان پێویستە لەسەرمتای ژیانی منااڵەکانمان بەم سیستەمە پەروەردەییە گۆشیان بکەین و ئاراستەیان بکەین، و ئەوەی زۆر گرنگە نەک هەر بۆ هاوسەرگیری بەڵکو بۆ ژیانێکی ئاساییش دەبێت ئەم بابەتانە ڕەچاو بکرێن.

چوارەم / هۆشیاری تەندروستی: مەبەست لە بوونی هۆشیاری تەندروستی بۆ تاك ئەوەیە كە وورد و درشتی یاسایە تەندروستیەكان و زانیاری دروست لەسەر گشت نەخۆشی و هۆكار و چارەسەری بزانیت بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لێ بپارێزیت وە ئەوەی كە گرنگە دەبێت هەموو تاكێكی ناو كۆمەڵگا هۆشیار بێت لە ڕووی تەندروستی چونكە ئەگەر بمانەوێت و دەبێت ئەوە بزانین كە زۆربەی جار لەناو كۆمەڵگەی ئێمەدا سەرنەكەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری هۆكاری سەرەكی دەگەڕێتەوە بۆ كێشە تەندروستیەكان و ئەگەر لەسەرەتادا هۆشیاربین ئەوكاتە زوو دەتوانین كۆنترۆڵی بكەین بۆ نمونە تاكو ئێستاش لە هەرێمی كوردستان كاتێك هاوسەرگیری دەكرێت تاكە پشكنینی تەندروستی كە ئەنجام دەدرێت بریتیی یە لە پشكنینێكی سادەی خوێن و زۆر جار هاوسەرەكان بێ گوێدانە ئەنجامی پشكنین گرێ بەستەكە ئەنجام دەدەن، بێ ئاگا لەوەی كە گەورەترین تاوان ئەنجام دەدەن بەرامبەر نەوەی داهاتوو چونكە هەر كێشەیەكی تەندروستی باوان واتا دایك وباوك ئەگەری گواسرانەوەی زۆرە بۆ نەوەكانیان بۆیە دەبێت زۆر بەرپرسیارانە لەگەڵ ئەم بابەتە هەڵسوكەوت بكەین و نابێت خۆپەرست بین كاتێك بۆمان دەردەكەوێت كە كێشەیەك لە تەندروستی دایك یان باوك هەیە نابێت بە بیانووی ئەوەی كە یەكترمان خۆش دەوێت بێین موساوەمە لەسەر مافی منالەكان بكەین و ئەوان بكەینە قوربانی حەزو ئارەزووی خۆمان هەروەك لە

ئێستادا زۆرێك لەو منالانەی، كە كەم ئەندامن یان خاوەن پێداویستی تایبەتن هۆكارەكەی بۆ كێشەی تەندروستی دەگەڕێتەوە بۆیە دەبێت هۆشیارانە تر بریار

بدەین و لە پێناوی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست لەڕێگای هاوسەرگیریەکی تەندروست و ئەوەی ئێستا رووبدات لە ناو کۆمەڵگە جێگای سەرسوڕمانە کاتێك دەبینین تەندروستی تەنها لە پشکنینی خوێن بەشێوە سادەکەی دەروانین وا دەزانین هاوسەرگیری تەنها کاتێك گرێ بەستەکەی دەکرێت کە خوێنەکە موتابیق بوو یان پۆزەتیف بوو چەند لایەنێکی تری گرنگی تەندروستی هەن، کە کاریگەری ڕاستەوخۆ دەخاتە سەر بەردەوام بوون و بەردەوام نەبوونی هاوسەرگیریەکە ئەوانیش چەند نەخۆشیەك یان چەند کەم کورتیەکی تەندروستین پەیوەندیان بە ڕەگەزی هەیە واتا دەبێت پشکنینی تەواو بۆ هەردوو ئەو کەسانە بکرێت کە دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن لە ڕووی (ڕەگەزی) واتا ئایا کاتێك ڕەگەزی نێر پشکنینی بۆ دەکرێت لە لایەن پسپۆرێکی ئەو بوارە بۆ ئەوەی بزانین و دڵنیابین کە لە ڕووی نێرایەتی بەتەواوی پۆزەتیفە ج لە ڕووی ڕواڵەت ج لە ڕووی ناوەرۆك و ئەو بابەتانەی کەسێکی نۆرمال پێویستی پێ یەتی بۆ ئەوەی لەکاتی هاوسەرگیری توشی کێشەی سێکسی و کێشەی منداڵ نەبون وشتی تر نەبێت کە کاردەکەنە سەر هاوسەرگیریەکە و بەهەمان شێوە (مێ یەکە) واتا ئافرەتەکە هەمان پشکنینی تایبەت بە ئافرەتی بۆ بکرێت لە لایەن پسپۆری ئافرەتان و هەر کات هەردووکیان لەم بوارەشەوە دەرچوون ئەوکات دەبێت لە ڕێگای پسپۆری دەروونیەوە پشکنینی ژیری و عەقلی بۆ بکرێت چونکە نابێت کەسێك کێشەی دەروونی و کێشەی ژیری هەبێت هاوسەرگیری بکات و بەداخەوە ئێمە زۆر جار هاوسەرگیری بۆ ئەوە دەکەین دەڵێین بەڵکو کورەکەمان یان کچەکەمان بە هاوسەرگیری چاك بێتەوە زۆر هەڵە دەکەین کاتێك ئەو بریارە دەدەین چونکە هاوسەرگیری گرێ بەستێکی پیرۆزە نابێت کەسانێك ئەنجامی بدەن کە بەتەواوی نۆرمال نین، ئەمە بۆ پێش هاوسەرگیری بە دڵنیاییەوە هۆشیاری

هۆشیاری کەسانی بەر لە بڕیاری هاوسەرگیری

تەندروستی بۆ کاتی هاوسەرگیریش و کاتی ژیانی ئاساییش پێویستمانە بە تایبەت کاتێک بڕیاری منالْ بوون دەدەین دوبارە دەبێت ئەو پشکنینانە بکرێن چونکە چەند نمونەیەکی زیندووم لایە، کە نەبوونی هۆشیاری ج کارەساتێکی بەسەر منالّەکان هێناوە و زوربەیان ئێستا خاوەن پێداویستی تایبەتن بە داخەوە لە ئەنجامی نەبوونی هۆشیاری تەندروستی دەزانم ئێستا لاتان سەیرە ئەوەندە پڕۆسەکە زەحمەت دەکەم بەلّام دڵنیام، کە زۆربەی هاوسەرگیریەکانی کۆمەڵگەی ئێمە سەرنەکەوتوون بۆیە وا دەڵێم تاکو گەنجانی ئێستا تۆشی هەمان هەڵە نەبن و من لەگەل بیرۆکەی ئەوەم کە هەردوو خانەوادەیە هی کچەکەو هی کورەکە داوای پشکنینی گشتی بکەن و دادگاش بەهەمان شێوە ئەوجا بڕیارەکە بدەن لەسەر هاوسەرگیریەکە.

پێنجەم/ هۆشیاری ئابووری: زۆرجار دەبینین کە هاوسەرەکان کێشەیان دەبێت لەکاتی بەدواداچون بۆ بابەتەکە دەردەکەوێن کە کێشەکە پەیوەندی بە لایەنی دارایی هەیە و هاوسەرەکان شارەزایان نیە لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی دارایی و بە شێوەیەکی گشتی هاوسەرە تازەکان هەمیشە ڕووبەروی قەیران دەبنەوە ئەوش لەبەر ئەوەی

تێگەیشتنی تەواویان نیە لەبابەتی پلانە دارایی یەکان مەبەستم لەپلانی دارایی کارکردنە بە یاسا دارایی یەکان، کە یەکێک لەو پلانانە کارکردنە بە بڕی داهات و بڕی خەرجی لە ماڵ ڕێکبخرێت واتا ناکرێت کەسێک

داهاتی مانگانەی 500000 دینار بێت بەڵام خەرجیەکانی بگاتە 1000000دینار، بە دڵنیاییەوە لەکاتی نەبوونی ئەو پلانە هەمیشە خێزان رووبەڕوی نەبوونی پارە دەبێتەو تا دوا جار سەر دەکێشی بۆ قەردرای و دروست بوونی کێشە لەماڵ کە زۆر جار لەیەکتر جیابونەوەی تێکەوتوە، بۆیە زۆر پێویستە گەنجان هۆشیاربنەوە لە یاسا و رێسا دارایی یەکان بۆ ئەوەی پێش ئەوەی بچنە ناو ژیانی کرداری شارمزاییەکی زانستیانە پەیدا بکەن لەو بوارە ئەوەش دەکرێت بخرێتە ناو پرۆگرامەکانی پەروەردە بەشێوەیەك لەناو بابەتێك جێگای بۆ بکرێتەوە و مامۆستاکان بە شێوەیەکی وورد رووبی بکەنەوە کە سودی هەبێت بۆ قوتابیان کە نەوەی دوا رۆژن، لە بیرمە لەسالی 1995 کاتێك پۆلی 6 ی ئامادەیی بوم لە وانەی ئینگلیزی بابەتێك هەبوو لەم شێوە کە ریکخستنی مالی تێدابوو بۆ ئەو کەسانەی کە دەچنە ناو ژیانی هاوسەرگیری بە شێوەیەکی تەرە جا بابەتەکە بە ووردی باسی لە خەرجیەکان و بری داهات دەکرد بۆیە ئێستاش پێویستە بەم شێوەیە بابەت هەبێت و بەدڵنیاییەوە کاریگەری پۆزەتیفی دەبێت لەسەر بەختەوەر بوونی خێزان و دەکرێت کە هۆشیاری زیاتر بە گەنجان بدەین لەم بابەتە لە رێگای پسپۆرانی ئابوری و لە رێگای رێکخستنی خولی تایبەت بۆ گشت خێزانەکان تەنانەت ئەوانەشی کە لە ناو پرۆسەکەن، دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین کە بابەتە ئابوریەکان هەمیشە دەبنە هۆی دروست کردنی کێشە خێزانیەکان واتا جاری وا هەیە خێزانەکە لە سەرەتادا بە پێی کۆمەڵێك پەرەنسیب پێکهاتوە بەڵام لەبەر نا شارەزایی تێکچوە و لەیەکتر هەڵوەشاوەتەوە.

شەشەم/هۆشیاری مانداری:

مەبەست لە هۆشیاری مانداری ج بۆ کوران ج بۆ کچان دەبێت فێری ئەوە بکرێن لە تەمەنێکی گونجاو کە شارەزایی پەیدا بکەن بە شێوەیەکی تیۆری و کردەای کە چۆن بتوانن مانداری بکەن جا بۆ نمونە سەبارەت بە کچان ناکرێت کچێك لەمانگەوە دایك وباوکی فێری ئەوەی نەکەن کە چۆن بتوانێت لە رێگای شارەزایی جۆرەکانی خواردن و هونەری چێشت لێنان واتا دەبێت دایکان و باوکان کچەکانیان بخەنە ناو خولی کابانی، بە دڵنیاییەوە زۆرێك لە کچان کاتێك پرسیاریان لێدەکەی زۆربەیان بەڵکو رێژەیەکی زۆریان لە بابەتی کابانی هیچ نازانن تەنانەت هێلکەو رونێك بە تەواوی ناتوانن ئەنجام بدەن و ئەوەش کاریگەری نیگەتیفی دەبێت لەسەر ژیانی هاوسەری چونکە بەڕاستی ناکرێت هاوسەرەکان هەمیشە ژەمەکانیان لە دەرەوە بێت یەکێك لەو خاڵانەی کە خۆشەویستی زیاد دەکات و کاریگەری دەبێت لەسەر خیزانێکی بەختەوەر دەست رەنگینی و کابانی کچەکانە بۆیە دەبێت کچانمان ئامادە بکەین بۆ ژیانێکی نوێ نەوەك تەنها فێری چەند چەمکێکی ناو کتێبەکانیان بکەین و ئەم چەمکانە نەبن بە واقیعی ژیان بۆیە لەسەر هەموو خانەوادەیەك پێویستە ئەم هەنگاوە بهاوێن بۆ هۆشیاری کچەکانیان بەمەبەستی دەست رەنگینی هەم لە خواردن و شیرینی و هەم لە کابانی ماڵ بە مانای ووشە زۆر جار پیاوان گلەیی ئەو دەکەن کە دەبێت شیرینی و کولیچە لە بازار بۆ ماڵ بێنین لەکاتیك حەز دەکەین بەدەستی هاوسەرەکانمان ئامادە بکرێت، کچان بزانن پیاوەکان حەزیان لەبەرهەمی دەستی هاوسەرەکانیانە بۆیە

خۆتان فێری کابانی بکەن لەهەمان کات دەبێت کوڕەکان وا رابێنن کە پشت بەخۆیان ببەستن وە تواناکانی بەرێوەبردن و ئەرکەکانی ماڵ فێر ببن نەوەك لە هەموو شتێك پەنا بۆ دایکان وباوکان ببەن نابێت کوڕەکان لە هونەری بەرێوەبەری ماڵ دوور بن بەڵکو دەبێت زۆر بە ووردی فێربکرێت بۆیە دەڵێم هونەری ماڵ بەرێوەبردن چونکە بەراستی پێویستی بە هونەرە بۆ ئەم بابەتە و تا ئێستا زۆربەی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی سادە سەیری ئەم خاڵە گرنگەی ژیان دەکات مەبەستم خاڵی گرنگ واتا هاوسەرگیری و خێزانداری، دایك و باوکایەتی تەنها بریتی نیە لە بەخێوکردنی منااڵەکان بەڵکو سەرەکی ترین ئەرکی دایکان وباوکان پەروەردەکردنیانە لەهەموو بوارەکانی ژیان بەداخەوە دەیڵێم دایك و باوکی کورد باشترین بەخێوکەرن بەاڵم پەروەردەکاری باش نین.

ئەو خاڵانەی سەرەوە هەندێك بوون لەو بوارانەی کە گرنگن گەنجەکانمان ج کچان و ج کوڕان لێی ئاگاداربن و هۆشیاربن تیایدا بەر لەوەی بڕیاری هاوسەرگیری بدەن چونکە نەبوونی ئەم هۆشیاریە دەبێتە هۆی کەم وکورتی سەرنەکەوتنی پرۆسەکە و دەبێت کۆمەڵگە هەمووی بەشداربێت لەم هەڵمەتە چونکە دوا جار لە رێگای خێزان کۆمەڵگا پێکدێت و لەوانەیە کەسێکی نا هۆشیار ببێتە زاوامان و ژیانی کچەکەمان وێران بکات یان بە پێچەوانەوە کچێکی نا هۆشیاری ژیانی کوڕەکەمان وێران بکات بۆیە دەبێت بە هەستیاریەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو بابەتە بکەین و هەریەك لە ئێمە ئەمە بە ئەرکی خۆمان بزانین و لەرێگای پلانێکی توکمە هۆشیاری ئەنجام بدەین، چونکە تاکی هۆشیار یەکسانە بە خێزانێکی بەختەوەر، خێزانی بەختەوەریش زامنی کۆمەڵگایەکی ئارام و بەختەوەرە.

سێ یەم : بنچینەکانی هاوسەرگیری بەختەوەر

لەم بەشەدا دەمەوێت ئاماژە بە چەند بنچینیەک بکەم کە کاریگەری دەکەنە سەر هاوسەرگیریەکی نمونەیی و بەختەومر بە دڵنیایی مەبەستم دوای گرێ بەستە واتا کاتێک ژن و پیاوەکە لەناو یەک خێزان ژیان بەسەر دەبەن دەبێت چەند بنچینەیەک و چەند بنەمایەک هەبێت، کە وا لە هاوسەرگیریەکە بکات سەرکەوتوو بێت بە تێڕامانی خۆم ئەم بنچینانەی خوارمو دەبنە هۆکاری بەختەومری و دڵنیام هی تریش هەن بەڵام من لێرمدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم:-

بنچینەی یەکەم: هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی

ئەم بنچینەیە یەکێکە لەهەر گرنگەکان چونکە ئەوەی ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا تێبینی دەکرێت زۆر بەکەمی هاوسەرەکان ج پیاو ج ژن بەرپرسیاریەتی هەڵناگرن وە لەهەمان کاتدا تێکەڵاویەک دەکەن لە نێوان ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بەرامبەر یەکتر لەگەل هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی یەکتر هەمیشە ئەو تێکەڵاویە بۆمتە کێشە نەک تەنها لە نێوان هاوسەرەکان بەڵکو لەناوی خودی دایک وباوکیش بەرامبەر منداڵەکانیان

جا لێرمدا زۆر بە گرنگی دمزانم کە بە ووردی بەرپرسیاریەتی خۆمان بەرامبەر یەکتر بزانین بۆنمونە ئەو کچەی شوو بە کوڕێک دەکات تەنها بۆ جل و بەرگ و خواردن و هەندێک شتی تری ماددی و هەندیک شتی تری جەستەیی نیە تاکو کاتێک خواردن یان جل وبەرگ یان هەرشتێکی تری بۆ دەهێنی ئیتر

وابزانیت بەرپرسیاریەتیەکانت تەواو بوون بەڕێز ئەوە بریتی یە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانت ئەوەی بەرپرسیاریەتیە زۆر لەوە فراوانترە خۆی لە دابین کردنی داهاتوویەکی رۆناك و ژیانیکی بەختەوەرو هێمن دەبینیتەوە ئەوەی تۆ بە بەرپرسیاریەتی دەزانیت ئەو کچە لەماڵی باوکیشی دەستی دەکەوت بەڵام بنیتنانی خاڵی دەسپێکی ژیان لەوە دەست پێدەکات کە ئەو ژنە یان ئەو کورە لەهەموو وورد و درشتەکانی ژیان پێکەوە بڕیار بدەن و بەرپرسیاریەتی ئەنجامەکەشی هەڵبگرن نەوەك یەکیکیان بیکات و ئەوەی تر ئاگاداری نەبیت و لە دواییش ئەو باجەکەی بدات بۆیە بەرپرسیاریەتی ئەوەیە کە لەسەر ئەنجامدانی هەر شتێك لێپرسینەوە چاوەڕێت دەکات چونکە خیزانداری یان 2 هاوسەر دەبێت لە بریارە چارەنووس سازەکان بەشدارین و رایان وەربگیرێت و نابێت هیچیان پشتگوێ بخرێن چونکە دەبێتە هۆکاری دەرز تێبونی ئەو قەڵا جوانەی کە بنیاتناوە لەسەر بنچینەی دابەش کردنی بەرپرسیاریەتی نەوەك ئەرك جێ بەجی کردن بەرپرسیاریەتی دووربینینە لە بریارەکان و بیرکردنەوەکان نەوەك کوڕی ئەمرۆ بین بۆ بڕیارێك بیر لەداهاتوو نەکەینەوە، بەرپرسیاریەتی هەموو ئەو بەڵێنانەی کە داومانە پێشتر دەبێت پابەند بین پێی نەوەك وابزانین کاتێك گرێ بەست تەواو بوو هیچی تر نامینی لەسەرمان جائەو بەرپرسیاریەتە بۆ هەردوو لا وەك یەکە لەوانەیە هەندێك جار هی پیاو زیاتر بێت و هەندێك جار هی ژن بەڵام دەبێت هاوسەرگیری ئەم بنچینەی تیادا بێت تاکو سەرکەوتوو بێت و بەختەوەری بهێنی.

بنچینەی دووەم: خۆشەویستی

لێرەدا باس لە خۆشەویستیە تەقلیدیەکە ناکەم کە تەنها زمان دەیڵێت و کردار لەکاتێکی کە خۆمان بمانەوێت دەیسەلمینین واتا خۆشەوستی ئێمە بریتیە لەو خۆشەویستنەی کە ئێمە دەمانەوێت بەڵام خۆشەویستی وەکو بنچینەی سەرکەوتن و بەختەوەری خێزان یەکسانە بە خۆشەویستیەك کە لەکەسەکە بپرسین، کە چی پێخۆشە ئەو بکەین واتا بەرامبەرەکەمان دیاری دەکات جۆری خۆشەویستیمان نەوەك ئێمە بە حەزی خۆمان و بەو شێوازەی کە دەمانەوێت بە بەرامبەری بدەین و زۆر جار خۆشەویستیەکە خۆی لە خۆیدا ئەهانەکردنێکی موحترەمە ناکرێت ئەو ووشە جوانە بە بێ بوونی پرەنسیپی تایبەت جێ بەجێ بکرێت خۆشەویستی واتا ڕازی بوونی هەردووڵا لەگشت هەڵسوکەوتی یەکتر هەرکاتێك ئێمە هەلسوکەتێکمان کرد بەرامبەر خێزانەکانمان جا ج پیاوەکان ج ژنەکان ئەوا دەرزێك لەم ووشەیە دەبێت مانای تەواو نابەخشێت و باشترین و چاکترین جۆری خۆشەویستی ئەو خۆشەویستیە کە پیشگرێکی هەیە ئەویش پیشگری (ڕێز) واتا هەر خۆشەویستیەك بە ڕێز دەستی پێنەکرد دەتوانم بڵیم جگە لە ویستی حەزێکی جەستەیی دوور لە روح زیاتر هیچی تر نیە و دەبێتە خۆشەویستیەکی کاتی لەکاتێکدا هاوسەرەکان هەموو ساتێك پێویستیان بەم خۆشەویستیە یە و زۆر جار کاریگەری لەسەر منداڵەکانیش دەبێت ج بە ئەرێنی یان نەرێنی بۆیە زۆر گرنگە ئەو بنچینەیە وەکو خۆی بوونی هەبێت و نەبێتە خۆشەویستی جەستە بەڵکو خۆشەویستی عقل و ناخ و جەستە پێکەوە دەبێت چۆن جەستەی خۆش دەوێت ڕاکانی خۆش بوێت و هەستەکانی

خۆش بوێت و حەزەکانیشی خۆش بوێت ئەوە بۆ هەردووهاوسەر هەروەك یەکە واتا پیاوەکان و ژنەکان دەبێتە بەم جۆرە یەکتریان خۆش بوێت.

بنچینەی سێ یەم: لەخۆگرتن

لە خۆگرتن یان ئیحتیواکردن بۆ سەرکەوتنی هاوسەرگیری لەخۆگرتن لە خۆشەویستیش گرنگترە چونکە هەرکاتێك تۆ کەسێك لەهەموو بوارەکانەوە لەخۆ نەگریت و نەبیتە ئەو کەسەی، کە دەرفەت نەدەی پێویستی بە هیچ شتێك بێت ئەوا خۆشەویستی ڕۆڵی نابێت ئەوکات، کەواتە دەبێت هاوسەرەکان یەکتری لەخۆ بگرن بە شێوەیەکی زۆر سادە کاتێك کەسێك لەباوەش دەگرین بە تووندی وە خاوەنی هێزێکی زۆربین کەسەکە بەتەواوی کۆنترول دەکەین و دەتوانین لەرێگەی ئەو باوەشەوە بەتەواوی شتەکانی لەخۆ بگرین بۆنمونە هەستەکانی دەردەبرێت و تەنانەت خۆشی ناخۆشیەکانی لەگەڵت دابەش دەکات ئەوە کاتێك باوەشەکە پربێت لە سۆزو دڵسۆزی و میهرەبانی واتا پێویستە هاوسەرەکان لەهەموو ڕووەکانەوە یەکتری لەخۆ بگرن بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوە نەدەین کە پێداویستی دروست بێت دەرز بکەوێتە نیوانیان بۆیە ئەم لەخۆگرتنە هەم هەست و هەم نەستەکانیش دەگرێتەوە زۆر جار لەکاتی پێویست هاوسەرەکە نەیتوانیوە ئامادە بێت لەگەڵ هاوسەرەکەی بۆنمونە کاتێك خەمێکی هەبووە ئەو ئامادەنەبونە ڕوحی و جەستەیی یە بۆتە هۆکاری ساردبونەوەی هاوسەرەکان لەگەڵ یەکتر و دواتر جیابونەوە چونکە بەڕاستی ئەم لەخۆگرتنە خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە بەڵام بە داخەوە زۆرجار کاتێك هاوسەر ئەوەش بەتایبەت لە پیاوان ڕوودەدات کاتێك خیزانی داوای لیدەکات کە لەگەڵی بێت ڕێك یەك قسە دەکات و دەڵێت چی بکەم ئەی ئەوە نیە کاردەکەم و پارەی باشتان بۆ دەهێنم و خانوی چاك و سیارەی چاك بە

دڵنیایی ئەوانە ناتوانن خەمی خیزانەکەت لەخۆ بگرن ئەو پێویستی تەنها بەیەک باوەشی تۆیە کە هەموو دونیایی بە قوربان دەکات بۆیە دەبێت ئەم لەخۆ گرتنە ڕەنگبداتەوە لەسەر ژیانی ڕۆژانەمان و خۆمان فێربکەین چۆن بتوانین هەموو شتەکانیان لەخۆ بگرین .

بنچینەی چوارەم: توانەوە لە یەکتر

بە نمونەیەکی کوردی خۆمان دەست پێدەکەم، کاتێک چا دەخۆینەوە دەڵێن چایەکی شیرینمان خواردەوە ئەوە کاتێک چایەکە شیرین بێت بەڵام لێرەدا قوربانیەک بونی هەیە کە وەک سەربازی وون کاری کردووە ئەویش خودی (شەکر)ە کەس نااڵێت چایەکی بە شەکرم خواردەوە چونکە شەکرەکە لەکاتی تاوانەوەی ناوی لەدەست دا بەڵام ماناو کاریگەری هەر مایەوە کە شیرینیتی بوو هاوسەرەکان دەبێت لەناو یەکتردا بتاوێنەوە بەجۆرێک هەست نەکرێت یەکیان لەیەکیان گرنگترە بۆ ژیان بەڵکو هەردووکیان تام وچێژ دەبەخشن بۆ تایەکانی ژیان هەردووکیان پێکەوە تالیەکان شیرین دەکەن پێکەوە ڕوبەڕوی زەحمەتیەکان دەبنەوە و ئاسانیان دەکەن هەرکاتێک تاوانەوە رویدا تێکەڵاوبونێک دروست دەبێت زۆر ئەستەمە لەیەکتری جیابکرێنەوە

هەروەک نمونەی چایەکە کە دوای تاوانەوە ئەستەمە لەیەکتر جیاکردنەوەی شەکرەکە لەناو چایەکە بۆیە زۆر گرنگە هاوسەرەکان بڕیارەی تاوانەوە بدەن لە پیناو شیرین کردنی تاڵیەکانی ژیان و دەرکەوتنیان بەیەک ئاراستەبۆ ڕوبەڕوبونەوە نەوەک 2 ئاراستەی جیاواز زۆر جار کاتێک سەردانی ماڵیکی کۆمەڵگەی خۆمان دەکەین وا دەزانین چوین بۆ نمایشی زۆران بازی کە دەبینین هیچێک لە

هاوسەرەکان راکانیان تێکەڵاوی یەک ناکەن بەڵکو هەمیشە دژایەتی یەکتر دەکەن و ئەمەش زۆر بە رووتی هەستی پێدەکرێت لەناومان و دواجار دەبێتە هۆی لێکترازان و جیابونەوە و کاریگەری لەسەر هەمووان دەبێت تاوانەوە لەناو یەک بەمانای مردنی کەسێک و دەرکەوتنی کەسێک بەڵکو تام بەخشینە بە خێزان بە هەردوولا و کەم وایە لە خێزانی کورد هەست بەوە بکرێت کە یەک گیانن لە دوو جەستەدا .

بنچینەی پێنجەم: تێرکردن

مەبەستمان لە تێرکردن وەک بنچینەیەکی گرنگی سەرکەوتنی هاوسەرگیری ئەوەیە زامنی بوونی ژیانێکی پڕ لە هیوا و ئومێدو دوور لە لێکترازان، ئەوەی کە زۆر گرنگە بیزانین لەهەر شتێکدا کە بۆشایی هەبوو یان تێرنەبوون هەبوو لەم حالەتەدا پێویستە پربکرێتەوە بە شێوەیەکی گونجاو، وەک هەمیشە لە قوتابخانە پرسیارمان بۆ دەهات کە ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ووشەیەکی گونجاو پربکەرەوە ئەگەر نەشمان زانیبوایە بە وەڵامی ڕاست پربیکەیەنەوە ئەوا وەڵامێکی هەڵەمان دەنووسی لە بۆشاییەکە بەڵام لەم حالەتەدا توشی ڕووبەروی پێنەدانی نمرە دەبوین لە لایەن مامۆستا چونکە ووشەکە گونجاو نەبوو، لە ژیانی هاوسەریدا ج پیاوەکە یان ژنەکە کۆمەڵێک پێداویستی هەیە کە دەبێت تێر بکرێن جا ج تێرکردنی هەست و سۆز بێت یان تێرکردنی جەستەیی و لایەنی سیکسی بێت کە هەریەک لەوانە بە پێداویستی ناو دەبرێت لێرەدا ئەوەی هەستی پێدەکەین لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەبوونی هۆشیاری پێویستە بۆ هەریەک لەم پێداویستیانە و هەمیشە لەناو کۆمەڵگە گلەیی دەبیستین کە تاکی کورد تاکێک نیە بتوانێت وەک پێویست یەکتری تێر بکەن لەهەموو لایەنەکانی ژیان و شتێک هەیە دەبێت بیزانین و گرنگی

پێبدەین لەچەمکی تێربوون تەنها ئەو کەسە دەتوانێت بڕیاری تێربوون بدات، کە پێویستیەکەی هەیە ناکرێت ئێمە لە جیاتی ئەو بڕیار بدەین و ئەگەر سەیرێکی کۆمەڵگە بکەین ئێستا زۆربەی هۆکاری جیابونەوە لەسەر ئەوەیە کە یەکتر تێرناکەن وەك پێویست وە نەقص دەمێنێ بۆیە ئەو نەقصە بە شێوەیەکی نا تەندروست پڕدەکرێتەوە و دەبێتە کێشەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت زۆر جار کوشتن و خۆکوژی لێکەوتۆتەوە جا لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین تێربوون هەموو شتێك دەگرێتەوە بۆنمونە چاوەکان پێویستیان بە تێربونە لە شتە جوانەکانی هاوسەرەکان و گوێ پێویستی بە تێربوونە لە ووشە خۆش و پڕ هەستەکانی هاوسەرەکان هەروەها لووت پێویستی بە بۆنی خۆشە تا تێربێت هەروەك ناخی تاکەکان پێویستیان بە تێربونە لە روانگەی موقیف و هەڵسوکەوتی جوان و شیاو و دەبێت لایەنی جەستەییش تێر بکرێت بەو رادەی کە کەسەکە خۆی بڵێت کە تێربووە بەڕاستی زۆرێك لە هاوسەرەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە تەنها گرنگی بە تێربوونی خۆیان دەدەن ئەوی تر فەرامۆش دەکەن هەروەها هاوسەرەکان پێویستیان بە بەسەربردنی کاتە لەگەڵ یەکتر نەوەك هاوسەر تا کاتژمیر 1 ی شەو لە دەرەوە بێت هەموو چالاکی و توانای لە دەرەوەی ماڵ خاڵی بکاتەوە کاتێك دێتەوە ماڵ هیچی پێنەمابێت بۆیە دەبێت ئەو بابەتە بە تەوافوق بێت لە نێوانیان و هەرکات یەکێك لە هاوسەرەکان نەگەیشتە ڕادەی تەواوی تێربوون ئەوا توشی هەڵە دەبێت وەیەکێك لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکانی ناپاکی خێزانی بۆ تێرنەبون دەگەڕێتەوە هەروەك چۆن زۆرجار لەیەکتر جیابونەوە لەسەر ئەو بابەت رووەدات بۆیە دەبێت ئەوە بزانین ئێمە ئازاد نین چی دەکەین و چی ناکەین دەبێت هەردوو هاوسەر کۆك بن لەسەر شتەکان، ئەمەش بە دڵنیایی کاتێك بە ئاسایی رووەدات ئەوکات

هەموو ئەو خاڵانەی کە لەم بابەت باس کران ئەوە دەگەینن کە کۆمەڵگا پێویستی بە هەمەهەنگیە بۆ هۆشیارکردنەوەی گەنجان لە پێناوی دەستەبەرکردنی هاوسەرگیریەکی سەرکەوتوو و بەختەومر بە پێچەوانەوە ناتوانین زامنی بکەین و بابەتێکی تر ئەویش دایکان وباوکان و ناوەندەکانی پەروەردەیی بەرپرسیارن لە ئامادەکردنی گەنجێکی (کور و کچ) هۆشیار بۆ ناو کۆمەڵگا هەریەك بە پێی ئەو بڕەی بەری دەکەوێت لە بەرپرسیاریەتی چونکە ناکرێت دایکان وباوکان هەست بەو قورساییە پەروەردەییە نەکەن کە دەکەوێتە سەریان بەرامبەر رۆڵەکانیان دواجار کوڕی یەکێك دەبێتە زاوای ماڵیك و کچی یەکێك دەبێتە بوکی ماڵیك بۆیە دەبێت باشترین کوڕ و کچ پێشکەشی کۆمەڵگا بکەین لەرووی کوالێتی ئەگەرنا بەرامبەر کۆمەڵگا بەرپرسیار دەبین و هۆشیاری خاڵێکی سەرەکی سەرکەوتنی خیزانەکانە، و دەڵیم هەرکەسێك بەپێی ئەو بنەمایانە و ئەو مەرجانە هاوسەرگیری نەکات بە دڵنیایی رویەرووی کێشە دەبێتەوە لە داهاتوو بۆیە بەر لە رووداتی کێشەکان با خۆمان ئامادە بکەین و هیچ لەوە کەمتەرخەم نەبین کوڕ کچانمان ئامادەباش بکەین بۆ پرۆسەسەکی ئەوها چارەنووس ساز.

کۆتایی

لە کۆتاییدا دوبارەی دەکەمەوە کە تاکە رێگا بۆ بەختەوەری ئەوەیە کە هاوسەرگیری لە رێگای عقل و ژیری بڕیاری لەسەر بدرێت نەوەك تەنها سۆز و عاتیفەیەکی دوور لە ژیری و دەبێت خۆ پەرستانە بڕیارێکی وا نەدەین کە لە داهاتوو دایکێکی هەڵە بۆ منداڵەکانمان یان باوکێکی هەڵە بۆ منداڵەکانمان هەڵبژێرین و لە ئەنجامدا قوربانی لێبکەوێتەوە بۆیە بوونی هۆشیاری زامنی رووندانی ئەم جۆرە هەڵانەیە و بەدڵنیایی عقل و ژیری سەنگی مەحەکی گشت بڕیارێکی دروستە لە ژیان بۆیە با عقل ببێتە خاڵی بڕیاردان لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا.

ڕێگاکانی پێشگرتن لە دەرکەوتنی هۆکارە یاساییەکانی جیابوونەوە

نووسینی

پ. ی. د. شێرزاد عزیز سلیمان

ماموّستا لە زانکۆی سەلاحەددین/

کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان/ هەولێر

Sherzad.sulaiman@su.edu.krd

ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە: **(17) لاپەڕ**

کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردن: **(15) خولەك**

کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە: **(13) خولەك**

وتە

گرێبەستی هاوسەرگیری

لەسەر بنەمای

ڕاستگۆیی نەبێت هەرەس

دەهێنێت

ڕێگاکانی پێشگرتن لە دەرکەوتنی هۆکارە یاساییەکانی جیابوونەوە

پەیوەندی هاوسەرگیری یەکێکە لەو پەیوەندیە گرنگانەی، کە مرۆڤ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر دەیبەستێت، یاساکانی وڵاتان گرینگی زۆریان بەو پەیوەندیە داوە و هەوڵییان داوە لایەنەکانی ڕێکبخەن، بێگومان شەریعەتی ئیسلامیش لە پێش ئەوانەوە لەو چوارچێوەیە فراوانتر وگشتگیرتر حوکمی زۆری هێناوە کە دەبێتە مایەی ڕێکخستنی تێکڕای لایەنەکانی ئەم گرێبەستە، تەنانەت حوکمە شەرعیەکانی زۆربەی زۆری بەپێی دەقەکانی قورئانی پیرۆز ڕێکخراوە و خودای پەروەردگار ویستی وابووە ئەم بوارە ڕاستەوخۆ بەپێی فەرمایشتی خۆی ڕێکبخات، ئەوەش ڕادەی گرینگی ئەو بابەتە دەردەخات، بێگومان حوکمی تریش کە تەواوکەری حوکمەکانی قورئانی پیرۆزە لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خۆشەویستدا -درودی خوای لەسەربێت- هاتووە کە لەگەڵ حوکمەکانی قورئانی پیرۆز یەکتری تەواو دەکەن.

هاوسەرگیری گرینگیەکەی لەوەدایە، کە بناغەی دروستکردنی خێزانە و لە ئەنجامیدا مرۆڤ دروست دەبێت، مەبەستمان لە دروست بوونی مرۆڤ تەنها وەچە نانەوە نییە، بەڵکو مەبەستمان دروست بوونی کییانی ئەو دوو هاوسەرمشە کە بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن، چونکە ئەو پڕۆسەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی بنیادی کەسەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و جەستەیی و دەروونی، لە کۆتاییشدا دەبێتە یەکێك لەو خانانەی کە کۆمەڵگا پێکدەهێنێت، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم پڕۆسەیە لە پێش ئەنجامدانی و لە کاتی بەڕێوەچونی تاکۆتاییە

سروشتیەکەی، کە بریتیە لە مردنی یەکێک لە هاوسەرەکان یان هەردووکیان، بیر لە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی بکرێتەوە، چونکە کاریگەریە خراپەکانی جودابوونەوە زۆر قوڵە، تەنها هاوسەرەکان ناگرێتەوە، بەڵکو مەترسی دەخاتە سەر منداڵ و خێزان و کۆمەڵگا بە گشتی، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا وا دەردەکەوێت، کە کێشەیەکی تاکەکەسیە، بەڵام هەرگیز نابێت وا سادە سەیر بکرێت چونکە رەنگە هەندێکجار گشت کۆمەڵکا پێیەوە گیرۆدەبێت، بەتایبەت کاتێک کە دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ترسناک .

بابەتەکەی ئێمە بە شێوەیەکی تایبەت بریتیە لە چۆنیەتی ڕێگە گرتن لە جیابوونەوە، لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو هۆکارە یاساییانەی کە ماف بە کەسێک دەدات لە هاوسەرەکەی جودا ببێتەوە، ئەگەریێت و تەماشای یاسای باری کەسی عیراقی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان بکەین دەبینین کە هۆکارە یاساییەکانی جیابوونەوە، کە لە مادە (39-43) باسکراوە بریتین لە مانەی خوارەوە:

یەکەم/ بۆ هەریەکێک لە ژن ومێرد هەیە داوای لێکجیابوونەوە بکەن ئەگەر یەک لەم هۆکارانەی خوارەوە لە ئارا دابێت:

1-ئەگەر یەکێك لە هاوسەرەکان زیان بە ئەویدی یان منداڵەکانیان بگەیەنێت بە شێوەیەك نەتوانن لە ژیانی هاوسەرێتی بەردەوام بن.

2-ئەگەر هاوسەرەکەی دیکە ناپاکی هاوسەرێتی ئەنجام بدات.

3- ئەگەر گرێبەندی هاوسەرگیری، بەر لەوەی یەك لە هاوسەرەکان هەژدە ساڵی تەواوکردبێت، بەبێ ڕەزامەندی دادوەر ئەنجامدرابێت.

4-ئەگەر هاوسەرگیریەکە لە دەرەوەی دادگا، بە شێوەیەکی زۆرەملێ ئەنجام درابێت و جووتبوونیشی لەگەڵدا کرابێت.

5-ئەگەر مێرد ژنێکی دیکەی هێنا، ژنی یەکەمی مافی داواکردنی لێکجیابوونەوەی دەبێت.

6-هەریەك لە هاوسەرەکان بۆیان هەیە، ئەگەر ناکۆکی لە نێوانیاندا بەرپابوو، داوای لێکجیابوونەوە بکەن، چ پێش جوتبوون، چ پاش جوتبوون.

دووەم/ ئەو حاڵەتانەی ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات، ئەگەر یەك لەم هۆکارانەی خوارەوە لە ئارادابوو:

1-ئەگەر مێردەکە بەندکرا بە سزایەك ئازادی موقەییەد بکات بۆ ماوەی 3 ساڵ و زیاتر دوای ساڵێك لە جێبەجێکردنی هەر چەندە دەرامەتی هەبێت و خەرجی بکات.

2-ئەگەر مێرد، ژنەکەی بۆ ساڵێك و زیاتر، بەبێ پاساوی (ڕەوا) بەجێهێشت هەرچەندە مێردەکە شوێنی نیشتەجێبوونی دیاربێ و دەرامەتی وای هەبێت خەرجی بکات.

3-ئەگەر مێرد، لە ڕۆژی گرێبەندەکەوە تا ماوەی دوو ساڵ، داوای گواستنەوەی ژنەکەی - کە نەچوبێتە پەردەوە- نەکردبێ داوای گواستنەوەی ژنەکەی

بکات داواکەی بە هەند وەرناگیرێت ئەگەر مافەکانی هاوسەرێتی بە جێ نەهێنابێت

4-ئەگەر مێردەکە بەستراو (عنین) دەرچوو، یان گرقتاربوو بە نەخۆشیەك کە نەیتوانی ئەرکی ژن و مێردایەتی لەگەڵدا بەجێبێنێ، ج لە هۆکاری ئۆرگانی، ج لەبەر هۆکاری دەروونی، یان پاش لە پەردەکردنی ژنەکەی گرفتار بووبێ و بە پێی ڕاپۆرتی لێژنەیەکی پزیشکی پسپۆر سەلمێندرابێت کە چارەسەری بۆ نییە، ئەوا بۆ ماوەی یەك ساڵ جیابوونەوەیان دوا دەخات، بە مەرجێ ژنەکە بتوانێت، لە ماوەی ئەو ساڵەدا، مێردەکە، لە خۆی بێنێتەکار.

5-ئەگەر مێردەکەی نەزۆك بێت، یان دوای ژنهێنانی تووشی نەزۆکی ببێت و هیچ منداڵێکی زیندووشی لە مێردەکەی بۆ نەمابێتەوە.

6-ئەگەر ژنەکە، دوای گرێبەندەکە بۆی دەرکەوت، کە مێردەکەی دەردەدارە و تووشی گەڕی یان خورشت یان ئیسقا یان زوهری یان شێتی بووە بە بێ زیان لەگەڵیدا نایباتە سەر، یان دوای ئەوە تووشی دەردێك لەو دەردانە، یان دەردێکی تری وەك ئەو دەردانە بووە.

کێشەی جیابوونەوە لە کاتی ئێستادا بۆتە کێشەیەکی گەورە نەك هەر تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو جیهان، ئامارەکان لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەرەکان ساڵ بەساڵ لە هەڵکشاندایە تەنانەت لە ساڵی 2018 لەگەڵ ساڵانی پێشوو سێ قات بوومتەوە ئەومش وا دەکات، کە وەکو دیاردەیەکی ترسناك سەیر بکرێت.

بەدواداچوونەکان هۆکارەکەی زیاتر بۆ باری ئابووری و پەرمسەندنی تکنۆلۆژیای زانیاری و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان دەگەڕێننەوە، هەندێك لە ڕاو بۆچوونەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە زیاد بوونی ڕێژەی جیابوونەوە هاو تەریبە لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیای زانیاری

دوای ساڵی 2000 لەسەر ئاستی جیهانی بەجۆرێك ئەم تەکنۆلۆژیایە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری نەرێنی کردووە لەسەر سیستەمی گونجانی کۆمەڵایەتی، کە بنیادی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت و هۆکاری سەرەکیە بۆ جیابوونەوەی خێزانەکان، هەڵبەت خودی تەکنۆلۆژیاکە پێشکەوتنێکی مرۆڤایەتی گەورەیە. بەڵام بەداخەوە کەسەکان بە خراپی بەکاری دەهێنن، ئەم هۆکارە بۆتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە گرێبەستەکانی هاوسەرگیری هەڵبەت هۆکاری تر زۆرن، بەڵام بابەتەکەی ئێمە بریتیە لە چۆنیەتی پێشگرتن لە جیابوونەوە لە چوارچێوەی هۆکارە یاساییەکانی جیابوونەوە لەبەر ئەوە دەکرێت ئێمە ئەم بابەتە بۆ دوو قۆناغ دابەش بکەین:

قۆناغی یەکەم: پێش بڕیاردانی هاوسەرگیری/

پێویستە مرۆڤ بە هەردوو ڕەگەزیەوە، بیر بکاتەوە کە ئەوکەسەی هاوسەرگیری لەگەڵدەکات کێیە و خاسیەتەکانی چین، کەوادەکات بریاری هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات و بەراوردی بکات لەگەڵ کەسایەتی خۆی و ژینگەی دەوروبەری تا ئەو ڕادەیەی کە دڵنیا دەبێت لە ڕێژەی پێویست لە گونجان، ئەو کات بڕیاری هاوسەرگیری بدات، هەڵبەت مرۆڤ ناتوانێت کە وردەکاری زۆر لە بارەی کەسێك لە ماوەیەکی کەمدا بزانێت، بەڵام دەکرێت پێوەرە گشتیەکانی کەسێکی ئاسایی لەناو کۆمەڵگا لەبیر نەکات وەکو

هێڵێکی گشتی هەڵسەنگاندی کەسی بەرامبەر تەماشایان بکات هەروەها ڕەچاوی ئەو پێوەرە یاسایی و شەرعیانەش بکات کە یاسا و شەریعەتی ئیسلامی ئاماژەی بۆکردووە، تاکو کەسەکە بتوانێت بڕیارێکی دروست بدات، و پێشگری لە گرێدانی گرێبەستێکی هاوسەرگیریەکەی سەرنەکەوتوو بکات. لەوانە:

1-لێهاتوویی (الكفاءة) : ئەو بابەتە پێویستە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا بە هەند وەربگیرێت، چونکە نەبوونی لێهاتوویی ڕەنگە ببێتە مایەی کێشە لە نێوان هەردوو هاوسەرەکە لە داهاتوودا، ئەمەش مەرجێکی پەسەندکراوە لەلایەن زانایانی بواری شەریعەت لەوانە ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێبێت.

2-ئازادی لە هەڵبژاردنی:- هاوسەری ژیان (حريه الإختيار) هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێك بەپێی یاسا بڕیارێکی تاکە کەسیە، ئەو کەسەی کە هاوسەرگیری دەکات خۆی دەبێت بڕیاری ئەنجامدانی گرێبەستەکەبدات، بەڵام هەندێکجار خێزانەکان یان هەندێك لە ئەندامەکانی خێزانەکان ڕەنگە پەنا ببەنە بەر زۆرلێکردنی یەکێك لە لایەنەکانی هاوسەرگیری بۆ ئەنجامدانی گرێبەستەکە یان بە پێچەوانەوە، ئەم بابەتە لەوانەیە کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر گونجانی هەردوو هاوسەر بەیەکەوە، چونکە لایەنی دەروونی لە پرۆسەی هاوسەرگیری کاریگەری زۆرە لەسەر ڕادەی گونجان لەنێوان هاوسەرەکاندا، چونکە پەیوەندی هاوسەرگیری لەسەر بنەماکانی سۆز

و خۆشویستی سەرکوتوو دەبێت، کە ئەم فاکتەرە لە هاوکێشەی هاوسەرگیری نەبوو ساردی دەکەوێتە نێوانیان و سەرەنجام بە جیابوونەوە کۆتایی دێت.

3-مەیلی دڵ/ نەبوونی مەیلی دڵ وەک هۆکارێک لە هۆکارەکانی جیابوونەوە زەنگە بگەڕێتەوە بۆ پێش قۆناغی هاوسەرگیری، بۆ نموونە هەندێکجار دەبینی کەسێک بەنا بەدڵی هاوسەرگیری دەکات وکەسەکەی خۆشناوێت یا لە ناخی خۆیدا دڵی نایەوێت، بەڵام بە هۆی ناچاری وەک نەمانی بژاردەکان (نفاد الخیارات) یان بە هۆی فشاری مەعنەوی لە لایەن کەسوکارەوە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی بەرامبەر دەکات. ئەو بابەتە لە هەردوو ڕەگەزی پیاو و ژن رووددات لە بەر ئەوە ئەو جۆرە هاوسەرگیریە بەبێ سۆز ئەنجام دەدرێت.

ئەو بابەتە پێویستە لە کاتی هاوسەرگیریدا لە بەرچاو بگیرێت، هەندێکجار وا ڕوددات کە کەسێک کەسی بەرامبەری نەبینیوە، بەڵام لە سەر پێشنیار و دەست نیشانکردنی کەس وکار دەیەوێت هاوسەرگیری بکات. ئەو حاڵەتە ڕەنگە ببێتە هۆی جیابوونەوە لە داهاتوودا، لەبە ئەوە پێویستە پێشوەخت پێش ئەنجامدانی هاوسەرگیری چارەسەر بکرێت.

4-ڕێگاکانی دۆزینەوەی هاوسەر: لەکاتی ئێستادا بەهۆی ئەو کرانەوە تەکنۆلۆژیەی کە هەیە لەسەر ئاستی پەیوەندی کەسەکان، وەک تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وهۆکارە سەردەمیەکانی پەیوەندیکردن، وایکردووە کە بەستانی پەیوەندی

زۆر ئاسان بووە لە نێوان کچان و کوڕان لەبەر ئەوە ئەم بابەتە بە هۆکارێکی

زۆر کاریگەر دادەندرێت لە پەیدابوونی هاوسەرگیریەکی سەرنەکەوتوو، کە بە جیابوونەوە کۆتایی دێت، لەبەر ئەوەی کەسەکان لە مەودایەکی دوور وڵە ژینگەیەکی جیاواز دەتوانن یەکتر بناسن، ئەوەش وادەکات، کە کەسەکان لە خەیاڵی خۆیان سوارچاکی خەونەکانیان وێنا بکەن لەو کەسەی، کە لە ڕێگای ئەو تۆڕەکۆمەڵایەتیانە دەیانناسن، بەڵام دواتر کە لە ژیانی ڕاستەقینە بەیەکتر ئاشنا دەبن وا دەرناچێت لەبەر ئەوە کێشەکان ڕەنگە لە زۆربەی کات قۆڵ ببنەومو ببێتە هۆی لە یەکتر جیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی خێزان، چونکە بەپێی داتا فەرمیەکان یەکێك لەو هۆکارانەی، کە سەردەکێشێت بۆ حاڵەتی جیابوونەوە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانە. بە بۆچوونی من هاوسەرگیری لە ڕێگای ئەو تەکنۆلۆژیا نوێیانە لە داهاتووی ژیانی هاوسەرگیریدا فاکتەرێکی کاریگەر دەبێت لە نەمانی متمانە، وپەیدابوونی دڵپیسی، لە بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەی کە بە هۆیەوە هاوسەرگیریان کردووە، تەنانەت ڕەنگە بگاتە ڕادەی هەڵبەستنی تۆمەتی خیانەتی هاوسەرگیری و لەیەکتر جیابوونەوە. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەگەر هاوسەرگیری بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان پێك بێت، ڕەنگە هەر بەهۆی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتیەوەش کۆتایی بێت، بۆیە زۆر پێویستە گەنجەکانمان هەشیار بکرێنەوە سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەم هۆکارە لە بەیەکگەیشتن و ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری بە هۆیەوە.

5-تەمەن لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا/

داتاکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هاوسەرگیری لە تەمەنێکی بچوك سەرکەوتوو نی یە، لەبەر ئەوە بەشێك لە چاودێران پێیان وایە کە هۆکارەکەی بۆ بچوکی تەمەن دەگەڕێتەوە، بەڵام بەڕای هەندێکی تر ئێمەش لەگەڵیان، کێشەکە تەمەنی بچووك نی یە، بەڵکو کێشەکە زیاتر پەیوەندی بە خێرایی بڕیاری هاوسەرگیریەوە هەیە لە لایەك، هەڵبەت ئێمە مەبەستمان لێرە تەمەنی سەرووی بالغ بوونە کە باسی دەکەین، چونکە تەمەنی پێش بالغ بوون بە پێی یاسا رێگەی پێنادرێت لەبەر ئەوە بابەتەکەی ئێمە پەیوەندی پێوە نیە، ئەگەرچی لە شەریعەتی ئیسلامی رای جۆراو جۆر هەیە، لە لایەکی تر جیاوازی کەلتوری وگۆڕانکاریەکانی سەردەم هۆکارە لە کاتێکدا گۆڕانکاری سەردەم زۆر خێرایە لە ڕووی قەبارە و هەمەلایەنیەوە بە جۆرێك ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کاتی ئێستادا لە ماوەی ساڵێکدا

ڕوودەدات ڕەنگە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی لە ڕابردودا لە ماوەی سەدان ساڵ ڕوویداوە. بۆیە گرنگە بۆ ڕێگرتن و پێشگرتن لە جیابوونەوە پێش هاوسەرگیری یەکتری باش بخوێننەوە و بزانن کە جۆری بیرکردنەوە و ژینگەی کەلتوریان لە یەکتر نزیکە یان نا، وپەلە نەکەن لە بڕیاری هاوسەرگیری ئەگەر نا لە داهاتوودا هاوسەرگیریەکەیان سەرکەوتوو نابێت.

قۆناغی دووەم: ماوەی هاوسەرگیری/

مەبەستمان لە ماوەی هاوسەرگیری، بریتیە لە دەستپێکی گواستنەوە تاکو کۆتاییهاتنی هاوسەرگیریەکە بە یەکێك لەو دوو هۆکارە سەرەکییەی کە دەبنە مایەی کۆتایی هێنان بە هاوسەرگیریەکە کە یان جیابوونەومیە یان مردن.

لەوماومیەدا هەندێك هۆکار هەیە کە دەبێتە مایەی جیابوونەوەی هاوسەرەکان لەوانە:

1-هۆکاری دارایی:

بێگومان هۆکاری دارایی یەکێکە لەو کێشە سەرەکیانەی دەبێتە مایەی جیابوونەوە، راپۆرتە فەرمیەکان لەسەر ئاستی عیراق و هەرێمی کوردستان ئاماژە بۆ ئەومدەکەن، کە نەبوونی و کێشەی دارایی بۆتە هۆی جیابوونەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە هاوسەرەکان، بێگومان ئەو کێشەیە هەندێك جار ڕەنگە دەرهاوێشتەی خراپ لەگەڵ خۆیدا بۆ خێزان بەگشتی هاوسەری ژیان بەتایبەتی بهێنێت بۆ نموونە، پیاو، کە ناچار دەبێت لە ڕووی داراییەوە، لەوانەیە ئەگەر هاوسەرەکەی هەندێك موڵك و دارایی هەبێت زۆری لێبکات کەوا بۆ خێزانەکە سەرفی بکات، یان بەزۆری بێ ویستی خۆی لێی بستێنێت، ئەومش کێشە دروست دەکات ڕەنگە دواتر ئەگەر حاڵەتەکە پەرەبستێنێت ببێتە هۆی لەیەکتر جیابوونەوە بۆیە پێویستە هاوسەرەکان ڕێز لە مافە داراییەکانی یەکتر بگرن، بۆ ئەوەی توشی کێشەی نەخوازراو نەبن، کە دەبێتە هۆی جیابوونەوە.

بەڵام هەندێکجار دەبینی مرۆڤ باری دارایی باشە بەڵام دڵی بە پارەوپیە وئامادەنیە بە ئاسانی خەرجی بکات، وەکو دیاردەیەك لە ژیانی هەندێك کەس هەبێت، کە بە ڕژدی (البخل) یان قرچۆکی ناودەبرێت، هەندێك داتا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە لایەن هەندێك لە گەلان قرچۆکی لەپێش نەبوونی دارایی دێت بۆ نموونە ئەگەر نەبوونی 59.7٪ بێت قرچۆکی 71.6٪ دادەنرێت .

بێگومان بابەتی دارایی فاکتەرێکی زۆر گرنگە، کە بەردەوامی بە هاوسەرگیری دەدات و کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات تەنانەت لە پەندی پێشینانیش هاتووە، کە دەڵێت: "کاسەی پڕ ئاشتی مالّە"، بەڵام بۆچوونێکی هەڵەیە کە خۆشبەختی ژیان ومسۆگەرکردنی هاوسەرگیریەکی سەرکەوتوو تەنها لە داراییدا قەتیس بکرێت، بەڵکو گرینگە کە بیر لە پێوەرە شەرعیەکان وەك ڕەوشت وئایین بکرێتەوە کە پێغەمبەری مەزن ئاماژەی بۆکردووە.

2-هۆکاری کۆمەڵایەتی/

هۆکاری کۆمەڵایەتی زۆر هەیە کە کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانی هاوسەرگیری و ڕەنگە لەیەکتر جیابوونەوەی لێبکەوێتەوە لەوانە، پیاو سالاری، جیاوازی سرووشت ونەگونجان، دەستوەردانی کەسوکاری هاوسەرەکان، بەد ڕەوشتی هاوسەرەکان، ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان،...هتد.

ئەوانە هۆکارگەلێکی کۆمەڵایەتین، کە ڕەنگە ببێتە مایەی لێکجیابوونەوەی خێزان، ئەوەی گرنگە لەو بارمیەوە هاوسەرەکان ئەم بابەتانە لە سەرەتاوە چارەسەر بکەن بە ڕێگای بەهێزکردنی کەسایەتی چارەسەری دەروونی، ئەگەر نا ڕەنگە لە داهاتوو ببێتە هۆی جیابوونەوە.

3-هۆکاری جەستەیی (فسیولۆجی)/

هۆکارە جەستەییەکان پەیوەندی بە لێهاتوویی هەیە لە ڕووی توانای سەرجێیی، نەخۆشی درم ودرێژخایەن، توانستی منداڵبوون.

بابەتی توانای سەرجێیی و وکەمو کوڕی جەستەیی، یان نەخۆشیەك کە نەتوانرێت لەگەڵی هەڵبکرێت، ئەم بابەتانە دەکرێت پێشی لێبگیرێت ئەگەر بێت وحاڵەتەکان پێش هاوسەرگیری هەبێت، ئەویش لە ڕێگەی ڕاستگۆیی لە نێوان هەردوو لایەن، کە بە نیازی هاوسەرگیرین، بەجۆرێك لەگەڵ یەکتر ڕاستگۆبن وڕاشکاوانە باسی کێشەکانیان بکەن پێش هاوسەرگیری ڕەنگە ئاشکراکردنی ئەو بابەتە ڕێگریێت لە هاوسەرگیری، بەڵام کاتێك هاوسەرگیری لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی ئەنجام دەدرێت ئەگەرچی ئەو حاڵەتانە هەشبوبێت بەڵام چانسی سەرکەوتنی هاوسەرگیریەکە زیاتر دەکات. کەواتا ڕاستگۆیی لەم بابەتە گرنگە کە ئەوش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی پابەندی کەسەکان بە پێوەرە ئایینی وڕەوشتیەکان، هەروەك گوتمان پێویستە لەکاتی هەڵبژاردنی هاوسەردا لەبیر نەکرێت.

4-کێشەی سۆزداری/

کێشەی سۆزداری لە دیارترین هۆکارەکانی جیابوونەوەیە، ئەوەشیان دوو لایەن دەگرێتەوە یەکەمیان مەیلی دڵ بۆ کەسی بەرامبەر و ئەویتریان کاری سەرجێییە:

أ-مەیلی دڵ

مەیلی دڵ لە پێش هاوسەرگیری پێویستە دروست بێت. ڕەنگە هەندێکجار ئەم بابەتە دوا بخرێت بۆ دوای هاوسەرگیری، بەڵام هەندێك لە هاوسەرەکان لەوانەیە نەتوانن دوای هاوسەرگیری ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، بە بێ سۆز و خۆشەویستی تا ماوەیەك لەگەڵ یەکتر بەردەوام بن بەڵام دواتر بە جیابوونەوە کۆتایی پێدێت. زۆر جار ئەو بابەتە ڕەنگە بە سۆز و خۆشەویستی لێکنەدرێتەوە بەڵکو بە کێشەی تر پەردەپۆش بکرێت، وەك بیانوو چێشت لێنان و پاکوخاوێنی ماڵ ودرەنگ گەڕانەوە لەکار، بە هۆکار دابندرێت بەزۆری ئەم جۆرە بیانوانە بۆ نەبوونی سۆز وخۆشەویستی دەگەرێتەوە، چونکە هۆکاری سەرەکخۆنین بۆ جیابوونەوە، چونکە ئەگەر سۆز و خۆشەویستی هەبوو دەکرێت لەگەڵ ئەم کێشانە بە ئاشتیانە هەڵبکرێت، بەڵام نەبوونی ئەو سۆزە وا دەکات، کە کێشە بچوکەکان گەورە بکرێن وجیابوونەوە ڕووبدات، لەبەرئەوەی ڕەنگە هاوسەرەکان جورئەتی ئەوەیان نەبێت بەرامبەر بە کۆمەڵگا بڵێن، کە ئەوان سۆز و خۆشەویستیان لە نێواندا نیە لە بەر ئەوە جیادەبنەوە.

ب-خیانەتی هاوسەرگیری

نەبوونی سۆز و خۆشەویستی ڕەنگە سەربکێشێت بۆ خیانەتی هاوسەری (الخیانه الزوجیه) نەبوونی سۆز و خۆشەویستی لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی یەکێك لە هاوسەرەکان بەبێ ئەوەی هەست پێبکات بکەوێتە داوی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێکی تر بە جۆرێك مەیل دەداتە کەسێکی تر لە ڕەگەزی بەرامبەر بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی راستەقینە بە یەکەوە بیانبەستێتەوە، یان ڕووبدات، تەنها کەسەکە دەیەوێت بۆشایی سۆزداری نێوان خۆی و هاوسەرەکەی بەم بابەتە پڕبکاتەوە، بەڵام ئەم بابەتە ئەگەر سنووری بۆ دانەندرێت، ڕەنگە ببێتە هۆی گەشەسەندن ودرووستبوونی جۆرێك لە پەیوەندی سۆزداری ڕاستەقینە لەگەڵ کەسێکی تر جگە لە هاوسەرەکەی.

بە بۆچوونی تۆێژەر ئەم بابەتە پێویستە لە دوو لایەنەوە کاری لەسەربکرێت، یەکەمیان پتەوکردنی سۆزداری لەگەڵ هاوسەرەکەی ودۆزینەوەی هۆکار وزەمینەی لەبار بۆ دروستبوونی خۆشەویستی، لە لایەکی تر پێویستە لەسەر هاوسەرەکان لە سەردەمی ئێستادا ئەو دەروازانە دابخەن، کە دەبێتە هۆی سۆزداری لەگەڵ کەسێکی تر جگە لە هاوسەرەکەی بۆ نموونە سنووردارکردنی تێکەڵاوی لەگەڵ کەسانی نامەحرەم وچاو داگرتن وەك ئەوەی، کە خودای پەروەردگار فەرمانی پێکردووە بۆ هەردوو ڕەگەزی پیا وئافرەت، هەروەها سنوور دارکردنی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و خۆ

دوورگرتن لە پەیوەندی کردن بە کەسانی نەناسراو ونامەحرەم، چونکە ڕەنگە سەر بکێشێت بۆ پەیدابوونی دڵپیسی ونمانی متمانە وتەنانەت پەیدابوونی ناکۆکی لە نێوان هاوسەرەکان، دواتر جیابوونەوە.

ت-نەمانی توانای جەستەیی دوای هاوسەرگیری/

هەندێکجار وا ڕوودەدات، کە کەسێك بەهۆی ڕووداوێك یان لە ئەنجامی نەخۆشیەکەوە توانای جەستەیی لە ڕووی گەرم و گوڕی سەرجێیی لەدەست دەدات، یان لە هەندێك کەس دوای هاوسەرگیری دەردەکەوێت، کە توانای سەرجێیی نیە، ئەو جۆرە کەسانە پێویستە لەو کاتانەدا بە دوای چارەسەری گونجاو بگەڕێن بۆ نموونە هەوڵی پشکنین وچارەسەری پزیشکی بدەن تاکو کێشەکەیان چارەسەر ببێت، ئەگەر چارەسەر نەبوو ئەوکات بارودۆخی هەردوو هاوسەرەکە ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر بڕیاردانی جیابوونەوە. لەوانەیە هێزی سۆزو خۆشەویستی لەم بارەیەوە چارەنووسسازبێت، لەنێوان هاوسەرەکان بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسەی، کە توانای سێکسی لەدەست داوە پیاوبێت، دوور نیە کە جیابوونەوە ڕووبدات، کە بە پێی یاسا مافی ئافرەتەکەیە کە داوایە لە دادگا بکات، بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە ئەو توانایەی لەدەستدابوو ئەو کات پیاو لەجیاتی بڕیاری جیابوونەوە دەکرێت بڕیاری هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی تر بدات و فرمێنی پەیرەو بکات، کە بە پێی یاسای باری کەسی بۆی هەیە ئەم کارە ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر ژنی یەکەمی ڕازی نەبوو بە فرە ژنی دەکرێت داوای جیابوونەوە پێشکەش بکات هەر وەك لە هۆکارە یاساییەکاندا هاتووە.

5-فرەژنی/ بابەتی فرە ژنی یەکێک لەو بابەتانەیە، کە ناکۆکی دەخاتە نێوان هاوسەرەکان، بەجۆرێک هەندێک لەهاوسەرەکان ئامادەنین لە ئەستۆی پیاوێکدا بمێننەوە، کە جگە لە ئەو هاوسەرێکی تری هەبێت، هەر لەو ڕوانگەیەوە یاسای باری کەسی عیراقی لە ماددە (40/بڕگەی 5) مافی بە ژن داوە داوای جیابوونەوە بکات لە مێردەکەی ئەگەر هاتوو بەبێ ڕەزامەندی دادگای تایبەتمەند ژنێکی تری هێنا، هەڵبەت ئەم ماف پێدانە دەبێتە هۆی زیاد کردنی ڕێژەی جیابوونەوە لە لایەن هاوسەرەکان، تۆڕژمر وا دەبینێت کە ئەم مافە سنوردار بکرێت بە مەرجە شەرعیەکان، کە زانایانی شەریعەتی ئیسلامی باسی لێوە دەکەن وەک حاڵەتەکانی نا دادپەروەری لە لایەن مێرد یان زیان گەیاندن..و هتد، کە لە کتێبە فیقهیەکان باسکراوە. ئەوە لە لایەک لە لایەکی تر سنوردارکردنی مافی پیاو لە فرەژنی هەندێک جار دەبێتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی جیابوونەوە، بە تایبەت لەو حاڵەتانەی کە لە چوارچێوەی یاسایی فرەژنی دەردەچێت، بەپێی ماددە (3 بڕگەی دووەم) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە ئەگەر پیاوێک بیەوێت لە دەرەوەی سنووری یاسایی دیاریکراو لە ماددە (3) ژنێکی تر بهێنێت بە ناچاری بۆ ئەوەی ئەو حەزەی بێتە دی دەبێت ژنەکەی تەڵاق بدات تاکوو لە ڕووی یاساییەوە ژنێکی تر بهێنێت. لەکاتێکدا ئەگەر یاسا ڕێگری

لێنەکات لەوانەیە ژنی پێشووی تەڵاق نەدات، نەک هەر تەنها ئەمە بەڵکو هەندێکجار هەندێک پیاوی بێ ویژدان ڕەنگە پەنا ببەنە بەر تۆمەتبارکردنی هاوسەرەکەی بە هەر تۆمەتێک بێت تاکو بە ناشیزە لە قەڵەم بدرێت ومافە یاساییەکانی پێنەدات، لەبەر ئەوە بۆ ڕێگرتن لەم حاڵەتانە تۆڕژمر وا بە باش

دەزانێ، کە ئەم سنووردارکردنە نەمێنێت وڵە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامی مافی فرە ژنی بۆ پیاو بگەرێتەوە، هاوشێوەی یاسای پێشوو کە ئێستا لە بەشەکەی تری عیراق جێبەجێ دەکرێت. بە تایبەت ئەم دۆخی جیاوازیە لە حوکمی یاسایی سەبارەت بە فرە ژنی بۆتە مایەی بازدان لەسەر یاساکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن زۆر لەو کەسانەی، کە دەیانەوێت فرە ژنی پیادەبکەن. لە رێگەی مارەکردنی ژنەکەیان لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی دادگاکانی هەرێم و لە سزا یاساییەکانیش رزگاریان دەبێت، کە یاسای باری کەسی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە فرە ژنی بڕیاری داوە. ئەوەش ڕەنگە ببێتە هۆی نا دادیەکی تر سەبارەت بە هەندێك لەو هاوڵاتیانەی، کە پەنا بۆ شارەکانی تری دەرەوەی هەرێم نابەن چونکە توشی سزای یاسایی ببن ئەگەر خێزانەکانیان سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەن، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی، کە ژنەکانیان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان مارەکردووە. واتا یەك کردار ڕوودەدات کەچی دوو پێوەر جێبەجێ دەکرێت، یان بەکوردیەکەی دەبێتە "بانێك و دوو هەوا" کە ئەمەش بەڕاستی نا دادیەکی ڕوونە.

کۆتایی/

لە کۆتاییدا هیوادارین ئەو بابەتە ببێتە مایەی بەرچاو ڕوونی بۆ خێزانەکان و کەمێك لە ڕێژەی حاڵەتەکانی جیابوونەوە کەم بکاتەوە.

پەراوێزەکان

1. بنوارە: رندا يوسف محمد سلطان، دراسة ظاهرة الطلاق المبكر في ريف أسيوط شباط 2017.
2. ناماری فەرمی دادگای پێداچوونەوە لە هەریمی کوردستان سەبارەت بە ڕێژەی جیابوونەوە بۆ ساڵانی 2017-2018.
3. ناماری هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕێژەی جیابوونەوە.
4. بنوارە: رندا يوسف محمد سلطان، دراسة ظاهرة الطلاق المبكر في ريف أسيوط شباط 2017. علي لفتة، ظاهرة الطلاق و أزمة العائلة العراقية، المركز الإسلامي للدراسات الإستراتيجية ، شباط 2017. متاح على شبكة الانترنيت (ڕێکەوتی دواپین سەردان 2019/11/2) : =123&sid=40https://www.iicss.iq/?id
5. بۆ زیاتر بروانە: علي لفتة، همان سەرچاوە. عباس علي العلي، ظاهرة الطلاق في المجتمع العراقي اسباب وحلول، ج1، الحوار المتمدن- العدد:5591-2017/7/25 (ڕێکەوتی دواپین سەردان 2019/11/5): 0&r=566559http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=
6. احصائية الزواج والطلاق الشهري، الموقع الأليكتروني لمجلس القضاء الأعلى العراقي: احصائية الزواج والطلاق لشهر ايلول لسنة 2019: /6098https://www.hjc.iq/view.
7. د. غني ناصر حسين القريشي، الطلاق بين الممكن والمحظور - دراسة اجتماعية تحليلية، مجلة كلية التربية الأساسية/ جامعة بابل، العدد/15، آذار/2014م ص ص(247-271) بالاشارة الى ص260. عباس علي العلي، سەرضاوەی ێشوو.
8. بنوارە: مصطفى القضاة، التبكير في الزواج و الآثار المترتبة علية، دراسة فقهية قانونية مقارنة، مجلة جامعة دمشق للعلوم الإقتصادية والقانونية- المجلد 26- العدد الأول- 2010، ص ص (443-478) بالإشارة الى ص446.
9. رندا، سەرچاوەی پێشوو.
10. بنوارە: د. مصطفى السباعي، المرأة بين الفقه والقانون،ط4، جمهورية مصر العربية، دار الوراق، دار السلام، 2010، ص84.

2020

سروشتی هاوسەرگیری

د. لقمان بهاء الدين
ماموّستا لەکوّلێژی زانستە ئیسلامیەکان
-بەشی خوێندنی ئیسلامی/ هەولێر
luqman.ahmed@su.edu.krd

ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە: **(10) لاپەڕ**
کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردن: **(10) خولەك**
کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە: **(10) خولەك**

وتە

خۆشترین دەنگ بیستن

دەنگی خێزانە

بە تایبەت کاتێك خەندە ئامیز دەبن

سروشتی هاوسەرگیری

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، أمّا بعد:

راجیایی هەیە دەربارەی سروشتی هاوسەرگیری هەندێکیان گەشبینن وهەندێکیشیان رەشبینن، دیارترین ئەم رایانەی بریتین لەوانەی خوارەوە :

1- هاوسەرگیری پەیوەندییەکی هاریکارییە مۆرکێکی (سیفەتێکی) هێرشبەرانەو دژایەتی هەیە، هەریەك لە هاوسەرگیران کە هاسەرگیری ئەنجام دەدەن بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەڵگرتییەو هەوڵ دەدا بەدیبینی، بەجۆرەها ئامرازو رێگا بەبێ ئەوەی رەچاوی بەرژەوەندییەکانی ئەوەی دی بکات، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات یۆیان دەرئەکەوێ کە ناتوانن بەردەوام بن لەسەر ئەم بارە، بەڵکو بۆ سەرکەوتنی هاوسەرگیریان دەبێ کاری هاوبەش بکەن بۆ گەیشتن بە پەیوەندییکی هاوسەرگیری بەهێز تا گەیشتن پلە بە پلە بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکان کە گرنگترە لە بەرژەوەندییە تایبەتەکان .

2 - هاوسەرگیری پەیوەندیەکە یەکگرتن وتێکەڵبوون لە خۆ دەگرێ، دەرەنجامی جیاوازی سەری هەڵداوە، هاوسەران لە سەرەتاوە جیاوازن، کە دوو

رەگەزی جیان، جگە لە بوونی جیاوازی لە رووی ئابووری وچینایەتی ورەفتاری..هەندێ لەم جیاوازییانە دەبنە هۆکاری دارمانی پەیوەندی، و هەندیکی تر کاریگەریان نابێ، هەندێکی تر یارمەتیدەرن لەسەر یەکگرتن وتێکەڵ بوون وهێز دەبەخشنە هاوسەرگیری، کەواتە لەگەڵ بوونی جیاوازی لە نێوان هاوسەرگیران سەرکەوتنی هاوسەرگیری پێویستی بە گونجاوی کەسایەتی هەردوو لا هەیە، بە هاریکاری ولێك تێگەیشتن وقوربانیدان گونجاوی و..دروست ئەبێ. ئەم رایە هاوسەرگیری بە سالب وموجب وکارمبا دەچوێنن، کە هێزی پاڵنەرو هێزی راکێشان لە خۆ دەگرێ، کاتی یەکسان بوونی هەردوو هێز پەیوەندییەکە جێگیر دەبێت.

3 - دەروانیتە هاوسەرگیری تێروانینێکی تاریکی رەشبینانە، کە هاوسەرگیری بە بارێکی رارایی و شەکەتبوون وئازاربەخش دەبینێ، چونکە ژیان بە تێکرایی ئازارو رارایییە، و هاوسەرگیریش روێکە لە رووەکانی ژیان، بەڵام ئەو بۆچوونە باوەڕی بەوە هەیە کە ژیان بەردەوام غەم وپەژارە نییە، بەڵکو هەندێك لایەنی خۆشی لە خۆ دەگرێ، ومرۆڤی پێگەیشتوو هەوڵی دۆزینەوەی لایەنەکانی خۆشی بەختەوەری دەدا لە ژیانی هاوسەرگیری دا بۆ ئەوەی بەسەر لایەنی غەم و شەکەتبوون و ماندووبون زاڵ بێت، و کاتێك مرۆڤ دەگاتە ئەم حالەتە دەکرێ بڵێین ئەوە سەرکەوتن وجێگیربوونی بەدەستهێناوە، کەواتە هاوسەرگیری هەموو رۆژێك پێویستی بە قوربانیدانی هەردووڵا و هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی هەیە هەتا یەکگرتن وتێکەڵبوون لە نێوان هاوسەرگیران دروست دەبێ، ئەمەش لەوانەیە لە رێگای جیاوازی وململانی بێ.

لەوەی تێپەری بۆمان دەردەکەوێ کە هاوسەرگیری پەیوەندییەکە پێویستی بە هەوڵدان وکاری بەردەوام و قوربانیدان هەیە لە نێوان هاوسەری

پێگەیشتوو هۆشیار، بۆ گەیشتن بە یەکگرتن و تێکەڵیوون و کونجان و سەقامگیربوون .

بۆ ئەوەی وێنەیەکی گشتی تۆکمە دەربارەی هاوسەرگیری بخەینە روو پێویستە بە کورتی باسی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هاوسەرگیری بکەین :

1- پەیوەندی هاوسەرگیری پەیوەندییەکی پیرۆزە و بنەمای دامەزراندنی خێزانە، هیچ رێگایەك نییە خێزانێکی راستەقینەی پێ دابمەزری جگە لە هاوسەرگیری نەبێ.

2- هاوسەرگیری پرۆسەیەکی جاردراوە کە ژینگەی کۆمەلایەتی گەواهیدەری پەیوەندییەکەیە.

3- هاوسەرگیری تەنها رێگایە بۆ رێکخستنی پەیوەندی خێزانی لە نێوان تاکەکان کە لەو رێگایەوە جۆری مرۆڤ بەردەوام ئەبی.

4- هاوسەرگیری پێوەر و رێسای تایبەتی خۆی هەیە کە پارێزگاری لێ دەکات، جا لە ئاینی ئاسمانی وەرگیرابی یان داتراو.

5- مەراسیمی هاوسەرگیری جیاوازن بە پێ جیاوازی کۆمەڵگایەکان و ئاینەکان و کات و شوێنەکان .

6- پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ هاوسەرگیری کاریگەری زۆر فاکتەری لەسەرە وەکو کۆمەلایەتی و کەلتووری و ماددی و ئایینی و چینایەتی.

7- هاوسەرگیری دیاردەیەکی سایکۆلۆژیە لە ژێر ویستی هاوسەرانە کە بریاریان داوە پەیوەندییەکە ببەستن.

8- هاوسەرگیری دیاردەیەکی کۆمەلایەتییە وا پێویست دەکات کۆمەڵگا دانی پێدابنێ و قەبوولی بکات.

هاوسەرگیری ئامرازێکە لە ئامرازەکانی بەهێزکردنی هاوکاری کۆمەلایەتی وفراوانکردنی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لە نێوان خێزانەکان لە ناو کۆمەڵگادا، و پەیوەندییەکانی ئولفەت و خۆشەویستی و هاریکاری و بەدیهێنانی ئینتماو و پایەی کۆمەلایەتی بە هێز دەکات.

هاوسەرگیری بۆ ئەوەی سەرکەوی وبەختەوەر بی لە روانگەی شەرعەوە پێویستە سێ ڕێسا بزانن لە سروشتی هاوسەرگیری:

1 هاوسەرگیری بەرپرسیارەتییە .

2 هاوسەرگیری قوربانیدانە.

3 هاوسەرگیری قەبوول کردنی جیاوازییە.

یەکەم: بەرپرسیارەتی

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی هاوسەرگیری ئەکات بزانێت کە هاوسەرگیری بەرپرسیارەتی نوێ دەخاتە سەر شانی، بەرپرسیارەتی لە خێزان لە منداڵ لە ماڵ ..هتد، خۆشەویستی وسۆز بەتەنها بەس نییە، بەڵکو دەبێت توانای

هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی هەبێت، پێغەمبەر - ﷺ - دەفەرموێ: (كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته)(متفق عليه)، واتە: هەموو تان شوانن وهەموو تان بەرپرسیارن لەوانەی لە ژێر سەرپەرشتی ئێوەن، ...کەچیش هەروەها دەبێت ئامادە بێت بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی، خۆشەویستی بەشێکە لە هاوسەرگیری، ئەگەر خۆشەویستی هەبوو دەبێت بەدوای بەشەکانی دی بگەڕێیت، ئەو وتەیە راست نییە ئەگەر خۆشەویستی هەبوو ئەوانی دی ئاسانە، لە راستیدا خۆشەویستی دوای هاوسەرگیری دەرئەکەوێت، کاتێك مێردەکە کەوتە تەنگانە وهەژاری هەڵویستی ئافرەتەکە چۆن ئەبێت، ئەگەر لەو کەسانە بوو کە بەرپرسیارەتی هەڵگرن ئەوە ئارام ئەگرێت، ئافرەتیش ئەگەر نەخۆش کەوت، مێردی چی ئەکات؟ رەچاوی بارودۆخی ئەکات یان تەلاقی ئەدات وخۆشەویستییەکە تێك ئەدات؟

بەرپرسیارەتی لە سێ شت دیاری ئەکرێت بۆ پیاو سێ شت بۆ ئافرەت ئایەتێکی سورەتی النساو دیاری کردووە، قال الله تعالى: ﴿ أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا۟ عَلَيْهِنَّ ۚ وَإِن كُنَّ أُو۟لَٰتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا۟ عَلَيْهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ۚ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ۖ وَأْتَمِرُوا۟ بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ ۖ وَإِن تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُۥٓ أُخْرَىٰ ﴿٦﴾ ﴾ الطلاق: ٦

بەرپرسیارەتی پیاو لە: سەرپەرشتی(القوامه) ودابین کردنی بژێوی (النفقه) پەروەردە (التربيه)، بەرپرسیارەتی ئافرەتی لە پاراستنی مافی مێردی و گوێرایەڵی، و پاراستنی ماڵ و کەرامەتی مێردی، و گرنگیدان بە منداڵەکان و یارمەتی دانی مێردی لە پەروەردەکردنیاندا .

هەندی کەس کە هاوسەرگیری ئەکەن رەفتارو خوێەکانیان لەگەڵ پێش هاوسەرگیری ناگۆڕن، وەکو ئەوەی پێش هاوسەرگیری درەنگی شەوان ئەگەڕێنە ماڵەوە، وەکو جاران کاتی زۆر لە کافتیریا و لەگەڵ هاوڕێیان بەسەر

ئەبەن، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەو بەرپرسیارمتییە نوێیە بکەن کە لە هاوسەرگیری هاتووتە سەریان.

زۆر جار سەرزەنشتی ئەو کەسانە ئەکرێ کە لەدوای هاوسەرگیری ئەگۆڕێن، وەك ئەوەی شتێکی عەیب وشوورەیی بێ کەسێك لە دوای هاوسەرگیری بگۆڕێ، کە چی لە ڕاستیدا دەبی بگۆڕێ چونکە کۆمەڵێك بەرپرسیارەتی لە ئەستۆیە بۆ بەختەوەری ژیانی دەبی جێبەجێیان بکات.

دووەم:قوربانیدان:

هاوسەرگیری بەبێ قوربانیدان بەردەوام نابێت، هەموو باوکێك وهەموو دایکێك چەند جار لە ژیانیاندا قوربانیان داوە، کچی مامی پێغەمبەر - ﷺ - دایکی هانی و خوشکی علی کوری ابی طالب مێردی ومفاتی کرد پێغەمبەر - ﷺ - داخوازی کرد، بەڵام ئەو داوای لێبوردنی لێکرد گوتی: من ئافرەتێکی بێوەژنم و منداڵم هەیە ئەترسم ئەگەر مێرد بکەم و مافی مێردم بدەم کەمتەر خەم بم لە مافی منداڵەکانم، وەئەگەر گرنگی بە منداڵەکانم بدەم کەمتەر خەم بم بە مافی مێردم، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: (خير نساء ركبن الإبل نساء قريش أحناه على ولده في صغره وأرعاه على زوج في ذات يده)(متفق عليه)، واتە: (باشترین ئافرەت سواری حوشتربووین ئافرەتانی قورەیشن، لە هەمووی بەسۆزترن بۆ منداڵ لە بچوك و لە هەمووی ڕەچاوترن لە ماڵی مێردن.

جابری کوری عبد الله، باوکی شەهید بوو لە غەزای بەدر و شەش کچی بۆ بە جێ هێشت لەدوای خۆی، ئافرەتێکی بێوەژنی هێنا بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە سەرپەرشتی کچەکان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم - دوعای لۆ کرد بە بەرەکەت .

لەلای خوا هیچ شتێك بە فیرۆ ناروات، ئافرەتێك ئەیەوێ پێش پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم - کەوێ لۆ بەهەشت لە رۆژی دواییدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم - ئەفەرموێ ئەوە چیيە؟ دەڵێن ئەوە ئافرەتێکە مێردی وەفاتی کردووە لەدوای خۆی منداڵی بچوك بۆ جێهێشتووە، ئەویش لە سەریان دانیشتووە بۆ چاودێری وپەروەردەکردنیان تا وەفات ئەکات.

لە سروشتی هاوسەرگیری بەختەوەر قوربانیدانە، قوربانی دان بە کات بە ماڵ بە ئارەزوو حەسانەوە...

ئەگەر هاوسەران قوربانی نەدەن لە پێنا و یەکتردا بەختەوەر نابن، قوربانی دانیش دەرەنجامی خۆشەویستی و بەزەییە لە نێوان هاوسەراندا.

قوربانیدان لە پێش دەسپێکی پرۆسەی هاوسەرگیری دەستپێدەکات، لە مارەییدان و دابین کردنی نێو ماڵ و گشت پێداویستییەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری.

لە بەهاترین شتەکان تەمەنە، لە هەموو تەمەنێکیش پیرۆزتر تەمەنی پێغەمبەرانە، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر موسی -صلى الله عليه وسلم - دەسااڵی تەمەنی کردە قوربانی مارەیی خێزانیدا کاتێك دە ساڵ شوانەتی بۆ خەزووری کرد وەکو مارەیی خێزانی.

قوربانیدان لە راستیدا لەدەستدانی دەستکەوتەکان نییە، بەڵکو بەدەستهێنانی دەستکەوتی گەورەتر و خۆشەویستتر و بەهاترە.

سێیەم: قبوولکردنی جیاوازییەکان

ژیان بەبێ جیاوازی بوونی نییە، ئەگەر هەموو جیاوازییەکان بوونیان نەما ئەوە دوو کەسی نەما، پێویستە ئامادەیی دەروونیت هەبێ بۆ ئەوەی هاوسەرەکەت قەبوول بکەی وەکو خۆی، ئەو زۆر لە تۆ جیاوازترە، باوەر مەکەن دوو هاوسەر هەبن لە هەموو شتێك کۆك بن، ئەوە راست نییە، وابزانی لەگەڵ هاوسەرت سەدا سەد ڕێککەون، ئەگەر لەگەڵ هاوسەرت هەمان هزرتان هەبێ و هەمان حەزو هەمان بایەخ و..هتد کەواتە ئێوە دوو کەس نین، ئێوە یەکن، خودای گەورە مرۆڤەکانی بە جیاوازی دروستکردوون، و هەر بە جیاوازی ئەمێننەوە

مرۆڤەکان بە جیاوازی جوانن ڕەگەزەکانیش بە جیاوازی و تایبەتمەندییەکانیان جوانن، کاتێك ئافرەتێك بیەوێ هاوسەری وەکو ئەو بیربکاتەوە وەکو ئەو هەڵسووکەوت بکات ئەوە لە سروشتی پیاو تێنەگەیشتووە، هەروەها پیاویش بەهەمان شێوە، ئافرەت وپیاو هەروەك جیاوازی جەستەییان هەیە، جیاوازی بیرکردنەوەو هەڵسوکەو و دەروونیشییان هەیە، تێڕوانینیان بۆ دەوروبەرو شتەکان جیاوازە، ڕەچاونەکردنی ئەو جیاوازییەو قەبوول نەکردنی سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ کێشەکان.

هاوسەرگیری بەختەوەر قەبوول کردنی جیاوازییەکانە.

دیاردەی چاولێکەری وکاریگەریەکانی لەسەر ئاسودەیی خێزان
-هۆکارو چارەسەر-

پ.ی. د. کمال صادق یاسین لەک
مامۆستای فیقهی باری کەسی
لەکۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان
-بەشی خوێندنی ئیسلامی/ هەولێر

kamal.yasin@su.edu.krd

ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە: **(13) لاپەڕ**
کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردن: **(10) خولەك**
کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە: **(8) خولەك**

وتە

میوەی تورِەیی زەقومە، بەڵام
میوەی لێبوردەیی و لێخۆشبوون
هێشوەکانی ئاسودەییە

دیاردەی چاولێکەری وکاریگەرییەکانی
لەسەر ئاسودەیی خێزان
-هۆکارو چارەسەر-
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
پێشەکی

شتێکی ئاشکرایە خێزان گرنگترین و یەکەمین بەردی بناغەی دروستبوونی کۆمەڵگایە، خێزانەکان کۆمەڵگا ئاڕاستە دەکەن، بەپێی کلتور و تایبەتمەندی خۆی، خێزانێکی تەندروست تاکێکی تەندروست و کۆمەڵگایەکی تەندروست بنیات دەنێ.

وەبێ گومان خێزانەکان لەزۆر شتدا جیاوازن و ژیانی خێزانی هیچ کەسێك بێ کەم وکوڕی نییە، و جیاوازی هەیە لە ئاستی ژیان و گوزەرانی خێزانەکان، وەهەر خێزانێك جۆرە کێشەو گرفتێکی هەیە، بەڵام لە ژیانی ڕۆژگاری ئێستادا هەست دەکرێت، هۆکاری کێشەکانی ناو خێزانەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو چاولێکەریە، و بەڕاستی لاسایی کردنەوەی مرۆڤەکان بۆ یەکتری ژیانی زۆر کەسی تێکداوە بەهەموو تەمەنێکەوە، هەر لە دایك و باوك و منداڵ و گەنج و ژیانی خێزانی بە گشتی، چونکە بەهۆی بیرکردنەوەی هەڵەوە هەست بە کەمی خۆی دەکات و متمانەی بەخۆی لەدەست داوە، و هەست بە لاوازی و بێ هێزی وکەمی خۆی دەکات، بۆیە دەیەوێت ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوەو بەهەر جۆرێك بێت بگات بەئاست و پلەی کەسێکی تر، بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە تەنها ئەوە نەبێت، بۆیە زۆر جار سەرەنجامی خراپ وکاریگەری خراپی لێ دەکەوێتەوە، وە ئەمەش دووچاری حاڵەتێکی دەروونی ناخۆشی دەکات، چونکە تەنها سەیر دەکات وبیر دەکاتەوە چۆن بگات بە ئاستی کەسێکی ترو، وەك ئەوی لێبێت، بێ ئەوەی بیر لە ژیانی خۆی بکاتەوە.

سەرچاوەی چاولێکەری و لاسایی کردنەوە لە سەیرکردنی نەریتی کۆمەڵگای وڵاتانی ترەوە سەر هەڵدەدات، سەیری نەریت وئادابی وڵاتی خۆی ناکات، سەیری برا و باوك و باپیری یا دایك و داپیری خۆی ناکات، بەڵکو بەهۆی ئاسان گەیشتن بە کلتوری دەرەوە ج بە رێگای گەشتەوە، یان لە رێگای تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە هەوڵدەدات لاسایی و شوێن کەوتەی ئەوان بێت و کلتوری ئەوان بهێنێتە ناو خێزانەکانیانەوە بێ ئەوەی بیر لە زیان و دەرئەنجامەکانی بکاتەوە، و ئایا تا چەند لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگای ئێمەدا گونجاوە؟.

چاولێکەری ڕەهاو بێ سنوور وەك دیاردەیەکە لە کۆمەڵگای کوردی بە گشتی وخێزانەکانی بە تایبەتی دەبینرێت و ئەنجامی خراپی هەیە لەسەر تاك و کۆمەڵگا، زۆر جار بۆتە هۆکارێك

بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان ولێکترازانی هاوسەرەکان، بۆ نموونە زۆر جار ئافرەتەکە بەئاستی ژیانی خۆی ڕازی نیە چاو لە دراوسێ وهاوڕێکانی دەکات لەلایەنی ئاستی ژیان و گوزەرانیان، بۆیە داواکاری زۆر لە پیاوەکەی دەکات ئەویش توانای نیە، وەکێشە و ئاڵۆزی دروست دەبێت، لە ئەنجامدا دەگاتە قوناغی جودابوونەوە.

لەبەرگرنگی بابەتەکەوڕوونکردنەوەی بەجوانی ئەم توێژینەوەیە دابەشراوە بەسەر سێ تەوەرەوە:

تەوەری یەکەم: جۆرەکانی چاولێکەری ولاسایی کردنەوە :
جۆری یەکەم: چاولێکەری ولاسایی کردنەوەی نەرێنی (خراپ):

چەند کار و کردەوەیەك بەنموونە:

1-مۆدێلی جوانکاری: تاکی وا هەیە هەز دەکات لە چاولێکەری و لاسایی لە بابەتی جوانی جەستەوە، هەز دەکات وەك بەرامبەرەکەی بێت، ستایل و شێوە و رووخسار گۆڕین لە رێگەی نەشتەرگەری جوانکاریەوە (العملیات التجمیلیە) لە نێو گەنجان، بە کوڕان و کچانەوە زۆر بەربڵاوە، و دەبینین خەڵکێکی زۆر لەپیاوان و ئافرەتان ڕوو لەسەنتەرەکانی جوانکاری دەکەن بۆ دەستکاری لووت و دەموو چاو، کە پارە و مەسرەفی زۆری دەوێت و زۆر جار زیان بەباری تەندروستیان دەگەێنێت، بێ ئەوەی پێویستی پێ بێت، بە تەنها وەك چاولێکەریەك، زیاتر دەیانەوێت بەکەسێکی ناویانگ بچن و شێوەیان وەك ئەو بێت، وەکو یاریزانێك یان هونەرمەندێك یان گۆرانی بێژێك..هتد، بێ ئەوەی بیر لە زیان ودەرئەنجامەکانی بکەنەوە.

2-تاکی وا هەیە هەز دەکات لاسایی بەرامبەرەکەی بکاتەوە لەو مۆدێلاتانەی ڕۆژانە بەدیار دەکەون وەك :

أ- مۆدێلی خوێندن لە خوێندنگە و زانکۆ نا حکومییەکان، ئەم چاولێکەری و لاسایی کردنەوە لە نێو خێزانەکاندا زۆرەووە، تەنها دەیانەوێت بەرامبەرەکەیان ئاگادار بکەنەوە کەوا منداڵەکەیان بە پارە دەخوێنێت.

ب- مۆدێلی جل و بەرگ:- بەتایبەتی لەناو گەنجان بە هەردوو ڕەگەزەوە، گەنج حەزدەکات جل و بەرگەکەی وەکو کەسی بەرامبەری بێت، لەگەل مۆدێلی ڕۆژ دەڕوات بەدوای جل و بەرگی مۆدێل و گران بەها و مارکە جیهانیەکان دا دەگەڕێت، ئەمڕۆ مۆدێلێك و بەیانی مۆدێلێکی تر، دەبینی گەنجێکە پانتۆڵی کابۆی سەر چۆك دڕاو لەبەر دەکات زۆریش شانازی پێوە دەکات!! هیچ بیرناکاتەوە هەست ناکات، ئایا ئەم جۆرە جلانە لەگەڵ نەریتی خۆی و خێزانەکەی و کۆمەڵگاکەی دەگونجێت؟ یان ئایا کڕینی ئەم جۆرە جل و بەرگانە چی سودێکی هەیە؟

ج- مۆدێلی ئۆتومبیل: بە تایبەتی لەناو گەنجی کوڕ و کچ بوومتە چاولێکەرێەکی بەربڵاو و نەبوونی ئۆتۆمبیل بە عەیبە دەزانن، بە تایبەتی سەیارەی گران بەهاو و مۆدێل تازە، لەنێوان هاوسەران (ژن و مێرد) دەبێت هەریەك ئۆتۆمبیلی خۆی پێ بێت، بێ گومان بوونی ئۆتۆمبیل بۆ خێزانەکان پێویستە بەهۆی کار و پیشە و مال وگواستنەوەی ئەندامانی خێزان، بەڵام بە گشتی لەڵای کەسانێك تەنها بوومتە چاولێکەری و لاسایی و خۆهەڵکێشان، واتە لەئامراز دەرچووە بو بوومتە ئامانج.

د-مۆدێلی کەل وپەلی ناو ماڵ: زۆر لە نێوان خێزانەکان بە تایبەتی لەناو چینی ئافرەتان ئەم چاولێکەری و لاساییە زۆرە، چونکە تەنها بیر لە جوانی و مۆدێلی کەل و پەلەکە دەکەنەوە، لە هەرشوێنێك مۆدێلێکی

بەرچاو کەوت دەبێت ئەویش هەیبێت، هەر لە کەڵ و پەلی گەورە تاکو بچووکیش بێت، واتا هەر لە کەلوپەلێکی ناو ماڵ تاکو پەرداخێکی ئاو ببینێت لاسایی دەکاتەوە دەبێت بیکرێت، زۆر خێزان هەیە ساڵانە تاخمی ناو ماڵ و قەنەفە دەگۆرن بەبێ هۆکار وەك کۆن بوون یان عەیبدار بوون.

هـ - کرینی باخچەو (مەزرەعە). سەردەمێك خەڵکێکی زۆر ئەمەیان کرد، دوواتر پەشیمان بوونەوە، و بە نرخی کەم و زیانێکی زۆر فرۆشتیانەوە.

بێ گومان هەر تاکێکی خێزان یان هەر خێزانێك بەدوای چاولێکەری دەوروبەری دابگەرێت هەموو ژیانی بە لاسایی کردنەوەی دەوروبەر خەریك بکات یان بە بیرکردنەوە لەکەسانی لەخۆبەرزتر، ئەوە لە ئەنجامی داڕووخان و بێ هێزی و لاوازیە، هەموو هەوڵێکی تەنها ئەوەیە وەکو بەرامبەرەکەی بێت بەهەر ڕێگایەك بێت ئەگەر بەرێگای خراپیش بێت وەکو ڕێگای درۆ و دزی وفێلاً وگەندەڵی و قەرزاری وئابڕووچوون ...هتد لە کۆتاییشدا زۆبەی ئەم کەسانە توشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ دەبن و ژیانی خۆیان وێران دەکەن تا دەگەنە ڕادەی خەڵك کوشتن یا خۆکوشتن.

هەندێك لە کاریگەریە نەرێنییەکانی چاولێکەری :

1-سەر هەڵدانی کێشەی ئابووری خێزانەکان، کە دەبێتە بارگرانی لەسەر ئەرك و گیرفانی کەسی چاولێکەر .

2-دەربڕینی ناڕەزایی بەردەوام لەژیان بە هۆی کاریگەری بەهێزو پلەی چاولێکەرییەکە هۆکارێکە بۆ زۆر نەخۆشی دەروونی و خەمۆکی و.....هتد.

3-لەدەستدانی کەسایەتی و تایبەتمەندی ڕاستەقینە، کەوا دەکات تاکەکە ببێتە کەسێکی دووفاقی لە نێوان کولتووری ڕەسەنایەتی و کولتووری بێگانەی .

4-لاوازی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و پچڕانی پەیوەندی خزمایەتی و نەمانی سۆز و بەزەیی لە نێوان تاك و کۆمەڵگا بەگشتی.

جۆری دووەم: چاولێکەری ئەرێنی:

لەڕاستیدا دەبێت ئەوە بڵێین: لە هەندێك بواردا هەیە چاولێکەری ولاساییکردنەوە شتێکی ئەرێنی و زۆر باش و گرنگە، ئەگەر ببێتە هۆکارێك بۆ چاوساغی تاك وئاشنابوونی بە جیهانی پێشکەوتوی دەرەوە و گەشە پێدانی مرۆیی، بەتایبەت لەبواری زانست و تەکنولۆجیای سەردەم و فێربوونی ئەتەکێتە جوانەکانی مرۆڤایەتی و ڕەوشتە بەرزەکان و بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی زانست و مەعریفەی تاك بە تایبەتی لە بواری خوێندن و کێبڕکێ بۆ گەیشتن بە پلەی کەسانی پێشکەوتوو لە وولاتانی تر.

ئەمەش پێغەمبەری خودا (د.خ) ئاماژەی پێکردووە کە دەفەرموێت:" **الْحِكْمَةُ ضَالَّةُ الْمُؤْمِنِ، فَحَيْثُ وَجَدَهَا فَهُوَ أَحَقُّ بِهَا**."(سنن الترمذي: 348/4).واتە: هەرشتێکی دانایی و جوانی بێت ئەمە و نبوی موسڵمانە، واتە: موسڵمان وونی کردوە، لەهەر

شوێنێك ببینێت و پێی گەیشت ئەو لەهەموو کەس شایانترە وەری بگرێت و سوودی لێ ببینێت.

لە هۆکارەکانی چاولێکەری :

دەکرێت هۆکارەکانی چاولێکەری لەچەند خاڵێك کورت بکرێتەوە:

1-ڕازی نەبوون و قەناعەت نەکردن بەو بەشە دیاریکراوەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە بەحەڵاڵی، و بەردەوام هەست کردن بەکەمی و تێر نەبوونی چاو ودل و جەستەی تاکەکان.

2-نەبوونی ڕۆشنبیری و هۆشیاری تاك لەسەر شێوازی ژیانی تەندروست، وا لەتاك دەکات بکەوێتە ژێر کاریگەری پابەند نەبوونی بەبنەمای ڕەوشتەکان.

3-بێکاری ودەست بەتاڵی وکات بەسەربردن بەدیار سەیرکردنی میدیا وراگەیاندنەکان بە گشتی .

4-بوونی تێکەڵی زۆر لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵگاکانی تر، وەك زۆر سەفەرکردن و هەڵسوکەوت ومامەڵەکردن لەگەڵیان، وەهاتنی بەلێشاوی ئاوارەکانی وڵاتانی دراوسێ و دەورو بەرو و تێکەڵبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگای ئێستای کوردی.

5-ڕاگەیاندنەکان بە گشتی و بڵاو بونەوەوەی فلیمە بیانیەکانی تورکی وفارسی وعەرەبی وهیندی ...هتد. کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە و هۆکارێکە بۆ لاسایی کردنەوەی کەسانی تر .

تەوەری دووەم : هەڵوێستی ئاینی ئیسلام دەربارەی چاولێکەری:

ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێشوازی لەهەموو داب ونەریتێکی جوان دەکات ئەگەر لەڕێگای چاولێکردنەوەش بێت، بۆیە دەبینن لەسەرەتای هاتنی ئیسلامەوە کۆمەڵگای نیمچە دورگەی عەرەبی نەریتی جۆراو جۆریان هەبوو، لە چاك و لەخراپ، ئیسلام نەریتە خراپەکانی ڕەتکردەوە، و نەریتە جوانەکانی هێشتەوە، و ئاینی ئیسلام چاولێکەری کوێرانەی بێ بەڵگەی دروست ڕەتدەکاتەوە، وەك بتپەرستەکان کاتێ کەبانگ دەکران بۆ باوەر هێنان بە خوای تاقانە، لەوەڵامدا دەیان ووت: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ بَلۡ نَتَّبِعُ مَآ أَلۡفَيۡنَا عَلَيۡهِ ءَابَآءَنَآۚ أَوَلَوۡ كَانَ ءَابَآؤُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَهۡتَدُونَ ﴾ البقرة: ١٧٠

واتە: ئێمە هەرشوێنی باب وباپیرانمان دەکەوین و لاساییان دەکەینەوە وبەردەوام دەبین لەبتپەرستی، خوای گەورەش دەربارەیان دەفەرموێ: ئەگەر چی باب و باپیرانیشیان هیچیان لەڕاستە ڕێ نەزانیبێ، و هیدایەتیان وەرنەگرتبێت!! ئەوانە هەر شوێنیان دەکەون!! شوێنکەوتن و چاولێکەری

لەناهەق و شتی پرووپوچ شتێکی زۆر خراپ و ناڕەوایە، هەروەك: پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرموێت: " لا يكُنْ أحَدُكمْ إمَّعَة، يقول: أنا مع الناس، إن أحْسنَ الناسُ أحسنتُ، وإن أساؤوا أسأتُ، ولكن وَطِّنُوا أنفسكم إن أحسنَ الناسُ أن تُحْسِنُوا، وإن أساؤوا أن تجتنبوا إساءتهم ". (سنن الترمذي: 432/3، المعجم الكبير للطبراني : 8/ 63). واتە: (کەس لە ئێوە بە کوێرانە دوای کەس نەکەوێت و لاساییان نەکاتەوە و بڵێ: من هەرچۆنێك بێت لەگەڵ ئەم خەڵکەم، ئەگەر ئەوان چاك بن منیش چاك دەبم، و

ئەگەر ئەوان خراپ بوون منیش خراپ دەبم، بەڵکو خۆتان دامەزراو بن وخۆڕاگر بن، ئەگەر خەڵك چاکەی کرد ئێوەش چاکە بکەن، و ئەگەر خەڵك خراپەی کرد ئێوە خۆتان دوور بگرن لە خراپەکانیان.

هاوەڵی بەڕێز عبد الله کوڕی مسعود -خوا لێی ڕازی بێت- دەفەرموێت: " لا يكن أحدكم إمعة، قالوا: وما الإمعة؟ قال: يجري مع كل ريح ".(مساوئ الأخلاق للخرائطي :1/ 305).

واتە: کەس لەئێوە خۆی بەگەر خەڵك نەدات بەکوێرانەوبەبێ زانین، ووتیان: مەبەست لەمە چیە؟ وتی: لەگەڵ هەموو بایەك دەڕوات؟ وەك گوڵە بەڕۆژە بەرو پشتی نیەو، لەگەڵ هەموبایەك شەنە دەکات و لە هەموو ئاشێك باراش لێدەکات، چونکە بەخۆی هیچ خاوەنی

کەسایەتی خۆی نیە ، و کەسی لاواز دیلی عورف و عادەت و کولتوری دەورو بەرە، ئەگەر بەرەو هەڵە و کاری نادروستیش بێت، بەڵام مرۆڤی بەهێز خاوەن کەسایەتی بەهێزە، بەئاسانی خۆی ناداتە دەست و لاسایی خەڵکی نەزان ناکاتەوە.

دەربارەی لاسایی کردنەوەی کوێرانە و ڕەوشت و نەریتی گەلانی تر بەنەفامی وێ بیرکردنەوە لە زیانی ئەو چاولێکردنەومیە پێغەمبەری خوا (د.خ)

نمونە دێنێتەوە ودەفەرموێت: " لَتَتْبَعُنَّ سَنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ شِبْرًا بِشِبْرٍ وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ حَتَّى لَوْ دَخَلُوا فِي جُحْرِ ضَبٍّ لَاتَّبَعْتُمُوهُمْ".

(صحيح مسلم :8/ 57).

واتە: بەڕاستی ئێوە شوێن ڕەفتار و ڕەوشت و ئاکاری گەلانی پێش خۆتان (وەک جولەکە و گاورەکان) دەکەون، بست بەبست و گەز بە گەز و هەنگاو بە هەنگاو، هەتا ئەگەر ئەوان بچنە ناو کونی بزن مژەک (جۆرە گیاندارێکە) ئێوە شوێنیان دەکەون ودەچنە ناو کونەکەوە.

تەوەری سێ یەم: چارەسەری چاولێکەری:

یەکێک لەچارەسەری بابەتی چاولێکەری و لاسایی کردنەوەو کاریگەریە خراپەکانی ئەوەیە، کە مرۆڤ هەموو کات نیعمەتەکانی خوای لەلا زۆر بێت و گەورە و گرنگ بێت و بەکەمی نەزانێت، هەرچەند کەمیش بێت، بەم شێوەیە پێغەمبەری خودا (د.خ) فێری کردووین کەدەفەرموێ"انْظُرُوا إلى مَنْ أَسْفَلَ مِنْكم ولا تنظُروا إلى مَنْ فوقَكُمْ فهُوَ أجْدَرُ أَنْ لا تَزْدَرُوا نِعْمَةَ اللهِ عليكمْ" (صحيح مسلم:213/8).

واتە: سەیری کەسانێک بکەن کە لە خوارەوەی خۆتانن، و تەماشای کەسانێک مەکەن کە لە سەرووی خۆتانن، ئەوە چاکترە بۆئێوە تاکو نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەرتانەوە بەکەم و سووک نەزانن.

چونکە سروشتی مرۆڤەکان وایە کە سەیری کەسانێک دەکات لەو زیاتر مالّی دونیایان پێ بەخشراوە، ئەمیش خۆزگە دەخوازێت وەک ئەوانی هەبێت، و ئەوەی خوا پێی بەخشیوە بەکەمی دەزانێت وهەوڵ دەدات بگات بە ئاستی ئەو وەک وێنەی ئەوی هەبێت، جابەهەر شێواز و ڕێگایەک بێت، بەڵام ئەگەر سەیری کەسانی ژێرەوەی خۆی کرد لە ئاستی ژیان و دارایی و سامان و تەندروستی و ئاسوودەیی، ئەو کات گەورەیی نیعمەتەکانی خوای بۆ دەردەکەوێت، و سوپاسی خوا دەکات و زۆر دڵخۆش و بە ختەومر و دەروونی ئاسوودە دەبێت، و ڕازی دەبێت بەحاڵ و گوزەرانی خۆی و خانەوادەکەی.

دەبێت مرۆڤی بڕوادار بڕوای بەوە هەبێت کە ژیانی مرۆڤەکان لە گۆڕانکاریدایە، و هەر لەیەک ئاست دانابێت، دوای هەموو ناخۆشیک خۆشیە، و دوای هەموو تەنگانەیەک فراوانی و کرانەومیە، ئەوە یاسای خوایە لەبوون و ژیاندا، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا ۝٥ إِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرٗا﴾ الشرح: ٥ - ٦ واتە: خوای گەورە بەڵێنی داوە کە بەڕاستی لەگەڵ هەر تەنگانە و ناخۆشیەک ئاسانی خۆشی هەیە، و خوای گەورە دووپاتی فەرمووە کە دواتر دەرگای خێر و خۆشی و ئاسانکاری دەکرێتەوە، کەوا بوو دڵ تەنگ وبێزار مەبە لەژیانی خۆت، دڵنەاییم وپشت ئەستور بە، کە خوای گەورە بەزوویی دەرفەتی داویەتی و دەروی خێرت لێدەکاتەوە، و سەرت دەخات و باری ژیانت دەگۆڕێت، بۆیە خۆت خەریک مەکە بە چاولێکردنەوەی کەسانی تر کە پلەو پایەیان لە ژیان دا لەتۆ بەرزترە، چونکە تۆ نازانی خێر لە چی دایە، و ئەگەر بیر لە نیعمەتە زۆرەکانی خوا بکەیتەوە کە پێتی بەخشیوە، لەنیعمەتی

إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا

چاو و زمان و گوێ و دەست و قاچەکانت و تەندروستی و لەشساغی و ئارامی ژیان ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێت کەتۆ خاوەنی چەند بەخششی گەورەی خودای، و دڵت زۆر ئاسودە دەبێت، ئەگەر سەیری نەخۆشەکان و بەندکراوان و خاوەن کێشە گەورەکان بکەیت و بیر لەحاڵی ناخۆشی ئەوان بکەیتەوە ئینجا دەزانی تۆ لە چی نازو نیعمەتێك دایت، دەبێت هەردەم سوپاسی خودا بکەیت و بەندەیەکی وەفاداری خوای گەورە بیت.

دوا وشە:

بەختەوەری پەیوەندی بە زۆری سامان و خۆشگوزەرانیەوە نیە، بەڵکو ژیانی خوا پێداوان پڕیەتی لەکێشە، زۆر کەس لە دەوڵەمەندان ئاوات بە ژیانی نەبونی جارانیان خۆیان دەخوازن، دەتوانین بڵێین: زۆر و کەمی سامان و دەسەڵات گرنگ نیە، بەڵکو هەبونی بەرەکەتی خودا لە ژیان و تەمەن و سامان و مااڵ ومنداڵ و تەندروستی باش زۆر زۆر گرنگە ئەمە بەختەوەری ڕاستەقینەیە، گرنگی ئەمەش لە دوعاونزای قنوت دەردەکەوێت، لەو بڕگەیەی کەپێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەموێت: "... وَبَارِكْ لِي فِيمَا أَعْطَيْتَ". (سنن أبي داود: 1/ 536). واتە: (خوایە گیان لەوشتانەی پێت بەخشیوم بەرەکەتداری بکەی بۆم).

لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە: " مَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمْ آمِنًا فِي سِرْبِهِ مُعَافًى فِي جَسَدِهِ عِنْدَهُ قُوتُ يَوْمِهِ فَكَأَنَّمَا حِيزَتْ لَهُ الدُّنْيَا بِحَذَافِيرِهَا". (سنن الترمذي 4/: 152)

واتە: (هەرکەسێك لە مالّ و حاڵی خۆی بەیانی بکاتەوە بە ئاشتی و ئارامی و بێ ترس و کێشە و لەشی ساغ بێت و ئازاری نەبێت، و قوت و خواردنی شەو و ڕۆژی خۆی هەبێت و چاوی لە دەست خەڵك نەبێت- واتە ئەم سێ نیعمەتەی هەبێت- وەك ئەمە وایە هەمووی دونیای بەگشتی پێ بەخشرابێ).

وصلى الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى ٱله وصحبه أجمعين، وٱخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

چۆن پەیوەندی خێزانی ڕێکبخەینەوە

د. جعفر گوانی
ماموّستا له زانکۆی سەڵاحەدین
کۆلێژی پەروەردەی مەخموور
jaafar.ali@su.edu.krd

ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە: **(15)** لاپەڕ
کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردن: **(17)** لاپەڕ
کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە: **(13)** لاپەڕ

وتە

خێزان یەکێکە لە سروشتە
جوانەکانی مرۆڤایەتی

چۆن پەیوەندی خێزانی ڕێکبخەینەوە؟

دەستپێك

بوونی خێزانێکی تەندروست یەکەمین وکاریگەرترین هەنگاوی ئارامی ژیان و پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گەرمترین باوەشی کاتە سەخت و دژوارەکانە، بە پێچەوانەوە ئەو کاتەی شیرازەی خێزان تێکدەچێت، یان ساردوسڕی شوێنی گەرم و گوڕی دەگرێتەوە، ئەوا مرۆڤ یەکەمین و گرنگترین پەناگەی ژیانی لە دەست دەدات. بۆیە کاتێك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٦ ﴾ التحريم: ٦

واتە: (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان: خۆتان وکەس وکاریشتان لەو ئاگرە بپارێزن". دەکرێ ئەو ئاگرە بە ئاگری دونیاش لێك دەینەوە، ئەو کاتەی خێزان تێکدەچێت ئەوا گڕ لە خانەوادو خێزان ومااڵمان بەردەدەین، خۆمان ومنداڵمان دەبنە سووتەمەنی و قوربانی ئەو بڵێسە بەهێزە).

لە قۆناخی ئێستادا دەبینین بەهۆی تەکنەلۆژیا و قوڵبوونەوەی تێڕوانینی مادیانە، خێزان بەشێوەیەکی بەرچاو، ڕۆڵی گرنگ وکارای خۆی لەدەستداوە، ئەمەش سەرەتایەکی مەترسیدارە لە چەندین لایەنەوە، بۆ نموونە:

1/ فەوتانی هەرزەکار و مێردمندال، کە هەمیشە دایباب ڕۆڵی پێشەنگیان هەبوو لە ڕێنماییکردنێکی تەندروست.

2/ زۆربوونی تەڵاق وجیابوونەوە، چونکە پەیوەندی نێوان ژن ومێرد لەسەر بنەمای پەیوەندی تەندروستی خێزانی بنیاتنراوە، کاتێک خێزان بەرەو هەڵدێر دەڕوات، ئەوا پەیوەندی خێزانیش لاواز دەبێت، دواجار جیابوونەوە زۆر دەبێت.

3/ لاساربوونی گەنجان، چونکە هەڵەی گەنج هەرچەندە گەورە بێت، دایباب ناتوانن پشتی تێبکەن، بەڵکو شەو و ڕۆژ دەکەنە یەک بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی، بەڵام، کە خێزان تێکچوو دایک و باوک لە لایەک و منداڵیش لە لایەکی دیکە، کەس ئاوڕ لە کەس ناداتەوە.

4/ زۆربوونی ناپاکی خێزانی، چونکە پاکی خێزان ومستاوە بە وەفای ژن ومێرد بۆ یەکتر، کاتێک خێزان بەرەو هەڵوەشانەوە و ساردوسڕی دەچێت و وەفاو پەیمان نامێنێت، ئەوا دەبێتە دەروازەیەک، کە کەسانێک تووشی ناپاکی ببنەوە.

5/ هەروەها تێکچوونی شیرازەی خێزان دەروازەیەکیشە بۆ کوشتن، ج خۆکوژی تاکەکانی خێزان بێت، وەک ئەوەی ژن لە تاوی مێردەکەی خۆی دەکوژێت، یان

مێرد بەرگەی باری گرانی ژن ناگرێت و خۆی دەکوژێت، یان منداڵ ناگەنە ئاواتەکانیان وپەنا بۆ خۆکوژی دەبەن. یان لەوانەیە ببنە نێچیرێکی بچووک بۆ مافیاو گەلەگورگی درندە. یان ئالوودەی حەب و مادە هۆشبەرەکان ببنەوە، بەجۆرێك بە خۆکوژی یان کوشتن کۆتایی بێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر خێزان ئارام و تەبا بێت، ئەوە وێکرا بە سەر هەموو کۆسپ و تەگەرەکان زاڵ دەبن و تووشی هیچ شڵەژانێك و وێرانیەك نابنەوە.

کەواتە ئێستا ئێمە لەبەردەم دوڕیانێکی مەترسیدار داین، کە ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان، شەو وڕۆژ تێك نەیەخن و هەوڵی جددی نەدەن، دوارۆژێکی مەترسیدارمان لە پێشەو باجێکی گەورەی دەوێت.

لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین بە کورتی تیشك بخەینە سەر ئەوەی: چۆن جارێکی دیکە گەرم و گوڕی بۆ ناو خێزانەکان بگێڕینەوە؟، چۆن خێزان هەر ئەو باوەشە ئارامە بیت کە ئازارەکانمان کەم دەکاتەوەو لە سایەیدا بەرەنگاری هەموو کۆسپ وتەگەرەو ژاوەژاوەکان دەبینەوە؟. ئەوەش لە چەند خاڵێکدا:

ئایا دەتوانین خێزان نوێ بکەینەوە؟

سرووشتی ژیانی سۆزدارانە وایە تاوێك گەرم وگوڕە بەڵام دواتر دێتە خوارەوە، کە ئەگەر ئەقڵ و ژیری لە گەڵ لایەنی سۆزداری نەبەسترێنەوە لە وانەیە سۆزداریەکە ببێتە ئازارێکی قوڵ، بە تایبەتی بە تێپەڕبوونی کات بەسەر پرۆسەکە، لێرەدا ئەو قسەیە زۆر گرنگ و ماناداره کە دەڵێت: (درێژەدان بە خۆشەویستی لە خۆشەویستی گرنگترە)، واتە ئاسانە مرۆڤ بکەوێتە داوی خۆشەویستی کەسێکی دیکە، جاری وایە کچێك وکوڕێك تەنیا بە یەك تەماشاکردن دەکەونە داوی خۆشەویستی یەك، هەموو هێزو توانای خۆشیان دەخەنە کار بۆ گەیشتنە یەك و پێکهێنانی لانەی هاویەشی ژیان، هەندێکجار پەنا بۆ هەڵاتن و دەربەدەربوون، یان نانەوەی گرفت و ئاریشە لەنێوان خانەوادەکان دەبەن، هەندێکیان حاشا لە هەموو کەس وکاری دەکات بۆئەوەی ئاواتەکەی بێتە دی. ئەوە لە ژیانی هەموو خێزاندارێك بە ژن وپیاوەوە هەیە، واتە هەموویان سەرەتا خۆشەویستییەکی سۆزدارانەی بەهێزیان هەبووە، لەوێوە ژیانی هەڤژینیان پێکهێناوە، بەڵام ئایا ئەوەندە بەسە؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو گرنگتر ئەوەیە چۆن درێژە بەو خۆشەویستییە دەدەن وتا دواهەناسەی ژیان بەو خۆشەویستییە دەمێننەوە، تێکچوونی شیرازەی خێزانیش لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، کاتێك ساردو سڕی شوێنی گەرم و گوڕی ئەفینی نێوان هاوسەرەکان دەگرێتەوە، یان منداڵ ئەو خۆشەویستییەی بەرامبەر دایباب یان خوشك و براکانی نامێنێت.

کەواتە ناکرێ تەنیا ئەو کاتە بیر لە خۆشەویستی بکرێتەوە کە دەکەونە داوی ئەشقی یەکتری، ئەم جۆرە خۆشەویستییە شتێکی هێندە ساکارە بە هەبوونی کەمترین گرفت و کێشە هاواریان لێ هەڵدەستێت، کە لەوانەیە بگاتە ئاستی شکایەت و شکایەتکاریش، بەڵکو پێویستە بەدرێژایی ژیان لەگەڵیان بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی پەیوەندیان هێندە گەرم بێت هەموو بەستەڵەکەکان بتوێنێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەو خۆشەویستییەی سەرەتا دەکەوێتە ناویان تەنیا سۆزێکی سادەو ساکارە، کە خۆشەویستی راستەقینە ئەو کاتە دەستپێدەکات، کە ماوەیەك بە سەر ژیانی هاوسەرگیری تێپەڕدەبێت و ژن ومێرد هەقیقەتی یەکتر دەزانن و هەردووکیان بە تەواوی لە سرووشتی یەك تێدەگەن. لێرەوە بە چاکی لە مانای ئەو ئایەتە تێدەگەین کە ژیانی هاوسەرگیری بە ئارامگە داناوە، ئەمەشی بە ئەڤین و بەزەیی بەستۆتەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الروم: ٢١

واتە: (هەر لە نیشانانی خودایە، کە لەخۆتان هاوژینی بۆ بەرهەمهێناون، تا بحەسێنەوە وخۆشەویستی و ئەوینی خستۆتە ناوتان). کە واتە سوکنایی و ئارامی خانەوادە بە بێ بەردەوامی سۆزو ئەڤین و خۆشەویستی فەراهەم ناهێت.

خاڵێکی دیکەش ڕێگرە لە بەردەم مانەوەی خێزان بە تۆکمەیی، ئەویش مەسەلەی چاوەڕوانیکردنی زۆر لە هاوژینەکان، ئەمەش لەوانەیە لە دەستپێکی یەکترناسینەوە دەستپێبکات، کە بەڵێنی زەبەلاح بدەنە یەك و هەریەکەیان چاوەڕوانی زۆر گەورەی لەوەی دیکە هەبێت، کاتێکیش دێنە ناو هەقیقەت و واقیعی هەڤژینی ئەمەی تێدا نابینن، ئەنجام ساردوسڕی زۆر دروست دەبێت، بۆیە پێویستە ئەوانەی بەردی بناغەی خێزانی لەگەڵ یەك پێکدێنن،

راشکاوانەو راستگۆیانە قسە لەگەڵ یەك بکەن، خۆیان بە ئاقارێکدا نەبەن کە چاوەڕوانی زۆر لە یەك بکەن و دواتریش واقیع تووشی شۆکیان بکات. بەڵام کە حاڵەتێکی وەها رووەدات مانای وا نییە تازە خێزانەکە بەرەو خاپوورو تێکچوون بڕوات، بەڵکو هێشتا رێگەچارە هەیە، کە وێڕای دەستپێکی هەڵەوە، بەڵام دەرفەتی گەرم و گوڕی بدەنەوە یەك.

بۆیە چەند رێگاو تێبینی وسەرنجێك هەن، بە گرتنەبەریان دەتوانین دەردەکە ببینینەوە و دەرمانی تایبەتیشی بۆ دەستنیشان بکەین، کەواتە لە خاڵی یەکەمدا ئەوە لە بیر خۆت ببەرەوە کە پێت وابێت ناتوانین خێزان گەرم و گوڕ بکەینەوە، چونکە ئەو تێڕوانینە نەرێنیانە سەرەتایەکی مەترسیدارن بۆ ڕەشبینی و خۆبەدەستەوەدانی پەرگیرانەی دوور لە ژیانی خێزانی وپێکەوەیی.

کاتێك لەگەڵ هاوژینەکەت بەسەر ببە

زۆر گرنگە کەسانی خێزانەکە بەتایبەتی هاوژینەکان کاتێك تەرخان بکەن بۆ قسەکردنی ڕووبەروو، لەوکاتەشدا پێویستە هەردووکیان تەماشای ڕووخساری یەك بکەن، لەمەدا هاوژینەکان هەستەکەن ئەوان هێشتا جێگای گرنگپێدانی هاوسەرەکانیانن، لەوانەشە لەگەڵ ئەو ڕوانینانە ئەو

ڕۆژانەیان بێتەوبیر کاتێك بۆ یەکەمجار دیدەنی یەکتریان کردوومو پێکەوە دانیشتوونە، یان ئەو ڕۆژەی کوڕە چۆتە خوازبێنی، یان کاتێك بۆ یەکەمجار گفتوگۆیان دەربارەی پێکهێنانی هاوسەرگیری کردووە، بێگومان ئەم یادگارییانە دەستپێکێکی زۆر باشن بۆئەوەی جارێکی دیکە بچینەوە باوەشی گەرمی خێزان.

بەپێچەوانەوە ئەگەر هیچ پێکەوە دانەنیشن، یان لە کاتی گفتوگۆدا هیچ گرنگی بە یەک نەدەن، یان هەر یەکەو ڕوو لە ئاقارێک قسە بکەن، ئەوا بۆشایی نێوانیان هەر فراوانتر دەبێت و بەستەڵەکی دژوارتر دەکەونە نێوانیان. بۆیە پێویستە کاتێک باش ڕووبەروو بە گرنگییەوە قسەو دوان پێکەوە ئەنجام بدەن، لە میانەیدا بە دەیاری یادگارییە جوانەکان قوڵبنەوە بەبێ ئەوەی قسە لەسەر ڕابردووش بکەن.

بۆیە وێڕای هەموو سەرقاڵیەکانت، کاتێک بۆ ناو خانەوادەکەت تەرخان بکە، با لەو کاتەدا تیڤی وڵاپتۆپ و ئایپادو مۆبایل لەوڵاوە بێت، دیداری خانەوادەی ئازیز جێگای بگرێتەوە. لەو کاتەدا شتێکی هاوبەش ببینەوە هەمووان پێی دڵخۆش بن، بۆ هەمووان چێژبەخش بێت، هەمووان گرنگی پێبدەن، جا ئەگەر خواردنێک، قاوە و چایەک یان گەشت و دەرچوونێکی لەگەڵدا بێت، ئەوە دۆخەکە زۆر خۆشتر دەکات.

دەردەدڵی ناو خێزان

هەنگاوێکی دیکەی گرنگی ناو خێزان بریتییە لە پەیوەندی بەردەوام، پەیوەندییەکە بەجۆرێک بێت بەرامبەرەکەت هەست بکات تۆ بە پەناگەی ژیان و هاوڕێی تەمەنی دەزانی، چۆن دوو برادەر کاتێک دەگەنە یەک هەست بە ئارامی و دڵخۆشی، ئەوین و خۆشەویستی دەکەن، ئەوەش بەوە دەبێت بەرامبەرەکەت هەست بکات تۆ دەرمانی خۆت لە ئەودا دەبینییەوە، کاتێک بینی تۆ بارگەی خەمت لەلای ئەو دادەخەی، دەتەوێت هاوکارت بێت، دەبێنێ تۆ ڕاستەوخۆ باسی ئازارەکانی خۆتی بۆ دەکەیت،

پرس و راوێژی ژیانتی پێدەکەی، وەکو هاوڕێیەکی گەرم وگوڕ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەی، ئەوەش لەوانەیە بۆ هەموو کاتێك گونجاو نەبێت، بەڵام کاتێك خەمێکی قووڵ دەدگرێتەوە، لە بەرامبەردا تۆ رازی خۆتی بۆ باس دەکەی یان داوای رێگەچارەی لێدەکەی، ئەو هەست بە نزیکی تۆ دەکات.

بۆ ئەمە چەندان نموونەمان لە ژیاننامەی پێغەمبەری خوا هەیە، بۆنموونە کاتێك بۆ یەکەمجار سرووشی بۆ دێت، زۆر بە رووتی گفتوگۆ لەگەڵ هاوژینەکەی دەکات وخەدیجە یەکەمین کەس دەبێت دەردەدڵی خۆی لەلا بدرکێنێت، خەدیجەش هێندە ژیر بووە، وەك ئیبنو حەجەر دەفەرموێت: "لە پێش وپاشی پێغەمبەرایەتی، پێغەمبەری بە گەورە دەزانی و باوەڕی پێدەکرد"، "چۆنی بۆی بکرابا بەدوای رازیکردنی ئەوەوە بوو، قەت تووڕەی نەدەکرد". (الإصابة 603/7. فتح الباري 138/7). هەر لەبەر ئەو گفتوگۆیانە توانیان هێندە یەکتر بخوێننەوە، هەم ماڵەکە گەرم و هەمیش پێکەوە بەسەر تەنگژەکانەوە سەرکەون.

هەندێك جار تووڕە و هەندێکجار خەمبار، هەر خەریکی ئاخ و ئۆف هەڵکێشانی، هاوخێزانەکانت هەست بە بێزاری دەکەن، چونکە دەزانن تۆ خەمێکی گەورەت هەیە، شتێك هەیە خراپ ئازارت دەدات، بەڵام ئامادە نیت بیدرکێنی، ئەوە پاشەکشەیەکی زۆر بە دۆخی خێزانەکە لێدەدات، چونکە هەست بە لێك دووری دەکەن.

ئەوە بۆ بەرامبەریش هەمان شتە، کاتێك بۆ تۆ پێویست بێت دەردی خۆت بۆ بەرامبەرەکەت، هاوژین و رۆڵەکانت دەربڕی، بەپێچەوانەوە دەبێ بۆ ئەوانیش گوێگرێکی باش بیت، کاتێك دەردی دڵی خۆیان لەلای تۆ دەڕێژن، پشتگوێیان

مەخە، گوێیان بۆ رادێرە، رێگەچارەو دەرمانیان پێشکەش بکە، ئەگەر گوێت بۆ گرتن ئەوا دەرمانێکی خۆماڵیان پێشکەش دەکەی، ئەمە دۆخی خێزان گەرم دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا نهێنی خێزانیش دەپارێزێت، چونکە کاتێك گوێ لە خانەوادەکەت ناگری، ناچاردەبن پەنا بۆ کەسێکی دیکە ببەن و رازی دڵیان بۆ دەربڕن، لەو حاڵەتەشدا لەوانەیە نهێنیگەلێکی زۆری خێزانی دەربچن و دواجار خودی خێزان زیانمەند بێت.

لە هەمان کاتدا کاتێك گوێ لە ئەندامانی خێزانەکەت دەگری، مانای وایە تۆ گەرەکتە بەهاو نرخێك بدەیتە تاکەکانی خێزان، ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری ئەرێنی لەسەر زیهنییەتی ئەندامان دەبێت، چونکە مرۆڤ بە سرووشت بەندەی بەهاو نرخدانانە، بە ئاسانی دەچێتە بن باری مرۆڤێك کە بە رێزو شکۆوە مامەڵەی لە گەڵدا دەکات، بەمەش پەیوەندییەکی گەورەترو بەهێزترو قوڵتر لەگەڵ خانەوادەکەت دروست دەکەیت وکەلێن وبۆشاییەکانیش پڕ دەکەیتەوە. ئەمەش دەبێ بەشێوازێکی ئاسایی و دوور لە رەسمیات وشێوازی ناسرووشتی بێت، بە پێچەوانەوە کاتێك بە رەسمی و وەك بێگانەیەك مامەڵە لەگەڵ خانەوادە دەکەی، هەست بە نامۆیی دەکەن، رۆژ بە رۆژ بۆشاییەکە زۆرتر دەبێت.

وەرگرەو ببەخشە

مرۆڤ لە ژیاندا بیری زۆری لای وەرگرتنە، وەرگرتن بەو مانایەی چاوەڕوان دەکات هاوڕێ وهاوژینەکەی لە زۆر شت پێشکەشی بکات، بۆنموونە چاوەڕوان دەکات هاوژین ومندالەکانی رێزی بگرن، بەتایبەتی لەلایەن خزمانی، یان برادەرانی لە کاتی خۆشی و ناخۆشی شتی پێشکەش بکەن، وەک پێشکەشکردنی دیاری، یان بەشداریکردن لە خۆشی و ناخۆشی، بەڵام ئەمجۆرە پێشبینیکردنە بەبێ رەچاوکردنی لایەنی بەرامبەر، پێشبینییەکی هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بیر لەوە بکەیتەوە داخۆ بەرامبەرەکەت چاوەڕێی چیت لێ دەکات، لەوانەیە خەمێکی قووڵی هەبێت یان لە خۆشییەکی بەرزدابێت، چاوەڕێ دەکات بەشداری لەگەڵدا بکەیت یان دیارییەکی پێشکەش بکەی یان بەشداری پرسەی بکەی یان لە دۆخێکدایە پێویستە وردی بەرزبکەیتەوە،... هەموو ئەوانە دەچنە خانەی بەخشینەوە، هەندێکجار قسەیەك بە ئەندازەی چەندان دۆلارو دینار کاریگەری زیاترە، بۆیە دەبێ بیرلەوە بکەینەوە داخۆ بەرامبەر پێویستی بە چ شتێکی مادیی یان مەعنەوی هەیە تا لەگەڵیدا بەشدار بیت، لەوەدا درێخی مەکە، هەندێکجار هەڵوێستێك لە کاتی تەنگانە بە قەد دنیایەك مادە کاریگەری بەسەر دڵی بەرامبەر هەیە.

بەرەنگاری ئاریشەکان ببەوە

کاتێك ساردوسڕی دەکەوێتە ناو خێزان بێگومان دەرەنجامی کۆمەڵێك گرفت و ئاریشەیە، جا لەوانەیە ئاریشەکان لە تۆوە بن، بۆیە زۆر گرنگە بەهێزەوە بەرەنگاریان ببیەوە، واتە ناکرێت خۆت بە لاواز بزانیت پێت

وابێت ئەستەمە روبەڕووی ئەو گرفتانە ببیتەوە، بە پێچەوانەوە پێویستە هەست بەوە بکەیت کەسێکی بەهێزی و دەتوانی چارەسەر بدۆزیتەوە، بەڵام دەبێ لەوە وریابین چارەسەری کێشەکان بۆ ئەومن خێزان گەرم بکەینەوە، بۆیە لەگەڵ بەرامبەرەکانت بەڕێز بیت، کاتێک هەست دەکەیت هاوژینەکەت یان منداڵەکەت کێماسییەکی هەیە، هەوڵدە خۆت بە حەکیمانە چارەسەری بکەیت، هەتا دەکرێ لەنێوەخۆو بە بێ دەنگی کۆتایی پێ بێنە، بەپێچەوانەوە ئەگەر کێشەکە لە چوارچێوەی خێزان دەرچوو، ئەوە هەموو ئەگەرێکی دیکەی سەلبی بەڕێومن، ئەگەر زاندرا لە توانای تۆدا نییە، ئەوا تا ئەو کاتە پەنا بۆ دەرەوە ببە کە چارەسەری کێشەکەتی تێدایە وەک راوێژ بە خزمێك یان پەنابردن بۆ کەسێك کاریگەری دەبێت بۆ چارەسەری کێشە کە، یان تا دەگاتە ئاستی کەسێکی پسپۆڕی شارەزا، بەڵام نابێ بە هیچ شێوەیەك کەسانی دیکەی لێ ئاگادار بکەیتەوە، کە پەیوەندییان بە چارەسەرەوە نییە، تا ئەگەر نزیك ترین کەسی ئێومش بن، چونکە لەو حاڵەتەدا ئاریشەکان زیاتر تەشەنە دەکەن وکەسانێك خۆیان تێ هەڵدەقورتێنن، کە جگە لە زیان هیچ سوودیان نییە. بە کورتی (بە بڕوابەخۆبوونەومو بەوپەری ڕێزەوە بەرەنگاری کێشەو ئاریشەکان ببەوە).



خەیاڵی بیرمەکەوە

سرووشتی ژیان وایە هەوراز و نشێوی زۆری تێدایە، بۆیە دەبێ تاك چاوەڕوانی هەموو شتێك بکات، مرۆڤ بە سرووشت تووڕە دەبێت،

خەمبار دەبێت، دڵخۆش دەبێت، هەژار دەبێت، زەنگین دەبێت، سەردەکەوێت، دواتر شکست دەهێنێت، بۆیە ناکرێ خەیاڵی بیربکرێتەوە، مرۆڤ وەها تێبگات نابێ بەرامبەرەکەی هیچ کەم و کوڕی و کێماسی بێتە سەر، بە پێچەوانەوە هەموو دۆخێك دێنە پێش، لەوانەیە کەسێك ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێك پێکهێناوە، پاڵنەرەکەی زەنگینی یان جوانی کەسەکە بێت، کەچی لە دۆخێکدا هێندە هەژار دەبێت خەڵك خێری پێدەکات، یان تووشی ڕووداوێك دێت هەموو جوانی لێ دەستێنێتەوە، بەڵام کە ئەوانە هاوژینی یەکترین دەبێ لە (ژین و ژان)دا پشتی یەك بگرن، واتە واقیع جیاوازە لە خەیاڵ، مرۆڤ بە خەیاڵ بێ هەموو کەمو کورتییەك دەژیت، بەڵام لە واقیعدا دەیان کۆسپ و تەگەرە دێنە پێش، بۆیە مرۆڤێك بیەوێت گەرم وگوڕی بێنێتەوە ناو خێزان دەزانێ واقیع چییەو هەر واقیعییانەش مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

تێڕامانی ئیجابیانەو متمانە

یەك لە خاڵە هەرە گرنگەکانی خێزان بریتییە لە متمانەبوون، هەر کاتێك خێزان ئەو خاڵەی تێدا نەما ئەوا زوو یان درەنگ دەڕووخێت، باشترین ڕێگای دروستبوونی متمانەش بیرکردنەوەی ئیجابییە بەرامبەر یەکتری، بۆیە پێویستە تاکەکانی خێزان تێڕوانینیان بۆ یەك ئیجابی بێت، متمانەی تەواو بدەنە یەکتری.

مەبەست لە تێڕوانینی ئیجابی ئەوەیە پێزانینمان بۆ یەکتر هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر کەمو کوڕی لەلایەکیش هەبێت بیر لە چەندین لایەنی باش بکەینەوە، دەکرێ هاوسەران لە خاڵێکدا لێك جیاواز بن، کەچی لە بەرامبەردا دەیان و زیاتر لایەنی ئیجابی و ئەرێنییان بە یەکەوە هەیە، بۆیە پێویستە تیشکی

زیاتر بخەنە سەر ئەو لایەنانە، بەمەش دەتوانن نیگەرانیەکانیان بڕەوێننەوە و باوەشی خێزان گەرمتر بکەنەوە.

بە پێچەوانەوە ئەو خانەوادانەی تێڕوانینی نەرێنیان بەرامبەر یەکتری هەیە، بەتایبەتی بابەتی غیرەو گومانپیسی، خێزان بەرەو ئاقاری هەڵدێران دەبات، ئەو کاتەی ئەندامانی خێزان ئیجابیانە دەڕواننە یەک، دەبنە پشت و پەنای یەک، لەوێشەوە متمانە بۆ هێلانەکەیان دەگێڕنەوە و هەمووان دەبنە تەواوکەری یەک، خۆشترین دانیشتنیان کۆڕی خێزانەکەیانە.

خەندەئامێز بە لایەنێکی گرنگی خێزانی لایەنی سۆزداریە، مرۆڤیش بە سرووشت حەزی لە سۆزداریە، وەک سۆزی دایباب بۆ منداڵ، یان بەپێچەوانەوە، لە سەرووی هەموشیانەوە سۆزی هاوژینەکان بۆ یەکتری، کاتێک ماڵ دەبێتە کۆمەڵە ڕێورەسمێکی ڕەسمیانە و هیچ سۆزو خۆشەویستی تێدا نامێنێت، دەبێتە دەزگایەکی فەرمی و شوێنی ئۆقرەیی تێدا نابێتەوە، بەپێچەوانەوە کاتێک سۆزو میهرەبانی ئاڵوگۆڕ دەکرێت، مرۆڤ سوکنایی ڕاستەقینەی تەنیا لە ماڵەکەی دایە، جا بۆئەوەی ئەو سۆزە بڵاوبێتەوە پێویستە تا دەکرێ لە قسەی ڕەق دوورکەونەوە، ئەگەریش کردیان، بە زووترین کات بە خەندەیەک پڕی کەنەوە، یان کاتێک دەچنەوە ماڵ بە خەندەوە بڕۆنە ژوورەوە، یان بە خەندەوە پێشوازی لە یەک بکەن، چونکە نابێ لەبیرمان بچێت

هەموو مرۆڤەکان جۆرە جیاوازیەکیان هەیە، جوانترین کاریش پێکەوە کۆبوونەوەی ئەو گوڵ ورمنگە جیاوازانەیە، یەک زەردەخە جیاوازییەکان جوانتر دەکات وسرووشتە رەنگاورەنگەکان پێکەوە قەشەنگتر دەکات، کەواتە ئەگەر بەرامبەر هەموو مرۆڤێک خەندە پیویست بێت، ئەوا بۆ ئەندامانی خانەوادە زۆر پێویستترە.

لەومدا دەبینین پێغەمبەری سەردار بەشێومیەکی گشتی فێرمان دەکات کەسانی بە خەندەو رووخۆش بین، وەک دەفەرموویت: "خەندەکردنت بەرامبەر براکەت سەدەقەیە" (البخاري)، ئەو ئەگەر ئەمە لەنێوان ژن و مێرد، منداڵ ودایک، منداڵ و باوک، خوشک و خوشک، براو برا، خوشک و برا بێت. ئیبن بەتاڵ لەسەر ئەوە دەفەرموویت: "وانەیەکی ئەم فەرموودە ئەومیە کە دیدەنی خەڵک بە خەندەو ورووخۆشییەوە

ڕەوشتی پێغەمبەرانە، کە لابەری خۆبەزلزانین و هێنەری خۆشەویستییە".

ڕاشکاوانە بدوێ

ژیانی خێزانی پێویستە بە گەرم وگوڕی بمێنێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە ویست و حەزەکانی یەکتر بزانن، لەومشدا نابێ چاوەڕوانی ئەوە لە هاوڕێکەت بکەیت ئەقڵ و بیری تۆ بە تەواوی بخوێنێتەوە، کەس نییە وەکو خۆت لە خۆت تێبگات، کەواتە دەبێ ئەندامانی خێزان بەتایبەتی ژن ومێرد هێندە متمانەیان بۆ یەک هەبێت بتوانن ڕاشکاوانە قسە بکەن ونهێنی ناو دڵیان بەرامبەر یەک بدرکێنن، کاتێک شتێکت لە دڵ دایە بەرامبەری، مەهێڵە پەنگ بخواتەوە، تا دەتوانی بە خۆت بە هێمنی بیسڕەوە بەتایبەتی کاتێک مێژووی یادگارییە

جوانەکان بەبیرخۆت دێنییەوە، بەڵام کە تاک لایەنە نەڕۆیشت، پێویستە هاوژینەکان هێندە بڕواو متمانەیان بە یەکدیکە هەبێت بتوانن راشکاوانە گلەییەکانیان ئاراستەی یەک بکەن، ئەویش بەجۆرێک نەبێتە مایەی خوڵقاندنی کۆمەڵێک کێشە، بەڵکو بەجۆرێک بەرامبەرەکە هەست بە خەمخۆری ئەوی دیکە بکات و لەوێوە هەست بە نیگەرانییەکانی بکات، کاتێک هاوژینەکان لە چوارچێوەی نیگای ئەقیندارێ یەک دەخولێنەوە بە ئاسانی باوەش بۆ گلەییەکانی یەک دەکەنەوە، ئەمەش رێگا لەوە دەگرێت گلەییەکان زیاتر خڕببنەوە و بەرەو ئاقاری نەرێنییەوە بچن و پەناگە بڕووخێنن.

پێزانینت هەبێت

یەک لە گرفت وئاریشە گەورەکانی ناو خێزان نەبوونی سوپاس و پێزانینە بەرامبەر کارەکانی یەکتر، بەتایبەتی لە کاتی تووڕەبووندا کە هەموو چاکەکانی یەکتری سفر دەکەنەوە، ئەمە هەنگاوێکی مەترسیدارە، بۆیە وێڕای ئەوەی پێویستە بە رێزەوە مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن، پێویستە پێزانیان بۆ کارەکانی یەکتریش هەبێت، کاتێک ژنەکە هەستی کرد پیاوەکەی پێزانینی بۆ کارەکانی هەیە، هەروا بە پێچەوانەوەش، ئەوا هەمیشە ماڵەکە بە گەرم وگوڕی دەمێنێتەوە، بەڵام کاتێک هەمیشە ماندووبوون و کارەکانی خۆی بە گەورەتر دەزانێت، ئەوا بەرامبەر هەست بە کەمایەتی و بۆشایی دەکات و ساردوسڕی دروست دەبێت. لەوەدا باشترین شت ئەوەیە بە زار گوزارشتی لێبکەیت.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان مەپچڕێنن

یەکێکی دیکە لە خاڵە گرنگەکانی گەرم وگوڕکردنەوەی خێزان دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە بەتایبەتی بۆ ئەو خانەوادەو ماڵانەی ئەندامانی خێزانەکە حەزیان لێیەتی، بۆ نموونە کاتێك ژنەکە دەبینێت هاوسەرەکەی بە گرنگییەوە سەردانی خزمانی دەکات و گفتوگۆی گەرم وگوڕ لەگەڵ کەس وکاری دەباتە سەر، هەست بە خۆشییەکی گەورە دەکات، بەمەش پەیوەندییەکە تووندوتۆڵتر دەبێتەوە، پێچەوانەکەشی بە هەمان شێوەیە، ئەوە نییە کاتێك پیاو هەست دەکات هاوسەرەکەی پەیوەندی باشی لەگەڵ دایبابی هەیەو بەینابەین تێلیان بۆ دەکات و دەچێتە سەردانیان، ئەوا هەست بە ئارامییەکی قووڵ دەکات، بەمەش ژنەکەی لەلاوە زۆر گەورەتر دەبێت.

لە تۆمەتبارکردن دوورکەوە

ئەو کاتەی کێشەیەك دروست دەبێت گرنگ ئەوەیە کێشەکە کۆتایی پێ بهێندرێت، بۆیە ئاقڵانە دەبێ تیشك بخرێتە سەر چۆنییەتی ڕێگرتن

لە تەشەنەکردن و دواجار کۆتایی هێنان بە گرفتەکە، واتە زۆر ئاوڕ لەوە نادەنەوە کێ کارەکەی ئەنجام داوە، یان کێ هەق و ناهەقە، چونکە دواجار ئەوان خێزانێکن هەر کێیەك هۆکاری بێت ئەوا ئاگرەکە هەمووان دەگرێتەوە، بۆیە لابردنیشی لە قازانجی هەمووانە،

گەورەترین هەڵەی خێزانەکان لەوەدایە کاتێک کێشەیەک دروست دەبێت خەریکی تۆمەتبارکردنی یەکترن، ژنەکە پەنجەی تۆمەت بۆ مێردەکەی، مێردەکەش بۆ ژنەکەی درێژ دەکات، ئەمەش بێجگە لە قووڵکردنەوەی کێشەکە هیچی دیکەی لێوە ناهێتە ئاراوە، چونکە هەر یەکەو هەوڵ دەدات خۆی لە تاوانەکە بەری بکات، بەڵام ئەگەر وێکرا مل بدەنە چارەسەرکردن، ئەوا کێشەکان بە ئاسانی کۆتاییان دێت، کەواتە بۆ ئەوەی خێزان گەرم و گوڕیکەینەوە، با واز لە یەکتر تۆمەتبارکردن بێنین، بەتایبەتی لەلای خەڵکی دیکە، لە بری ئەوە چاو لەوە بنووقێنە کێ کارەکەی کردووە، بەڵکو بەدوای چارەسەر بگەڕێن، ئاخر خۆ ئەوە دادگا نییە داخۆ کێ راستەو کێش ناڕاستە تا خەریکی تۆمەبارکردن بن.

هەرا مەنێوە

یەك لە هۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندی خێزانی ژاوەژاو وهەرانانەومیە، بۆیە دەبێ هاوسەران وتەواوی ئەندامانی خێزان بە هێمنی مامەڵە بکەن و هەوڵبدەن لە کەش و هەوایەکی ئارام راگۆڕینەوە بکەن، کاتێك ژنەکە هەست دەکات پیاوەکە دەنگی لەسەر بەرزدەکاتەوە و کەسانی دەرەوەی خێزان هەستی پێدەکەن، یان

ئەندامانی دیکەی وەك منداڵەکان دەیبینن، بۆ پیاویش بەرامبەر ژنەکەی بە هەمان شێوە، ئەوا هەست بە سووکایەتی و بێڕێزکردن دەکات، بۆیە رقێك یان

هیچ نەبێت خەمێك دروست دەبێت و وای لێدەکات ڕێز لە بەرامبەری نەگرێت، یان هیچ نەبێت تەنیا دادەنیشێت وخەمی لێ دەخوات، بەمەش پەیوەندی خێزانی سست وکاڵ دەبێتەوەو بەرەو ئاقاری ساردوسڕی دەڕوات، کەواتە هەرچی ڕوودەدات با لە چوارچێوەی دڵت بمێنێتەوە، ئەگەر چووە دەریش با لە نێوانی خۆتان تێنەپەڕێت.

ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا لەلای هاوسەرێکی بوو، یەك لە هەوێکانی لە ڕێگەی خزمەتکارێکەوە خواردنی نارد، ئەویش تێی هەڵداو قاپەکەی شکاند، پێغەمبەری خوا بە نەرمی هەڵستا خواردنەکەی هەڵگرتەوەو قاپێکی چاکی نەشکاوی ناردەوە و فەرمووی: (دایکەکەتان غیرەی برا). (البخاري 5225).

سەرچاوەکان:

1- قورئانی پیرۆز
2- صحيح البخاري، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل البخاريز تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، الطبعة الأولى، 1422هـ
3- الإصابة في تمييز الصحابة، أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني، تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود وعلى محمد معوض، دار الكتب العلمية – بيروت – لبنان، الطبعة الأولى - 1415هـ
4- فتح الباري شرح صحيح البخاري، أبو الفضل أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، دار المعرفة – بيروت - لبنان، 1379هـ
5- https://www.helpguide.org/articles/relationships-communication/relationship-help.htm

*د. جەعفەر نەجمەدین عەلی (جەعفەر گوانی)
مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی مەخموور
Jaafar.Ali@su.edu.krd

کاریگەری میدیای نوێ
لە سەر شیرازەی خێزان

پ.ی. د. أردوان مصطفى مزورى
کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان
زانکۆی سەلاحەددین
ardawan.ismael@su.edu.krd

ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە: **(10) لاپەڕ**
کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردن: **(10) خولەك**
کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە: **(10) خولەك**

وتە

ژیان پڕ نرخە و شایەنی
خۆشەویستیە با بەرزی بنرخێنین

کاریگەری میدیای نوێ لە سەر شیرازەی خێزان

1.پێشەکی:

بەناوی خوای گەورە، سەلات وسەلام لەسەر پێغەمبەری ئیسلام موحەممەدو، هاوەڵ و شوێنکەوتووانی تا دوارۆژ:

بێگومان، ئەو شۆرشە تەکنەلۆژیایە نوێیەی، کە باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە لە سەردەمی ئێستادا، کاریگەریەکی زۆری لە شیرازەی خێزاندا دروستکردووە، لەڕووی ئەرێنی و نێگەتیڤەوە، بە باش و خراپەوە. لە دەرهاوێشتەکانیشی ئەو (میدیا نوێیەیە ***New Media***) کە دەرگاکانی والاکردووە لەنێوان خەڵکدا، بۆ ئالۆگۆرکردنی زانیاری بەدەستهێنانی زانیاری بە ئاسانی و خێرایی و بڵاوکردنەوەی باش و خراپ بەبێ سانسۆر. بۆیە، سنووری جوگرافیای تێپەراندووەو، ڕێگا دوورەکانی نێزیک کردۆتەوە.

خراپ بەکارهێنانی میدیای نوێ، زیانی گەلێکی لێکەوتەوە، کە زۆر زیاترن لە سوودەکانی، چونکە هەر گەلێکی ڕووخێنەر لەخۆدەگرێت و کەرەستەی حەرامی ئابڕووبەری تێدایە و ڕێگایەکی ئاسانە بۆ تاوان و گوناح و گۆشەگیری لە ژیانی خێزانی و پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان و بلاوبوونەوەی هەزری تیرۆرو تۆندرەوی و کوشتنی کات و بەفیڕۆدانی.

لەژێر ڕۆشنایی سەرەوە بە پێویستم زانی لەم توێژینەومیەدا تیشک بخەمە سەر گرنگترین کاریگەریەکانی میدیای نوێ لەسەر خێزان، بەهیوای ئەوەی ببێتە هۆی دەستنیشانکردنی کارتێکردنەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو. خوای گەورە یارمەتیدەرمان بێت.

2.پێناسەی میدیای نوێ و ئامرازەکانی:

توێژەران و پسپۆرانی بواری میدیایی ڕێك نەکەوتوون لەسەر پێناسەیەکی کۆنکریتی بۆ چەمکی میدیا، چونکە تا ئەو ڕادەیەی ئاوەڵناغی دروستبوون و پەرسەندنی خێرایە، ئەوەی ئەمڕۆ نوێ بێت، بەیانی کۆن دەبێت و

چەندەها ئامرازی تری دەخرێنە پاڵ. بۆیە میدیای نوێ پێناسە دەکرێت بەو: پرۆسە گەیاندنەی، کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی کۆمپیوتەر و تۆڕەکان و ئامرازە جۆراوجۆرەکان سەرهەڵدەدات و زانیاریەکان دەدات لەرێگەی تۆری ئەنتەرنێت و مۆبایلەوە[1].

بۆیە میدیای نوێ بریتیە لە تۆرەکانی زانیاری و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و ژوورەکانی گفتوگۆکردن و بلۆگەکان و لەنێوان دوو لایەندا دەبێت: نێردەرو وەرگر. کەواتە میدیایەکی کەسی تاکیە و میدیاکە تایبەت نیە بە چینێکی دیاریکراو وەکو میدیای تەقلیدی، بەڵکو هاوواڵتی بەشدارێکی ئەکتیف و کاریگەرە لە دروستکردنی پەیامی میدیاییدا و لە ناسراوترین تایبەتمەندیەکانیشی ئەو کارلێککردنەیە کە تێکست و دەنگ و ڕەنگ، لەگەڵ سەرچاوەو وەرگر کۆدەکاتەوە[2].

3.ئامرازەکانی میدیای نوێ.

3 1- پێگەکانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان **Social Network Sites**

پێگەکانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆتایی ساڵی **2007** ز دەستیان بە بڵاوبوونەوە کرد، کە ناسراون بە خێرایی لە گواستنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی جیهان بە وێنەی ڕاستەوخۆو واتادار. هەروەها، ڕێگاکانی لەبەردەم خەڵکدا واڵا کرد بۆ ئەوەی بە ئازادی هیواو خواست و ئارەزووەکانیان دەربڕن و بەشدارین لە دۆسیە جیاجیاکانداو، چینی گەنج کاتێکی زۆر لەم تۆرە کۆمەڵایەتیانەدا سەرف دەکات و بە پێی لێکۆڵینەوەکان پڕبەکارهێنەرترینی چینەکانی کۆمەڵگایە. فەیس بووک و، تویتەرو، یوتیوب و، ئینستگرامیش بە دیارترینی پێگەکانی ئەم تۆرانە دادەنرێن.

1- فهد بن عبدالرحمن الشميمري، التربية الإعلامية، 182.

2- تأثير وسائل الإعلام الجديد في الشباب المسلم وسبل معالجته: رؤية إسلامية، أردوان مصطفى إسماعيل، 6-7.

3. 2- کۆمەڵگای ناوەرۆک.

ئەو کۆمەڵگایانەن، کە لەسەر ئەنتەرنێت هەن و ناسراوترینیان وێب سایتی یوتیوبە (YouTube)، کە گرنگی بە گرتەی ڤیدیۆیی دەداو، لەرێگەیەوە دەکرێ هەر گرتەیەکی ڤیدیۆیی دابەزێنی بەبێ هیچ تێچوویەکی دارایی، ملیۆنان کەس لە جیهاندا سەیری بکەن و، کۆمێنتی لەسەر بدەن.

4. کاریگەریەکانی میدیای نوێ لەسەر شیرازەی خێزان.

4. 1- دوورخستنەوەی خێزان لە سیاسەتی خێزانی لە ئیسلامدا.

میدیای نوێ کاریگەریەکی قووڵی لە خێزاندا دروستکردووە، لەرێگەی بلاوکردنەوەی هەموو ئەو بەرنامەو فیلم و زنجیرە درامایانەی کە شڵەژان لەم دامەزراوە زیندەکییەدا دروست دەکەن و هەوڵ دەدەن دووری بخەنەوە لە بەرنامەی ئیسلام. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن پەیوەندی هاوسەری وێنا دەکەن دوور لە چەمکەکانی ئیسلام، وەکو بلێی ململانێیە لەنێوان ژن و مێرداو، بەهای رێزگرتنی دووڵایەنە دەروخێنن و ژن و مێرد دەکەنە دوژمنی یەکتر. لەم سۆنگەیەوە، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان کرد بەمەبەستی رێگریکردن لە پەخشکردنی دراماو فیلمەکانی بێگانەیی دۆبلاژکراو بۆ سەر زمانی کوردی، لەبەر کاریگەریە خراپەکانی لەسەر شیرازەی خێزانی کوردی و فاکتەرێکی سەرەکی بۆ لێدان لە بەها ئیسلامیەکان و، کلتوورو داب ونەریتی کوردەواری و سەرەنجامیش زۆربوونی رێژەی تەلاق و تێکچوونی دامەزراوەی خێزانی کوردی. ئەم رێکارەش بۆ پاراستنی خێزانە[1].

1- نووسراوی فەرمی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە: 123، لە 15-9-2019.

4. 2- کەمبوونەوەی لێک تێگەیشتن لەنێوان ئەندامەکانی خێزاندا.

خۆگرتن بە میدیای نوێ و بەکارهێنانی بەشێومیەکی هەرمەکی و بێ پلان و ئامانج و، ڕاکردن بەدوای هەموو ئەو شتانەی پەخش دەکرێن و بلاودەکرێنەوە لە تەلەفزیۆنەکان و پێگەکانی ئەنتەرنێت و، بەکارهێنانی مۆبایل بەشێومیەکی خراپ، هەموو ئەمانە فاکتەرێکی ئەکتیڤن بۆ کەمکردنەوەی ڕووبەری لێک تێگەیشتن لەنێوان ئەندامانی خێزاندا. ئەڵبەتە، کاتێک پڕەنسیپەکانی لێک تێگەیشتن لەنێوان تاکەکانی خێزاندا نامێنێت یان کەم دەبێتەوە، ئەوکات خێزان بەرەو ڕووخان و تێکچوون دەڕوات.

4. 3- بێدەنگی خێزانی و لاوازکردنی پەیوەندییە خێزانییەکان.

میدیای نوێ، بەئامرازە سیحراوییەکانی و کارتێکردنە بێ سنوورەکانی، بەپێی هەمەجۆری بەرنامەکانی، بێدەنگیەکی بکوژی لەنێوان خێزاندا دروستکردووە. عەبدولکەریم بەککار دەڵێ: ((پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای خێرا بەهەماهەنگی دەگەڵ دەوڵەمەندبوونی فراوان، پەیوەندیەکانی خێزانیان لاوازکردووەو، فرسەتی بەیەک گەیشتن و گفتوگۆی نێوان ئەندامانی خێزان کەمکردووتەوە))[1]. ئەمڕۆ ئەگەر سەیر بکەین زۆربەی خێزانەکان، یان خەریکی مۆبایل و تۆرە کۆمەڵایەتیەکانن، یان سەیری تەلەفزیۆن دەکەن، بەبێ هەبوونی هیچ گفتوگۆیەک لەنێواندا، بێدەنگی باڵی بەسەر هەموویاندا گرتووەو، پەیوەندییە خێزانییەکان لەوپەڕی ئاست نزمیدان. ئەمەش ئەو خۆشەویستی و میهرەبانییەی کە لە قورئاندا ئاماژەی بۆکراوە ناهێڵێت. ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الروم: ٢١

1- التواصل الأسري، 30.

4. 4- دروستکردنی نەخۆشیە دەروونیەکان.

دکتۆر تورمان سارنوریس دەڵێ:((شۆرشی تەکنەلۆژیای نوێ چەندەها نەخۆشی دەروونی دروستکردووە کە لە پێشدا نەبوون، وەکو: ئالوودەبوون بە کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت، ئەم نەخۆشیانەش مەترسیەکەیان کەمتر نیە لە ئالوودەبوون بە مادده بێهۆشکەرەکان لەرووی کاریگەریە نێگەتیڤەکانی لەسەر رەفتاری گشتی. ئەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایەو، شۆرشی گەیاندنە کە نەۆ جیهان بەخۆییەوە دەبینێت دەبنە مالوێرانی بۆ مرۆڤایەتی ئەگەر خراپ بەکارهێنران، چونکە رۆلیان هەیە لە بلاوبوونەوەی تاوان و، شڵەژانی رەفتاری مرۆڤی.. نەخۆشیە دەروونی و دەماری و ئەندامیەکان لە سالانی داهاتوودا زۆردەبن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت و مۆبایل وڤیدیۆ کە سەردەکێشێت بۆ گۆشەگیری مرۆڤ و کۆتاییهێنان بە پەیوەندیەکانی خێزان. ئەم دەزگایانە وا لە مرۆڤ دەکەن کە تەنها تەماشای زاتی خۆی بکات، بەبێ گرنگیدان بە کەسانی تر))[1].

هەروەها، زانای دەروونی ئەمریکی (کیمبرلي یونگ) یەکەم زانابوو کە چەمکی ئالوودەبون بە ئەنتەرنێتی (***Internet Addiction***) بەکارهێناو نیشانەکانی تووشبوون بەم نەخۆشیە دڵەراوکێ و بێزاریە بەشێومیەك ئەگەر ئەنتەرنێت نەبوو، بەکارهێنەرەکە ناحەسێتەوە تا جارێکی تر بەکاریدەهێنێت. هەروەها، فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی خێزانی و، بوونی نامۆیی لەنێوان تاکەکانی خێزان و، لاوازبوونی ئاستی خوێندن و، کوشتنی رووحی داهێنان لە گەنجدا[2].

1- أثر التكنولوجيا الحديثة في عرقلة تأسيس الأسرة السّليمة وسُبلُ معالجتها: رؤيةٌ إسلاميّةٌ، عارف علي عارف، أردوان مصطفى إسماعيل، 281-282.

2- فايروس إدمان الإنترنت هوس يعكر صفو الحياة، صفاء الصالحي، بەرواری سەردانکردن 3-3-2020، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=626050&r=0

4 5- لێك ترازانی خێزان.

خراپ بەکارهێنانی میدیای نوێ فاکتەرێکی کاریگەری لێك ترازانی خێزان بووە، بۆتە هۆکاری پچڕانی بەیەکگەیشتنی خێزان و، خێزانی گواستووتەوە لە رۆلە پەروەردەییەکەی بۆ رۆلێکی پەراوێزی.

لەلایەکی ترەوە، شۆرشی تەکنەلۆژیای نوێ هەژانێکی گەورەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دروست کردو، زۆر چەمك و بیرکردنەوەو رەفتاری کەسی و خێزانی گۆڕی. خۆ ئامادەنەکردنیش بۆ ئەم گۆڕانکارییانە و، بەئاسانی بلاوبوونەوەیان و، فۆرمکردنەوەی رۆشنبیریەکەمان بەرێگایەکی هەرەمەکی و بێ ئامادەکاری لەلایەن رۆشنبیران و بانگخوازان و دامەزراوەکانمانەوە، هەموو ئەمە، هەژانی لە کۆمەڵگادا دروستکرد[1].

لەگەڵ بلاوبوونەوەی ژوورەکانی گفتوگۆکردن (Chat)، تاکەکانی خێزان کاتێکی بێ ئەژماری تێدا بەفیڕۆ دەدەن و، ناسینی ڕەگەزی بەرامبەر ئاسانتربوومو، وێنەکان ئالۆگۆردەکرێن، سەرەنجام لێك ترازانی خێزانی لێدەکەوێتەوە، لە ئاکامی فەرامۆشکردنی هاوسەرەکان بۆ یەکتری و، پێکهێنانی پەیوەندی نا شەرعی لەگەڵ کەسێکی تری دەرەوەی بازنەی هاوسەری و، بوونی ناپاکی هاوسەری و، لە ئەنجامدا، جیابوونەوە ڕوودەدات و، منداڵەکان پەرت و بڵاودەبن.

لەلایەکی دیکەوە، مۆبایل پەرەسەندنێکی تەکنەلۆژی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناو، زۆربەیان هەموو ئەو تایبەتمەندیانەیان تێدایە کە بە ئەنتەرنێتەوە ببەسترێن و، وێنەبگرن و... ئەگەر چی ئەم مۆبایلە داهێنراوە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی، بەڵام خراپ بەکارهێنانی بۆتە سزا بۆ خێزان و تاکەکانی کۆمەڵگاو، لە رێگەیەوە، چەندەها خێزان وێران کراون و، منداڵ و هەرزەکار بۆنەتە تاوانکار.

---

1 النوعية الأسرية ودورها في مواجهة التحديات الأسرية المعاصرة، ب2/770.

هەروەها، شەونخوێنی هاوسەرەکان لەسەر ئەنتەرنێت و، فەیس بووك و تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی تر، هۆکارێکی تری لێك ترازانی خێزانە. ئەم خەڵوەتە ئەڵکترۆنیەی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، ئاسانکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی تاوان و بلاویۆنەوەی بەدڕەوشتی. لێرەوە، لێکۆلینەوەکان ئاشکرایان کردووە، کە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە گرنگترین هۆکارەکانی جیابوونەوەی ژن و مێردن و، زۆربوونی خیانەتی هاوسەری[1].

1- خالد الحطاب، شبكات التواصل من أهم أسباب الطلاق بالكويت، بەرواری سەردانکردن 3-3-2020، https://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2015/12/19

5.کۆتایی.

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەم ئەنجام و راسپاردانەی خوارەوە تۆمار دەکەین:

5. 1- دەرەنجام.

- میدیای نوێ، کاریگەریەکی زۆری لە شیرازەی خێزاندا دروستکردووە، زۆربەشیان کاریگەری نێگەتیڤن.

- لە کاریگەریەکانی میدیای نوێ دوورخستنەوەی خێزان بووە لە سیاسەتی خێزانی لە ئیسلامدا.

- کاریگەریەکی تری میدیای نوێ بریتیە لە دروستکردنی بێدەنگی خێزانی و، پچڕاندنی پەیوەندییە خێزانییەکان.

- لە دەرەنجامەکانی میدیای نوێ، دروستکردنی نەخۆشیە دەروونیەکانە لە نێو تاکەکانی خێزانداو، کەمکردنەوەی ڕووڵی خێزانە لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی تاکێکی سوودبەخش و داهێنەر بۆ کۆمەڵگا.

- لێك ترازانی خێزان، ئەنجامێکی ئاسایی خراپ بەکارهێنانی میدیای نوێیە.

5. 2- راسپاردەکان.

- دایك و باوکەکان، گرنگیەکی تەواو بە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بدەن پەروەردەیەکی ئیسلامی و، باش و خراپی میدیای نوێیان بۆ ڕوون بکەنەوەو، چۆن بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

- حکومەتەکان، لە جیهانی ئیسلامیدا، بایەخی زیاتر بە دامەزراوەی خێزان بدەن و، لەڕێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە کاری زیاتر بکەن، بۆ پاراستنی خێزان لە زیانەکانی میدیای نوێ.

- وەزارەتی پەروەردەو، خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بابەتی (هۆشیای خێزانی) لە پڕۆگرامەکانی خوێندن و فێرکردندا زیاد بکەن و، ڕێنوێنی قوتابیان بکرێت لە چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ میدیای نوێ.

- **وەزارەتی داد، خوولی پێگەیاندنی هاوسەرگیری بۆ ئەو کچ و کۆرانە بکاتەوە، کە دەیانەوێت بچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریەوەو، یەکێک لە تەوەرەکانی چۆنیەتی رەفتارکردن بێت لەگەڵ میدیای نوێدا.**
- **وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان رێگری و چاودێری ئەو دراماو بەرنامانە بکات، کە دەبنە هۆی شێواندنی ژیانی هاوسەری. هەروەها، دەزگاکانی راگەیاندن پێویستە رۆلێکی بەرچاو بگێڕن لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا لە زیانەکانی خراپ بەکارهێنانی میدیای نوێ.**
- **جێبەجێکردنی یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندن لە هەرێمی کوردستان، ژمارە 6 ی ساڵی 2008، کە لە پەرمانی کوردستانەوە دەرچووە.**

6.سەرچاوەکان.

جمال أحمد بادي، **التوعية الأسرية ودورها في مواجهة التحديات الأسرية المعاصرة**، المؤتمر الثاني عشر لكلية الشريعة والدراسات الإسلامية "الطلاق: الأسباب والآثار والعلاج" الإمارات:جامعة الشارقة، 1426هـ/2005م.

عبدالكريم بكار، **التواصل الأسري**، مصر:دار السلام، ط2، 1430هـ/2009م.

عارف علي عارف، أردوان مصطفى إسماعيل، **أثَرُ التِّكنولوجيا الحديثة في عرقلة تأسيس الأسرة السَّليمة وسُبلُ معالجتها: رؤيةٌ إسلاميَّةٌ**، مجلة جامعة المدينة العالمية المحكَّمة (مجمع)، العدد الثامن، ماليزيا، 2014م.

أردوان مصطفى إسماعيل، **تأثير وسائل الإعلام الجديد في الشباب المسلم وسبل معالجته: رؤية إسلامية**. رابطة العالم الإسلامي، مؤتمر مكة المكرمة، 2015م.

فهد بن عبدالرحمن الشميمري، **التربية الإعلامية**، الرياض: ط1، 1431هـ/2010م.

صفاء الصالحي، **فايروس إدمان الإنترنت هوس يعكر صفو الحياة**، شوهد في 3-3-2020،
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=626050&r=0

خالد الخطاب، **شبكات التواصل من أهم أسباب الطلاق بالكويت**، بەروارى سەردانكردن 3-3-2020،
https://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2015/12/19



ڕەهەندە ئابووریيەکانی تووندوتیژی ئابووری دژ بە خانمان

هۆشمەند رفیق ابراهیم
کۆلێژی زانستە ئەندازیاریيە کشتوکاڵییەکان
ماستەر لە بەڕێوەبردنی میدیای ئابووری
hoshmand.ibrahim@su.edu.krd

ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە: **(10) لاپەڕ**
کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردن: **(10) خولەك**
کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە: **(8) خولەك**

وتە

مروڤ

هەرچەند کەم دەرامەت بێت

بەڵام بە خێزاندارى دەوڵەمەندە

ڕەهەندە ئابووریيەکانی تووندوتیژی ئابووری دژ بە خانمان

پێشەکی

بێگومان سەربەخۆنەبونی ئافرەت لە بواری ئابووریدا، خۆی سەرەکیترین و بەهێزترین و کاریگەرترین هەنگاوی تووندوتیژی نواندنە دژ بە ئافرەت، واتە سەربەخۆیی ئابووری بۆ ئافرەت خاڵی وەرچەرخانە لە دووڕکەوتنەوە لە تووندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان، ئا لەو کلاوڕۆژنەیەوە دەکرێت لەم باسەدا گەنگەشەی تووندوتیژی ئابووری دژ بە خانمان بکەین، پێناسەی تووندوتیژی و جۆرەکان و تووندوتیژی ئابووری چییە؟ لەلایەکی دیکەوە ڕەهەندو شوێنەوارو ڕێگا چارەکانی نەهێشتنی تووندتیژی ئابووری چین لەگەڵ ئاماری تووندوتیژی دەخەینەڕوو.

بەهۆی ئەوەی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە پێی ئاماژە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەی نیوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ زۆر لەیەکەوە نزیکە، بەڵام هەر بەپێی ئاماژەکان وەزارتی پلاندانان لە ڕووی بێکارییەکەوە ڕێژەکە ناوهاوسەنگەو ڕێژەی بێکاری لە نێو ئافرەتاندا سێ هێندەی پیاوانە، کەوایە دەرفەتی کار بۆ ڕەگەزی نێر زیاترە و ئازادی کارکردن لە نێو پیاوان زیاترە لە هەردوو کەرتی تایبەت وگشتی، ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە مادامەکی ئافرەتان سەرچاوەی داهاتیان پاشکۆی پیاوانە، ئەوە دەشێ بێبەشبکرێن لە خەرجییەکانی ژۆژانە ودابینکردنی پێداویستیەکانیان بە پێی ئارەزوەکانیان دواجار تووندوتیژی ئابووری لێدەکەوێتەوە، بەهۆی ئەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤ

زۆرن و بێسنوورو تازە دەبنەوە، بەرامبەر تەرخانکردنی بڕێک لە داهاتی پیاو سنووردارن بۆ ئافرەت.

توندوتیژی Violence

هەموو هەڵسوکەوتێک بە توندوتیژی دا دەنرێت کە مانای توندوتیژی وچاوسوورکردنەوە وسەرزەنشتکردن و بریندارکردن و ئازاردان لە خۆ بگرێت.

جارنامەی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ساڵی ١٩٩٣دا لەلایەن نەتەو یەکگرتوەکانەوە دەرچووە، توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەمشێوە پێناسە دەکات: هەر کردارێکی توندوتیژی کە لەسەر بنەمای رەگەز ئەنجام بدرێت و ئازاری جەستەیی و دەروونی و سێکسی لێبکەوێتەوە، یان لەوانە بێت پێی بگەیەنێت وەک هەڕەشەلێکردن و ناچارکردنی بە ئەنجامدانی هەندێ کار، یا زەوتکردنی ئازادییەکانی لە بواری گشتی، یان تایبەتیدا.

جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان

1. جەستەیی
2. زارەکی
3. دەروونی
4. دەستدرێژی
5. ئابووری

هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی

ستراتیژیی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا لە ساڵی 2012-2016 کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانەوە داڕێژراوە، لە (17) ئامانج پێکدێت لە ئامانجی ژمارە (5) باس لەدەستەبەرکردنی یەکسانی دەکات لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەو توانادارکردنی ژنان و کچان لە ڕێگای (9) میکانیزم، لە میکانیزمی ژمارە (7) باسی مافی ژن دەکات لە بەدەستهێنانی دەرامەتی ئابووری و مافی لە بەدەستهێنانی مافی موڵکداری زەوی و موڵك و دارایی دیکە، و خزمەتگوزاری بانکی و، میرات و دەرامەتی سروشتی، بە پێی یاسا نیشتمانییەکان .

توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان

بریتییە لە کەمکردنەوەی توانای ئابووری ژنان و کچان و دوورخستنەوەیان لە بڕیارە ئابووریەکانی خێزان، لە ڕێگای ناچارکردنیان بەکارکردن و دوورخستنەوەیان لەکارکردن وبەدەستگرتن بەسەر هەموو یان بەشێکی مووچەو کرێ ودەسهات ودەرامەتی ئابووری ژنان وکچان وبێبەشکردنیان لە مارمیی ومیرات وموڵکداری وناچارکردنی بە قەرزکردن وبەکارهێنانی کارتی دارایی وبەکارهێنانی ناویان لە مۆڵەتی کاری بازرگانی ودارایی لە بەرژەوەندی کەسانی دیکە بەبێ بەرانبەر.

لەم جۆرە توندوتیژی دا ئەو ژنانەی کە لە دەرەوە کار دەکەن هەرچەندە شان بە شانی پیاوان کاردەکەن بەڵام:

١. حەق دەستەکانیان کەمە.

٢. زۆرجار لە لایەن بەڕێوەبەر یان هاوکاران ج لە لایەنی جەستەیی یان دەروونی توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت و دەچەوسێندرێنەوە.

٣. لە ماڵەوە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە یان کەسوکاریان بە تووندترین شێوە دەچەوسێندرێنەوە.

جۆرەکانی توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان

١ بێبەشکردنی ژن لە کارکردن و لە بەدەستهێنانی دەستهات.

٢. ناچارکرنی بە کارێك کە خۆی ئارەزوی ناکات.

٣. ڕێگرتن لە بەردەوام بوون لە کارکردن.

٤ پێنەدانی کرێ و مووچەی تەواو.

٥ دابینەکردنی خەرجی ژیانی پێویست و پڕنەکردنەوەی پێداویستیەکانی ژن.

٦ دەستگرتن بەسەر مووچە و کرێیەکەی یان نەدانی ئازادی تەواو لەسەر خەرجکردنی دەسهاتەکەی.

٧ دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵی ژن.

٨. ناچارکردن بە (التنازل) لە میرات.

٩ دەستبەسەراگرتنی مارەیی ژن بە بێڕەزامەندی خۆی.

١٠ بەڕێوەبەرێك لە دەزگایەك گوشار دەخاتەسەر فەرمانبەری ئافرەت و گێچەڵی پێدەکات ئەویش بە ناچاری کار دەکات.

١١. بێبەشکردنی کچ لە مێردکردن بە هۆی دانانی مەرجی مارەیی زۆر، یان بە هۆی سوودمەندبوونی خێزان لە مووچەی کچ یا کارپێکردنی لە ماڵەوە لە بەرژەوەندی خۆیان.

١٢. بە شوودانی کچ بە زۆرەملێ لە تەمەنێکی بچووک بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر مارمییەکەی.

١٣. دەستگرتن بەسەر کارتی دارایی ومامەڵەپێکردنی بە بێڕەزامەندی ژن.

١٤. دەستگرتن بەسەر (موڵک)ی هەتیوو(دایک وباوک مردوو) لە لایەن کەسە نزیکەکانیان بە بیانووی تەمەن بچووکیان.

١٥. خراپ بەکارهێنانی بریکارنامە (الوکالات) تایبەت بە موڵک وماڵ وچۆنیەتی کار پێکردنیان.

١٦.بەکارهێنانی ناوی ژن بۆ دەر هێنانی مۆڵەتی کاری بازرگانی پێنەداتی پشکی ژن لەم کارە.

١٧.ناچارکردنی ژن بۆ قەرزکردن لە بانک و دامەزراوە داراییەکان.

١٨. ناچارکردنی بە هەڵسان بە کرین بە شێوەی قیست لە بەرژەوەندی یەکێک لە ئەندامانی خێزان.

١٩. ژنان سەرباری ئەوەی لە ماڵ بە درێژایی کاتەکانیان کار دەکەن کەچی لە بەرامبەر هیچ وەرناگرن و لە دەرەوەی کار دەکەن جا پیشەی فەرمانبەری یا مامۆستا یا لە کۆمپانیایەک بن، هەندێ جار لە گوندەکان جگە لە کاری ماڵ کاری دەرەوەش دەکەن لە بواری مەڕو ماڵات و ئاژەڵداری و تەنانەت کشتوکاڵکردن.....هتد.

تێچوونی ئابووری توندوتیژی دژبە ئافرەتان

١.تێچوونی ڕاستەوخۆ

٢.تێچوونی نا ڕاستەوخۆ

٣.تێچوونی ئازارە دەروونییەکان.

رێگا چارەکانی توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان

هەرچەندە گرێبەستی هاوسەرگیری وەک گرێبەستە کلاسیکییەکە نەماوەو گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەجۆرێک لە بری دەسەڵاتداریەتی وزاڵبوونی پیاو بەسەر ئافرەت، ئێستا لەسەر بنەمای رێککەوتن و هاوسەنگی ودابەشکردنی کارەکان بە شێوەی هاوبەشی ژیان لە هەموو رووبەکەوە، چونکە سەرباری ئەوەی هێشتا توندوتیژییە ئابوورییەکان بەردەوامن، بەڵام بەهۆی سەربەخۆبوونی ئافرەت لە بەدەستهێنانی سەرچاوەی داهات، دۆخەکە گۆڕانکای بەسەرهاتووە. بەڵام دەکرێت رێگاچارەکان لە چەند خاڵێک کۆبکەینەوە:.

١.زیادکردنی مادەیەک لە یاسای باری کەسی لە پێناو پاراستنی مافی ئابووری ژن.

٢. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری توندوتیژی ئابووری دژ بە ژن لە میدیاکان.

٣. رەخساندنی ژینگەیەکی شیاوی یەکسان بۆ کارکردنی ئافرەتان وەک (نووسینگەی شوفێری، شوێنی فرۆشتنی جل و بەرگ و پێداویستەکانی ژنان، وێنەگری، پەرواگەکان، کافتریای زانکۆکان... هتد).

٤. زانایانی ئاینی لە گوتارەکانیان تیشک بخەنە سەر توندو تیژی ئابووری دژ بە ژنان و پێدانی مافی ئابووری .

٥.زیادکردنی هزری ناتوندوتیژی ئابووری ئافرەتان لە پڕۆگرامی خوێندن.

٦. دامەزراندنی دامەزراوەی تایبەت بە ڕاهێنان وفێرکردنی مامەڵەی ئابووریانەی شیاو بۆ خێزانە تازەکان لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی دژ بە ئافرەتان وەک مەرجێک بۆ مارە برین تیایدا مامۆستایان و کەسانی بە ئەزموون ڕاهێنان بە دەستگیراندارەکان یا تازە هاوسەرەکان بکەن و فێری چۆنیەتی بە دەستهێنانی داهات و خەرجکردن و بەڕێوەبردنی ماڵ بکرێن، بە مەرجێک هاوسەنگی هەردوولا هەبێت وهزری ناتوندوتیژی ئابووری لە مێشکیان چەکەرە بکات.

هەرچەندە خەرجکردنی مووچە و دەرماڵەی تەواو بۆ ئەو ژنانەی مۆڵەتی منداڵبوون و دایکایەتی وەردەگرن بە درێژایی مۆڵەتەکەیان لە کەرتی حکومەت لە ساڵێك زیاتر نییە، بەڵام ئەمە هەنگاوێکی باشەو پێویستە لەسەر ئاستی تاك و گشتی هزری ناتونوتیژی ئابووری بەرامبەر ئافرەتان ببێتە کلتوور نەك دیاردە.

سەرچاوەکان

١.ريحانى الزهرة، العنف الأسري چد المرأة وعلاقته بالاضطرابات السيكوسوماتية(دراسه مقارنة بين النساء المعنفات وغير المعنفات – رسالة الماجستير فى علم النفس،الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، جامعة .محمد خيضر-بسكرة- 2010

.العنف ضد المرأة فى العراق الاشكاليات والخيارات 2

.3.بەڕێوەبەرایەتی توندوتدوتیژی دژ بە ئافرەتان 2019

4.ئەنجوومەنی بالای کاروباری خانمان، ستراتیژیی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا (٢٠١٢-٢٠١٦.،چاپخانەی شەهاب- هەولێر،٢٠١٢

. www..kurdistanukurd.com 5

.www.nuche.net 6

. www.kdp.info 7

جۆرمکانی کەسایەتی وکاریگەرییان لەسەر ڕێکخستنەوی خێزان

ئومێد عبدالقادربحرکی
ماموّستا لە زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان/ هەولێر
omed.rasool@su.edu.krd

ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە: **(16) لاپەڕ**
کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردن: **(15) خولەك**
کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە: **(10) خولەك**

وته

جۆرەکانی کەسایەتی وکاریگەرییان
لەسەر ڕێگەخستنەوەی خێزان

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على محمد وعلى اله واصحابه اجمعين

خوای گەورە زەوی دروست کردوە بۆ خزمەت کردنی مرۆڤایەتی و ئاومدان کردنەوەی بە بەهاکانی مرۆڤایەتی بۆ بەدەست هێنانی ژیانێکی پڕ لە خۆش گوزەرانی و هەست و سۆزداری و دوور لە ناخۆشی و نەهامەتیەکانی ژیان و مرۆڤەکانی دابەش دوو جەمسەری زۆر جیاوازی کردوون نێر و مێ، جا مامەڵە کردن لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەش هونەری تایبەتی خۆی هەیە هەندێکیان زۆر ڕووں و ئاشکران هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە دەرکی پێ دەکات و لە هەمان کاتیش دا هەندێك نهێنی هەن و زۆر تایبەتن، کە خەڵکانێکی زۆر لێی بێ ئاگان و هیچ لە دەرباریەوە نازانن، یاخود شاراوەیە.

دەستپێکی ئەم پرۆژەیەش کە بە ناوی (پاراستنی شکۆی خێزان) ناونراوە بووە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم ڕاپۆرتە، کە باس لە نهێنیە شاراوەکان دەکات بۆ ئەوەی هەموو تاکێك لە نێر و مێ زیاتر ئاشنا و خولیای یەکترین بە

جۆرێك ژیان بەسەر بەرن، كە پڕ بێت لە سۆز و میهرەبانی و دوور بێت لە هەموو كارێكی نەشیاو و نەخوازراوی نەهامەتییەكانی ژیان.

ناوی بابەتەكەش بریتیە لە (جۆرەكانی كەسایەتی وگاریگەرییان لەسەر ڕێكخستنەوی خێزان).

مرۆڤ هەر كاتێك بیەوێت كارێك ئەنجام بدات بێگومان بەربەستی زۆر وجۆرا و جۆر ڕووی تی دەكات، ئەوەی لە ئێستادا بە دی دەكرێت لە تێكچوونی شیرازەی خێزان و كۆمەڵگا، جێگای نیگەرانیە بە تایبەتی لە ڕووی زیاد بوونی ڕێژەی تەلاق وجیابوونەوە لە ناو خێزاندا، زیاد بوونی ڕێژەی جیابوونەوە و كوشتن تەلاق هۆكاریان زۆرە، بەڵام ئەوەی توێژەر لێرەدا مەبەستیەتی ئاماژەی پێ بكات ئەوە كە خاڵێكی لە بیر كراو هەیە لە ناو كۆمەڵگای كوردی كە تاكو ئێستا هاوسەرەكان كەسایەتی یەكتری بە باشی نازانن نەیێنی یەكتریان نەدۆزیوەتەوە.

ئەویشیان ئەوەیە، كە تا ئێستا جۆرەكانی كەسایەتی بە تەواوی نازانن، و إن شاء الله لەم چەند لاپەڕەیەدا هەوڵ دەدەم باسی جۆرەكانی كەساییەتی بكەم، تاكو بتوانینن بە پێی جۆری ئەم كەسایەتیانە مامەڵە لەگەڵ یەكتردا بكەین.

بەشی یەکەم: پێناسەی کەسایەتی:

رایمۆند کاتلە دەڵێ: "کەسایەتی ئەو سیستەمەیە، کە ڕێگە دەدات پێشبینیی ئەو چالاکییانە بکرێت، کە مرۆڤ لە بارودۆخی تایبەتی و دیاریکراودا بە ئاکامی دەگەیەنێت، بەم شێوەیە کەسایەتی، هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی دیار و نادیاری تاک دەگرێتەوە".

بێ گومان هەر تاکێك لە ناو کۆمەڵگا کەسایەتی و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە بە بەردەوامی کاری پێ دەکات و ڕەنگی داوەتەوە لەگشت بوارەکانی ژیانیدا وەکو جل و بەرگ و شێوازی نان خواردن و بە تایبەتی لە تێگەیشتن و دەرکردنی هەست و سۆزەکانی.

دووەم: ئامانج لە ناسینی کەسایەتی:

1ـ گەشەکردن و کارامەیی تاکەکان لە مامەڵە کردن لەگەڵ یەکدا.

2ـ پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان کۆمەڵگا و تاکەکان .

3ـ ئاشنا بوون بە جۆرەکانی کەسایەتی.

4ـ دەستنیشان کردنی خاڵە جیاوازەکان لە گشت جۆرەکانی کەسایەتی .

5ـدیاریکردنی خاڵە بە هێز و لاوازەکان.

سێیەم: گرنگی ئاشنا بوون بە جۆرەکانی کەسایەتی.

1ـ مرۆڤ دەتوانی گشت ئامانجەکانی بەدەست بێنێت، و کاریان لەسەر بکات و لەڕێگەی جۆرەکانی کەسایەتی دەتوانێت مامەلە لەگەڵ گشت تاکەکان بکات بێ دروست بوونی کێشە.

2ـ ناسینی جۆرەکانی کەسایەتی داهاتوو بۆ مرۆڤەکان ڕوون دەکاتەوە .

3ـ تێگەیشتنی خودی خۆت و کارکردن لە سەری وپەرە پێدانی .

4ـ بەرەو پێش بردنی کاری ڕۆژانە و بەتایبەتی کاروباری کارگێڕی وەزیفی.

5ـ چارەسەر کردنی کێشەکان.

7ـدیاریکردنی خاڵی لاواز وهێز لە کەسایەتی خۆت و چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکان .

8ـ پەسەند کردنی جیاوازییەکان لەنێوان کەسایەتیەکان.

9ـ باش کردنی پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆت وکەسانی تر .

10ـ ناسینی باشترین ڕێگاکانی کاریگەر بوون لەسەر خودی خۆت وکۆمەڵگا .

11ـهونەری مامەڵە کردن لە گەڵ گشت کەسایەتیەکاندا لە ڕێگای ئاشنا بوون بە جۆرەکانی کەسایەتیەکان.

ئەم خاڵە زۆر گرنگە بۆ لێك تێگەیشتن بە تایبەتی لە نێوان کۆمەڵگا وتاکەکان، ئەگەر هاتوو هەر تاکێك لە ئێمە هێمای ئەوەی بەرامبەری خۆی بزانێت، دەتوانێت بە جۆرێك مامەڵەی لەگەڵدا بکات بێ ئەوەی هیچ کێشەیەك دروست ببێت. .

بۆ نمونه

ئەگەر هاتوو کاتێك باوك و کور، یاخود خوشك وبرا، یان ژن و مێرد کاتێك لێك تێ ناگەن وڕای جیاوازیان هەیە دەتوانین لە ڕێگای دۆزینەوەی جۆری کەسایەتیەکانیان بە باشترین شێوە مامەڵەیان لە گەڵدا بکەین

نمونەی تر: باوك و کوڕ کێشەیان لە نێوان دروست دەبێت کەسایەتی باوك لە جۆری (متفرده) واتە خۆسەپێنەرە، و ئەم جۆرە کەسایەتیە دەبێ بە شێومیەك مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، کە ئەو ئارەزووی پێ بکات، کاتێك تۆ شتێك بۆ باوکت باس دەکەی زۆر درێژە بە قسەکانت مەدە چونکە ئەو ئارەزووی لە باس وخواسي درێژ ناکات بەڵام ئەنجامی خالەکان لای گرنگە وبە زووترین کات پێی بڵێ، کاتێك تۆ مامەڵەیەك دەکەی لە بازار. باوك حەزدەکات بە زوترین کات ئەنجامەکە بزانێت بێ ئەوەی باس و خواسی درێژی بۆ بکەی لە سەر مامەڵەکەی خۆت، بەڵکو بەزووترین کات وکەمترین ووشە ئەنجامەکەی پێی بڵێ بە باش یان خراپ.

یاخود باوك جۆری کەسایەتیەکەی (تحلیل)یە واتە شیکەرەومیە ئەمەیان دەبێ زۆر بە وردی باس وخواسی مامەڵەکەی خۆتی بۆ بکەی وەك لە دەست پێکی مامەڵەکەت تا دەگاتە کۆتایی ئەنجامەکەت، واتە ئەم جورە کەسایەتیە پێی خۆشە هەموو شتێك لە بارەی تۆ بزانێت چونکە لای خۆی شی دەکاتەوە و تۆش دواتر ئەنجامەکەی پێ بڵی واتە تەنها بە ئەنجامی ئیشەکەت ڕازی نابێت بەڵکو دەبێ بە ووردی باسی هەمووشتێکی بۆ بکەی .

(جورەکانی کەسایەتی)

لەم بەشەدا باسی گشت کەسایەتیەکان دەکەین بە ووردی بۆ ئەوەی خوێنەری خۆشەویست پێی ئاشنا ببێت.

یەکەم: (الشخصية العملية) کەسایەتی پراکتیکی یان (متفرد)

واتە تاکی یان (مسیطر) واتە حەزد دەکات خۆی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ لەسەر بەرامبەر.

ئەم جۆرەکەسایەتیە بە (شێر) ناسراوە

چۆن بتوانین ئەم جۆرە کەسایەتیە بناسینەوە یاخود تایبەت مەندیەکانی چین؟

1_ زۆر گرنگی بە ئەنجامی کارەکان دەدات .

2_زۆر پراکتیکیە واتە عەمەلیە .

3. خێرایە لە بریاردان .

متمانەی بەخۆی هەیە، کەم دووە، کەم قسەدەکات، ڕۆخۆش نیە، کەمێك ساردە لە مامەڵەکردندا، بەڵام بە دەست خۆی نیە .

نەرێنی کەسایەتی تاکی (متفرد):

ئەم جۆرە کەسایەتیە زۆر باش نیە بۆ دانوستاندن واتە کەڵکی ئەوەی نیە کار لەسەر ئاشت بوونەوە لەنێوان هۆزەکان بکات، لەوانەیە کاری ئاشتبوونەوەکە تێك بدات .

پەیوەندی لەگەڵ بەرامبەردا بە زۆترین کات دەپچڕێنی. بە ئاسانی داوای لێبوردن ناکات، زوو دان بەشتەکان نادات، زۆر لەسەر هەڵەکانی خۆی بەردەوام دەبێت بریارەکانی زۆر خێران حەز ناکات کەس لەبەرامبەری بوەستێت، هیچ کات گرنگی بە یاسا و ریسا نادات بەڵکو تاك لایانەیە.

دووەم : جۆری کەسایەتی (الشخصیه التحلیلیه) کەسایەتی شیکەرەوە (تحلیلی)

هێمای (البومة) یە واتە

کوندەبەبۆ.

تایبەت مەندیەکانی کەسایەتی شیکەرەوە :

ئەم جۆرە کەسایەتیە لە شیکردن زۆر لێهاتوە وگرنگی بە شیکردنەوە دەدات، زۆر حەز بە باس و خواسی وورد دەکات، و تارەکانی درێژن گومان لە نزیکەکانی خۆی دەکات، خەیال لای ئەو لاوازە، سەربەخۆیە، پارێزراوە، هەموو ئەگەرێك دەخوێنیتەوە، لەگەڵ بەرامبەر و دەوروبەری پەیوەندیەکانی زۆر بەهێزە، هەستیارە، بەئاسانی شتەکان ناسەلمێنیت، زۆر حەز لە پرسیارکردن دەکات، بۆ ماومیەکی درێژبە قسە ناکات، زۆر حەز لە گوێگرتن دەکات، باشە بۆ دانوستاندن و شیکردنەوەی بابەتەکان .

(نەرێنی) کەسەیاتەی شیکەرەوە

ئەم جۆرە کەسایەتییە پێویستی بە کاتی زۆرە بۆ بڕیار دان، لایەنی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگ نیە، حەز ناکات هیچ تاکێك دەست لە کاروباری ئەو بدات، داخراوە کراوە نیە .

سێیەم : کەسایەتی سۆزی
(الشخصية الودية)
هێماکەی (پاندا)یە

تایبەتمەندیەکانی:

1_زۆر راستگۆیە، هێمن و لەسەر خۆیە وهەستیارە.

2_زۆر خوشەویشتە لە ناو کومەڵگا و گرنگی پێ دەدرێت.

3- خۆش باوەرە متمانە بە هەموو کەسێك دەکات .

4_هەموو کەسێکی خۆش دەوێت .

5_حەزدەکات زۆر ستاییش بکرێت .

6_ئیش لەسەر ئامانجەکانی دەکات لە دوای پتەو کردنی پەیوەندیەکان.

7_زوو بڕیار نادات بەڵکو لەسەرە خۆیە .

8_زۆر یارمەتی بەرامبەری دەدات بێ جیاوازی، هیچ داوایەك ڕەت ناکاتەوە هەموو داواکاریەك جێ بەجێ دەکات.

9_ دڵی هیچ کەسێك زوێر ناکات.

10_ زۆر بە بەزەیییە وخاکیە، حەز بە ناکوکی ناکات .

(نەرێنی) جۆری کەسایەتی سۆزی

کەسایەتی **سۆزی** بە سستی کارەکانی ئەنجام دەدات .

پەیوەندی لەگەڵ بەرامبەر بەبێ ئەزیەت دان و زەرەر پێ گەیاندنی دەپچڕێنی .

زۆر باسی خۆی دەکات .

چوارەم: کەسایەتی (الشخصية التعبيرية)

جۆری هەستی هێماکەی (دولفینە):

ئەم کەسایەتیە زۆر هەستیارە وگرنگییەکی زۆر بە هەست وسوز وخەیاڵ دەدات، هزری زۆر فراوانە، داهێنانی زۆرە.

تایبەتمەندیەکانی :

1ـ پشت بە هەست وسۆز دەبەستێت بۆ بڕیار دان .

2ـ بە هەست وسۆزەکانی کار دەکات .

3ـزوو تووڕە دەبێت بە ئاسانی هێمن دەکرێتەوە .

4ـزۆر کومەڵایەتیە.

5ـ بە توانایە .

6. حەز ناکات هیچ کەس ڕەت بکاتەوە .

7ـزۆر پەلەپەل دەکات سەرکێشی زۆر ئەنجام دەدات.

8ـ کاری جۆراجۆر ئەنجام دەدات لە بواری جۆرا و جۆر بەڵام هیچیان تەواو ناکات.

10ـ زۆر خەیاڵاوییە، حەز بە چیرۆك دەکات .

11ـ باسی خۆی دەکات حەزدەکات ستایش بکرێت .

نەریتی کەسایەتی هەستی:

زۆر چالاک نیە، زیاتر لە خەیاڵدا دەژیت، بە خێرایی قسە دەکات، لە شیکردنەوە خراپە زۆر هەڵە دەکات کارەکانی ناتەواون.

چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ گشت جۆرەکانی کەسایەتی:

لە دوای ئەوەی باسی جۆرەکانی کەسایەتیمان کرد ئێستاش باس وخواسی چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵیاندا دەکەین.

یەکەم : چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ کەسایەتی(تاکی)

کاتێك لە گەڵ کەسێك مامەڵە دەکەی کە جۆری تاکیە ئەوە دەبێت بەم جۆرەی خوارەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەیت:

1- زۆر بەڕاشکاوی لە گەڵیدا کار بکە، سەرکێشی لەگەڵدا مەکە واتە هەموو شتێکی بۆ باس بکە هیچی لێ مەشارەوە.

2- گاڵتەی لەگەڵدا مەکە .

3- کاتێك شتێکی بۆ باس دەکەی بە کورتی بۆی باس بکە، واتە ڕاستەوخۆ برۆ ناو بابەتەکە وئەنجامی کارەکانی پێ بڵێ.

4-بە کورتی وەڵامی پرسیارەکانی بدەوە و ئەنجامەکانی پێ بڵێ .

دووەم : چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ جۆری (تحلیلی) شیکەرەوە

1ـ هەوڵ بدە ڕاستەخۆ شتەکانی بۆ باس بکەی .

2ـ بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا بۆ وتەکانت بێنەوە .

3ـ بابەتەکان، کە بۆی باس دەکەی بە هزر وفکر وشیکردنەوە و داتا وئامار بۆی دیار بکە.

4ـ زۆر چالاك و کارامە بە لەگەڵیدا .

5ـ بە ووردی باس و خواسی لەگەڵدا بکە .

6ـ پەلەی لێ مەکە .

7ـ پێی بڵێ، کە بێویستیت بە پلانی ئەو هەیە .

8ـ هەموو پسیارەکانی وەڵام بدەوە .

سێ یەم : چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ جۆری ودی سۆزی

1ـ خۆشەویستی خۆتی بۆ دەڕبڕە، و بە سۆز بە لە گەڵیدا وا دەربخە، کە خۆش دەوێت .

2ـ کاتێك قسە دەکات قسەکانی پێ مەبڕە، بەتەواوی گوێی لێ بگرە .

3ـ نادیار مەبە لە گەڵیادا بەڵکو زۆر ڕوون ئاشکرا بە لە گەڵیدا .

4ـلەسەر خۆبە پەلەی لێ مەکە .

5ـ فشاری لەسەر مەکە تا بڕیار دەدات .

6ـ هەڵسوکەوتت نەرم ونیان بێت، و پاڵنەری بە .

7ـزۆر جیاواز مەبە وکێشەی بۆ دروست مەکە .

چوارەم : چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ کەسایەتی (تعبیری) هەستی.

1ـ باسی کەسایەتی ئەو بکە .

2ـ ئازادی پێ ببخشە تا ڕاو وبۆچوونی خۆی دەربڕیت.

3ـبە هیچ جۆرێك مەیشکێنەوە و سەرزەنشتی مەکە .

4ـ بە کورتی لەگەڵیدا بدوێ.

5ـ پلانی نوێی بۆ پێشکەش بکە .

6ـ سوپاس و ستایشی بکە .

7ـ ڕووخۆش بە و کراوە بە لە گەڵیدا چونکە بەمە هاندەدرێت.

8ـ پێ ڕا بگەیینە، کە تۆ زۆر سەرسامی بە کارەکانی ئەو.

9ـ ئازادی پێ بدە لە کارەکانی وردێز لە بڕیارەکانی بدە .

لەدوای ئەوەی کە لە ڕابردوو باسمان کرد ئێستاش باسی شێوەی هاندانیان دەکەین:

1ـ کەسایەتی تاکی: بە ئەنجامەکان هان دەدرێت.

2ـ کەسایەتی شیکەرەوە: بە بەڵگە و داتا هاندەدرێت حەز بە زانیاری وورد دەکات .

3ـ کەسایەتی تعبیری: بە هەست و خەیاڵ هاندەدرێت .

4ـ کەسایەتی ودی: بە دەربڕینی سۆز و خوشەویستی هاندەدرێت .

باشترین جۆری کەسایەتی ئەوەیە، کە هەموو بەشەکانی تێیدا بێت بێ دەوتری کەسایەتی تەواوە (الشخصية المتكاملة)

بەم شێوەی خوارەوە دابەش دەکرێن :

10 ٪ کەسایەتی تاکیە

15٪ کەسایەتی شیکەرەوە

15٪ کەسایەتی تعبیریە

60٪ کەسایەتی سۆزی ودی یە

کەواتە ئەمەیان لە هەمووان باشترە

گونجاندن لە نێوان گشت کەسایەتیەکان:

توێژینەوەکان دەری دەخەن هەر جۆرێك لە گەڵ ئەوەی تر بەم شێوەی خوارەوە دەگونجێت:

1ـ شێوازی (متفرد) تاکی لە گەڵ جۆری سۆزی دەگونجێت وجۆری شیکەر لە گەڵ جۆری تعبیری دەگونجێت.

2ـ بە هیچ شێومیەك جۆری تاکی و شیکەر کۆنابنەوە، کێشە بۆ یەکتر دروست دەکەن، جۆری کەسایەتی سۆزی وتعبیری بێکەوە دەنگونجێن.

گونجاندن لە کار

- کەسایەتی تاکی: بۆ کار و باری سەربازی و فرۆکەوانی و بەرێوەبردنی لەشکر و هێزو باراستن و ئاسایشی و ولات دەگونجێت.
- کەسایەتی شیکەر: بۆ کاروباری ئامار وداتاو زانیاری کاروباری یاسایی دەنگونجێت.
- کەسایەتی سۆزی: بۆ بەرێوەبەرایەتی و کارگێڕی دەنگونجێت.
- کەسایەتی تعبیری: بۆ ڕێکلام و کاروباری میدیایی باشە.

لەدوای باسکردنی گشت جۆرەکانی کەسایەتی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بە ووردی باس و خواسی کاریگەر بوونیان لە سەر شیرازەی کۆمەڵگا بکەین .

کاتێك لە کۆمەڵگادا تاکەکان کەسایەتی یەکتریان ئاشکرا نەکردووە ئەوە کێشەی گەورە دروست دەبێت بۆ نموونە لە نێوان ژن و مێردا، ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین هەر چوار جۆرە کەسایەتیەکان وەك نموونە لەسەر پیاو و ئافرەت جێ بە جێ بکەین.

ئەگەر هاتوو خێزانەکەت کەسایەتی جۆری (ودی) یە واتە سۆزی بوو ئەوە دەبێ بە جۆرێك مامەڵەی لەگەڵدا بکەی کە هەست و سۆزی خۆتی بۆ دەڕ ببڕی، و بە سادەیی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکە بۆ نمونە کاتێك لە بازار دەرۆیت وکەسایەتی خێزانەکەت واتە هاوسەرەکەت **سۆزیە**، و تۆش جۆری کەسایەتیت **تاکیە** دەبێ تۆ لەگەڵ خێزانەکەت بەشێوەی هەست و سۆز مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، کاتێك حەز دەکەیت (شەربەتێك یان شرینیەك) بێکەوە بخۆن نابێ بەشێوەی کەسایەتی خۆت مامەڵەی لە گەڵدا بکەی، واتە نابێ پێ بڵی(با برۆین شەربەتێك بخۆین) بە شێوەیەکی توند و دوور لە سۆز یان بڵیی (شەربەتی ناخۆی) ئەمە هەڵەیە، دەبی بڵێ (حەز دەکەم بێکەوە بچین شتێك بخوین) یان (من حەزدەکەم لەگەڵ تۆدا شتێك بخوم) ئەو کات هاوسەرەکەت زۆر دڵ خۆش دەبیت، بە هەمان شێوەش ئافرەتەکە دەبێ بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ پیاوەکەی دا بکات ئەگەر هاتوو ئافرەتەکە کەسایەتی (متفرد) تاکی بوو و پیاوەکەش کەسایەتی سۆزی بوو.

نمونە: ئەگەر هاتوو پیاوەکەت کەسایەتی شیکەر بوو، دەبێ تۆ بەو شێوەیەی کە لەسەرەوە باسمان کردووە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەی، واتە کاتێك پیاوەکەت پرسیارت لێ دەکات تۆ بە وردی وەڵامی بدەوە چونکە حەز دەکات

هەموو شتێك بزانیت، بۆ نمونە حەز دەکات بزانیت لە ناو مۆبایلت چی هەیە یان لە فەرمانگە لە گەڵ کێ کار دەکەی، ئەمە بۆ شك وگومان نیە، بەڵکو کەسایەتیەکەی شیکەرەومیە، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە لە گەڵیدا هەڵسووکەوت بکەی ئەوە کارەسات ڕوو دەدات تا دەگاتە جیابونەوە ودروست بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی، بەهەمان شێوەش ئەگەر هاتوو ئافرەتەکە لە جۆری شیکەر بوو دەبێ بەم شێوەی ڕابردوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

ئەگەر هاتوو بەڕێوبەرەکەت کەسایەتی تاکی (متفرد) بوو تۆش کەسایەتیەکەت (تحلیلی) شیکەری بوو ئەوە کارەسات ڕوودەدات بۆ نمونە کاتێك تۆ دوا دەکەویت لە دەوام، و دێتە لای بەڕێوبەرەکەت داوای لێبوردنی لێ دەکەی هیچ شتێکی بە ووردی بۆ باس مەکە دەربارەی دواکەوتنت بەڵکو بەکورتی باسی دواکەوتنەکەت بکە و داوای لێبوردنی لێ بکە، چونکە بە پێچەوانەوە داوای لێبوردنەکەت لێ قبول ناکات وسەرزەنشتت دەکات .

ئەگەر هاتوو باوکت یان دایکت جۆری کەساتیەکەیان لە شیکەری بوو حەزدەکەن بزانن چی دەکەی چی ناکەی و لەگەڵ کێ هاتوچۆ دەکەی و هاوڕێکانت کێن، تۆش بەوردی کارویارەکانی خۆت بۆیان ڕوون بکە بەوردی بۆیان شیبکەوە بۆ نمونە بۆیان ڕوون بکەوە، کە پارەی چۆن سەرف دەکەی، لەگەڵ کێ هاتووچۆ دەکەی وکارەکان چۆن دەکەی بە ووردو درشت هەموو شتێکیان بۆ دیار بکە، ئەو کات گومان لەتۆ ناکەن تەنها حەز دەکەن بزانن چی دەکەی وچی ناکەی .

کۆتایی

لە کۆتاییدا ئەگەر هاتوو هەر تاکێک لە کۆمەڵگا بە ووردی کەسایەتی یەکتر بناسن و کاریی لەسەر بکەن کێشەکان کەمتر دەبنەوە و شیرازەی خێزانەکان بە سۆز و بەزەیی مامەڵە و هەڵسوکەوت لە گەڵ یەکدا دەکەن و خاڵە ناکۆکەکان کەم دەبنەوە و خاڵی هاوبەشەکانیش زۆر دەبن و کێشەی کۆمەڵایەتییەکانیش کەمتر دەبنەوە.

چا لەم بابەتەی سەرەوە، کە باسمان کرد زیاتر بۆ ئاشنابوونی خێزانەکانە بە گشت جۆرەکانی کەسایەتیە، و بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەن و گشت ئەندامانی خێزانەکان بە شێوەیەك لە یەکتر تێبگەن و هەست و سۆزی یەکتر بزانن، و ئەگەر بەم جۆرە بەردەوام بووین ئەوە لە داهاتوو کۆمەڵگایەکی سەرکەوتوو ولێهاتوو دروست دەبێت.

لە خوای گەورە داواکارم، کە گشت لایەك سەرکەوتوو بکات لە دونیاو وقیامەت، و گشت لایەکمان بپارێزیت لە کێشە و گرفتی ناو خێزانەکان.

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وأصحابه أجمعين

نووسینی

ئومێد عبدالقادر رسول

مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین/کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان/ هەولێر

2020/1/25

دوای سوپاس و ستایشی خوای گەورە هیوادارین، کە ئەم خاڵانەی خوارەوە ببنە ڕێکارێك بۆ پاراستنی شکۆی خێزان، و هەروەها داواش لە لایەنی پەیوەندیداریش دەکەین، کە ئەم ڕاسپاردانە ببنە سەکۆیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خێزانی وکارکردن لە سەر گشت ڕاسپاردەکان بە پێی توانا.

1. بەردەوامبوونی دەزگا زانستیەکان لە پێشکەش کردنی توێژینەوەی زانستی بە مەبەستی پاراستنی شکۆی خێزان.
2. هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ئەوقاف و ڕوشنبیری بۆ ئەوەی بابەتی پاراستنی شکۆی خێزان بکریت بە بەشێکی گرنگ لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکانیان.
3. هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری بە مەبەستی گرنکیدان بە شکۆی خێزان لە میدیاکان و قەدەغەکردنی نمایشی هەموو ئەو فلیم و درامایانەی، کە شکۆی خێزانی کوردستانی بەرەو لاوازی دەبات.
4. کردنەوەی خولی تایبەت بە پرۆژەی هاوسەرگیری لە لایەن دام و دەزگای حکومییەکان بۆ ئاشنا بوونی گەنجانمان بە گرنکی خێزان و ماف و ئەرکەکان.

5. دانانی چارەسەر بۆ هەموو ئەو کێشانەی، کە لە نیو کۆمەڵگای کوردستانی دەبنە هۆکاری جیابوونەوە بۆ ئەوەی شکۆی خێزانی کوردستانی پارێزراو بێت.
6. بەردەوامبوونی دەزگاکانی زانستی و ڕۆشنبیری لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری خێزانی.
7. جەختکردنەوە لە سەر پاراستنی مافی ئافرەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە.
8. باشکردنی باری ئابوری هاوڵاتیان و گەنجان و ڕێکخستنی هەڵی کار بۆیان بۆ نەهیشتنی ئەو کێشانەی، کە پەیوەندییان هەیە بە بواری ئابوری.
9. پێدانی سلفەی زەواج بە گەنجان بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی هاوسەری پێکبینن.
10. هاندانی خوداپێداوەکان بۆ لە ئەستۆ گرتنی تێچووی پڕۆسەی هاوسەرگیری گەنجانی کەم دەرامەت.
11. گرنگیدان بە ڕوونکردنەوەی فەلسەفەی تەلاق و جیابوونەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و تیشک خستنە سەر دەرهاویتە خراپەکانی لە کۆمەڵگاکان.
12. تیشک خستنە سەر قوناغەکانی جیابوونەوە و بەکارهێنانی تەلاق تەنها لە کات و حالە ریکەپێدراودا.
13. ڕێگەگرتن لە هەموو ئەو شتانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەبنە هۆکاری جیابوونەوە.

14. گرنگیدان بە پەروەردەی منداڵ و پاراستنیان لە داب و نەریتی خراپ و جیاوازی نەکردن لە نیوانیان بە تایبەت لە سەر بنەمای رەگەزایەتی نێر و مێ.

15. گرنگیدان بە پەروەردەی خێزان و پاراستنیان لە لایەنە خراپەکانی تەکنەلوجیای نوێ و ڕاهێنانیان لە سوود وەرگرتن لە لایەنە باشەکانی.

ئەم پەرتوکە کە لەژێر ناونیشانی شکۆی خێزانە بە شێوەیەکی گشتی باس لە خێزان دەکات کە وەک پڕۆژەیەک دەیخاتە ڕوو هاوکات چەندین تەوەری تر لەسەر لایەنەکانی پەیوەست بەو بابەتە لەخۆدەگرێت وەک : (قۆناغی بەر لە هاوسەرگیری ، قۆناغی هاوسەرگیری ، ئاستەنگەکانی خێزان ، هۆکارەکانی بەختەوەری خێزان ،...)

پڕۆژەی شکۆی خێزان مەبەستیەتی ڕەگی خۆشبەختی و ئاسوودەیی لە ناو خێزانەکاندا دابکوتێت ، قۆناغی ژیانی بەر لە هاوسەرگیری بە ئەزموون و شارەزایی پسپۆڕان ڕووناک بکاتەوە.

پڕۆژەی شکۆی خێزان هەڵگری ئامانجێکی گەورەیە ئەویش بریتیە لە پاراستنی شکۆی خێزان لە ژێر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی کە لەلایەن کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزایان تەوەرەکانی خێزان و سەرکەوتنی پڕۆسەی خێزان خراونەتە ڕوو، لەم سەرچاوەیەدا کار لە پێناو سەرکەوتنی تاکو دروستکردنی خێزان و لایەنەکی ئارام بۆ تاک کراوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵگەیەکی باش و تەندروست بەرهەم بهێنین.